المغربية

في شرح العقيدة القيروانية

دیارییەکی ڕۆژئاوایی
لە ڕاڤەی
بیروباوەڕی قەیڕەوانی

نووسینی
عبد العزيز بن مرزوق الطريفي

کورتکردنەوە و وەرگێڕانی
عەبدوللا عەلی موحەممەد

کتێبخانەی ڕێکار

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

المغربية

في

شَرحِ العَقِيدَةِ القَيرَوانِيَة

دیارییەکی ڕۆژئاوایی

لە ڕاڤەی بیروباوەڕی قەیرەوانی

المغربية

في

شرح العقيدة القيروانية

دیاریەکی ڕۆژئاوایی

لە ڕاڤەی بیروباوەڕی قەیرەوانی

نووسینی

عبد العزيز بن مرزوق الطريفي

کورتکردنەوە و وەرگێڕانی

عەبدوللا عەلی موحەمەد

کتێبخانەی ڕێکار
ناونیشان : هەولێر - فلکەی شێخ محمود -
باڵەخانەی سەید بهاء الدین - نهۆمی خوارەوە
ژ.م ٠٧٥٠ ٤٧٥ ٥٧٦٧

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک : دیارییەکی ڕۆژئاوایی لە ڕاڤەی بیروباوەڕی قەیرەوانی
نووسینی : شێخ عبد العزیز الطَّریفي
کورتکردنەوە و وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد
نەخشەسازی بەرگ : جمعە صدیق کاکە
نەخشەسازی بەرگ : اخلاص دیزاین
تیراژ : ١٠٠٠ دانە .
سایز : ١٧ * ٢٤ .
لاپەڕە : ٣١٦ لاپەڕە .
نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم : ١٤٤٥ کۆچی _ ٢٠٢٤ میلادی .

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە «٢٠٥٦»ی ساڵی «٢٠٢٣»ی پێ دراوە.

پێشەکیی وەرگێڕ

مەتنــی (بیروبــاوەڕی قەیرەوانــی) کە بەشــێکە لە کیتــابی "الرِّسَــالَة" و پێشەکییەکەیەتی، هەرچەندە بە قەباری زۆر بچـووکە و چەنـد لاپەڕەیەکـی کەمە، بەڵام سوودێکی ئێجگار زۆری تێدایە.

یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی کەوا زانایان گرنگییەکـی زۆریـان پێـداوە، زۆرێکیان ڕاڤەیان کردووە و هێندێکیشیان کردوویانەتە هۆنراوە (النظم).

پێشەوا (ئیبنو ئەبی زەیـدی قەیرەوانــی) ئەو کتێبـەی زیـاتر لە وتەکـانی ئیمامی مالیک وەرگرتووە، هەروەها لەوەشی کە زانایان و پێشەوایانی ئەهلی سوننە و جەماعە و ئەهلی حەدیس لەسەری یەکدەنگن.

ئینجـا یەکێــک لەو زانایــانەی کە ڕاڤەیەکــی جــوان و بە ســوودی ئەو مەتنەی کردووە، شێخ (عبد العزيز الطَّرِيفي)یە -خوای گەورە ئازادی بکات-، بۆیە ئێمەش پێمان باشبوو وەریبگێڕینە سـەر زمـانی کـوردی؛ تـاوەکوو ئەو کەسانەی لە کتێبە عەرەبییەکە تێناگەن، سوود لەم کتێبە ببینن.

بەڵام، لەبەر ئەوەی شــەرحەکەی شــێخ کەمێــک دووردرێــژە، ئەگەر هەموو کتێبەکە بکەین بە کوردی، ئەوە قەبـارەی کتێـبەکە بە کـوردی زۆر گەورە دەبێت، بۆیە پێمان باشبوو کورتی بکەینەوە، ئەوایش بەم شێوازە:

یەکەم: شێخ پێشەکییەکی درێژی بۆ کتێبەکە داناوە کە (٥٠) لاپەڕە دەبێت، دیارە ئەمەش گەلێک زۆرە بۆ پێشەکی، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە کورتی بکەینەوە و ئەوەی کە گرنگ و پێوستە وەریبگێڕین.

دووەم: هێندێک بابەتی زۆر درێژکردۆتەوە، ئێمە هەوڵمانداوە کورتی بکەینەوە و مەبەستی شێخ بگەیەنین.

سێیەم: شێخ لە هێندێک بابەتدا چەند بەڵگەیەک دێنێتەوە، ئێمە هەوڵمانداوە بەڵگەیەک یان دوان بێنینەوە.

چوارەم: هێندێک بابەتیش هەبوو، کە زۆر ڕوون و ئاشکرابوون، بۆیە بە پێویستمان نەزانی بیهێنین و وەریبگێڕین.

پێنجەم: هێندێک لە گومانەکانی ئەهلی بیدعە و وەڵامەکانیان وەرنەگێڕا؛ لەبەر ئەوەی بە پێویستمان نەزانیوە.

شەشەم: لەکاتی کورتکردنەوەکەدا؛ بۆ ڕاست و ڕێکبوونی واتای ڕستە و بابەتەکان، لە چەند شوێنێکی کەم، پێش و پاشم بە بابەتەکان کردووە.

تێبینی:

کاری من لەم پەرتووکەدا، جگە لە پێشەکییەکی کورت، تەنها کورتکردنەوە و وەرگێڕانە، بەڵام لەهەر شوێنێک؛ وشەیەک یان ڕستەیەک خرابووە ناو ئەو دوو کەوانە گەورەیەوە[ ]، ئەوە لەلایەن خۆمەوەیە، بە مەبەستی زیاتر ڕوون کردنەوە دامناوە.

کورتەیەک دەربارەی ژیانی پێشەوا
(ابن أبي زيد القيرواني)

پێشەوا و زانای فەقیهـ؛ ناوی: (عبد الله أبو محمد بن عبد الرحمن أبي زيد القيرواني)یە.

لە ساڵی (٣١٠)ـی کۆچی لە توونس، لە قەیرەوان لە دایکبووە.

نازناوی (مالیکی بچووک)ـی پێبەخشرا و بەوە ناسرابوو؛ ئەمەش لەبەر شارەزایی لە مەزهەبی پێشەوا مالیک. لەسەردەمی خۆیدا زانا و پێشەوا و شێخی مالیکییەکان بووە لە مەغریب.

*لە دیارترین کتێبەکانی:

١. الرِّسَالَة. مەتنەکەی ئێمە بەشێکە لەو کتێبە. دەوترێت ئەوکاتەی ئەو کتێبەی داناوە، تەمەنی (١٧) ساڵ بووە!
٢. النَّوَادر وَالزِّيَادَات عَلى ما في الْمُدَوَّنَة مِنْ غَيْرِها مِنَ الْأُمَّهَات.
٣. الاقتدَاء بِمَذْهَب مَالك.
٤. الثِّقَة بِاللهِ وَالتَّوَكُّل عَلَى الله.
٥. المعرفة والتفسير.
٦. كتاب النَّهْي عَن الجدَال.
٧. رسَالَةٌ فِي الرَّدِّ عَلَى القدرية.

٨. رسالةٌ في التوحيد.

جگە لەمانەش.

دەربارەی بیروباوەڕی قەیرەوانی؛ پێشەوا زەهەبی دەفەرمووێ: "قلت: وكان -رحمه الله- على طريقة السلف في الأصول، لا يدري الكلام، ولا يتأول، فنسأل الله التوفيق".

واتە: پێشەوا -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە بنچینەکانی بیروباوەڕدا لەسەر ڕێبازی سەلەف بووە، ئاگاداری زانستی کەلام نەبووە و نەچۆتە ناوی، سیفاتەکانی خوای گەورەی تەئویل نەدەکرد....

لە ساڵی (٣٨٦) لە تەمەنی (٧٦)دا وەفاتی کردووە.

سير أعلام النبلاء، الذهبي (١٧/١٠).

وەرگێڕ

دووشەممە ٢١ ربيع الآخر ١٤٤٥

٢٠٢٣/١١/٦

پێشەکیی نووسەر

الحمدُ لله؛ له الحمدُ كلُّهْ، أوَّلُهُ وآخرُ، ظاهرُهُ وباطنُهْ، وله الشكرُ كلُّهُ على ما أفاضَ به وتكرَّمْ، وتفضَّلَ به على عبادِه وأنعَمْ. ونَشهَدُ أنْ لا إلهَ إلا اللهُ، وأنَّ محمَّدًا عبدُهُ ورسولُه.

وصلَّى اللهُ وسلَّم على النبيِّ الأَمينْ، محمَّدِ بنِ عبد اللهِ وعلى آلِهِ وصحبِهِ ومَن تَبعهم بإحسانٍ إلى يومِ الدِّينْ.

أَمَّا بَعْدُ:

بێگومان گەورەترینی واجیبەکان لەسەر مرۆڤ، بریتییە لە: ناسینی بەدیهێنەرەکەی و مەبەست لە هاتنەبوونی و مافی بەدیهێنەرەکەی -کە خوایە- لەسەری؛ چونکە ئەوە بریتییە لە بانگەوازی هەموو پێغەمبەران؛ خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾.[1]

واتە: لەپێش تۆدا ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا وەحیمان بۆی ناردووە، کە هیچ پەرستراوێك بەحەق نییە شایەنی پەرستن بێت، جگە لە زاتی پیرۆزی (الله) کە تاکوتەنها و بێ شەریکە؛ بۆیە بە تاکوتەنها عیبادەتی من بکەن.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾.[2]

---

[1] [الأنبياء: ٢٥].

[2] [الذاريات: ٥٦].

واتە: من جنۆکە و مرۆڤم دروست نەکردووە، تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاکوتەنها بمپەرستن و ملکەچی فەرمانی من بن.

بەڵگە نەقڵی و عەقڵییەکان و فیترەتی مرۆڤەکان، یەک بە دوای یەکدا هاتوون لەسەر گرنگی هێنانەدی زانست و لادانی نەزانین، بۆیە فەرمان هاتووە بۆ زانا کە خەڵکی فێر بکات، بۆ نەزانیش کەوا پرسیار بکات و فێر ببێت، بێگومان خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی -صلّى اللهُ عليه وسلَّم- کردووە و فەرموویەتی: {بَلِّغ}.[1] واتە: ئەی پێغەمبەر! ڕایگەیەنە بە خەڵك. پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە خەڵکی کردووە و فەرموویەتی: «بَلِّغُوا».[2] واتە: ڕایگەیێنن. فەرمانیشی بە نەزانەکان کردووە و فەرموویەتی: {فَسْـَٔلُوٓاْ}.[3] واتە: پرسیار بکەن. بۆیە بەهۆی گەیاندنی زانا و پرسیارکردنی نەزان، ڕووبەری زانست فرەوان دەبێت و ڕووبەری نەزانین تەسک دەبێتەوە.

جەخت لەسەرکراوترین و گرنگترین شوێن و کاتەکانی فێرکردنیش: ئەگەر هاتوو حەق تێکەڵی ناحەق بوو، چاکە تێکەڵی خراپە بوو، ئەوکاتی ئەو کەسەی بێدەنگە لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان، هاوبەشە لە چەواشکردنەکە؛ خوای گەورە دەفەرمووێ: {وَلَا تَلْبِسُواْ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ وَتَكْتُمُواْ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ}.[4]

[1]- [المائدة :٦٧].

[2]- [البخاري (٣٤٦١)].

[3]- [النحل :٤٣].

[4]- [البقرة :٤٢].

واتە: حەق و باتڵ تێکەڵ مەکەن و سەر لە خەڵك مەشێوێنن و حەق مەشارنەوە، کە ناردنی موحەممەد و ئیمان هێنانە پێی، لەکاتێکدا کە ئەزانن موحەممەد پێغەمبەری خوایە -صلى الله عليه وسلم-.

ڕوونکردنەوەی ڕاستییش بەوە دەبێت کە لە سەرچاوەکانی خۆیەوە وەربگیرێت و بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە.

زانایانیش بەردەوام مرۆڤیان شارەزاکردووە و ڕاستییان بەبیرهێناوەتەوە، هەروەها شارەزایانکردووە بە مافی پەروەردگاری لەسەری، ئەمەش لە هەموو شار و وڵاتێک و لە هەموو سەردەمێک وابووە، لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات، وڵاتێک لە وڵاتەکانی ئیسلام خاڵی نەبووە لە کەسێک کە پەیامی خوا ڕابگەیەنێت و ئیقامە حوججە لەسەر دروستکراوەکان بکات، ئەمەش داخوازی پاراستنی خوایە بۆ ئایینەکەی، کە کەسانێکی پارێزگاریکاری دەستەبەر کردووە؛ تاوەکوو ئایینەکەی بپارێزن و بیگەێنن.

لە (مەغریب)یش، پێشەوایانێک هەبوون کە لەسەر شوێنەواری سەلەف بوون؛ بێگومان هێندێک لە هاوەڵان و تابیعییەکان و پێشەوا ڕێنیشاندراوەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، خەڵکەکەشی زانستییان لێ وەرگرتوون، یەکێک لەوانە (أبو محمَّدٍ عبدُ اللهِ بنُ أبي زيدٍ القَيْرَوَاني)یە، چەند کتێبێکی هەیە لەسەر شوێنەواری سەلەف دایناوە لە ئوسووڵ و فرووعدا، لەوانە ئەو دوو کتێبەیەتی: "الرِّسَالة" و "الجامِع"، کە لەو دووانەدا بیروباوەڕی سەلەفی ساڵحی ڕوونکردۆتەوە دەربارەی ناسینی خوا و مافی خوا لەسەر بەندەکانی، بێگومان سوودی کتێبەکانیشی لە خەڵکی

شارەکەی خۆی پەڕییەوە؛ ئەوەبوو خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا سوودیان لێ بینی.

لە ساڵی (١٤٣٣) سەردانی قەیرەوانم کرد، خەڵکەکەی زانستیان خۆش دەویست و سووربوون لەسەر وەرگرتنی، لەو کۆڕانەی کە لە قەیرەوان هەبوون لە مزگەوتی (عُقْبَةَ بنِ نافعٍ) و جگە لەویش.

ئینجا هێندێک لەوانەی کە پێیان گەیشتم، داوایان لێکردم: ڕاڤەی (بیروباوەڕی ئیبنو ئەبی زەید) بکەم، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە پێشینەکانی لە پێشەوا ڕێنماییکراوەکان لە هاوەڵان و تابیعییەکان لەسەری بوون، هەروەها ئەوەی کە پێشەوا مالیک و هاوەڵەکانی لەسەری بوون، بەتایبەتی ئەوانەی کە خەڵکی مەغریب بوون، کە لە بنچینەکانی بیروباوەڕدا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ پێشەواکانی تر نەبوو، جگە لە جیاوازی زەوی و دووری وڵات و نیشتیمان نەبێت.

[ئێمەش وەڵامی داواکارییەکەمان دایەوە و] ڕاڤەی پێشەکیی کیتابی "الرِّسَالة"مان کرد، بەبێ درێژکردنەوەیەکی بێزارکەر، یان کورتکردنەوەیەک کە ببێتە هۆی کەموکوڕی؛ ئەمەش تاوەکوو مەبەستەکە بێتەجێ، ڕێنمایی و سەرکەوتنیش هەر لە خواوەیە.

وصلَّى اللهُ وسلَّم على النبيِّ وعلى آلِهِ وصحبِهِ أجمعين.

عبد العزيز الطَّرِيفي

❁ چاكیی و گەورەیی زانست و چاكترینی زانستەكان:

خەڵكی جیاوازییان لە چاكی زانستدا نییە، بێگومان زیادبوونی یەقین و دڵنیاییش، بە ئەندازەی زیادبوونی زانستە، گەورەترین پلەی دڵنیابوونیش دڵنیابوونە بە خوا، كەواتە گەورەیی زانستەكان، بەهۆی گەورەیی زانراوەكانە، چاكترینی زانراوەكانیش دوو جۆرن:

یەكەم: زانیاری بوون بە پەرستراو؛ كە بریتییە لە خوای بەرز و بڵند.

دووەم: زانیاری بە مافی پەرستراو، مافەكەشی: ئەوەیە بە تاكوتەنها بپەرسترێت و بەو شێوەیەش بێت كە لە شەرعدا دیاریكراوە.

نزمترین پلەی نەزانینیش: نەناسینی پەرستراوە، پاشان نەبوونی زانیارییە بە چۆنیەتی پەرستنی خوا، بۆیە هەركەسێك خوا نەناسێت، ئەوە پەرستن بۆ جگە لە خوا ئەنجام دەدات، هەركەسێكیش خوا بناسێت، بەڵام نەزان بێت بە چۆنیەتی پەرستن، ئەوە خوا بە شێوەیەك دەپەرستێت كە شەرع دیاری نەكردووە، ئەو كەسەشی نەزان بێت بە پەرستن و پەرستراو، ئەوە تووشی (شیرك) و (بیدعە) دەبێت.

بە دڵنیاییەوە خوای بەدەسەڵات مرۆڤی لەسەر زەویدا هێناوەتە بوون، (عەقڵ)ێكیشی پێداوە؛ تاوەكوو دونیای خۆی پێ ببینێت و لێی شارەزا بێت، نەقڵ(وەحی)یشی بۆ دابەزاندووە؛ بۆ ئەوەی لە ئایینەكەی شارەزا ببێت، بۆیە هەركەسێك عەقڵ لەكاربخات؛ ئەوە دونیاكەی تێكدەچێت، وەكوو چۆن

دونیـای شـێت تێکـدەچێت، هەرکەسـێکیش نەقـڵ لەکاربخـات و کـاری پێنەکات؛ ئەوە ئایینەکەی تێکدەچێت، وەکوو چۆن ئایینی دیین گۆڕەکـان و شوێنکەوتووانی هەواوئارەزوو تێکدەچێت، هەرکەسێک خراپبوونی دونیـای ئەو کەسە ببینێـت کە عەقڵـی لەدەسـت داوە، ئەوە دەزانێـت کە خراپبـوونی ئایینی ئەو کەسە چۆنە کە نەقڵی لە دەستداوە.

***

❁ پاراستنی عەقڵ و نەقڵ:

خوای گەورە مرۆڤی ڕاهێناوە لەسەر خۆپاراستن لەو شتانەی کە عەقڵی تێک دەدەن لە نەخۆشی و دەردەکان؛ تاوەکوو کاریگەری نەبێت لەسەر دونیاکەی، بەهەمان شێوەش بۆ پاراستنی نەقڵ هاتووە لە هەواوئارەزوو و بیدعە؛ هەتا کاریگەری لەسەر ئایین نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشی دونیای خێرا بەردەستە و خۆشی دواڕۆژیش درەنگ دێت، بۆیە خەڵکی دونیا زیاتر دەپارێزن لە ئایین.

خوای گەورەش لە چەند شوێنێک باسی ئارەزوو و خۆشەویستی مرۆڤی بۆ خۆشیەکانی دونیا کردووە و فەرموویەتی: {كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ}.[1]

واتە: نەخێر ئێوە حەزتان لە پەلەکردنە و پەلە ئەکەن و مەبەستتان پێی دونیایە و بێئاگان لە قیامەت.

هەروەها دەفەرمووێ: {إِنَّ هَؤُلَاءِ يُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ}.[1]

[1]- [القیامة: ٢٠].

واتە: بە دڵنیایی ئەو کافرانە تەنها دونیایان ئەوێ و بایەخی پێدەدەن.

بێگومان خوای گەورە وەحی دابەزاندووە؛ تاوەکوو عەقڵەکان بپارێزێت لە هێرش و ستەمی نەفسەکان لەسەر مرۆڤ.

***

❁ فەزڵ و چاکی نزیکی سەردەم و شوێنی یەکەمین:

ئەوانەی لە سێ سەدەکەی یەکەمین ژیاون، بیروباوەڕیان لە هەموو خەڵکی ڕاستتر بووە و تێگەیشتنیشیان لە هەموو خەڵکی چاکتر و پاکتر بووە؛ لەبەر ئەو وتەیەی پێغەمبەر-صلی الله علیه وسلم-: «خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ».

واتە: باشترین خەڵکی؛ خەڵکی سەدەی منن [هاوەڵانن]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن [تابیعییەکان]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن [ئەتباعی تابیعییەکان].

خوای پەروەردگار وەحی دابەزاندووەتە سەر پێغەمبەرەکەی -صلی الله علیه وسلم- بە زمانێکی عەرەبی ڕوون و ئاشکرا، دابەزاندنەکەش بەگوێرەی زمانی قوڕەیش بوو، نزیکترینی خەڵکیش لە ڕاستی و تێگەیشتن لێی: ئەو کەسەیە کەوا هەردوو نزیکییەکەی لە وەحی تێدا بێتەجێ:

نزیکی یەکەم: نزیکی سەردەم.

[1]- [الإنسان: ٢٧].

نزیکی دووەم: نزیکی شوێن.

بۆیە هەرچەندە کەسێک سەردەمی لەپێشتر بێت و شوێنیشی نزیکتر بێت، ئەوە نزیکترە لە ڕاستی لە غەیری خۆی؛ چونکە وەحی لەناو ئەوان و بەزمانی ئەوان یان بەزمانی کەسانی دەوروبەریان دابەزی.

هەروەها هەرچەندە سەردەمیش کۆن بێت و شوێن دوور بێت، ئەوە زمانەکە لاواز دەبێت.

جاری واشە کەسێکی بیروباوەڕ ڕاست شوێنی دوورە، کەسێکی شوێن نزیکیش بیروباوەڕی خەراپە!

***

❁ وڵاتی مەغریب لەسەردەمی هاوەڵان و تابیعییەکاندا:

لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب، ئیسلام چووە مەغریب، پاشان لەسەردەمی خەلافەتی کەسانی دوای ئەو فرەوان بوو؛ وەکوو عوسمان، پاشان لە سەردەمی میرنشینایەتی موعاوییە و یەزید و عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان فرەوانتر بوو:

چونکە عومەری کوڕی خەتتاب "عَمْرَو بنَ العاصِ"ی نارد، عوسمانیش "عبدَ اللهِ بنَ أبي السَّرْح"ی نارد، موعاوییەش "رُوَيفِع بن ثابت" و "معاويةَ بنَ حُدَيْج" و "عبدَ اللهِ بنَ الزُّبَيْرِ" و "عُقْبَةَ بنَ نافع"ی نارد، دواتر یەزید هات کارەکەی عوقبەی کوڕی نافیعی تەواو کرد.

هەموو ئەوانەی کە نێردراون سەحابە بوون، تەنها عوقبە نەبێت، ئەویش لە سەردەمی پێغەمبەر-صلی الله علیه وسلم- لەدایک بووە؛ ئیتر بەهۆی عوقبەوە ئیسلام چووە زۆربەی وڵاتی مەغریبی خواروو و ناوەڕاست، هەتا گەیشتە زەریای ئەتڵەسی، ئەو وتەیەشی بەناوبانگە کە دەفەرمووێ: "اللَّهُمَّ، اشْهَدْ أَنِّي قَدْ بَلَغْتُ المَجْهُودَ، وَلَوْلاَ هَذَا البَحْرُ، لَمَضَيْتُ فِي البِلاَدِ أُقَاتِلُ مَنْ كَفَرَ بِكَ؛ حَتَّى لاَ يُعْبَدَ أَحَدٌ دُونَكَ".[١]

واتە: ئەی خوایە! تۆ شایەت بە کە من ئەوپەڕی هەوڵی خۆمدا، ئەگەر ئەو دەریایەش نەبوایە، ئەوە دەچوومە ناو شار و وڵاتەکانەوە، جەنگم لەگەڵ ئەو کەسە دەکرد کە بێباوەڕ بێ بە تۆ؛ تاوەکوو جگە لە تۆ کەسی تر نەپەرسترێت.

پاشان ئیسلام فرەوان بوو لەسەر دەستی "زُهَيْر بن قيس" و "موسى بن نُصَيْر" و "طارق بن زياد". هەتا لە ئەندەلووسیش تێپەڕی بەرەو باشووری فەڕەنسا.

هەموو ئەمەش پێش تەواو بوونی ساڵی سەدی کۆچی بوو!

بە دڵنیایی کۆمەڵێک لە هاوەڵان چوونەتە ناو شارەکانی مەغریب و ڕزگاریان کرون، مێژوونووسان باسی هێندێک لەوانیان کردووە؛ نزیکن یان زیاترن لە ٥٠ کەس، "ابنُ عبد الحَكَم" لە "سُلَيْمَانَ بنِ يَسَار"ەوە

١- رياض النفوس (١/ ٣٩).

گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: "غَزَوْنَا إفريقيَّةَ معَ معاويةَ بنِ حُدَيْجٍ، ومعنا بَشَرٌ كثيرٌ مِن أصحابِ رسولِ اللهِ مِن المهاجِرِينَ والأنصارِ".[1]

واتە: لەگەڵ موعاوییەی کوڕی حودەیج ئیفریقییەمان ئازادکرد، لەکاتێکدا کە خەڵکێکی زۆرمان لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا لە کۆچکردووەکان و پشتیوانەکان لەگەڵدا بوو.

هەرچی تابیعییەکانیشن: ئەوە خەڵکێکی زۆرن کە ناژمێردرێن، بێگومان کۆمەڵێک لە شەرعزانەکانی تابیعیین گەشتیان کردووە بۆ مەغریب؛ تاوەکوو زانستی تێدا بڵاو بکەنەوە، وەکوو "حَيِّ بن مَوْهَب المَعَافريِّ" و "حبَّانَ بن أبي جَبَلةَ القُرَشيِّ" و "إسماعيلَ بن عُبَيْد الله القَرَشيِّ" و "بكر بن سَوَادةَ الجُذَاميِّ" و "عبدِ الرحمن بن رافع التَّنُوخيِّ" و "عبد الله بن يزيدَ المَعَافريِّ" و "إسماعيلَ بنِ عُبَيْد الله بنِ أبِي المُهاجر" و "جُعْثُل بن عاهانَ الرُّعَيْنِيِّ" و "سعدِ بنِ مسعودٍ التُّجِيبِيِّ" و "طَلْق بنِ جَعْبانَ الفارسي".

ئەوانەشی کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ناردنی؛ بۆ ئەوەی دانیشتووانی مەغریب فێر بکەن.

هەروەها لەناو مەغریبیش هێندێک تابیعیی تێدابووە، وەکوو "عبدُ اللهِ بن أبي بُرْدةَ القُرَشيُّ" و "عُليَّ بن رَباحٍ اللَّخْمي".

---

[1]- فتوح مصر (ص ٢٢٠).

زۆرینەی ئەوانەش لە قەیرەوان نیشتەجێبوون، شارەکەی (ئیبنو ئەبی زەید)، زۆربەشیان هەر لەوێدا وەفاتیان کرد، دوای خۆیان قوتابییەکانیان جێیان گرتنەوە.

سەلەف بە قەیرەوانیان دەگوت ئیفریقییە، مالیک فەرموویەتی: "تُوُفِّيَتْ حَفْصةُ عامَ فُتِحَتْ إفريقيَّةُ".[1]

واتە: حەفسە لەو ساڵەدا وەفاتی کرد؛ کە ئیفریقییە ڕزگار کرا. مەبەستی پێی قەیرەوانە.

بەو شێوازە لە کیتابی "المدوَّنة"دا هاتووە، ئەگەر ئیفریقییە بەکارهات، ئەوە مەبەست پێی: قەیرەوانە؛ لەبەر ئەوەی دیارترین شوێنەکانی ئیفریقییە و ئاوەدانترینیان بوو.[2]

***

[1]- تاريخ أبي زرعة (٤٨٩ و ١٢٨٢).
[2]- حاشية العدوي بهامش شرح مختصر خليل (٣/ ١٨٦).

❁ بیروباوەڕی دانیشتووانی مەغریب:

خەڵکی لە مەغریب ئەهلی مشتومڕ و دەمەقاڵە نەبوون، بەڵکوو ئەهلی سوننە و ئەسەر بوون، هەتا لە مەغریبی سەرووش کە ئەندەلووسە هەر وابوون، لەسەر بیروباوەڕی سەلەف بوون، چونکە بیروباوەڕی پێشەوا مالیکیان بۆ گواسترابووەوە، هەروەکوو فیقهەکەیشیان بۆ گواسترابووەوە، هەروەها بیروباوەڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیشیان بۆ گواسترابووەوە، "أَسْلَمُ بن عبد العزيز" کە قازی قازییەکانی ئەندەلووس بوو، ئەم بیروباوەڕەی هێنایە مەغریبی سەروو و خواروو، گەشتێکی کرد و گەیشت بە قوتابییەکانی ئەحمەد و قوتابییەکانی شافیعی؛ وەکوو "المُزَني" و "الرَّبِيع" و "يونس بن عبد الأعلى"و جگە لەمانەش.

فیکرەی موعتەزیلە بڵاونەبوو لە مەغریب لە سەدەی دوو و سێ و چوار لەلای زانایان؛ بەو شێوازە نەبوو کە کۆڕی بۆ ببەسترێ و کتێبی دەربارەی دابندرێ؛ نە زانایەکی حیساب بۆکراو هەڵگری بوو، نە کەسێکیش کە گەورە و بەرز بێت لە شەریعەتدا، ئەوە لە مەغریب بەگشتی لە سەروو و خوارووش هەروابوو، بەتایبەتی لە شوێنکەوتووانی پێشەوا مالیک، هەتا گوترا: "هیچ مالیکییەکی موعتەزیلی بوونی نییە، جگە لە "أبو إسحاق إبراهيم الغافقي".

❁❁❁

❀ بوونی فیکرەی ئیعتیزال لە مەغریب و هەڵوێستی زانایان دەربارەی:

فیکرەی ئیعتیزال لە مەغریب بوونی هەبوو، بەڵام هەبوونی واتای ئەوە نییە کە هێزی هەبوو بێت و کەسێکی بەرز لە زانستدا لەگەڵی بووبێت، هەروەکوو ئیبنو عەبدولبەڕ دەربارەیان دەفەرمووێ: "لا يُعَدُّونَ عند الجميعِ في جميعِ الأمصارِ في طبقاتِ العلماء".[1]

واتە: لەلای هەموو زانایان و لە هەموو شارەکانیش، موعتەزیلەکان لە چینی زانایان حیساب ناکرێن.

زانایانیش وەڵامیان نەدەدانەوە بە وەڵامدانەوەیەکی ئاشکرا و کتێب دانان لەسەریان؛ لەبەر ئەوەی حیسابیان بۆ خیلافەکەیان نەدەکرد، هەروەکوو ئیبنو عەبدولبەڕ لە کتێبی "الإستذكار"دا وا دەفەرمووێ.

لەو سەردەمانیشدا لەناو دوو چین بوونیان هەبوو:

چینی یەکەم: کۆمەڵێک خەڵکی عەوام و نیمچە فێرخوازەکان بوون، کەوا زانستیان بە شەریعەت نەبوو، لێشی تێنەدەگەیشتن.

چینی دووەم: هێندێک لە ئەمیرەکانی مەغریب بوون؛ وەکوو "محمَّد و أحمد" دوو کوڕەکەی ئەغلەب، ئەمەش وەکوو چاولێکردنێک بۆ هێندێک لە ئەمیرەکانی مەشریق؛ وەکوو مەئموون و موعتەسیم و واسیق و هێندێک لە قازییەکان.

[1]- جامع بيان العلم (٢/٩٤٢).

له قازییه‌كانیش ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ر فیكره‌ی ئیعتیزال بوون و ده‌درانه پاڵ زانست: "ابنُ أبي الجَوَّاد" و "محمَّدُ بن الأسوَدِ الصَّدِّيني" و "سُلَيْمانُ بن عُمَرَ العِرَاقيُّ القَيْرَواني"، له به‌ناوبانگترینیشیان: "سُلَيْمانُ بن أبي عصفور الحنفي" شێخی ئیعتیزال بوو له قه‌یره‌وان، ده‌رباره‌ی خه‌لقی قورئان كتێبی نووسی، پله‌شی نزیک بوو له پله‌ی "بشْر المَريسِي" له‌لای مه‌شریقییه‌كان؛ چونكه له هاوه‌ڵانی "بِشْر" و "أبي الهُذَيْل" بوو، گه‌شتیشی كردبوو بۆ لایان.

ئینجا له مه‌غریب، هێندێک له زانایان و عه‌وامی خه‌ڵكیش، تووشی تاقیكردنه‌وه بوون، وه‌كوو "سُحْنُون بن سعيد" و "موسى بن معاوية"، سوحنوونی كوڕی سه‌عید، هاوسه‌رده‌می ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌ل بوو، له فیتنه‌ی خه‌لقی قورئان له ڕۆژاوا دامه‌زراو و جێگیر بوو، هه‌روه‌كوو ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌ل له ڕۆژهه‌ڵات دامه‌زراو بوو.

به‌ڵام زانایان و عه‌وامی خه‌ڵكیش دوور ده‌كه‌وتنه‌وه له ئه‌هلی كه‌لام و ئه‌وانه‌شی قسه‌ی ئه‌وانیان بكردبا، هه‌ریه‌كه له: "بُهْلُول بن راشد" و "سُحْنُون بن سعيد" و "علي بن زياد" سه‌لامیان لێ نه‌ده‌كردن، "سُحْنُون بن سعيد"یش نوێژی له پشتییانه‌وه نه‌ده‌كرد، به‌ڵكوو "عبدُ الله بن فَرُّوخ" و "ابن غانم" و "بُهْلُول بن راشد" نوێژیان له‌سه‌ر مردووه‌كانیان نه‌ده‌كرد. هێندێک له زانایانی مه‌غریب، یه‌كده‌نگی زانایانی ئه‌هلی سوونه‌یان له مه‌غریب گێڕاوه‌ته‌وه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه نوێژكردن له‌سه‌ر ته‌رمی ئه‌و كه‌سه دروست نییه كه‌وا له‌سه‌ر فیكره‌ی موعته‌زیله بێت.

***

❁ هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی زانستی کەلام لە مەغریب:

لەسەرەتادا زۆربەی بیدعە کەلامییەکان لە مەغریب تاک تاکی خەڵکی هەڵیان دەگرت، بەڵکوو جاری وابوو دەترسان بانگەوازیشی لەبۆ بکەن و کتێبی دەربارە دابنێن، هەتا سەدەی چوار و پێنج هات، ئەوەبوو هێندێک لە مەغریبییەکان فیکرەکەیان لە هێندێک لە شێخیەکانی مەشریق وەرگرت و گواستییانەوە بۆ شارەکانی خۆیان، ئیتر ڕۆچوون لە زانستی کەلام و فەلسەفە دەستی پێکرد و لە مەشریقەوە گەیشتە مەغریب و گاریگەری هەبوو، بە سێ هۆکار:

یەکەم: گەشتکردنی مەغریبییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی خواروو و سەروو، وەرگرتن و گوێبیستبوون لە زاناکانیان، "فَرَج بن سَلَّام القرطبي" گەشتێکی کرد و بە "الجاحظ" گەیشت و کتێبەکانی لێ وەرگرت، "عبدُ الله بن مَسَرَّة بن نَجيح" و "أبو بكر يحيى بن السَّمِينة" و "إبراهيم القَلاَنِسِي" و "دَرَّاس بن إسماعيل"ش کە قەیرەوانی بوون گەشتیان کرد.

دووەم: گواستنەوەی کتێب و نامەکانی مەشریقییەکان بۆ مەغریب لەگەڵ نێردراو و کتێب نووس و لەبەرگرەوەکان.

هێندێک لە کتێبەکانی ئیبنو موجاهیدی قوتابی ئەبوو حەسەنی ئەشعەری هێنرانە مەغریب، وەکوو کیتابی "عقود أهل السنة".

سێیەم: چوونی هێندێک لە مەشریقییەکان بۆ مەغریب، ئەوانەی کە خاوەنی تێڕوانین بوون لە فەلسەفە و کەلام، بەڵام ئەو حاڵەتە کەمبوو؛ وەکوو " الحسين بن حاتم الأزدي" کە لە قەیرەوان نیشتەجێ بوو، قوتابی ئەبوو بەکری باقیللانی بوو.

ئەو موتەکەللیمانەی کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر مەغریب هەبووە بریتیین لە: "أبو بكرِ الباقِلاَّنِي" و " أبو ذَرٍّ الهَرَوي" پاشان "الجُوينِي":

یەکەمیان: مەغریبییەکان لە عێراق زانستییان لێ وەرگرتووە، هێندێک لە کتێبەکانیشی گەیشتە مەغریب، وەکوو "التمهيد"، "أبو القاسم عبدُ الجَلِيل الرَّبعيُّ القيرواني" شەرحی کردووە و ناوی لێنا: "التَّسْدِيد، في شرحِ التَّمْهِيد"، لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەم.

دووەم: لە مەککە زانستییان لێ وەرگرتووە.

سێیەمیان: کتێب و قوتابییەکانی لە مەغریب و جگە لە مەغریبیش بڵاوبوونەوە.

مەزهەبی موتەکەللیمەکان لە مەغریبی سەروو و خواروو ڕێکخراو نەبوو، بەرەوسەندنێکی بەردەوامیشی نەبوو، بەڵکوو لەناو چەند تاکە کەسێک و سووچەکان بڵاوبوو، تاوەکوو کۆتایی سەدەی پێنجەم.

سەرەتا کە زانستی کەلامیان خستە ناو بیروباوەڕ، زانایانی مەغریب نکووڵییان لێ دەکرد، ڕەنگە زیادەڕەویشیان تێدا کردبێت، یەکێکی ئەندەلووسی وەکوو "أبو محمَّد عبدُ اللهِ القَحْطاني" لە قەسیدەکەی وەسفیان

دەکات بە (زندیق)، ئەمە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەم، لە دوای ئەویش ئیبنو حەزم گوتارەکانیان بە (نەفرەت لێکراو) ناو دەبات، تا گەیشتە ئەو ڕاددەیەی کە "الْمَرَّاكُشِي" لە کتێبی "المُعجِب" باسی ئەوە دەکات: کە خەڵکی مەغریب لە سەرەتادا هەموو ئەو کەسانەیان کافر کرد کە چوونە ناو زانستی کەلام. هێندێک لە پێشەوایانیش پرسیاریان لێ دەکرا دەربارەی حوکمی لەعنەتکردن و جنێودان بەو کەسەی کەوا زانستی کەلام بەکاربهێنێت، هەروەکوو ئەو پرسیارە لە ئیبنو ئەبی زەید و ئیبنو ڕوشد کرا.

***

❁ کاریگەری فیکری ئیعتیزال لە وەرگرتنی زانستی کەلام لەسەر ڕێگەی ئەشعەرییەکان:

بوونی فیکری موعتەزیلە؛ کاریگەری هەبوو لەسەر وەرگرتنی زانستی کەلام لەسەر ڕێچکەی ئەشعەرییەکان لەلایەن مەغریبییەکانەوە؛ چونکە ئەو بەڵگەیە بوو کە بە هۆیەوە وەڵامی موعتەزیلەکانیان پێ دەدایەوە، بە زمانی خۆیان وەڵامیان دەدانەوە، خۆ ئەگەر لە سەرەتاوە زانستی کەلام لەسەر ڕێچکەی ئەشعەرییەکان چووبایە مەغریب، ئەوە وەرنەدەگیرا و سەیر نەدەکرا و جێگیریش نەدەبوو؛ بەڵام زانستی کەلام هێندێکی هێندێکی تری کردە شتێکی ئاسایی.

***

❁ پلە و جۆری سەرپێچیکاران، وا دەخوازێت کە ستاییشی نزیکترینەکەیان لە حەق بکرێت و نەرمی بنوێنرێت لەگەڵی:

هەر لەو بوارەوەیە کە کۆمەڵێک لە پێشەوایان ستاییشی هێندێک لە سەرانی ئەشعەرییەکانیان کردووە؛ چونکە زۆربەی ئەو ستاییشانە پەیوەست بووە بە سەردەمی کێشەی توندی نێوان موعتەزیلەکان و ئەشعەرییەکان، ئەوان چاکەی ئەوەیان هەبووە کە ڕێگەیان لە هێرشی موعتەزیلەکان گرتووە، ئیبنو ئەبی زەید ستاییشی ئەبوو حەسەنی ئەشعەری دەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەهلی کەلام نەبوو و سەیریشی نەدەکرد، بەڵکوو خەڵکیشی لێ ئاگادار دەکردەوە.

ستاییشکردنیشی بۆ ئەشعەری و قوتابییەکانی تەنها لەبەر کاریگەرییان بوو لەسەر ئەهلی بیدعە و وەڵامدانەوەیان بوو بۆ موعتەزیلە و جەهمییەکان، کاتێکیش موعتەزیلەکان قسەیان بە ئەبوو حەسەنی ئەشعەری گوت، ئەو دەربارەی فەرمووی: "هو رجُلٌ مشهورٌ؛ أنَّه يَرُدُّ على أهل البِدَعِ وعلى القَدَرِيَّةِ والجهميَّة، متمسِّكٌ بالسُّنَن".[1]

واتە: ئەو پیاوێکی ناودارە؛ چونکە وەڵامی ئەهلی بیدعە و قەدەرییی و جەهمییەکان دەداتەوە، دەستگرتووە بە سوونەتەکان.

هاوشێوەی ئەمەشی دەربارەی ئیبنو کوللاب فەرمووە.[2]

[1]- تبيين كذب المفتري (ص ١٢٣).
[2]- تبيين كذب المفتري (ص ٤٠٥).

ئەوەش لە تێگەیشتنی ئیبنو ئەبی زەید و شارەزاییەتی؛ بەوەی هەرکەسێک بێتە پێشەوە لە سەرپێچیکاران، بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی زندیقەکان و ئەوانەی لەو سەرپێچیکارترن و بەڕوویاندا بووەستێت، ئەوە شارەزایی نییە کە ئەو کەسە دووربخرێتەوە؛ چونکە ئەوە دەرگایەکە ئەگەر شکێندرا، ئیتر لە دوای ئەوە دەرگایەکی خراپەی گەورەتر بە ڕووی سوننەتدا دەکرێتەوە، کە جگە لەو کەسی تر پێی هەڵناستێت، هێندێک لە دەستگرتووەکان بە سوننەت و ئەسەر ئاوا هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرپێچیکار دەکەن بەوەی تەنها سەیری سەرپێچییەکەی دەکەن، سەیری ئەوە ناکەن کە چەندان خراپەی پێ دوور دەخرێتەوە، ئەوەندەی بەس بوو کە سوننەت و بیدعە ڕوون بکاتەوە و دەرگایەکی بیدعەش نەشکێنێت، کە لێیەوە بیدعەیەکی لەو گەورەتر بێتە ناو ئیسلام.

ئا ئەوە ڕێبازی پێشەوایانە لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سەرپێچیکاران؛ سوننەت دەپارێزن لە بیدعە، بەشێکیش لە پارێزگاریکردن لە سوننەت بریتییە لە: دابەشکردنی پلەی سەرپێچیکاران و بارودۆخیان؛ بۆیە جیاوازی هەیە لەنێوانی سەرپێچیکارێک کەوا ڕووی کردۆتە بیدعەیەک و دژایەتی دەکات کە لە بیدعەکەی خۆی گەورەترە، لەگەڵ سەرپێچیکارێک کە ڕووی کردۆتە سوننەت و دژایەتی دەکات، ئەگەرچی سەرپێچی دووەمیش سووکتر بێت، بەڵکوو جاری وایە تووند دەبن لەگەڵ دووەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەی یەکەم ئاسان و نەرم دەبن.

پێشەوا "أبو عُثْمان الصابُوني" ستاییشی "أبو منصور البَغْدادي" دەکرد و بە گەوری دادەنا، لەگەڵ ئەوەی ئەبوو مەنسوور ئەهلی کەلامیش بوو؛ لەبەر ئەوەی وەڵامی موعتەزیلەکانی دەدایەوە. تبيين كذب المفتري (ص ٢٥٣).

***

❋ [ئایا پێشەوا ئیبنو ئەبی زەیدی قەیرەوانی ئەشعەری بووە؟]

بێگومان ئیبنو ئەبی زەید لەسەر ئەو ڕێبازە بووە، ئەوەی کە نووسیویەتی و گوتویەتی بیروباوەڕەکەی ڕوون دەکاتەوە، بیروباوەڕ لە ناوەڕۆکی ستاییش و پێداهەڵگوتن بۆ کەسە دیارەکان وەرناگیرێت.

نیسبەتدانی ئیبنو ئەبی زەید لە مەغریب بۆ لای ڕێچکەی ئەشعەری، شتێکی کۆنە؛ ئەمەش بەهۆی ئەو ستاییش و سەرخستنەی کە باسمانکرد بۆ ئەشعەری و قوتابییەکانی لە میانەی ڕێگەگرتن لە موعتەزیلە و جەهمییەکان.

پێشەوا "أبو نَصْر عُبَيْدُ الله السِّجْزي" کە لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەم بووە، لە کیتابەکەی خۆیدا "الردِّ على مَن أنكَرَ الحرفَ والصوتَ"، هەڵەی هێندێک لە مەغرییییەکانی ڕوون کردۆتەوە کە گومانیان وابووە ئیبنو ئەبی زەید و ئەبوو حەسەنی قابیسی ئەشعەری بووبن؛ چونکە نامیلکەکەی ئیبنو ئەبی زەید لەسەر ڕێبازی سەلەفە، هەروەکوو لە کیتابی "الرِّسَالَة" و

"الجامع" و کتێبەکانی دیکەیدا هاتووە، بەهەمان شێوەش (قابیسی)ش هەروایە، هەروەکوو لە کیتابەکەی "الاعتقاد"دا هاتووە.

پێشەوا ئیبنو ئەبی زەید، سیفاتەکان لەسەر ڕووکەشی خۆی بۆ خوا جێگیر دەکات، بەو شێوەیەش کە شایەن و گونجاوە بۆ خالیق نەک مەخلووق، بەبێ دیاریکردنی چۆنیەتی، ئەمەش ئاشکرا و دیارە لە جێگیرکردنی بۆ سیفەتی "اليدَيْن" و "الرِّضَا" و "السَّخَط" و "الغَضَب" و "النزول" و "المجيء" و "الضَّحِك" جگە لەمانەش.

***

❁ دامەزراوی خەڵکی مەغریب و تاقیکردنەوەیان بە زانستی کەلام:

هیچ یەکێک لە هاوەڵان و قوتابیانی پێشەوا مالیک نەچوونەتە ناو زانستی کەلام و لە بنچینەکانی ئایینیش جێگیریان نەکردووە و باسیان نەکردووە.

کاتێک خەڵکی لە عێراق بە خەلقی قورئان تاقی کرانەوە، زۆرێک لە دەسەڵاتدارەکان لە مەغریب لەم بابەتەدا چاویان لەوان کرد و زاناکانیان تاقیکردەوە؛ ئەوەبوو هێندێک لە هاوەڵانی مالیک تاقیکرانەوە، وەکوو "موسى بن معاوية الصُّمَادِحي" و "أحمد بن يزيد" و "سُحْنُون بن سعيد"و خەڵکانێکی تریش، تاقیکردنەوەکەش چەند قازییەک جێبەجێیان کرد، وەکوو قازی قەیرەوان "ابن أبي الجَوَّاد"، لەو فیتنەیەدا پێگەی ئەو کابرایە

له قەیرەوان نزیکبوو له پێگەی "أحمد بن أبي دُؤَاد" له عێراق، سوحنوون ناوی لێنابوو: فیرعەون و زۆرداری ئەو ئوممەتە.[1]

ئەو پێشەوایانە دەستیان بە سوننەت و ئەسەرەوە گرت، هەروەها ئەوەشی لە سەلەفەوە فێرببوون لە بابەتی خەلقی قورئان و بەرز و بڵندی خوا، لەسەر بیروباوەڕی کەسانی پێش خۆیان بوون.

کێلی سەر گۆڕەکانیش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن تاوەکوو ئەمڕۆ؛ لەکاتێکدا لەدوای شایەتومان لەسەریان نووسراوە: "بە دڵنیایی قورئان کەلامی خوایە و دروستکراو نییە". نووسراوەکەش مێژووەکەی دیاریکراوە لە مانگی سەفەر و ساڵی ٢٩٢ـه، یەکێکی تر لە کێلی سەر گۆڕەکان: لە دوای شایەتومان لەسەری نووسراوە: "بێگومان خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت دەبینرێت". ئەمەش مێژووەکەی لە مانگی شەعبانە لە ساڵی ٣٩٢ـه.

هێندێکجار خەراپە بەرز دەبێتەوە و ناڕەوا بەهێز دەبێت، هەتا وای لێ دێت کە هێندێک لە خەڵکی وا گومان دەبەن کە ئیتر ڕاستیی هەڵناستێتەوە، بەڵام خوای گەورە بارودۆخەکە بۆ ڕاستی و شوێنکەوتووانی دەسووڕێنێت؛ موعتەزیلەکان دیینیان گۆڕی و بەزەبری دەسەڵاتدار زاڵبوون بەسەر موسڵمانان لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژاوا:

---

[1]- البيان المغرب (١/ ١٠٩).

- لە ڕۆژهەڵات: لەسەر بەرگی کەعبە قورئانیان دەستکاری کرد؛ لەسەری نووسرا: "ليس كمِثْلِهِ شيءٌ وهو اللطيفُ الخَبير"؛ "السَّميع البَصير"یان لابرد؛ حەنبەل دەڵێت: کە حەجم کرد ئەوەم بینی، جا کاتێک گەڕامەوە، هەواڵمدا بە ئیمامی ئەحمەد، ئەویش گوتی: خوا بیکوژێت! ئەو پیسە -مەبەستی ئیبنو ئەبی دوئاد بوو- ڕووی کردە کیتابی خوا و گۆڕی".[1]
- لە ڕۆژاواش: زانایان ڕایانسپارد کە حەق و ڕاستی لەسەر کێلی گۆڕەکان بنووسرێت، کاتێک کە بێتوانابوون لە دەربڕینی لەسەر مینبەرەکان، بۆیە لەسەر زانایان پێویستە کەوا بە گوێرەی توانا ڕاستی ڕوون بکەنەوە، خوای گەورەش زامنە بەوەی ئاشکرای بکات.

بێگومان مەغریب بە تاقیکردنەوەی سەخت تێپەڕی، سەختترینی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەو سەردەمانەدا هاوەڵانی پێشەوا مالیک پێیدا تێپەڕین بریتیی بوو لە: فەرمانڕەوایەتی ئەغالیبەکان و فاتیمییەکان و موەحیدەکان؛ یەکەمیان: حەنەفییەکی موعتەزیلی و جگە لە موعتەزیلی بوو، دووەمیان: باتینیی بوو، سێیەمیشیان: ئەشعەرییەکی زیادەڕەو بوو.

***

[1] - طبقات الحنابلة (١/ ٣٨٦).

❁ [بڵاوبوونەوەی ئەشعەرییەت لە مەغریب]:

ئیبنو تۆمەرت لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەم ئەشعەرییەتی بڵاوکردەوە بەهۆی دەسەڵاتەکەی، "أبو بكر بن العَرَبي"یش بە وتەکانی؛ هەردووکیشیان ئەشعەرییەتیان لە ڕۆژهەڵات لە غەزالییەوە وەرگرتووە.

لە تەواوی مەغریبی خواروو و سەروو، تاوەکووساڵی پێنج سەد ئەشعەرییەکی تەواو لەسەر ڕێچکەی موتەئەخیرین بوونی نەبوو، خۆ ئەگەر بشگوترێت، ئەوە گومانە و بەڵگەی لەسەر نییە؛ بۆیە ستاییشکردن و قوتابییایەتی کەس ناخاتە مەزهەبی کەسەوە، هەروەها ئەگەر کەسێک موافەقەی کەسێکی تری کرد لە وتەیەکدا، ئەوە واتای ئەوە نییە کە موافەقەکردنەکە لە بنچینەکانی بیروباوەڕدا بووبێت.

هەرچەندە هێندێک لە ئەشعەرییە موتەئەخیرینەکان، هێندێک لە زانایانی موتەقەددیمین دەدەنە پاڵ ڕێچکەکەی خۆیان، لەبەر ئەوەی لە شوێنێک، یان چەند شوێنێک لەسەر بۆچوونی ئەوە، بەڵام ئەو زانایانە هیچ کتێبێکیان نییە و هیچ بنچینەیەک و وتەیەکیان لێوە نەقڵ نەکراوە کە بەڵگە بێت لەسەر تەواویەتی ئەو نیسبەتە.

بۆ نموونە: ئەوەی دەدرێتە پاڵ: "إبراهيمَ بن عبد الله الزُّبَيْرِيِّ القَلَانِسي" و "دَرَّاسِ بنِ إسماعيل"، کە هەردووکیان قەیرەوانیین و پێش ئیبنو ئەبی زەید بوونە، هیچ کتێبێکیشیان دەربارەی بیروباوەڕ نییە کە ئەمڕۆ لەبەردەستی خەڵکی بێت، کەواتە موافەقەکردن لەسەر چەند بابەتێک، واتای موافەقەکردن لە قوتابخانە و بنچینە نییە.

کاتێک "محمَّدُ بن تُومَرْتَ" لە سەدەی شەشەم لە مەغریب جێگیربوو، ئەشعەرییەتی دوایینی بڵاوکردەوە، کە تەفویز و تەئویل بوو، خەڵکیشی ناچارکرد کە پەیوەست بن پێیەوە، موخالیفەکانیشی ئەشکەنجەدا و دەربەدەری کردن، ناویشی لە شوێنکەوتووانی مەزهەبەکەینا (موەحیدەکان)، وەکوو ڕەخنە و توانجێک بۆ موخالیفەکانی، هەروەها ئەوانەی پێش خۆی لە خەڵکی مەغریب ناودەبرد بە (موجەسسیمە)؛ مەبەستی: ئەوانەبوو کە سیفاتەکانیان جێگیر دەکرد و تەئویلیان نەدەکرد، لە دەولەی موڕابیتیین و جگە لەوانیش.

لە سەردەمی ئیبنو تۆمەرت و دوای ئەویش: زانستی کەلام لە مەغریب بەهێز بوو، خەڵکی ناچارکران کە لە فڕووعدا لەسەر زاهیڕییەت بن و لە ئوسووڵیشدا لەسەر ئەشعەرییەت بن، موخالیفەکانی سووککران و قسەیان پێ گوترا، کتێبی مالیکییەکان سوتێندرا، ئەهلی سوننە کافرکران بە بیانووی ئەوەی گوایە موجەسسیمەن، هەتا کار گەیشتە ئەوەی وەکوو "أبو بكر البَيْذَق" باس دەکات کەوا لەو پێناوەدا (ئافرەتەکانیان کران بە کەنیزەک)، کتێبەکانی ئیبنو تۆمەرت کە بریتیین لە "المُرشِدَة" و"أَعَزُّ ما يُطلَب" بڵاوبوونەوە، هەروەها کیتابی "الإرشاد"ی جوەینیش بڵاوبووەوە و بە وانە دەگوترایەوە.

ئیبنو تۆمەرت مەزهەبەکەی کاتێک وەرگرت کە گەشتێکی کرد بۆلای موتەکەللیمینی ڕۆژهەڵات، هەروەکوو "أبو الحَجَّاج بن طمْلُوس" و "الناصِري" و "ابنُ خَلْدون" و "ابنُ تيميَّة" باسی ئەوەیان کردووە.

ئیبنو تۆمەرت بانگەشەی ئیعتیزالی نەدەکرد، بە دڵنیاییشەوە کۆمەڵێک داویانەتە پاڵ ئەشعەرییەت، وەکوو سوبکی و جگە لەویش، ڕەنگە هێندێک لەو ئەشعەرییانەی کە کردەوە و ستەم و دەستدرێژییەکانی بە ناشیرین دادەنێن، بیدەنە پاڵ ئیعتیزال.

زانستی کەلام پێشتر موعتەزیلەکان وەریانگرت، ئەشعەرییەکانیش لەوانیان وەرگرت، ئیعتیزال فیکرێکە لەناو چەند گرووپێکدا بڵاوە، کۆمەڵێکی ڕێکخراو نییە کە خاوەنی ئوسووڵ و فڕووعی خۆی بێت؛ چونکە ئیعتیزال زانستێکی کەلامییە، خۆی خزاندۆتە ناو ڕافیزە و زەیدیی و ئیبازیی و ئەشعەرییەکان و جگە لەوانیش.

مەزهەبی ئەشعەرییەت، پلە بە پلە گۆڕانکاری بەسەردا هات، تاوەکوو لە کۆتاییدا گەیشتە ئەوەی کە پێی گەیشت، ئینجا پێشەواکانی قۆناغی سەرەتای وەکوو پێشەواکانی قۆناغی کۆتایی نیین، مەزهەبی دووایینەکانیشیان وەکوو مەزهەبی پێشینەکانیان نیین.

پێشینەکانیان کە بریتیین لە ئەبوو حەسەنی ئەشعەری و قوتابییەکانی؛ وەکوو ئیبنو موجاهیدی تائی و ئەبوو حەسەنی تەبەری و ئەبوو حەسەنی باهیلی و قوتابییەکان و چینی ئەوان؛ وەکوو قازی باقیللانی: سیفاتە خەبەرییەکان جێگیر دەکەن و تەئویلیان ناکەن، وەکوو: "الوجه" و "اليد" و "العلوّ" و "الاستواء". بەڵام ئەو چینەی لەدوای ئەوان دێن؛ وەکوو جوەینی و غەزالی، ئەو سیفەتانە نەفی دەکەن.

***

❁ زانستی کەلام و پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس:

پێشەوا مالیک یەکێکبوو لەوانەی ئەسەری بە گەورەدادەنا و خەڵکیشی لە زانستی کەلام ئاگادار دەکردەوە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەسەر عەقل کۆت و بەند دەکات؛ تاوەکوو لەو شوێنە بوەستێت کە شارەزایی تێدا نییە، بەڵام زانستی کەلام عەقڵ بەرەڵا دەکات و هانی دەدات شوێن شتێک بکەوێت و قسە لە شتێکدا بکات کە بەڵگەی لەلا نییە.

وەستان لەسەر فەرمووده و ئەسەر دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە چوونە ناو زانستێک کە مرۆڤ زانیاری دەربارەی نییە، هەروەها بۆ دیینەکەی سەلامەترە و موسڵمانانیش زیاتر کۆ دەکاتەوە و دەیانپارێزێت لە دووبەرەکی لەبارەی ناسینی پەروەردگاریان و سیفاتەکانی.

هەربۆیەش هیچ گرووپێکی کەلامی نییە، ئیللا پێشەوا یەکەمینەکانیان باشتر بوونە لە دواینەکانیان؛ چونکە ئەمانە نەوە دوای نەوە زیاتر دەچنە ناو زاستی کەلام و فرەوانی تێدا دەکەن، پێشەوا مالیکیش فەرموویەتی: "مَن طَلَبَ الدِّينَ بالكلام، تَزَنْدَق".[1]

واتە: هەرکەسێک بیەوێت لە ئایین شارەزا بێت بە زانستی کەلام، ئەوە سەرەنجامەکەی بەرەو زەندەقەیە.

[1]- ذم الكلام، للهروي (٨٥٩).

هەرچی ئەسەرەکانیشە: ئەوە بێگومان دەبێتە فەرمانڕەوا بەسەریان، مالیکی کوڕی ئەنەس فەرموویەتی: "ما قَلَّتِ الآثارُ في قومٍ إلا ظَهَرَتْ فيهم الأهواءُ".[1]

واتە: ئەسەر لەناو هیچ گەلێک کەمی نەکردووە، ئیللا هەواوئارەزوو لەناویاندا سەرهەڵدەدات.

بێگومان پێشەوا مالیک هەر لەبەر ئەمە بوو کە قوتابییەکانی لە زانستی کەلام ئاگادار دەکردەوە، یەکێک لە وتەکانیشی ئەوەیە: "إيَّاكُمْ والبِدَعَ، قيل: يا أبا عبد الله، وما البِدَع؟ قال: أهلُ البِدَعِ الذين يَتكلَّمُونَ في أسماءِ الله وصفاتِه، وكلامِه وعلمِه وقدرتِه، ولا يسكُتُونَ عمَّا سكَتَ عنه الصحابةُ والتابعونَ لهم بإحسان".[2]

واتە: ئامۆژگاریتان دەکەم و ئاگادارتان دەکەمەوە لە بیدعە! گوترا: ئەی باوکی عەبدوڵڵا! بیدعە چییە؟ فەرمووی: شوێنکەوتوانی بیدعە ئەوانەن کەوا قسە دەربارەی ناو و سیفەتەکان و وتە و زانست و دەسەڵاتی خوا دەکەن، بێ دەنگیش نابن لەو شتانەی کە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان بە چاکە لێی بێدەنگ بوون.

***

[1]- الفقيه والمتفقه (٣٩٠)، وذم الكلام، للهروي (٨٦٩).
[2]- ذم الكلام، للهروي (٨٥٨).

❁ [پێناسەی] ڕەئی و زانستی کەلام:

سەلەف کاتێک "الرَّأْي" و"عِلْم الكلام" بەکاردەهێنن، ئەوە مەبەستیان لە زانستی کەلام: ئەو شتە عەقڵییانەیە کە دەکرێتە بەڵگە لەسەر بابەتە بنچینەییەکانی بیروباوەڕ. مەبەستیشیان لە ڕەئی: ئەو شتە عەقڵییانەیە کە دەکرێتە بەڵگە لەسەر بابەتە فەرعییەکانی فیقە.

❁❁❁

❁ قەدەغەکرنی زانستی کەلام لەلایەن پێشەوا مالیک و مەبەستەکەی:

پێشەوا مالیک زانستی کەلامی هەموو قەدەغە دەکرد و هیچ شتێکی لێ جیانەدەکردەوە، ئەگەرچی لەسەردەم و شارەکەی ئەو بەتەواوی سەریهەڵنەدابوو، لەدوای ئەو بە چەند سەدەیەک گەشەی تەواوی کرد، بەڵام پێشەوا مالیک نەهی لە زانستی کەلام کرد و هیچی جیانەکردەوە، قەدەغەکردنەکەش بەستەوە بە چەند هۆکارێک کە هەمووی لە زانستەکانی کەلام بوونیان هەیە، جا یەکسانە ئەو زانستە بێت کە جەهمی و موعتەزیلەکان لەسەری بوون، یان ئەوەی موتەکەللیمینی ئەشعەرییەکان لەسەری بووبن.

بەمشێوازەش کۆمەڵێک لە شوێنکەوتووە پێشینەکانی ئیمامی مالیک لێکیان داوەتەوە، وەکوو "ابن خُوَيْزِ مِنْدَاد" و "أبي عُمَر بن عبد البرِّ"، ئیبنو خوەیز نەهی دەکرد لە وەرگرتنی شایەتی ئەهلی کەلام هەموویان، ئیبنو

عەبدولبەڕیش قسەکەی نەقڵ دەکرد و پشتیشی پێ دەبەست، ئیبنو عەبدولبەڕ قسەکەی ئیبنو خوەیز لە لێکدانەوەی وتەکەی مالیک نەقڵ دەکات کاتێک دەفەرمووێ: "لا تجوزُ شهادةُ أهلِ البدَعِ وأهلِ الأهواءِ"؛ ئیبنو خوەیز دەڵێت: "ئەهلی ئەهواء لەلای مالیک و باقی هاوەڵانمان، بریتیین لە ئەهلی کەلام؛ کەواتە هەموو ئەهلی کەلامێک، ئەهلی هەواوئارەزوو و بیدعەیە؛ جا ئەشعەری بێت یان جگە لە ئەشعەری، هەرگیزیش لە ئیسلامدا شایەتییان لێ وەرناگیرێت، هەجریش دەکرێت و تەمێش دەکرێت لەسەر بیدعەکەی، ئینجا ئەگەر هەر سووربوو لەسەری، ئەوە داوای تەوبەی لێ دەکرێت".[1]

زۆرێک لەوانەی گەیشتنە کۆتایی زانستی کەلام، لەسەرەتاکەی پەشیمان بوونەوە؛ چونکە بنچینەی زانستی کەلام دامەزراوە لەسەر قیاسکردن، خوای بەرز و بڵندیش هاووێنەی نییە کە لەو بچێت.

***

[1]- جامع البيان العلم (١٨٠٠).

❁ شوێنکەوتنی زانستی کەلام و کاریگەرییەکەی:

حەق ئەوەیە: بابەتەکانی سیفات و غەیبییەکان لەسەر ڕووکەشی خۆیان و بەو شێوەیەش کە شایستەیە بە خوای تاکوتەنها وەربگیرێت، جگە لەوە وازی لێ بهێنرێت، زۆرێک لە پێشەوایان ڕۆچوون و بیروهۆشیان لە دەریاکانی خەیاڵ مەلەوانی کرد، بەڵام لە کۆتاییدا ملکەچی فیترەت بوون، هەروەها دەقەکانیان لەسەر ئەو ڕووکەشە وەرگرت کە شایستەیە بە دروستکار نەک دروستکراو، جگە لەمەش خۆیان لێی گرتەوە و بێدەنگ بوون، ئەمەش پێویستی بە عەقڵێکی گەورە نییە؛ چونکە خوا ئایینی بۆ زیرەکەکان دانەبەزاندووە، بەڵکوو بۆ کەسە سەقامگیرەکانی دابەزاندووە؛ بۆیە هەرکەسێک ژیر و پێگەیشتوو بێت، ئەوە بەتوانایە لەسەر وەرگرتن و تەواوکردنی بیروباوەڕەکەی بەگوێرەی دەقەکان.

ئەم بابەتەش پێشەوایانی کەلام، لەکۆتایی گەڕانیان لەناو بابەتە عەقڵی و کەلامییەکان گوتویانە و دانیان پێداناوە؛ هەروەکوو "الولیدُ بن أَبَان الكَرَابيسي" موتەکەللیم کاتێک لە سەرەمەرگدا بوو بە کوڕەکانی گوت: "ئایا پێتان وایە کەسێک هەبێت لەمن شارەزاتر بێت بە زانستی کەلام؟ گوتیان: نەخێر، گوتی: من تۆمەتبار دەکەن بە هیچ شتێک؟ گوتیان: نەخێر، گوتی: دەباشە من ئامۆژگاریتان دەکەم بەو بیروباوەڕەی کە شوێنکەوتوانی فەرموودە لەسەری بوون؛ چونکە من بینیم ڕاستیی لەگەڵ ئەوان بوو".[1]

[1]- الحجة في بيان المحجة (١/ ٢٢٥ – ٢٢٦).

ئەبولمەعالی ئەلجوەینیش گوتی: "لەسەر ئەو بیروباوەڕە دەمرم کە پیرێژنەکانی نەیسابوور لەسەری بوون".[١]

شەهرستانی دەیگوت: "پەیوەست بن بە ئایینی پیرێژنەکان".[٢]

فەخری ڕازیش دەیگوت: "هەموو ڕێچکە کەلامییەکان و ڕێبازە فەلسەفییەکان و زانستە جیاوازەکانم تاقیکردەوە؛ سوودێکی وام لێیانەوە نەبینی کە یەکسان بێت بەو سوودەی لە قورئانی مەزن دەستم کەوت؛ چونکە قورئان هەوڵ دەدات بۆ جێگیرکردنی هەموو گەورەیی و شکۆیەک بۆ خوای بەرز و بڵند، ڕێگریش دەکات لە هێنانەوەی ڕەخنە و شتە دژبەیەکەکان".[٣]

***

١- طبقات الشافعية الكبرى (٥/ ١٩١).

٢- نهاية الإقدام (ص ٧).

٣- طبقات الشافعية الكبرى (٨/ ٩١).

❁ بیروباوەڕی سەلەف دەربارەی سیفاتەکانی خوا:

لەبەر ئەوەی سەلەف ئایەت و فەرموودەکانی سیفاتیان دەڕواند و لە خوێندنەوەیان زیاتر هیچ شتێکی دیکەیان زیاد نەدەکرد، لەبەر ئەوەی بیدعەی کەلامی و تەئویل و تەشبیە و تەعتیل سەریانهەڵدا؛ هێندێک خەڵک وا گومانیان برد: کە سەلەف دەیانەوێ حەقیقەتی هەموو سیفەتەکان نەفی بکەن و نووسینەوەشیان بۆ دەقەکان بەبێ قسە لەسەرکردن بووە، واتا باوەڕهێنان بە پیتەکان بە تەنها، نەک مەبەستیان ئەوەبێت کە دەیانەوێت نەفی چۆنیەتی سیفەتەکە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکەی بکەن.

بەڵکوو سەلەف حەقیقەتی سیفەتەکە بەو شێوەیە جێگیر دەکەن کە شایستە و گونجاوە بۆ خوا، نەک بەو شێوەیەی شایستەی بەندەیە، هەروەها جێگیرکرنی ئەو حەقیقەتەش واتای لەیەکچواندن نییە، هەروەکوو نەفیکردنیان بۆ چۆنییەتی واتای پەکخستن نییە؛ کەواتە ئەوان نە موشەببیهەن، نە موعەتتیلەن، نە موکەییفەشن، چونکە تەئویلی حەقیقەت زیادکردنە لەسەر دەق، هەروەکوو چۆن لەیەکچواندن زیادکردنە لەسەر دەق.

ڕێگە مامناوەندەکە ئەوەیە: مرۆڤ لەنێوانی ئەو دووانەدا بوەستێت؛ ترسان لە تەشبیە وای لێنەکات کە نەفی حەقیقەتی سیفەتەکە بکات، ترسان لە تەئویلیش وای لێنەکات کە تەشبیە بکات، خۆشی بگرێتەوە لە جگە لەوە؛ چونکە ئەوە ئەوپەڕی زانستە، جگە لەمە نەزانییە؛ هەروەکوو سوحنوون دەیفەرموو: "نەزانینی ئەو شتەی کە خوا هەواڵی دەربارەی خۆی پێ نەداوە، بەشێکە لە زانست دەربارەی خوا".

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

المُقَدِّمَةُ العَقَدِيَّة، للرِّسَالَةِ الفِقْهِيَّة

قَالَ الْإِمَامُ أَبُو مُحَمَّدٍ عبدُ اللهِ بْنُ أَبِي زَيْدٍ الْقَيْرَوَانِيُّ -رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى- (ت ٣٨٦ هـ):

الحمدُ للهِ الَّذِي ابتَدَأَ الْإِنسَانَ بِنِعْمَتِهْ، وَصَوَّرَهُ فِي الْأَرْحَامِ بِحِكْمَتِهْ، وَأَبْرَزَهُ إِلَى رِفْقِهْ، وَمَا يسَّرَهُ لَهُ مِنْ رِزْقِهْ، وَعَلَّمَهُ مَا لَمْ يَكُنْ يَعْلَم، وَكَانَ فَضْلُ اللهِ عَلَيْهِ عَظِيمًا.

وَنبَّهَهُ بِآثَارِ صَنْعَتِهْ، وَأَعْذَرَ إِلَيْهِ عَلَى أَلسِنَةِ الْمُرْسِلِينَ الْخِيَرَةِ مِنْ خَلْقِهْ، فَهَدَى مَنْ وَفَّقَهُ بِفَضْلِهْ، وَأَضَلَّ مَنْ خَذَلَهُ بِعَدْلِهْ، وَيسَّرَ الْمُؤْمِنِينَ لِلْيُسْرَى، وَشرَحَ صُدُورَهُمْ لِلذِّكْرَى، فَآمَنُوا بِاللهِ بِأَلسِنَتِهِمْ نَاطِقِينْ، وَبِقُلُوبِهِمْ مُخْلِصِينْ، وَبِمَا أَتتْهُمْ بِهِ رُسُلُهُ وَكُتُبُهُ عَامِلِينْ، وَتَعَلَّمُوا مَا عَلَّمَهُمْ، وَوَقَفُوا عِنْدَ مَا حَدَّ لَهُمْ، وَاسْتَغْنَوْا بِمَا أَحَلَّ لَهُمْ عَمَّا حَرَّمَ عَلَيْهِمْ.

أَمَّا بَعْدُ:

أَعَانَنَا اللهُ وَإِيَّاكَ عَلَى رِعَايَةِ وَدَائِعِهْ، وَحِفْظِ مَا أَوْدَعَنَا مِنْ شَرَائِعِهْ.

فَإِنَّكَ سَأَلْتَنِي أَنْ أَكْتُبَ لَكَ جُمْلَةً مُخْتَصرَةً مِنْ وَاجِبِ أُمُورِ الدِّيَانَهْ؛ مِمَّا تَنْطِقُ بِهِ الْأَلسِنَهْ، وَتَعْتَقِدُهُ الْقُلُوبْ، وَتَعْمَله الْجَوَارِحْ، وَمَا يتَّصِلُ بِالْوَاجِبِ مِنْ ذَلِكَ مِنَ السُّنَنِ؛ منْ مُؤَكَّدِهَا وَنَوَافِلِهَا، وَرَغَائِبِهَا، وَشَيْءٍ مِنَ الْآدَابِ مِنْهَا، وَجُمَلٍ مِنْ أُصُولِ الْفِقْهِ وَفُنُونِهْ؛ عَلَى مَذْهَبِ الْإِمَامِ مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى وَطَرِيقَتِهْ.

مَعَ مَا سَهَّلَ سَبِيلَ مَا أَشْكَلَ مِنْ ذَلِكَ؛ مِنْ تَفْسِيرِ الرَّاسِخِينْ، وَبيَانِ الْمُتَفَقِّهِينْ؛ لِمَا رَغِبْتَ فِيهِ مِنْ تَعْلِيمِ ذَلِكَ لِلْوِلْدَانْ؛ كَمَا تُعَلِّمُهُمْ حُرُوفَ الْقُرْآنْ؛ لِيَسْبِقَ إِلَى قُلُوبِهِمْ مِنْ فَهْمِ دِينِ اللهِ وَشرَائِعِهْ: مَا تُرْجَى لَهُمْ بَرَكَتُهْ، وَتحْمَدُ لَهُمْ عَاقِبَتُهْ؛ فَأَجَبْتُكَ إِلَى ذَلِكَ؛ لِمَا رَجَوْتُهُ لِنَفْسِي وَلَكَ مِنْ ثَوَابِ مَنْ عَلَّمَ دِينَ اللهِ أَوْ دَعَا إِلَيْهِ.

وَاعْلَمْ: أَنَّ خَيرُ الْقُلُوبِ: أَوْعَاهَا لِلْخَيرْ، وَأَرْجَى الْقُلُوبِ لِلْخَيرِ: مَا لَمْ يسْبِقِ الشَّرُّ إِليْهِ.

وَأَوْلَى مَا عُنِيَ بِهِ النَّاصِحُونْ، وَرَغِبَ فِي أَجْرِهِ الرَّاغِبُونْ: إِيصَالُ الخَيْرِ إِلَى قُلُوبِ أَوْلَادِ الْمُؤْمِنِينْ، لِيرْسَخَ فِيهَا، وَتنْبِيهُهُمْ عَلَى مَعَالِمِ الدِّيَانَهْ، وَحُدُودِ

أَمَّا بَعْدُ:

أَعَانَنَا اللهُ وَإِيَّاكَ عَلَى رِعَايَةِ وَدَائِعِهْ، وَحِفْظِ مَا أَوْدَعَنَا مِنْ شَرَائِعِهْ.

فَإِنَّكَ سَأَلْتَنِي أَنْ أَكْتُبَ لَكَ جُمْلَةً مُخْتَصرَةً مِنْ وَاجِبِ أُمُورِ الدِّيَانَهْ؛ مِمَّا تَنْطِقُ بِهِ الْأَلسِنَهْ، وَتَعْتَقِدُهُ الْقُلُوبْ، وَتَعْمَله الْجَوَارِحْ، وَمَا يتَّصِلُ بِالْوَاجِبِ مِنْ ذَلِكَ مِنَ السُّنَنِ؛ منْ مُؤَكَّدِهَا وَنَوَافِلِهَا، وَرَغَائِبِهَا، وَشَيْءٍ مِنَ الْآدَابِ مِنْهَا، وَجُمَلٍ مِنْ أُصُولِ الْفِقْهِ وَفُنُونِهْ؛ عَلَى مَذْهَبِ الْإِمَامِ مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى وَطَرِيقَتِهْ.

مَعَ مَا سَهَّلَ سَبِيلَ مَا أَشْكَلَ مِنْ ذَلِكَ؛ مِنْ تَفْسِيرِ الرَّاسِخِينْ، وَبيَانِ الْمُتَفَقِّهِينْ؛ لِمَا رَغِبْتَ فِيهِ مِنْ تَعْلِيمِ ذَلِكَ لِلْوِلْدَانْ؛ كَمَا تُعَلِّمُهُمْ حُرُوفَ الْقُرْآنْ؛ لِيَسْبِقَ إِلَى قُلُوبِهِمْ مِنْ فَهْمِ دِينِ اللهِ وَشَرَائِعِهْ: مَا تُرْجَى لَهُمْ بَرَكَتُهْ، وَتحْمَدُ لَهُمْ عَاقِبَتُهْ؛ فَأَجَبْتُكَ إِلَى ذَلِكَ؛ لِمَا رَجَوْتُهُ لِنَفْسِي وَلَكَ مِنْ ثَوَابِ مَنْ عَلَّمَ دِينَ اللهِ أَوْ دَعَا إِلَيْهِ.

وَاعْلَمْ: أَنَّ خَيرُ الْقُلُوبِ: أَوْعَاهَا لِلْخَيرْ، وَأَرْجَى الْقُلُوبِ لِلْخَيرِ: مَا لَمْ يسْبِقِ الشَّرُّ إِلَيْهِ.

وَأَوْلَى مَا عُنِيَ بِهِ النَّاصِحُونْ، وَرَغِبَ فِي أَجْرِهِ الرَّاغِبُونْ: إِيصَالُ الْخَيْرِ إِلَى قُلُوبِ أَوْلَادِ الْمُؤْمِنِينْ، لِيرْسَخَ فِيهَا، وَتَنْبِيهُهُمْ عَلَى مَعَالِمِ الدِّيَانَهْ، وَحُدُودِ

الشَّرِيعَهْ؛ لِيرُاضُوا عَلَيهَا، وَمَا عَلَيهِمْ أَنْ تَعْتَقِدَهُ مِنَ الدِّينِ قُلُوبُهُمْ، وَتَعْمَلَ بِهِ جَوَارِحُهُمْ؛ فَإِنَّهُ رُوِيَ أَنَّ تَعْلِيمَ الصِّغَارِ لِكِتَابِ اللهِ، يُطْفِئُ غَضَبَ اللهِ، وَأَنَّ تَعْلِيمَ الشَّيْءِ فِي الصِّغَرْ؛ كَالنَّقْشِ فِي الحَجَرْ.

وَقَدْ مَثَّلْتُ لَكَ مِنْ ذَلِكَ مَا ينْتَفِعُونَ -إِنْ شَاءَ اللهُ- بِحِفْظِهْ، وَيشرُفُونَ بِعِلْمِهْ، وَيسْعَدُونَ بِاعْتِقَادِهِ وَالْعَمَلِ بِهْ.

وَقَدْ جَاءَ أَنْ يُؤْمَرُوا بِالصَّلَاةِ لِسَبْعِ سِنِينَ، وَيُضرَبُوا عَليهَا لِعَشرٍ، وَيُفَرَّقَ بينَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ؛ فَكَذَلِكَ: ينبَغِي أَنْ يَعْلَمُوا مَا فَرَضَ اللهُ عَلَى الْعِبَادِ مِنْ قَوْلٍ وَعَمَلٍ قَبْلَ بُلُوغِهِمْ؛ لِيَأْتِيَ عَليهِمُ البُلُوغُ، وَقَدْ تمَكَّنَ ذَلِكَ مِنْ قُلُوبِهِمْ، وَسَكَنَتْ إِلَيهِ أَنْفُسُهُمْ، وَأَنِسَتْ بِمَا يَعْمَلُونَ بِهِ مِنْ ذَلِكَ جَوَارِحُهُمْ.

وَقَدْ فَرَضَ اللهُ سُبحَانَهُ عَلَى الْقَلْبِ عَمَلاً مِنَ الِاعْتِقَادَاتْ، وَعَلَى الجَوَارِحِ الظَّاهِرَةِ عَمَلاً مِنَ الطَّاعَاتْ.

وَسَأُفَصِّلُ لَكَ مَا شَرَطْتُ لَكَ ذِكْرَهُ بَابًا بَابًا؛ لِيَقْرُبَ مِنْ فَهْمِ مُتَعَلِّمِيهِ إِنْ شَاءَ اللهُ تَعَالَى، وَإِيَّاهُ نَستَخِيرْ، وَبِهِ نَستَعِينْ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمْ.

وَصَلَّى اللهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ نَبِيِّه، وَآلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا كَثِيرًا.

بَابُ مَا تنْطِقُ بِهِ الْأَلسِنَةُ، وَتَعْتَقِدُهُ الْأَفئِدَةُ مِنْ وَاجِبِ أُمُوْرِ الدِّيَانَاتِ

مِنْ ذَلِكَ: الْإِيمَانُ بِالْقَلْبِ، وَالنُّطْقُ بِاللِّسَانِ: أَنَّ اللهَ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَ إِلَهَ غَيرُهْ، وَلاَ شَبِيهَ لَهْ، وَلاَ نَظِيرَ لَهْ، وَلاَ وَلدَ لَهْ، وَلاَ وَالِدَ لَهْ، وَلاَ صَاحِبَةَ لَهْ، وَلاَ شرَيكَ لَهْ.

لَيْسَ لِأَوَّلِيَّتِهِ ابتِدَاءْ، وَلاَ لِآخِرِيَّتِهِ انْقِضَاءْ.

لاَ يبلُغُ كُنْهَ صِفَتِهِ الْوَاصِفُونْ، وَلاَ يحُيطُ بِأَمْرِهِ الْمُتَفَكِّرُونْ.

يَعْتَبِرُ الْمُتَفَكِّرُونَ بِآيَاتِهْ، وَلاَ يتَفَكَّرُونَ فِي مَاهِيَّةِ ذَاتِهْ.

{وَلاَ يحُيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلاَ يئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ} [البقرة: ٢٥٥].

الْعَالِمُ الخَبِيرْ، الْمُدَبِّرُ الْقَدِيرْ، السَّمِيعُ البَصِيرْ، الْعَلِيُّ الْكَبِيرْ.

وَأَنَّهُ فَوْقَ عَرْشِهِ الْمَجِيدِ بِذَاتِهْ، وَهُوَ فِي كُلِّ مَكَانٍ بِعِلْمِهْ.

خَلَقَ الْإِنسَانَ، وَيَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ، وَهُوَ أَقْرَبُ إِليْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ، {وَمَا تسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ} [الأنعام: ٥٩].

عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى، وَعَلَى الْمُلْكِ احْتَوَى.

وَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى، وَالصِّفَاتُ الْعُلاَ، لَمْ يَزَلْ بِجَمِيعِ صِفَاتِهِ وَأَسْمَائِهِ؛ تَعَالَى أَنْ تَكُونَ صِفَاتُهُ مَخْلُوقَهْ، وَأَسْمَاؤُهُ مُحْدَثَهْ.

كَلَّمَ مُوسَى بِكَلاَمِهِ الَّذِي هُوَ صِفَةُ ذَاتِهْ، لاَ خَلْقٌ مِنْ خَلْقِهْ.

وَتَجَلَّى لِلْجَبَلِ فَصَارَ دَكًّا مِنْ جَلاَلِهْ.

وَأَنَّ الْقُرْآنَ كَلاَمُ اللهِ، لَيْسَ بِمَخْلُوقٍ فَيَبِيدْ، وَلاَ صِفَةٍ لِمَخْلُوقٍ فَيَنْفَدْ.

وَالْإِيمَانُ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهْ، حُلْوِهِ وَمُرِّهْ، وَكُلُّ ذَلِكَ قَدْ قَدَّرَهُ اللهُ رَبُّنَا، وَمَقَادِيرُ الْأُمُورِ بِيَدِهْ، وَمَصْدَرُهَا عَنْ قَضَائِهْ.

عَلِمَ كُلَّ شَيْءٍ قَبْلَ كَوْنِهْ؛ فَجَرَى عَلَى قَدَرِهْ، لاَ يَكُونُ مِنْ عِبَادِهِ قَوْلٌ وَلاَ عَمَلٌ إِلاَّ وَقَدْ قَضَاهْ، وَسَبَقَ عِلْمُهُ بِهْ؛ {أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} [الملك: ١٤].

يُضِلُّ مَنْ يشَاءُ فَيَخْذُلُهُ بِعَدْلِهْ، وَيَهْدِي مَنْ يشَاءُ فَيُوَفِّقُهُ بِفَضْلِهْ؛ فَكُلٌّ مُيَسرٌ بِتَيْسِيرِهْ، إِلَى مَا سَبَقَ مِنْ عِلْمِهِ وَقَدَرِهْ، مِنْ شَقِيٍّ أَو سَعِيدٍ.

تَعَالَى أَنْ يَكُونَ فِي مُلْكِهِ مَا لاَ يُرِيدْ، أَو يَكُونَ لِأَحَدٍ عَنْهُ غِنًى، أَو يَكُونَ خَالِقٌ لِشَيْءٍ إِلاَّ هُوَ، رَبُّ الْعِبَادِ وَرَبُّ أَعْمَالِهِمْ، وَالْمُقَدِّرُ لِحَرَكَاتِهِمْ وَآجَالِهِم.

البَاعِثُ الرُّسُلِ إِلَيهِمْ؛ لإِقَامَةِ الحُجَّةِ عَلَيهِمْ.

ثُمَّ خَتَمَ الرِّسَالَةَ وَالنِّذَارَةَ وَالنُّبُوَّةَ بِمُحَمَّدٍ نَبِيِّهِ -صلى الله عليه وسلم-؛ فَجَعَلَهُ آخِرَ الْمُرْسَلِينَ، بشِيرًا وَنَذِيرًا، وَدَاعِيًا إِلَى اللهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا.

وَأَنْزَلَ عَلَيْهِ كِتَابَهُ الْحَكِيمْ، وَشَرَحَ بِهِ دِينَهُ الْقَوِيمْ، وَهَدَى بِهِ الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمْ.

وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَا رَيْبَ فِيهَا، وَأَنَّ اللهَ يبْعَثُ مَنْ يَمُوتُ، كَمَا بَدَأَهُمْ يَعُودُونَ.

وَأَنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ضَاعَفَ لِعِبَادِهِ الْمُؤْمِنِينَ الحَسَنَاتْ، وَصَفَحَ لَهُمْ بِالتَّوْبَةِ عَنْ كَبَائِرِ السَّيِّئَاتْ، وَغَفَرَ لَهُمُ الصَّغَائِرْ، بِاجْتِنَابِ الْكَبَائِرْ، وَجَعَلَ مَنْ لَمْ يَتُبْ مِنَ الْكَبَائِرِ صَائِرًا إِلَى مَشِيئَتِهْ؛ {إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يشْرُكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يشَاءُ} [النساء: ٤٨].

وَمَنْ عَاقَبَهُ اللهُ بِنَارِهْ، أَخْرَجَهُ مِنْهَا بِإِيمَانِهْ، فَأَدْخَلَهُ بِهِ جَنَّتَهْ: {فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيرًا يَرَهُ} [الزلزلة: ٧].

وَيخْرُجُ مِنْهَا بِشَفَاعَةِ النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم-، مَنْ شَفَعَ لَهُ مِنْ أَهْلِ الْكَبَائِرِ مِنْ أُمَّتِهْ.

وَأَنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ قَدْ خَلَقَ الجَنَّةَ فَأَعَدَّهَا دَارَ خُلُودٍ لِأَوْلِيَائِهْ، وَأَكْرَمَهُمْ فِيهَا بِالنَّظَرِ إِلَى وَجْهِهِ الْكَرِيمْ، وَهِيَ الَّتِي أَهْبَطَ مِنْهَا آدَمَ نبِيَّهُ وَخَلِيفَتَهُ إِلَى أَرْضِهْ، بِمَا سَبَقَ فِي سَابِقِ عِلْمِهْ.

وَخَلَقَ النَّارَ فَأَعَدَّهَا دَارَ خُلُودٍ لِمَنْ كَفَرَ بِهْ، وَأَلْحَدَ فِي آيَاتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهْ، وَجَعَلَهُمْ مَحْجُوبِينَ عَنْ رُؤْيَتِهْ.

وَأَنَّ اللهَ تبَارَكَ وَتَعَالَى يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَة، {وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا} [الفجر: ٢٢]؛ لِعَرْضِ الْأُمَمِ وَحِسَابِهَا، وَعُقُوبتِهَا وَثَوَابِهَا.

وَتُوضَعُ الْمَوَازِينُ لِوَزْنِ أَعْمَالِ الْعِبَادِ؛ {فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ} [الأعراف: ٨].

وَيُؤْتَوْنَ صَحَائِفَهُمْ بِأَعْمَالِهِمْ؛ فَـ {مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ (٧) فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يسِيرًا} [الانشقاق: ٧- ٨]، وَمَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاءَ ظَهْرِهِ فَأُولَئِكَ يَصْلَوْنَ سَعِيرًا.

وَأَنَّ الصِرَاطَ حَقٌّ، يَجُوزُهُ الْعِبَادُ بِقَدْرِ أَعْمَالِهِمْ؛ فَنَاجُونَ مُتَفَاوِتُونَ فِي سرْعَةِ النَّجَاةِ عَلَيْهِ مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ، وَقَوْمٌ أَوْبَقَتْهُمْ فِيهَا أَعْمَالُهُمْ.

وَالْإِيمَانُ بِحَوْضِ رَسُولِ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، تَرِدُهُ أُمَّتُهُ؛ لَا يَظْمَأُ مَنْ شَرِبَ مِنْهُ، وَيُذَادُ عَنْهُ مَنْ بَدَّلَ وَغَيَّرَ.

وَأَنَّ الْإِيمَانَ: قَوْلٌ بِاللِّسَانِ، وَإِخْلَاصٌ بِالْقَلْبِ، وَعَمَلٌ بِالجَوَارِحِ، يَزِيدُ بِزِيَادَةِ الْأَعْمَالِ، وَينْقُصُ بِنَقْصِهَا؛ فَيَكُونُ فِيهَا النَّقْصُ، وَبِهَا الزِّيَادَةُ.

وَلَا يَكْمُلُ قَوْلُ الْإِيمَانِ إِلَّا بِالْعَمَلِ، وَلَا قَوْلٌ وَعَمَلٌ إِلَّا بِنِيَّةٍ، وَلَا قَوْلٌ وَعَمَلٌ وَنِيَّةٌ إِلَّا بِمُوَافَقَةِ السُّنَّةِ.

وَأَنَّهُ لَا يَكْفُرُ أَحَدٌ بِذَنْبٍ مِنْ أَهْلِ الْقِبْلَةِ.

وَأَنَّ الشُّهَدَاءَ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونْ، وَأَرْوَاحُ أَهْلِ السَّعَادَةِ بَاقِيَةٌ نَاعِمَةٌ إِلَى يَوْمِ يبعثُونْ، وَأَرْوَاحُ أَهْلِ الشَّقَاوَةِ مُعَذَّبَةٌ إِلَى يَوْمِ الدِّينْ.

وَأَنَّ الْمُؤْمِنِينَ يُفْتَنُونَ فِي قُبُورِهِمْ وَيسأَلُونَ؛ {يثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الحَيَاةِ الدُّنيَا وَفِي الْآخِرَةِ} [إبراهيم: ٢٧].

وَأَنَّ عَلَى الْعِبَادِ حَفَظَةً يَكْتُبُونَ أَعْمَالَهُمْ، وَلَا يسقُطُ شَيْءٌ مِنْ ذَلِكَ عَنْ عِلْمِ رَبِّهِمْ.

وَأَنَّ مَلَكَ الْمَوْتِ يَقْبِضُ الْأَرْوَاحَ بِإِذْنِ رَبِّهِ.

وَأَنَّ خَيرُ الْقُرُونِ: الْقَرْنُ الَّذِينَ رَأَوْا رَسُولَ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، وَآمَنُوا بِهِ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ.

وَأَفْضَلُ الصَّحَابَةِ: الْخُلَفَاءُ الرَّاشِدُونَ الْمَهْدِيُّونْ: أَبُو بَكْرٍ، ثُمَّ عُمَرُ، ثُمَّ عُثْمَانُ، ثُمَّ عَلِيٌّ؛ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ أَجْمَعِينْ.

وَأَلَّا يُذْكَرَ أَحَدٌ مِنْ صَحَابَةِ الرَّسُولِ -صلى الله عليه وسلم- إِلَّا بِأَحْسَنِ ذِكْرٍ، وَالْإِمْسَاكُ عَمَّا شَجَرَ بينَهُمْ، وَأَنَّهُمْ أَحَقُّ النَّاسِ أَنْ يُلتَمَسَ لَهُمْ أَحْسَنُ الْمَخَارِجْ، وَيُظَنَّ بِهِمْ أَحْسَنُ الْمَذَاهِبْ.

وَالطَّاعَةُ لِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ؛ مِنْ وُلَاةِ أُمُورِهِمْ وَعُلَمَائِهِمْ.

وَاتِّبَاعُ السَّلَفِ الصَّالِحِ، وَاقْتِفَاءُ آثَارِهِمْ، وَالاسْتِغْفَارُ لَهُمْ.

وَتَرْكُ الْمِرَاءِ وَالْجِدَالِ فِي الدِّينْ، وَتَرْكُ مَا أَحْدَثَهُ الْمُحْدِثُونْ.

وَصَلَّى اللهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا كَثِيرًا

* * *

پێشەکییەکی بیروباوەڕیی

بۆ

کیتابی ڕیسالەی فیقهی

سەرەتای دەقی کتێبەکە و ڕاڤەکردنی

قَالَ الْإِمَامُ أَبُو مُحَمَّدٍ عبدُ اللهِ بْنُ أَبِي زَيْدٍ الْقَيْرَوَانِيُّ -رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى- (ت ٣٨٦ هـ):

الحمدُ للهِ.

سوپاس و ستایش بۆ خوا.

ڕاڤەکردن

پێش دەستپێکردنی وتار و کۆڕە گرنگەکان و هەڵوێستە گەورەکان، دەستپێکردن بە زیکری خوا سوننەتە، بێگومان بەڵگەی سوننەتی کرداریش لەسەر ئەمە زۆر و بڵاوە، سوننەت بەڵگەیە لەسەر چەند جۆرێکی زیکر کە شەرعییە دەستپێکردن بەو زیکرانە، بەگوێرەی جیاوازی جۆرەکانی ئەو وتارەی دەستی پێ دەکرێت؛ بۆیە هێندێک دەق هاتووە بە دەستپێکردن بە (بسم الله)، هێندێکی تر هاتووە بە دەستپێکردن بە (الحمد لله) و (شایەتومان) و (سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-).

هەرچی دەستپێکردن بە (الحمد لله)یە: ئەوە لە وتار و ئەو شتانەیە کە وەکوو وتارن، لە کتێبە دوورودرێژەکان و توێژینەوەکان، فەرموودەیەکی

زۆر هاتووه دەربارەی گێڕانەوەی کاتی هەستانەوەی پێغەمبەر بۆ وتاردان، دەڵێن: لەو کاتیدا (سوپاس و ستاییشی خوای کرد)؛ هەروەکوو لە "سەحیحی بوخاری و موسلیم"دا هاتووه لە فەرموودەی "ابن عبَّاس" و "أبي هُرَيْرة" و "ابن عُمَر" و "أبي حُمَيْد الساعدي" و "أنس" و "جَرِير" و "عائشة" و "أسماء"، هەروەها خەلیفە ڕێنماییکراوەکانیش.

ئەو کارەی کە نووسەر و قسەکەر دەستی پێ دەکەن، هەرچەندە گەورەتر بێت، ئەوە جەختکردنەوە بە دەستپێکردنی بە زیکری خوا تووندتر دەبێت.

***

الَّذِي ابْتَدَأَ الْإِنسَانَ بِنِعْمَتِهْ، وَصَوَّرَهُ فِي الْأَرْحَامِ بِحِكْمَتِهْ.

ئەو خوایەی کە سەرتا مرۆڤی دروستکرد بە نیعمەتەکانی، پاشان بە دانایی خۆی لە ڕەحمی ئافرەتدا وێنەی کێشا.

راقەکردن

یادخستنەوەی نیعمەتەکانی خوا لەسەر بەندەکەی، هۆکاری دەرکەوتنی مافی خوایە لەسەر بەندەکەی؛ چونکە مافی خوا پێشکەوتوو و دواکەوتووە، نیعمەتەکانیشی سەرژمێر ناکرێن، مرۆڤیش بەهۆی بێئاگایی لەم بابەتە تووشی سزا دەبێت، گومڕاییەکەشی لە دوو ڕووەوە دەبێت:

یەکەمیان: ئەوەیە چاکە و نیعمەتی خوا لەسەری بداتە پاڵ غەیری خوا؛ سەرەنجام جگە لە خوا دەپەرستێت.

دووەم: چاکەی خوا بەسەریەوە لەبیر بکات و بێئاگا بێت لێی، سەرەنجام بەگوێرەی ئەندازەی بێئاگاییەکەی، بێئاگا دەبێت لە پەرستنی خوا و مافی خوا بەسەریەوە.

بۆیە هۆکارەکانی بیرخستنەوەی چاکەی خوا لەسەر بەندەکەی: یان بە تاقیکردنەوە دەبێت؛ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، یاخود بە ڕێنماییکردن و گەڕانەوە دەبێت بۆ حەق، ئەمەش بە بیرخستنەوە و زانست و تێگەیشتن دەبێت.

وَأَبْرَزَهُ إِلَى رِفْقِهِ، وَمَا يسَّرَهُ لَهُ مِنْ رِزْقِهِ، وَعَلَّمَهُ مَا لَمْ يَكُنْ يَعْلَم، وَكَانَ فَضْلُ اللهِ عَلَيْهِ عَظِيمًا، وَنبَّهَهُ بِآثَارِ صَنْعَتِهْ.

ئینجا له سكی دایكیدا دەریهێناوە بۆلای بەزەیی و نەرمونیانی خۆی و بۆلای ئەو ڕزقەی كه بۆی ئاسان كردووه و بۆی دیاریكردووه، هەروەها فێری ئەو شتانەی كردووه كه نەیدەزانی، بۆیه چاكه و بەخششی خوای گەوره لەسەری زۆر گەورەیه، مرۆڤی ئاگەدار كردۆتەوه به شوێنەواری دروستكراوەكانی.

راڤەكردن

دانەر باسی نیعمەتەكانی خوای كرد لەسەر بەندەكانی له هێنانەبوونی و كەفالەتكردنی و فێركردنی، هەروەها باسی بەڵگەی دروستكردنی كرد، بەوەی فەرمووی: "مرۆڤی ئاگەداركردۆتەوه به شوێنەواری دروستكراوەكانی"؛ ئەمەش له قورئاندا زۆره؛ كه خوا فەرمان به بەندەكانی دەكات به تێڕوانین و بیركردنەوه و ڕۆیشتن بەسەر زەویدا؛ بۆ بیركردنەوه و ڕامان له ئایەتەكانی خوا؛ چونكه خوای گەوره چەندین ئایەتی هەیه -وەكوو هەساره و بورجەكان، ئەستێرەكان و ئاسمان و زەوی، هەموو جۆره بوونەوەره زیندوو و بێگیانەكان- كه بەڵگەن لەسەر گەورەیی بەدیهێنەرەكەیان، خوا

دەفەرمووێ: {أَوَلَمْ يَنْظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ}.[1]

واتە: ئایا ئەمانە بۆ بیرناکەنەوە لە موڵکی خوای گەورە لە ئاسمانەکان و لە زەوی و ئەو هەموو شتەی کە خوای گەورە دروستی کردووە؛ تا بیانگەیەنێ بە ئیمان هێنان.

هەروەها دەفەرمووێ: {وَفِي الْأَرْضِ آيَاتٌ لِلْمُوقِنِينَ ۝٢٠ وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ}.[2]

واتە: لەسەر زەویشدا چەندەها نیشانەی ئاشکرا هەیە لەسەر تاکوتەنهایی و توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە بۆ ئەو کەسانەی کە یەقینیان هەبێت. لە نەفسی خۆشتاندا چەندەها بەڵگە هەیە لەسەر یەکخواپەرستی خوای گەورە، ئایا بۆ نایبینن و بۆ هەستی پێ ناکەن؟

***

[1]- [الأعراف: ١٨٥].

[2]- [الذاريات: ٢٠ - ٢١].

وَأَعْذَرَ إِلَيْهِ عَلَى أَلْسِنَةِ الْمُرْسَلِينَ الْخِيَرَةِ مِنْ خَلْقِهْ، فَهَدَى مَنْ وَفَّقَهُ بِفَضْلِهْ، وَأَضَلَّ مَنْ خَذَلَهُ بِعَدْلِهْ، وَيَسَّرَ الْمُؤْمِنِينَ لِلْيُسْرَى، وَشَرَحَ صُدُورَهُمْ لِلذِّكْرَى.

بيانووی نەهێشتووە و بەڵگەی پێداوە لەسەر زمانی پێغەمبەرانی کە باشترینی دروستکراوەکانن، ئیتر بە چاکە و یارمەتی خۆی ڕێنمایی ئەو کەسەی کردووە کە ویستی لێبێ چاکەی بێنێتە ڕێ، بە دادپەروەری خۆشی ئەو کەسەی گومڕا کردووە کە بێبەشی کردبێ لە ڕێنمایی و وازی لێ هێنابێ، کارئاسانی بۆ بڕواداران کردووە و یارمەتی داون بۆ ڕێگای ڕاست و کردەوەی چاکە، دڵیشی فرەوان کردوون بۆ وەرگرتنی ڕاستی.

ڕاڤەکردن

پاشان دانەر باسی ئەوە دەکات کەوا خوای گەورە کارئاسانی بۆ بەندەکانی کردووە بە گوێرەی ویستی خۆی، بە فەزڵ و چاکە و دادپەروەری خۆی، خوا ستەم لە هیچ کەسێک ناکات، بڕیاردان و نووسینی کردەوەکانیش لەلایەن خواوە لەسەر بەندەکانی، واتای ستەم لێکردنیان نییە، واتای ئەوەش نییە کە خوا بەڵگەی لەسەریان نەماوە، لەمەودواش لەو پەرتووکەدا قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەین لە باسی قەدەر و مەشیئەت.

وفَآمَنُوا بِاللهِ بِأَلسِنَتِهِمْ نَاطِقِينْ، وَبِقُلُوبِهِمْ مُخْلِصِينْ، وَبِمَا أَتتْهُمْ بِهِ رُسُلُهُ وَكُتُبُهُ عَامِلِينْ، وَتَعَلَّمُوا مَا عَلَّمَهُمْ، وَوَقَفُوا عِنْدَ مَا حَدَّ لَهُمْ، وَاسْتَغْنَوْا بِمَا أَحَلَّ لَهُمْ عَمَّا حَرَّمَ عَلَيْهِمْ.

ئەوانیش باوەڕیان بە خوا هێنا بەوەی بە زمانیان دەریان بڕی، بە دڵیان دڵسۆز و ڕاستگۆبوون، کاریشیان بەو پەیامە کرد کە پێغەمبەرەکانی هێنایان و لە پەرتووکەکانیدا هاتووە، ئەوەی پێغەمبەران فێریان کردن و پێیان گوتن فێری بوون، لەو سنوورەش وەستان کە بۆیان دیاری کردن، بەهۆی ئەو شتانەی کە بۆی حەڵاڵ کردبوون، بێ پێویست بوون لەو شتانەی کە لەسەری حەرام کردبوون.

ڕاڤەکردن

لەو وتەیەیدا: "**فَآمَنُوا بِاللهِ بِأَلسِنَتِهِمْ نَاطِقِينْ، وَبِقُلُوبِهِمْ مُخْلِصِينْ، وَبِمَا أَتتْهُمْ بِهِ رُسُلُهُ وكُتُبُهُ عَامِلِينْ**". باسی باوەڕ دەکات، کە بریتییە لە: وتە و کردەوە و بیروباوەڕ، باوەڕی بەندەش تەواو نابێت ئیللا بەو سێیانە نەبێت، لەمەودواش لەم کیتابەدا ئەو باسە دێت.

❁ فرەوانی حەڵاڵ و تەسکی حەرام:

لەم وتەیەیدا: "وَتَعَلَّمُوا مَا عَلَّمَهُمْ، وَوَقَفُوا عِنْدَ مَا حَدَّ لَهُمْ، وَاسْتَغْنَوْا بِمَا أَحَلَّ لَهُمْ عَمَّا حَرَّمَ عَلَيْهِمْ"، وشیارکردنەوەی ئەوەی تێدایە کە مەبەست لە زانست: کارکردنە بە فەرمان پێکراوەکان و وازهێنانە لە قەدەغەکراوەکان، هەروەها خوای گەورە بەهۆی حەڵاڵ، بێ پێویستی کردوون لە حەرام، زۆرجار خوا شتێک قەدەغە دەکات، پاشان فرەوانی حەڵاڵ ڕوون دەکاتەوە؛ تاوەکوو مرۆڤ هەست بە نارەحەتی و قورسی و تەنگی نەکات و نەفسی گومانی بۆ دروست نەکات؛ چونکە شەیتان زۆرجار شتە حەرامەکان دەخاتە بەردەم مرۆڤ؛ تاوەکوو هەست بە فرەوانی حەرام بکات، بەڵام حەڵاڵەکانی لەبیر دەباتەوە؛ تاوەکوو هەست بە تەنگی و کەمییەکەی بکات.

یەکێک لەو بەڵگانە: خوای گەورە پێشی حەرام کردنی مردارەوەبوو و خوێن، دەفەرمووێ: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ}.[1]

واتە: ئەی باوەڕداران! ئێوە بخۆن لەو ڕزقە پاك و حەڵاڵ و بەتام و چێژانەی کە پێمان بەخشیوون، شوکرانەبژێری خوای گەورە بکەن لەسەری، ئەگەر ئێوە بەتاکوتەنها عیبادەتی خوای گەورە ئەکەن، واتە: گوێ مەدەن بەوەی کە کافران هەندێك شت حەرام ئەکەن.

[1]- [البقرة: ١٧٢].

پاشان دەفەرمووێ: {إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ...}.[1]

واتە: ئەو شتانەی کە خوای گەورە لێتانی حەرام کردووە بزانن: مردارەوەبووی وشکانی نەک دەریا، هی دەریا حەڵاڵە، خوێنیش جگە لە جەرگ و سپڵ کە حەڵاڵە، گۆشتی بەراز کە حەرامە بەهەموو شێوازێک، هەر ئاژەڵێکیش کە بۆ جگە لە خوا سەر ئەبڕدرێت، یان ناوی جگە لە خوای لەسەر ئەهێنرێت.

هیچ کەسێکیش بوێر نابێت لەسەر ئەنجامدانی حەرامەکان، ئیللا حەڵاڵەکانی لەسەر تەسک بۆتەوە، جا یان لە دەروونی خۆیدا لێی تێکچووە، یاخود ڕاستییە لە واقیعدا، تەنگییەکە لە یاسای خوادا نییە.

***

[1]- [البقرة: ١٧٣].

أَمَّا بَعْدُ؛ أَعَانَنَا اللهُ وَإِيَّاكَ عَلَى رِعَايَةِ وَدَائِعِهْ، وَحِفْظِ مَا أَوْدَعَنَا مِنْ شَرَائِعِهْ، فَإِنَّكَ سَأَلْتَنِي أَنْ أَكْتُبَ لَكَ جُمْلَةً مُخْتَصَرَةً مِنْ وَاجِبِ أُمُورِ الدِّيَانَهْ.

دوای ئەوە؛ خوای باڵادەست یارمەتی ئێمە و تۆش بدات لەسەر چاودێریکردنی ئەمانەتەکانی[فەرمان و قەدەغەکراوەکان]، هەروەها پاراستنی ئەو شەریعەتەی کە لەلای ئێمە ئەسپاردەی کردووە. بێگومان تۆ[مەبەستی مامۆستاکەیەتی] داوات لێ کردم کەوا کۆمەڵێک ڕستەی کورتت بۆ بنووسم دەربارەی کاروبارە پێویستییەکانی ئایین.

راڤەکردن

❁ ڕوونکردنەوەی هۆکاری دانانی کتێبەکە لەلایەن دانەرەوە:

بەکارهێنانی "أمَّا بعدُ": سوننەتە بۆ جیاکردنەوە و پارچە پارچەکردنی وتار، پێغەمبەر ئەمەی ئەنجام دەدا لە وتار و نووسینەکانیدا.

ئیبنو ئەبی زەید دەستیکرد بە ڕوونکردنەوەی مەبەستی کیتابی "رسالة"ـەکەی و هۆکاری نووسینەکەی.

ڕوونکردنەوەی هۆکاری نووسینی کتێب، مەبەست لە دانانی ئاشکرا دەکات و دەریدەکات لە شتی بێ سوود و بێ کەڵک، ئاشکراکردنی هۆکاری قسەکردنیش، زیاتر قسەکە ڕوون دەکاتەوە.

* * *

مِمَّا تَنْطِقُ بِهِ الْأَلسِنَهْ، وَتَعْتَقِدُهُ الْقُلُوبُ، وَتَعْمَله الْجَوَارِحْ، وَمَا يتَّصِلُ بِالْوَاجِبِ مِنْ ذَلِكَ مِنَ السُّنَنِ؛ مِنْ مُؤَكَّدِهَا وَنَوَافِلِهَا وَرَغَائِبِهَا، وَشَيْءٍ مِنَ الْآدَابِ مِنْهَا، وَجُمَلٍ مِنْ أُصُولِ الْفِقْهِ وَفُنُونِهْ؛ عَلَى مَذْهَبِ الْإِمَامِ مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ -رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى- وَطَرِيقَتِهْ.

ئەوەی زمانەکان دەری دەبڕن، دڵەکان باوەڕیان پێی هەیە، ئەندامەکانی لاشەش ئەنجامی دەدەن، ئینجا لەو شتانەش ئەوەی واجیبە و ئەوەشی سوننەتەکانە، ئەو سوننەتەی جەختی لەسەر کراوەتەوە و ئەوەشی جەختی لەسەر نەکراوەتەوە و هاندراوە بۆ کردنی، لەگەڵ هێندێک لە ئادابەکانیان، هەروەها باسی کۆمەڵێک بابەتی ئوسووڵی فیقە و زانستەکانی، لەسەر مەزهەب و ڕێبازی پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس -ڕەحمەتی خوی لێبێت-.

ڕاڤە کردن

مەبەست لە ڕاڤەکەی ئێمە لێرەدا بریتییە لە: ڕاڤەی بیروباوەڕی دانەر کە لە سەرەتای کیتابی "الرسالة"دا هاتووە، چونکە لەو کیتابەدا دوای بیروباوەڕەکەی باسی حوکمەکانی فیقە و وردەکارییەکانیشی کردووە، شوێنی ئەم باسانەش ئەو کیتابە نییە.

* * *

مَعَ مَا سَهَّلَ سَبِيلَ مَا أَشْكَلَ مِنْ ذَلِكَ؛ مِنْ تَفْسِيرِ الرَّاسِخِينَ، وَبَيَانِ الْمُتَفَقِّهِينَ؛ لِمَا رَغِبْتَ فِيهِ مِنْ تَعْلِيمِ ذَلِكَ لِلْوِلْدَانِ؛ كَمَا تُعَلِّمُهُمْ حُرُوفَ الْقُرْآنِ؛ لِيَسْبِقَ إِلَى قُلُوبِهِمْ مِنْ فَهْمِ دِينِ اللهِ وَشَرَائِعِهِ: مَا تُرْجَى لَهُمْ بَرَكَتُهُ، وَتُحْمَدُ لَهُمْ عَاقِبَتُهُ؛ فَأَجَبْتُكَ إِلَى ذَلِكَ؛ لِمَا رَجَوْتُهُ لِنَفْسِي وَلَكَ مِنْ ثَوَابِ مَنْ عَلَّمَ دِينَ اللهِ أَوْ دَعَا إِلَيْهِ.

لەگەڵ ئاسانکردنی ئەو شتانەی کە کێشەن و ئاڵۆزن، بە باسکرنی لێکدانەوەی زانا دامەزراوەکان و ڕوونکردنەوەی شەرعزانەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی تۆ ئارەزووت لەوەیە کە ئەو منداڵانە فێربکەیت و بە وانە پێیان بڵێیتەوە؛ هەروەکوو فێری پیتەکانی قورئانیان دەکەیت، تاوەکوو زوو تێگەیشتن لە ئایین و شەریعەتەکەی بچێتە دڵیانەوە، بە هیوای بەرەکەت و پیرۆزی زانست و سەرەنجامێکی باش بۆیان، بۆیە منیش وەڵامی داواکاریەکەتم دایەوە، لەبەر ئەوەی بۆ خۆم و بۆ تۆش بەهیوای بەدەستهێنانی پاداشتی ئەو کەسەمە کە خەڵکی فێری ئایینی خوا دەکات، یان بانگەوازی بۆ دەکات.

[redacted]

هەرکەسێک مەبەستی چاکە لە دڵیدا هەبێت و بەدوایدا بگەڕێت، ئەوە بە دڵنیایی خوا ڕێنمایی دەکات، خوای گەورە دەفەرمووێ: {وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَأَسْمَعَهُمْ}.[1]

واتە: ئەگەر خوای گەورە بیزانیایە خێر لەمانەدا هەیە، ئەوە وای لێ ئەکردن کە ببیستن، بیستنێك کە سوودیان پێ بگەیەنێ.

ئەگەر هاتوو مرۆڤ هەرچەندە بەڵگەکانی دەخوێندەوە، بەڵام گومڕایی و لادانی زیاتر دەبوو، ئەوە کەموکوڕییەکە لە مەبەست و دڵ نەخۆشییەکەی ئەوە، نەک لە بەڵگەکان.

هەرکەسێکیش شتێکی نەزانی لە وەحی(ئایین)، ئەوەی کە لەسەری واجیبە، ئەوە لەسەری پێویستە پرسیار لە زانایانی شارەزا لەو بابەتەدا بکات؛ چونکە نەزانین لەگەڵ بوونی توانا بۆ لابردنی ئەو نەزانییە، بۆ خاوەنەکەی نابێت بە بیانوو؛ خۆ لەو کاتەدا ئەگەر ببێت بە بیانوو، ئەوە نەزانین باشتر دەبێت لە زانست و فێرنەکردنی خەڵکیش باشترە لە فێرکردنیان؛ چونکە فێرکردنیان ئەرک و لێپێچینەوەیە، بەڵام فێرنەرکردنیان بیانوو و لێبووردنە.

منداڵی بچووک لەسەر پاکێتی و ئیسلام و وەرگرتنی حەق و ڕووتێکردنی گەشە دەکات، هەروەها لەسەر نکووڵی کردنی ناحەق و

[1]- [الأنفال: ٢٣].

دوورکەوتنەوە لێی نەشونما دەکات، بەڵام جاری وایە لەسەر خەراپە ڕادێت، ئەگەر بەدوایدا بڕوات، هەروەکوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «**مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ وَيُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ؛ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَو يُمَجِّسَانِهِ...**».[1]

واتە: هیچ منداڵێکی لەدایکبوو نییە، ئیللا لەسەر ئیسلام لەدایک دەبێت؛ بەڵام دایک و باوکی دەیکەن بە جوولەکە یان ئاگرپەرست.

منداڵ فێرکردن و پەروەردەکرنیان لەسەر ڕاستی و چاکە واجیبە، هەروەها ئەمە مافی سەرپەرشتیکارەکەیانە لەسەریان، ئەمەش لەو سەردەمانەی کەوا خەراپە تێیاندا زۆر دەبێت جەختی لێ دەکرێتەوە؛ بۆیە پێویستە زوو چاکە بگەیەنرێتە دڵیان، پێش ئەوەی خەراپە پێیان بگات؛ چونکە ئەوکاتی خەراپەکە وەردەگرن و گۆش دەکرێن لەسەری.

* * *

[1]- البخاري (١٣٥٨)، ومسلم (٢٦٥٨) من حديث أبي هريرة.

وَاعْلَمْ: أَنَّ خَيرُ الْقُلُوبِ: أَوْعَاهَا لِلْخَيرْ، وَأَرْجَى الْقُلُوبِ لِلْخَيرِ: مَا لَمْ يَسْبِقِ الشَّرُّ إِلَيْهِ.

وَأَوْلَى مَا عُنِيَ بِهِ النَّاصِحُونْ، وَرَغِبَ فِي أَجْرِهِ الرَّاغِبُونْ: إِيصَالُ الخَيْرِ إِلَى قُلُوبِ أَوْلَادِ الْمُؤْمِنِينْ، لِيَرْسَخَ فِيهَا، وَتَنْبِيهُهُمْ عَلَى مَعَالِمِ الدِّيَانَهْ، وَحُدُودِ الشَّرِيعَهْ؛ لِيُرَاضُوا عَلَيْهَا، وَمَا عَلَيْهِمْ أَنْ تَعْتَقِدَهُ مِنَ الدِّينِ قُلُوبُهُمْ، وَتَعْمَلَ بِهِ جَوَارِحُهُمْ؛ فَإِنَّهُ رُوِيَ أَنَّ تَعْلِيمَ الصِّغَارِ لِكِتَابِ اللهْ، يُطْفِئُ غَضَبَ اللهْ، وَأَنَّ تَعْلِيمَ الشَّيْءِ فِي الصِّغَرْ؛ كَالنَّقْشِ فِي الحَجَرْ.

وَقَدْ مَثَّلْتُ لَكَ مِنْ ذَلِكَ مَا يَنْتَفِعُونَ -إِنْ شَاءَ اللهُ- بِحِفْظِهْ، وَيَشْرُفُونَ بِعِلْمِهْ، وَيَسْعَدُونَ بِاعْتِقَادِهِ وَالْعَمَلِ بِهْ.

بزانە: بێگومان باشترینی دڵەکان: ئەو دڵەیە کە لە هەموو دڵەکان زیاتر چاکەی تێدایە و کۆیکردۆتەوە، بە ئومێدترین دڵیش ئەوەی کە زۆر جێگای ئومێد بێت: ئەو دڵەیە کە پێشتر خەراپە ڕووی تێ نەکردبێت و خەراپەی تێدا نەبێت.

لەپێشترین شتێکیش کە ئامۆژگاریکاران گرنگی پێ بدەن، ئارەزوومەندانیش بە هیوای پاداشتەکەی بن، بریتییە لە: گەیاندنی چاکە بۆ دڵی منداڵە باوەڕدارەکان؛ تاوەکوو تێیدا جێگیر ببێت، هەروەها ئاگەدارکردنەوەیان لەسەر بەڵگە و بابەتەکانی ئایین و سنوورەکانی شەریعەت؛ تاوەکوو لێرابێن لەسەری، هەروەها ئەوەشی لە ئاییندا کە پێویستە لەسەریان لە دڵیانەوە باوەڕیان پێی هەبێت، بە ئەندامەکانی لاشەشیان کاری پێ بکەن، چونکە ڕیوایەتکراوە ئەگەر منداڵی بچووک فێری قورئان بکرێت، ئەوە تووڕەیی خوا دەکوژێنێتەوە، فێرکردنی شتێکیش بە بچووکی؛ وەکوو نەخشاندن و هەڵکۆڵینە لەسەر بەرد.

منیش لەو کیتابەدا هێندێک شتم بۆ باسکردووی، ئەگەر منداڵان لەبەری بکەن -بەویستی خوا- سوودی لێ دەبینن، بە زانینی پلەوپایەیان بەرز دەبێتەوە، بە باوەڕپێبوون و کارپێکردنیشی بەختەوەر و سەرفراز دەبن.

ڕاڤەکردن

پاکترینی دڵ: ئەو دڵەیە کە لەسەر ئیسلام بێت، هیچ خەراپەیەک ڕووی تێنەکات؛ چونکە ئەگەر خەراپە لە دڵدا جێگیربوو، توند و ڕەق دەبێت و گەڕانەوەش لەسەری سەخت دەبێت، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ}.[1]

[1]- [الحديد: ١٦].

واتە: بەڵام، کە سەردەمیان دوورکەوتەوە لە پێغەمبەرانیان، دڵیان ڕەق بوو.

لەبەر ئەوەی دڵ چەندین ڕێڕەوی هەیە کە چاکەی لێوە دەچێتە ژوورەوە، بەڵام ئەگەر نارەوا و خەراپە زۆربوون لەسەر دڵ، ئەوە زۆرێک لە ڕێڕەوەکانی چاکە بەڕووی دڵیدا دادەخرێن؛ هەتا وەکوو بەرد، یان ڕەقتریش دەبێت بۆ وەرگرتنی ڕاستیی.

بێگومان چەند بەڵگەیەک هاتووە لەسەر شارەزاکردنی منداڵان لە ئایینی خوا، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بەوانەوە، هەروەها ئەو شتانەی کە لەسەریان قورسە بەردەوامبن لەسەری دوای باڵغ بوونیان، وەکوو نوێژ و حوکمەکانی عەورەت، هەروەکوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «**مُرُوا أَوْلَادَكُمْ بِالصَّلَاةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ، وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرٍ، وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ**».[1]

واتە: لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن، لە تەمەنی دە ساڵیش، لەسەر نوێژ لێیان بدەن و شوێنی نووستنیشیان لێک جیابکەنەوە.

فێرکردنی بە بچووکی، دامەزراوتر دەبێت لە دڵی، لە فێرکردن بە گەورەیی؛ ئەمەش لەبەر بەتاڵی و نەرمی و پاراوی دڵی بچووک.

ئەو گەل و نەتەوانەی کە لەسەر پاکێتی پەروەردەبوونە و فیترەتیان نەگۆڕاوە، ئەوە بە دڵنیایی زووتر ڕاستی وەردەگرن و ملکەچی دەبن،

[1] - أحمد (٢/ ١٨٠ و ١٨٧ رقم ٦٦٨٩ و ٦٧٥٦)، وأبو داود (٤٩٥) من حديث عبد الله بن عمرو.

هەروەکوو ئەمڕۆ حاڵی زۆرێک لە دانیشتوانی وڵاتانی ئەفریقیا و هێندێک لە وڵاتانی باشووری ڕۆژاوای ئاسیا ئاوایە، بەڵام ئەوانەی فیترەتیان گۆڕاوە و ماوەیەکی زۆر بەسەر لادانەکەیاندا ڕۆیشتووە، ئەوە بێگومان وەرگرتنی ڕاستیی بۆ ئەوانە قورسە؛ چونکە دڵیان لایداوە، وەکوو قاپێکی لاربووەوە، یان سەرەوخوار، لەبەر ئەوەی بە ئەندازەی لاربوونەوەکەی، ئاو کەمتر وەردەگرێت، ئەگەر بێتوو قاپەکە تەواو سەرەوخوار بووبێتەوە، ئەوە هیچ بەشێک لە ئاو وەرناگرێت، هەتا لەسەر سروشتی خۆی ڕاست نەکرێتەوە، ئینجا دەبێت ئاوی تێبکرێت، ماندووبوونیش بەوانەوە سەختە؛ چونکە ئەوانە پێویستییان بە دوو جیهادە، جیهادی ڕاستکردنەوەی فیترەت و جیهادی خستنەڕووی شەریعەت.

هەرکەسێک دەیەوێت بانگەوازی لەگەڵ یەکێکدا بکات، ئەوە با پێشی بانگەوازیکردنی، سەیری فیترەت و ئەندازەی لادانەکەی بکات، تاوەکوو قاپەکە ڕاست بکاتەوە پێشی ئەوەی ئاوی تێبکات، هەرکەسێکیش بانگەواز لەگەڵ کەسانی فیترەت گۆڕدراودا بکات، پاداشتی گەورەترە لەو کەسەی کە بانگەواز لەگەڵ کەسانی فیترەت تەندروستدا دەکات، ئەگەرچی شوێنکەوتەشی کەمتر بێت؛ بۆیە هەموو پێغەمبەرانی (أولو العَزْمِ) بۆلای نەتەوەی فیترەت گۆڕدراو نێردراون.

هەروەها ئەگەر مرۆڤ لە ژینگەیەکی خەراپ پەروەردەبوو، پاشان حەقی ناسی، ئەوە دامەزراوتر و چاکترە لەو کەسەی کە لە ژینگەیەکی چاک حەقی ناسیوە.

وَقَدْ جَاءَ أَنْ يُؤْمَرُوا بِالصَّلاَةِ لِسَبْعِ سِنِينَ، وَيُضْرَبُوا عَلَيهَا لِعَشْرٍ، وَيُفَرَّق بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ؛ فَكَذَلِكَ: يَنْبَغِي أَنْ يَعْلَمُوا مَا فَرَضَ اللهُ عَلَى الْعِبَادِ مِنْ قَوْلٍ وَعَمَلٍ قَبْلَ بُلُوغِهِمْ؛ لِيَأْتِيَ عَلَيهِمُ البُلُوغُ، وَقَدْ تَمَكَّنَ ذَلِكَ مِنْ قُلُوبِهِمْ، وَسَكَنَتْ إِلَيْهِ أَنْفُسُهُمْ، وَأَنِسَتْ بِمَا يَعْمَلُونَ بِهِ مِنْ ذَلِكَ جَوَارِحُهُمْ.

وَقَدْ فَرَضَ اللهُ سُبْحَانَهُ عَلَى الْقَلْبِ عَمَلاً مِنَ الاِعْتِقَادَاتْ، وَعَلَى الجَوَارِحِ الظَّاهِرَةِ عَمَلاً مِنَ الطَّاعَاتْ.

وَسَأُفَصِّلُ لَكَ مَا شَرَطْتُ لَكَ ذِكْرَهُ بَابًا بَابًا؛ لِيَقْرُبَ مِنْ فَهْمِ مُتَعَلِّمِيهِ -إِنْ شَاءَ اللهُ تَعَالَى-، وَإِيَّاهُ نَسْتَخِيرُ، وَبِهِ نَسْتَعِينُ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمْ.

بێگومان [لە فەرموودەدا] هاتووە کە دەبێت لە حەوت ساڵیدا فەرمانیان پێ بکرێت بە نوێژکردن، لە دە ساڵیشدا لەسەر نەکردنی لێیان بدرێت، جێگای نووستنیشیان لێک جیابکرێتەوە؛ بەهەمان شێوەش: پێش باڵغ بوونیان پێویستە ئەو شتانە بزانن کە خوا لەسەر بەندەکانی واجیبی کردووە لە وتە و کردەوە؛ تاوەکوو کاتێک کە باڵغ بوون، ئەو زانیارییانە لە دڵیاندا

جێگیر بوو بێت و نەفسیشیان پێی ئارام بێت، هەروەها دڵخۆش بن بەوەی کە کاری پێ دەکەن بە ئەندامەکانی لاشەیان.

بە دڵنیایی خوای گەورە کردەوەی لەسەر دڵ فەرزکردووە لە بیروباوەڕەکان، لەسەر ئەندامە دیارەکانیش کردەوەی فەرزکردووە لە گوێڕایەڵی و کردەوە چاکەکان.

لەمەودوا ئەوەی خستبوومە ئەستۆی خۆم بەش بەش بۆت ڕوون دەکەمەوە؛ تاوەکوو لە تێگەیشتنی فێرخوازەکەی نزیک ببێتەوە و لێی تێبگات -ئەگەر خوا ویستی لێبێت-، داوای خێر و چاکە تەنها لەو دەکەین، داوای یارمەتیش تەنها لەو دەکەین، هیچ گۆڕانێک نییە لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر و هیچ هێزێکیش نییە، تەنها بە یارمەتی خوای بڵند و گەورە نەبێت.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

لە شەرعدا کاتێک فەرمانکراوە بە منداڵ کە لە بچووکییەوە نوێژ بکات، ئەوە فەرمانەکە ئاڕاستەی سەرپەرشتیکارەکەیەتی، هەروەکوو لە فەرموودەکەدا هاتبوو: (لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن...)؛ لەبەر ئەوەی منداڵ هیچی لەسەر نییە، بۆیەش پەیامەکە ڕووی لەو نییە، کەمتەرخەمی و تاوانەکەش لەم بابەتەدا دەکەوێتە سەر سەرپەرشتیکارەکەی، نەک منداڵەکە، بەڵام ئەگەر باڵغ بوو، دەکەوێتە سەر منداڵەکە، نەک سەرپەرشتیکارەکەی.

بۆیەش بەتایەت نوێژ جەختی لەسەر کراوەتەوە لەسەر منداڵ، لەبەر چەند هۆکارێک:

یەکەم: چونکە نوێژ گەورەترین و جەخت لەسەرکراوترین پایە کردارییەکانە، لەشەریعەتیش گرنگیدان بۆ گرنگترین و گەورەترین دەبێت.

دووەم: نوێژکردن کارێکی قورسە و پێویستی بە ڕاهێنانە، دەروونیش تەڕ و پاراوە، تاوەکوو ئەگەر گەورەبوو، نوێژکردن لەسەری سەخت نەبێت و پێشتر لەسەری لێ ڕاهاتبێت، هەرکەسێکیش لە بچووکیدا بە هیچ شێوەیەک جێبەجێی نەکات، ئەوە ئەنجامدانی لەکاتی سەرەتای باڵغ بوونیدا لەسەری قورس دەبێت، بۆیەش فەرمان بە سەرپەرشتیکارەکەی کراوە کە لە تەمەنی حەوتساڵیدا فەرمانی پێبکات بە نوێژکردن؛ تاوەکوو دەگاتە دە ساڵی، لەو سێ ساڵەدا لەکاتی هەموو نوێژێک فەرمانی پێ دەکات، پاشان دوای دە ساڵی لەسەر نوێژ لێی دەدات، تاوەکوو باڵغ بوون، بەڵام لێدانێک کە توندوتیژ نەبێت، هەرکەسێکیش بە ڕێکی فەرمان بە منداڵەکەی بکات دوای حەوت ساڵی، ئەوە کاتێک دەگاتە دە ساڵی خۆی بەردەوام دەبێت لەسەری و پێویست بە لێدانی ناکات.

چوارەم: نوێژ دەرگایەکە بۆ پارێزگاریکردن لە هەموو ئایین، چونکە نوێژ قەدەغەی خراپە و تاوان دەکات، منداڵیش پێویستی بەمەیە؛ بۆ ئەوەی لەکاتی باڵغ بوونی بیگەڕێنێتەوە لەو کارانە، هەروەها هانیشی دەدات لەسەر کردەوەی چاکە و ڕەوشتە بەرزەکان.

* * *

وَصَلَّى اللهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ نَبِيِّهِ، وَآلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا كَثِيرًا.

سەڵات و سەلامی خوا لەسەر گەورەمان موحەممەدی پێغەمبەری، هەروەها لەسەر خانەوادە و شوێنکەوتووان و هاوەڵانی.

⟨ ڕاقەکردن ⟩

سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، بەشێکە لە بەگەورەدانانی خوا؛ چونکە بە گەورەدانانی نێردراو بەشێکە لە بە گەورەدانانی نێرەر و پەیام، بە گەورەدانی پێغەمبەریش بەشێکە لە بە گەورەدانانی پێغەمبەرایەتی و خوا.

❁ گەورەیی و خێری سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر و -صلی الله علیه وسلم- شوێنەکانی:

سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەبێتە هۆی ڕژانی بەرەکەت بۆ سەر بێژەرەکەی، هەروەها کاریگەریشی هەیە لە قەبووڵبوونی کردەوە و پاڕانەوە.

فەرمووده و ئەسەرەکان بە موتەواتیری هاتوون دەربارەی گەورەیی سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەگشتی، بە سەحیحیش هاتوون لە هێندێک شوێنی تایبەت:

سەڵەواتیش وەکوو زیکرەکانی تر بەبێ هۆکار شەرعییە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووی: «مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ بهَا عَشْرًا».[1]

واتە: هەرکەسێک یەک سەڵەواتم لەسەر لێبدات، ئەوە خوای گەورە بەهۆیەوە دە سەڵەواتی لەسەر لێدەدات.

هەروەها لە گەورەترینی هۆکارەکانی ڕەشکردنەوەی تاوانەکان و نەهێشتنی غەم و خەفەتە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووی: «مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ عَشْرَ صَلَوَاتْ، وَحَطَّ عَنْهُ عَشْرَ خَطِيئَاتْ، وَرَفَعَ لَهُ عَشْرَ دَرَجَاتْ».[2]

واتە: هەرکەسێک یەک سەڵەواتم لەسەر لێبدات، ئەوە خوای گەورە دە سەڵەواتی لەسەر لێ دەدات و دە تاوانی لەسەر لادەبات و دە پلەش بەرزی دەکاتەوە.

لەکاتی چەند هۆکارێکیش شەرعییە، بەڵام جەختکراوترینیان ئەمانەن:

- لەناو نوێژدا لەکاتی تەشەهوود[تەحیات خوێندن].

[1]- مسلم (٤٠٨).

[2]- المسند (٤/ ٢٩ رقم ١٦٣٥٢)، وهو في "شعب الإيمان" (١٤٥٥) من حديثِ أَنَس.

- له‌كاتی باسكردن و ناوهێنانی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم-.
- دوای بانگدان.
- له‌ناو نوێژی مردوو.
- له‌كاتی دڵته‌نگی و پێداویستی.
- به‌شێوه‌یه‌كی گشتی له كۆڕه‌كانی زیكركردن.
- له‌كاتی پاڕانه‌وه.
- هێندێک له هاوه‌ڵان دوعای قونووته‌كه‌یان به سه‌ڵه‌وات لێدان له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- كۆتایی پێ ده‌هێنا.
- چه‌ند فه‌رمووده‌یه‌كی مه‌ڕفووعیش ده‌رباره‌ی سه‌ڵه‌وات لێدان ڕیوایه‌تكراوه له ڕۆژ و شه‌وی هه‌ینی.

ئه‌گه‌ر له كۆڕێكیش باسی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- كرا، ئه‌وه زیاتر جه‌ختی له‌سه‌ر ده‌كرێته‌وه. یه‌ک جاریش به‌سه، به‌ڵام دووباره‌كردنه‌وه‌ی له‌كاتی باسكردنی له‌پێشتر و باشتره، پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رمووێ: «البَخِيلُ: مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ، فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ».[1]

واته: ڕه‌زیل: ئه‌و كه‌سه‌یه كه من له‌لای ئه‌و باس بكرێم، به‌ڵام سه‌ڵه‌واتم له‌سه‌ر لێ نه‌دات.

***

[1]- أحمد (١/ ٢٠١ رقم ١٧٣٦)، والترمذي (٣٥٤٦) من حديث حسين بن علي.

بَابُ مَا تَنْطِقُ بِهِ الأَلْسِنَةُ، وَتَعْتَقِدُهُ الأَفْئِدَةُ مِنْ وَاجِبِ أُمُورِ الدِّيَانَاتِ

مِنْ ذَلِكَ: الْإِيمَانُ بِالْقَلْبِ، وَالنُّطْقُ بِاللِّسَانِ: أَنَّ اللهَ إِلَهٌ وَاحِدٌ لَا إِلَهَ غَيْرُهُ، وَلَا شَبِيهَ لَهُ، وَلَا نَظِيرَ لَهُ، وَلَا وَلَدَ لَهُ، وَلَا وَالِدَ لَهُ، وَلَا صَاحِبَةَ لَهُ، وَلَا شَرِيكَ لَهُ. لَيْسَ لِأَوَّلِيَّتِهِ ابْتِدَاءٌ، وَلَا لِآخِرِيَّتِهِ انْقِضَاءٌ.

بەشی ئەو شتانەی کە زمانەکان دەری دەبڕن و دڵەکانیش باوەڕیان پێیەتی لە کاروبارە پێویستییەکانی ئایین:

یەکێک لەوانە: باوەڕبوونە بە دڵ و دەربڕینە بە زمان بەوەی: خوا پەرستراوی تاکوتەنهایە و جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تر بە حەق نییە، هاوشێوەی نییە، هاوتا و هاووێنەی نییە، هیچ منداڵێکی نییە، باوکی نییە، هاوسەری نییە، هاوبەشی نییە.

سەرەتایەکەی دەستپێکرنی نییە[هەر هەبووە]، کۆتاییەکەشی دواهاتنی نییە[هەر دەمێنێت].

راقە کردن

❁ کورتەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە دەربارەی خوای بەرز و بڵند:

پێشەوا ئیبنو ئەبی زەید مەبەستییەتی: لە کیتابی "رسالة"کەیدا قسە لەسەر بنچینەکان و فەرعەکانی ئایین بکات، ئینجا لەبەر ئەوەی بابەتەکانی بیروباوەڕ جێگەی ڕێککەوتن و کۆدەنگییە و بۆچوون و تێڕوانین قەبووڵ ناکات، بۆیە کورت و پوخت و ئاسان بوو، ئەوەندە بەسە کە بە کورتی باسی لێوە بکرێت، ئەوەشی کە دەقی دەربارەی نەهاتووە، خۆمانی لێ بگرینەوە.

ئەو بیروباوەڕەی کە ئیبنو ئەبی زەید نووسیویەتی: بریتییە لەو شتانەی کە ئوممەت لەسەری یەکدەنگن.

سەرەتا بە باسی تاکوتەنهایی خوا و بێ نیازیەتی لە دروستکراوەکانی دەستی پێکرد، هەروەها نکووڵیکردنی هاوبەش و هاوتا و هاوشێوە و هاوسەر و منداڵ و باوک بۆ خوا، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ۝١ اللَّهُ الصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ}.[1]

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله علیه وسلم-، پێیان بڵێ: خوای گەورە تاکوتەنهایە و هاوشێوەی نییە. هەموو دروستکراوەکان پێویستییان بە خوای گەورەیە و خوای گەورە پێویستی بە هیچ کەسێك نییە. کەسی لێ نەبووە و خۆشی لە کەس نەبووە. هاوشێوەی نییە و هیچ لە دروستکراوەکانی خوای گەورە لەو ناچن، نە منداڵی هەیە، نە دایکی هەیە، نە باوکی هەیە، نە خێزانی هەیە.

---

[1] - [الإخلاص: ١ – ٤].

باسی ئەوەشی کرد کە خوای پاک و بێگەرد: یەکەمینە؛ هیچ شتێک لە پێشی نییە، کۆتایە؛ هیچ شتێک لەدوای ئەو نییە، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ}.[1]

واتە: هەر خوای گەورەیە سەرەتا و یەکەم بووە؛ پێش هەموو کەس و شتێك، کۆتاییشە؛ دوای هەموو کەس و شتێك، بەتەنها ئەمێنێتەوە دوای ئەوەی هەموو دروستکراوەکان لەناودەچن و نامێنن.

پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «**اللَّهُمَّ، أَنْتَ الأَوَّلُ؛ فليْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الآخِرُ؛ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ؛ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شيْءٌ، وَأَنْتَ البَاطِنُ؛ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ؛ اقْضِ عَنَّا الدَّيْنَ، وَأَغْنِنَا مِنَ الفَقْرِ**».[2]

واتە: خودایە! هەر تۆ سەرەتا و یەکەم بوویتە و پێش تۆ هیچ کەس و شتێك نەبووە، هەر تۆ کۆتایی و دواهەمینیت و بە تەنها دەمێنیتەوە دوای لەناوچوونی هەموو دروستکراوەکان، ئاشکرا و بەهێز و باڵادەستیت بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا و هیچ شتێکیش لە سەرووی تۆوە نییە، تۆ پەنهانی و زانایت بە نهێنییەکان و هیچ شتێك نییە کە زانیاریت پێی نەبێت و ئاگاداری نەبیت، دەسا خودایە! قەرزدارییمان لەسەر لابەرە و دەوڵەمەندیشمان بکە لە هەژاری.

---

[1]- [الحديد: ٣].
[2]- مسلم (٢٧١٣).

> لَا يَبْلُغُ كُنْهَ صِفَتِهِ الْوَاصِفُونَ، وَلَا يُحِيطُ بِأَمْرِهِ الْمُتَفَكِّرُونَ.

وەسفکەرەکان ناگەن بە ناسینی حەقیقەت و چۆنیەتی سیفەتەکانی، بیرکەرەوەکانیش ناتوانن پەی بە کاروباری ببەن و ئاگاداری نیین.

راڤەکردن

❁ حوکمی بیرکردنەوە لە زاتی خوا:

لە زمانی عەرەبیدا (الكُنْهُ) واتا: حەقیقەتی شتێک و کۆتاییەکەی.

جێگیرکردنی سیفەتەکانی خوا، تەنها جێگیرکردنی بوونی سیفەتەکە و حەقیقەت و چۆنییەتیەکە کە شایستە بێت بە خوا، ئێمە نایزانین، نەک جێگیرکردنی چۆنیەتییەک لە بیر و هۆشی ئەو کەسانەی سیفەتەکە جێگیر دەکەن، چونکە خوای گەورە هاوشێوەی نییە تاوەکوو پێی بچوێندرێت، هاووێنەشی نییە تاوەکوو قیاسی بکرێتە سەر، بەڵکوو خوای بەرز و بڵند دەربارەی خۆی دەفەرمووێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾.[1]

وتە: هیچ شتێك بەوێنەی خوا نییە و ئەوە بیسەری بینایە.

هیچ کەسێکیش زاناتر نییە لە خوا بە نەفسی خۆی، پاک و بێگەردی بۆ ئەو.

---

[1]- [الشورى: ١١].

لەسەر عەقڵەکان پێویستە: حەقیقەتی سیفەتەکە و واتاکەی جێگیر بکەن و ئیتر لەوێ بووەستن، نەپەڕنەوە بۆ بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی؛ بۆیە نابێت تەشبیە و تەئویل و تەفویز و تەحریف بکات، کەواتە هەر سنوور بەزاندنێکی عەقڵ دەربارەی سیفەتەکانی خوا، لەو سنوورەی کە شەرع ڕێگەی پێداوە، هەر دەبێت کۆتایی خاوەنەکەی بەرەو پێکچواندن، یا هاوونە بۆ دانان، یان مانا گۆڕین، یاخود پەکخستن بێنێت.

هەروەها پێویستە جڵەوی عەقڵ و هۆش بگیردرێتەوە لە بەرەڵاکردنی بە بیرکرنەوە لە چۆنیەتی زاتی خوا و سیفەتەکانی، چونکە بیروهۆشەکان هاوشێوە و هاووێنە دادەنێن و چۆنیەتی دیاری دەکەن؛ بۆیە نابێت عەقڵ وەسفێکی نوێ بۆ زاتێک دابهێنێت کە پێشتر نەیدیتبێت.

پێشەوا ئیبن عەبدولبەڕ دەفەرمووێ: "نُهِينا عن التفكُّرِ في الله، وأُمِرْنا بالتفكُّرِ في خَلقه الدالِّ عليه".[1]

واتە: ئێمە قەدەغەکراوین لەوەی بیر لە خوا بکەینەوە، بەڵام فەرمانمان پێکراوە کە بیر لە دروستکراوەکانی بکەینەوە کە بەڵگەن لەسەر بوون و گەورەیی ئەو؛ چونکە بیرکردنەوە لە ناوەکانی خوا سەردەکێشێ بۆ ناسینی شوێنەوارەکانی و کارکردن بە داخوازییەکانی، ئەمەش ئەو سەرژمێرییەیە کە پێغەمبەر-صلی الله علیه وسلم- لەو وتەیەیدا مەبەستییەتی: «إِنَّ للهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا؛ مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الجَنَّةَ».[2]

[1]- جامع بيان العلم (١٧٦٩).
[2]- البخاري (٢٧٣٦)، مسلم (٢٦٧٧).

❁ جۆرەکانی ڕووکەشی سیفات:

ڕووکەشی سیفاتەکان لەلای سەلەف دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: ڕووکەشێک کە لە دروستکراوەکان دەوەشێتەوە و شایستەیە بەوان، ئا ئەوەیە کە سەلەف نکوولی لێ دەکەن و جێگیری ناکەن؛ چونکە خوا ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾.[1]

جۆری دووەم: ڕووکەشێک کە شایستەیە بە بەدیهێنەر، ئەوەیان سەلەف جێگیری دەکەن و نکوولی لێ ناکەن.

ئینجا جێگیرکردنیشیان بۆ ئەم جۆرە لە ڕووکەشی سیفاتەکان، واتای لێکچوون نییە لەنێوانی دروستکەر و دروستکراودا، بەڵکوو مەبەستیان ئەوەیە: حەقیقەتێک بۆ سیفەتەکە دابنێن کە شایستەیە بۆ خوا، نەک لێکدانەوەیەک بە غەیری ڕووکەشی خۆی بە تەئویلکردنی بۆ واتایەکی تر؛ وەکوو لێکدانەوەی (ڕوو) بە زات، (دەست) بە توانا، کەواتە لەلای سەلەف سیفەتی (ڕوو)، سیفەتێکی حەقیقییە بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە خوا، بە ڕووی دروستکراوەکان ناچێت، دەست سیفەتێکی حەقیقییە بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە خوا، بەدەستی دروستکراوەکان ناچێت، هەروەها زانینی چۆنیەتییەکەشی نەفی دەکەن و دەڵێن: نەفیکردنی چۆنییەتی، واتای نەبوونی چۆنییەتی نییە، بەڵکوو نەزانینیەتی؛ بۆیە خەڵکی نایزانن.

* * *

---

[1]- [الشورى: ١١].

يَعْتَبِرُ الْمُتَفَكِّرُونَ بِآيَاتِهِ، وَلَا يَتَفَكَّرُونَ فِي مَاهِيَّةِ ذَاتِهِ.

بیرکەرەوەکان پەند و ئامۆژگاری لە نیشانەکانی وەردەگرن، بیریش لە حەقیقەتی زاتی خوا ناکەنەوە [کە چییە و چۆنە].

راقەکردن

❀ ناسینی خوا بەهۆی نیشانەکانی بوونەوەر و گەردوون:

بیرکردنەوە لە ئایەت و نیشانەکانی خوا شتێکی شەرعییە؛ چونکە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی سیفەتەکانی و جوانی ناوەکانی، هەموو گەورەیەک نیشانەی خۆی هەیە، لە نیشانەکانی خواش گەورەتر و مەزنتر نییە؛ چونکە شتێک نییە لە خوا گەورەتر و مەزنتر بێت، هەرکەسێکیش نیشانەکانی خوا نەبینێت، ئەوە گەورەیی خوا لە دڵیدا لاواز دەبێت؛ لەبەر ئەوەی گەورەیی هەر شتێک یا بە بینینی شتەکە، یان بە بینینی نیشانەکانی، یاخود بە بینینی هەردووکیان دەناسرێتەوە.

بێگومان خوا فەرمانیکردووە بە بیرکردنەوە لەو نیشانانەی کە بەڵگەن لەسەری؛ تاوەکوو بەندە گەورەیی و هێزی خوا و لاوازی جگە لە خوا بناسێت؛ ئەوکاتی دەزانێت کە کێ شایستەی بە گەورەدانان و پەرستنە،

کێش شیستە نییە، خوای گەورە فەرمانیکردووە بە تێڕوانین و وردبوونەوە لە نیشانەکانی خوا:

*فەرمانی کردووە بە تێڕوانین لە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشی تێیاندایە؛ فەرموویەتی: {قُلِ انْظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَنْ قَوْمٍ لَا يُؤْمِنُونَ}.[1]

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: بیربکەنەوە و پەند و ئامۆژگاری وەرگرن لەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، کە هەمووی بەڵگەیە لەسەر تاکوتەنهایی و توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە، بەڵام کەسانێك کە ئیمان ناهێنن، نە نیشانەکان و نە موعجیزەکان و نە پێغەمبەران کە ئاگاداریان ئەکەنەوە، هیچ سوودیان پێ ناگەیەنن.

*فەرمانی کردووە بەوەی مرۆڤ سەیری بنچینەی خۆی بکات کە لە چی دروستکراوە؛ فەرموویەتی: {فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ مِمَّ خُلِقَ}.[2]

واتە: با مرۆڤ تەماشای خۆی بکات و بزانێ چەندێك لاوازە و لە چی دروستکراوە، بۆچی باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت ناهێنێ کاتێك کە لە دڵۆپە ئاوێك دروستکراوە؟

*فەرمانی کردووە کە سەیری بژێوی ژیانی بکات؛ فەرموویەتی: {فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ إِلَى طَعَامِهِ (٢٤) أَنَّا صَبَبْنَا...}.[1]

[1]- [يونس: ١٠١].

[2]- [الطارق: ٥].

واتە: با مرۆڤ تەماشای خواردنەکەی خۆی بکات کە خوای گەورە چۆن خواردنی پێ بەخشیوە لە ڕووەك و دانەوێڵە لەسەر زەویدا، واتە: چۆن ئەو زەوییە مردووە زیندوو ئەکاتەوە بەو شێوەیەش ئێوە زیندوو ئەکاتەوە. ئێمە لە ئاسمانەوە ئاومان بەلێزمە و بەخوڕ ناردۆتە خوارەوە بۆ سەر زەوی.

*فەرمانی کردووە بە تێفکرین لە تایبەتمەندییەکانی هێندێک لە دروستکراوەکان؛ فەرموویەتی: {أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴿١٨﴾ وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿١٩﴾ وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ}.[٢]

واتە: خوای گەورە سەرنجی بەندەکان ڕائەکێشێ، ئەوە بۆ تەماشای حوشتر ناکەن بزانن خوای گەورە چۆن دروستی کردووە؟ چەندێک سەیروسەمەرە دروستی کردووە، چەندێك بەهێزە لەگەڵ ئەوەشدا چەندێک بە ئاسانی ئەتوانی باری قورسی لێ بنێی، گۆشت و شیرەکەی ئەخورێت و ئاوی ناو سکی بەکار ئەهێنرێ، بۆ تەماشا ناکەن بزانن خوای گەورە چۆن دروستی کردووە؟ تا بتانگەیەنێ بە یەکخواپەرستی خوای گەورە و توانا و دەسەڵاتی خوای گەورەتان بۆ دەرکەوێ. بۆ تەماشای ئاسمان ناکەن خوای گەورە چۆن بەرزی کردۆتەوە؟ بەبێ ئەوەی کە کۆڵەکەی لە ژێری ڕاگرتبێ، بەبێ هیچ شتێک خوای گەورە وەکوو سەقفێکی پارێزراو بەسەر زەوییەوە دایناوە و بەرزی کردۆتەوە. بۆ تەماشای شاخەکان ناکەن چۆن خوای گەورە

[١]- [عبس: ٢٤ – ٢٥].
[٢]- [الغاشية: ١٧ – ٢٠].

چه‌قاندوویه‌تی به‌ناخی زه‌ویدا؟ بۆ ئه‌وه‌ی زه‌وی نه‌جووڵێت و نه‌هه‌ژێت. بۆ ته‌ماشای زه‌وی ناکه‌ن چۆن خوای گه‌وره ڕایخستووه؟ تا سوودی لێ ببینن.

*فه‌رمانیکردووه به‌وه‌ی مرۆڤ بیر له‌ نه‌فسی خۆی بکاته‌وه؛ فه‌رموویه‌تی: ﴿وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾.[1]

واته: له‌ نه‌فسی خۆشتاندا چه‌نده‌ها به‌ڵگه‌ هه‌یه له‌سه‌ر یه‌کخواپه‌رستی خوای گه‌وره ئایا بۆ نایبینن و بۆ هه‌ستی پێ ناکه‌ن؟

❁ هۆکاری که‌وتنه ناو تۆڕی هاوبه‌ش بڕیاردان:

هاوبه‌ش بڕیاردان له‌ناو خه‌ڵکیدا ڕوویدا به‌هۆی نه‌زانینیان به په‌روه‌ردگاریان و نه‌ناسینی شکۆمه‌ندی و هێزی خوا، جاری وایه مرۆڤ به گومانی خۆی که‌سێکی لاواز به گه‌وره ده‌بینێت؛ بۆیه په‌رستنێکی بۆ ئه‌نجام ده‌دات که گونجاو بێت له‌گه‌ڵ گه‌وره‌ییه‌که‌ی، بۆیه‌ش خوا، نه‌ناسینی هێز و توانای خۆی لکاندووه به په‌رستنی جگه له خوا.

کاتێک باسی هاوبه‌ش بڕیاردان ده‌کات، باسی نه‌ناسینی هێز و ده‌سه‌ڵاتی خۆی ده‌کات، ده‌فه‌رمووێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ﴾.[2]

[1]- [الذاريات: ٢١].

[2]- [الحج: ٧٣].

واتە: ئەو کەسانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە عیبادەتیان بۆ ئەکەن و لێیان ئەپاڕێنەوە، هەرچی ئەو پەرستراوانە هەیە کە جگە لە خوای گەورە ئەپەرسترێن، هەر هەموویان کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی تەنها مێشێک دروست بکەن، ناتوانن و توانایان نییە مێشێک دروست بکەن، کە چەند بوونەوەرێکی بچووکە، تا ئێستاش دروستیان نەکردووە و ناشیکەن، نەک هەر ئەوەش، بەڵکوو لەمەش بێ دەسەڵاتترن؛ ئەگەر مێشەکە شتێکیان لێ بفڕێنێت و بیبات، وەکوو دەنکە شەکرێک، ئەوان ناتوانن لێی بستێننەوە، ئەوەندە بێ دەسەڵاتن، ئیتر بۆچی جگە لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە، ئەوەی کە داواکەرە کە ئێوەن داوا لە غەیری خوا ئەکەن بێ دەسەڵات و لاوازن، بۆیە پشتتان لە خوا کردووە و دوعا لە غەیری خوا ئەکەن، ئەوانەشی کە ئێوە داوایان لێ ئەکەن، ئەوانیش لاوازن، ئەوەتا بەهەموویانەوە توانای دروستکردنی مێشێکیان نییە!

دوای ئەمە دەفەرمووێ: ﴿مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾.[1]

واتە: بێباوەڕان چەندێک خوای گەورە شایەنی بە گەورە زانینە، بەو شێوازە خوای گەورەیان نەناسیوە؛ بۆیە عیبادەت بۆ غەیری خوا دەکەن، بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بەهێز و بەدەسەڵاتە.

[1]- [الحج: ٧٤].

ڕوونی کردەوە کە هۆکاری هاوبەش بڕیاردانەکەیان، بریتییە لە نەناسینی توانای پەروەردگاریان، لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: {وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ}.[1]

واتە: بێباوەڕان خوایان وەکوو خۆی نەناسیوە و بە گەورەیان نەزانیوە بەو جۆرەی کە شیاویەتی، کە توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، هەر حەوت ئاسمانەکە لەناو مشتی خوای گەورەدایە لە ڕۆژی قیامەت، هەر حەوت ئاسمانەکە لوول ئەکات و لەناو دەستی ڕاستی خوای گەورەدایە.

باسی گەورەیی زاتی خۆی کرد؛ بۆ ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر گەورەیی هێز و تواناکەی، پاشانیش نەفسی خۆی پاک ڕاگرت لە هاوبەش بڕیاردانی ئەوانەی کە وەکوو خۆی نەیانناسی و بە گەورەیان نەزانی بەو جۆرەی کە شیاویەتی، فەرمووی: {سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ}.[2]

واتە: پاک و مونەززەهی و بەرزی و بڵندی بۆ خوای گەورە، لەو هاوبەش بڕیاردانانەی کە هاوبەش بڕیاردەران ئەیدەنە پاڵ خوای گەورە.

---

[1]- [الزمر: ٦٧].

[2]- [الزمر: ٦٧].

❁ بیروباوەڕی تەفویز[دانەپاڵ و گەڕاندنەوەی واتا بۆ لای خوا]:

پێشەوا ئیبنو ئەبی زەید کاتێک دەفەرمووێ: "بیر لە حەقیقەتی زاتی خوا ناکەنەوە"، مەبەستی تەفویزکردن نییە، بەڵکوو مەبەستی: نکووڵیکردنی لەیەکچواندنی سیفاتەکان و نەفیکردنی زانستە بە چۆنیەتییەکەی، نەوەک نەفیکردنی حەقیقەتی سیفەتەکە؛ چونکە بیرکردنەوە لە زات بڕێکی زیادەیە لە جێگیرکردنی حەقیقەت؛ کەواتە جێگیرکردنی حەقیقەت شتێکە ناسینی چۆنیەتی لێ ناکەوێتەوە.

قسەکەی حەسەنی بەسری لەو بابەتەوەیە، کاتێک پرسیاری لێکرا: ئایا پەروەردگارت وەسف دەکەیت؟ فەرمووی: "بەڵێ، بەڵام بەبێ لەیەکچوون".[1]

ڕوونی کردەوە کەوا ئەو بڕەی نکووڵی لی دەکرێت، بریتییە لە پێکچواندن و دیاریکردنی چۆنیەتی.

کەواتە باوەڕبوون بە حەقیقەتی شتێک، لەگەڵ زانیاری نەبوون بە چۆنیەتییەکەی، لە شەرع و لە عەقڵیش دروستە، ئێمە باوەڕ دێنین بە حەقیقەتی سیفاتەکانی بەهەشت، لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە لە فەرموودەی قودسیدا دەفەرمووێ: «**أَعْدَدتُ لِعِبَادِي الصَّالِحِينَ مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ، وَلَا أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ**».[2]

واتە: لە بەهەشتدا شتانێکم بۆ بەندە چاکەکارەکانم ئامادە کردووە، کە

---

[1]- الرد على الجهمية، للدارمي (٢٩)، والسُّنَّة، لعبد الله (٤٩٩ و ١١٣٢).

[2]- البخاري (٣٢٤٤)، ومسلم (٢٨٢٤).

چاوه‌کان نه‌یانبینیوه، گوێچکه‌کان نه‌یانبیستووه، به‌ خه‌یاڵیش به‌سه‌ر دڵی مرۆڤدا نه‌هاتووه.

بیروباوه‌ڕی سه‌له‌ف بریتییه‌ له‌: جێگیرکردنی حه‌قیقه‌تی سیفاته‌کان و ته‌فویزکردنی چۆنیه‌تییه‌که‌ی، له‌ عه‌قڵدا جێگیرکردنی حه‌قیقه‌ت: لێکچواندنی لێ ناکه‌وێته‌وه‌؛ بۆ نموونه‌ تۆ سیفه‌تی حه‌قیقه‌تی (ژیان) بۆ چه‌ند زاتێک جێگیر ده‌که‌ی، وه‌کوو ژیانی زه‌وی، ژیانی دار، ژیانی مرۆڤ، ژیان له‌و زاتانه‌ سیفاتێکی حه‌قیقییه‌، جێگیرکردنی حه‌قیقه‌تیش بۆ ئه‌و زاتانه‌ واتای لێکچواندن نییه‌؛ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ژیانی هه‌ریه‌ک له‌و زاتانه‌ جیاوازه‌ له‌وانی دیکه‌، به‌هه‌مان شێوه‌ له‌ هه‌موو سیفاته‌کانی دیکه‌ی په‌یوه‌ست به‌ زات و سیفاته‌ کردارییه‌کانی په‌یوه‌ست به‌ ئیراده‌.

گومانکردن له‌وه‌ی که‌ جێگرکردنی حه‌قیقه‌ت پێکچواندنی لێ ده‌که‌وێته‌وه‌، ئه‌و هۆکاره‌یه‌ که‌ هێندێک له‌ گرووپه‌کانی وا لێکردووه‌ باوه‌ڕیان به‌ ته‌فویز و ته‌عتیل هه‌بێت، که‌واته‌ ئه‌وان له‌ به‌تاڵێک ڕایانکرد بۆ به‌تاڵێکی دیکه‌.

❁ مێژووی مه‌زهه‌بی ته‌فویز:

ته‌فویزکردنی حه‌قیقه‌تی سیفه‌ته‌کان: له‌ وته‌کانی هیچ یه‌کێک له‌ هاوه‌ڵان و تابیعییه‌کان و شوێنکه‌وتووه‌کانیان نازاندرێت، ئه‌گه‌ر که‌سانێکیش که‌ شاره‌زای ڕێبازه‌که‌یان نیین، هێندێک له‌ وته‌ موتڵه‌قه‌کانیان وه‌ربگرن و به‌ ته‌فویز لێکی بده‌نه‌وه‌، ئه‌وه‌ ئه‌وانه‌ ده‌ربڕینێکی مانا هه‌ڵگریان وه‌رگرتووه‌، به‌ڵام نه‌ له‌ سیاقه‌که‌ی تێگه‌یشتوون، نه‌ شاره‌زای شوێنه‌کانی تریشن که‌

تێیدا واتاکەیان لێکداوەتەوە.

بەڵکوو تەفویز لە وتەی (کوللابییەکان) سەریهەڵدا، مەبەستییان ئەوەبوو کە نێوەندگیرییەک بکەن لەنێوانی (موعەتیلە) و (موشەببیهە)؛ بۆ ئەوەی لە هەردوو گرووپەکە پارێزراو بن: تەفویزی حەقیقەتی سیفاتەکان و واتاکەشیان کرد لەگەڵ ئەوەی (موفەویزەکان)یش لە ڕاستیدا هەر (موعەتیلەن)ـە، کەواتە بە تەفویزکردن ڕزگاریان نەبوو لە تەعتیل. هەروەها تەفویز لە وتەی (ئەبوو مەنسووری ماتوریدی) لە خوراسان سەریهەڵدا، بەهەمان شێوە لە وتەکانی (ئەبوو حەسەنی ئەشعەری)ش لە عیراق، لە کیتابی"رسالة إلى أهلِ الثَّغْر"، کە بێگومان پێش کیتابی "الإبانة" نووسیویەتی.

خوای گەورە کیتابەکەی خۆی دابەزاندووە؛ بۆ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە، کە واتاکەشی زانراوە، هیچ یەکێک لە هاوەڵان و تابیعییەکان و شوێنکەوتووەکانیشیان لە موفەسسیرین و جگە لەوانیش نەیانگوتووە: ئایەتەکانی سیفات لەو (موتەشابیە)ـانەن کە دروست نییە قسە لەسەر لێدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتاکانیان بکرێت.

هەرکەسێک سیفەتەکان تەفویز بکات و حەقیقەتەکەیان جێگیر نەکات، باوەڕهێنانیش بە ئایەتەکانی سیفات لەلای ئەو، تەنها بریتیی بێت لە باوەڕهێنان بە پیتەکانی: ئەوە بێگومان پێچەوانەی ئەو مەبەستەی کردووە کە قورئان بۆی دابەزیوە و عەرەبییەتی قورئانی وا لێکردووە کە هیچ واتایەکی نەبێت؛ چونکە باوەڕهێنان بە پیتەکان جیاوازی تێدا نییە لەنێوانی

تێیدا واتاکەیان لێکداوەتەوە.

بەڵکوو تەفویز لە وتەی (کوللابییەکان) سەریهەڵدا، مەبەستییان ئەوەبوو کە نێوەندگیرییەک بکەن لەنێوانی (موعەتتیلە) و (موشەببیهە)؛ بۆ ئەوەی لە هەردوو گرووپەکە پارێزراو بن: تەفویزی حەقیقەتی سیفاتەکان و واتاکەشیان کرد لەگەڵ ئەوەی (موفەویزەکان)یش لە ڕاستیدا هەر (موعەتتیلەن)ـە، کەواتە بە تەفویزکردن ڕزگاریان نەبوو لە تەعتیل. هەروەها تەفویز لە وتەی (ئەبوو مەنسووری ماتوریدی) لە خوراسان سەریهەڵدا، بەهەمان شێوە لە وتەکانی (ئەبوو حەسەنی ئەشعەری)ش لە عیراق، لە کیتابی"رسالة إلى أهلِ الثَّغْر"، کە بێگومان پێش کیتابی "الإبانة" نووسیویەتی.

خوای گەورە کیتابەکەی خۆی دابەزاندووە؛ بۆ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە، کە واتاکەشی زانراوە، هیچ یەکێک لە هاوەڵان و تابیعییەکان و شوێنکەوتووەکانیشیان لە موفەسسیرین و جگە لەوانیش نەیانگوتووە: ئایەتەکانی سیفات لەو (موتەشابیە)ـانەن کە دروست نییە قسە لەسەر لێدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتاکانیان بکرێت.

هەرکەسێک سیفەتەکان تەفویز بکات و حەقیقەتەکەیان جێگیر نەکات، باوەڕهێنانیش بە ئایەتەکانی سیفات لەلای ئەو، تەنها بریتیی بێت لە باوەڕهێنان بە پیتەکانی: ئەوە بێگومان پێچەوانەی ئەو مەبەستەی کردووە کە قورئان بۆی دابەزیوە و عەرەبییەتی قورئانی وا لێکردووە کە هیچ واتایەکی نەبێت؛ چونکە باوەڕهێنان بە پیتەکان جیاوازی تێدا نییە لەنێوانی

عەرەبی و جگە لە عەرەبی.

خوای گەورە ناوی لە کیتابەکەی خۆی ناوە ئاشکرا و ڕوونکەرەوە، فەرمانیشی کردووە بە بیرکردنەوە لە قورئان، هەروەها جیاوازی و تایبەتمەندییەکیشی بۆ عەرەبییەکەی قورئان داناوە، کە بریتییە لە زانینی واتاکەی و ڕاستییەکانی؛ فەرموویەتی: {قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ}.[1]

واتە: ئەم قورئانە پیرۆزەمان بە زمانی عەرەبی دابەزاندووە؛ بەڵکوو لێی تێ بگەن و فێری ببن، چونکە زمانی عەرەبی پاراوترین و فرەوانترین و دەوڵەمەندترین و ڕوونترین و مانابەخشترین زمانە.

هەروەها دەفەرمووێ: {كِتَابٍ مُبِينٍ}.[2]

واتە: کیتابێکی ئاشکرا و ڕوون.

هەروەها دەفەرمووێ: {كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ}.[3]

واتە: ئەم قورئانە پیرۆزە؛ ئایەتەکانی هەمووی ڕوون کراوەتەوە و حەڵاڵ و حەرامی دیاریکراوە، قورئانێکە بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە؛ بۆ کەسانێک کە بزانن یان یەقینیان هەبێ کە ئەمە لەلایەن خوای گەورەوە

---

[1]- [يوسف: ٢].

[2]- [النمل: ٧٥].

[3]- [فصلت: ٣].

دابەزیوە.

لە زۆر شوێنانیش فەرمانیکردووە بە وردبوونەوە لێی، فەرموویەتی: {أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ}.[١]

واتە: ئایا بۆ بیر لە قورئانی پیرۆز ناکەنەوە و بۆ لێی ناڕوانن؛ تا لێی تێبگەن.

هەروەها فەرموویەتی: {أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا الْقَوْلَ}.[٢]

واتە: ئایا پەند و عیبرەتیان لە وتەکانی خوای گەورە[قورئان] وەرنەگرت؟

ئەگەر بشگوترێت کە ئایەتەکانی سیفات بەشێکن لە موتەشابیهات، کەواتە حەقیقەتەکەیان نەفی دەکرێت و تەفویز دەکرێت، ئەو قسەیە هیچ یەکێک لە هاوەڵان و تابیعییەکان نەیانکردووە.

❁ خستنەپاڵی تەفویز بۆ لای سەلەف:

کۆمەڵێک تەفویز دەدەنە پاڵ سەلەف؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی هێندێک لە سەلەف، هێندێک قسەیان هەیە کە گومانی تەفویزی لێ دەکرێت، وەکوو ئەوەی هێندێکیان دەربارەی ئایەت و فەرموودەکانی سیفات فەرموویانە: "أَمِرُّوهَا كَمَا جَاءَت".[٣] چۆن هاتووە ئاوا دەیڕوێنین. یان فەرموویانە:

١- [النساء: ٨٢].

٢- [المؤمنون: ٦٨].

٣- الشريعة (٧٢٠)، وشرح أصول الإعتقاد (٩٣٠)، والأسماء والصفات (٩٥٥).

"أَمِرُّوهَا بِلاَ كَيْفٍ".[1]. دەیڕوێنم بەبێ چۆنیەتی.

ئەو کەسانە ڕواندنی ئایەت و فەرموودەکانی سیفاتەکان بە واتای وازهێنانی پیتەکان وەکوو پیتی جگە لە عەرەبی و نا ڕوون لێک دەدەنەوە، یان هەروەکوو خوێنەرێک کە هێما و نیشانە شوێنەوارییەکانی نەتەوەکانی پێشوو دەبینێت، لە خاوەنی زمانە لەناوچووەکان، تەنها ئەوەندە هەیە کە قورئان پیرۆزە، بەڵام هەردووکیان وەکوو یەک واتاکانیان نازاندرێت.

ئەمەش هەڵەیەکی ناشیرینە و تانەدانە لە ڕوونکردنەوەی قورئان و مەبەستەکانی، هەروەها تانەدانە لە حیکمەتی خوایی لە دابەزاندنی قورئان.

یەکێک لە بەڵگەکان لەسەر ئەوەی کە پێشەوایان مەبەستیان بەو قسەیەیان: "أَمِرُّوهَا كَمَا جَاءَتْ". تەفویزکردنی جێگیرکردنی حەقیقەت نەبووە، ئەوەیە: پرسیار لە پێشەوا مالیک کرا دەربارەی بینینی خوا؟ ئەویش فەرمووی: " خوا دەبینن بە چاوەکانیان".[2] پاشان پرسیاری لێکرا دەربارەی فەرموودەکانی بینینی خوا؟ فەرمووی: چۆن هاتووە ئاوا دەیڕوێنم.

ئەمانەش دژبەیەکی نییە لەلایەن پێشەوا مالیکەوە؛ چونکە ڕواندن و تێپەڕاندنو پێچەوانەی دانان بە حەقیقەت نییە، بەڵکوو تەفویزی چۆنییەتییەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆلای خوا، نەک تەفویزی جێگیرکردن.

[1]- شرح أصول الإعتقاد (٨٧٥)؛ نقلاً عن جماعة من الأئمة.
[2]- الشريعة (٥٧٤)، وشرح أصول الإعتقاد (٨٧٠).

خوێندنەوەی قورئان و ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە تێیدایە، وا دەخوازێت کە دەبێت حەقیقەتی سیفاتەکان و مانا ڕاستەکانی جێگیر بکرێت، لەوە زیاتر، تەکییف و تەشبیە و تەمسیل و تەئویل و تەعتیل، نەفی کراون؛ کەواتە موفەسسیرەکان دەزانن کە حەقیقەت، واتایەکی داواکراو و جێگای مەبەستە لە ئایاتەکە و لە دەروونی خوێنەریش جێگیر دەبێت، هەروەکوو یەزیدی کوڕی هاڕوون دەفەرمووێ: "مَن زعَمَ أنَّ الرحمنَ على العرشِ استَوَى على خلافِ ما يَقَرُّ في قلوبِ العامَّةِ، فهو جَهْمِيّ".[1]

واتە: هەرکەسێک وا گومان ببات کە واتای ﴿الرحمنَ على العرشِ استَوَى﴾ بە پێچەوانەی ئەو واتایەیە کە لە دڵی عەوامی خەڵکی جێگیر دەبێت، ئەوە جەهمییە.

مەبەستیش بە عەوام: کەسانی خاوەن سەلیقە و فیترەتی پاک و تەندروستن؛ ئەوانەی کە ئایەتی ئیستیواء و ئەو ئایەتانەش دەخوێننەوە: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾[2]؛ ئینجا دەبینن کە هیچ ناکۆکی و دژبەیەکییەک لە نێوانی جێگیرکردنی حەقیقەت و نکوولیکردنی لێکچواندندا نییە.

ئەو دەستەواژانەشی کە باسمانکرد، هاوەڵان و گەورە تابیعییەکان دەریان نەدەبڕی؛ لەبەر ئەوەی هێشتا وتەکانی ئەهلی تەعتیل و تەشبیە سەریهەڵنەدابوو، بەڵام کاتێک ئەو جۆرە بۆچوونانە سەریان هەڵدا، ئەو پێشەوایانە ویستیان بەرپەرچی ئەو بیدعەیە بدەنەوە، نەک نکووڵی لە

---

[1]- السُّنَّة، لعبد الله (١١١٠).

[2]- [الشورى: ١١]

واتای سیفاتەکان و حەقیقەتی فەرموودەکان بکەن؛ ئەو بڕە زیادەیەش دانیپێدا دەنرێت، دەقەکانی تریشیان ڕاڤەی ئەو دەستەواژانەیان دەکات و ڕوونی دەکاتەوە.

کەواتە ڕوواندن لەو وتەیەیان: "چۆن هاتووە ئاوا دەیڕوێنین"، واتا: جێگیرکردن و داننان بە حەقیقەتەکانی؛ چونکە ئەوەش بەشێکە لەوەی کە هاتووە.

بۆیە پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس دەفەرمووێ: "الاستواءُ معلوم".[1] واتە: ئیستیواء واتاکەی زانراوە.

واتە: تەنها پیت نییە، بەڵکوو بریتییە لە حەقیقەت، جێگیرکردنی حەقیقەتەکەشی واتای لێکچواندنی بە جگە لە خۆی نییە.

کاتێک زمانی عەرەبی لاوازبوو، بیروباوەڕی تەشبیە و دژەکانییشی تەشەنەیان کرد، هەروەها سەلیقەی جێگیرکردنی حەقیقەت و واتا ڕاستەکە تێکچوو: هێندێکیان بەرەو لای مەزهەبی تەفویز چوون؛ ئەمەش بە مەبەستی ڕزگاربوون لەو بیدعانە، هێندێکیشیان مەبەستییان ئەوەبوو کە عەوامی خەڵکی پارێزراوبن لەو بەڵایانە؛ هەروەکوو غەزالی لە "إلجام العوام" وا دەڵێت. هەتا وایلێهات کە تەفویز بەهۆی هێندێک لە پیاوە چاکەکانی ئەهلی حەدیس بڵاوبوویەوە؛ وەکوو خەتتابی کاتێک قسە لەسەر هێندێک سیفاتەکان دەکات، هەروەها بەیهەقیش لە هەردوو کیتابی "الأسماء والصفات"، و"الاعتقاد"دا، بەهەمان شێوەش کۆمەڵێک لە ئەهلی فیقه و

[1] - شرح أصول الاعتقاد" (٦٦٤)؛ بمعناه.

تێڕوانین لە شافیعییەکان؛ وەکوو جوەینی لە "الرسالة النِّظَامِيَّة"دا، کە کۆتا بۆچوونیەتی، غەزالیش لە "إلجام العَوَام"دا، لە حەنبەلییەکانیش؛ وەکوو تەمیمییەکان و ئیبن عەقیل و مەڕعی کەڕمی، هێندێک لەوانەش شلەژاو و ڕاڕان؛ بۆیە لە شوێنێک تەئویل دەکەن، لە شوێنێکی تر تەفویز دەکەن.

وازهێنان لە مەبەستی خوا لە وتەکەی، سەلامەتی نییە، هەروەکوو موفەویزەکان وا گومان دەبەن؛ چونکە وازهێنان لە حەقیقەتی دەقەکان و واتا ڕاستەکەیان: تیاچوونە، نەک سەلامەتی؛ لەبەر ئەوەی تەفویز لەسەر تەعتیل دامەزراوە.

❁ زیادەڕەویکردن لە بە پاکدانان، سەردەکێشێ بۆ تەفویز و تەعتیل:

کاتێک مەزهەبە داهێنراوەکان لە بواری تەشبیە و تەئویل و تەحریف زۆربوون، تەفویز لەلای هێندێک لە خەڵکی بوو بە ڕزگارکەر و چارەسەری ئەو بیروباوەڕە بیدعییانە؛ بۆیە خەڵکانێک بە گومانی بە گەورەدانانی خوا، واتای سیفاتەکانیان دایە پاڵ خوا و تەفویزیان کرد، یان واتاکانیان لەکارخست، ئەو پاڵنەرەش شتێکی کۆنە، لەلای پێشەوا ئیبن مەهدی، باسی جەهمییەکان کرا، کە ئەوان نکووڵی لە سیفاتەکان دەکەن و دەڵێن: "خوا لەوە گەورەترە کە بە شتێک وەسف بکرێت!" ئیبن مەهدیش فەرمووی: "خەڵکانێک لەو ڕووەوە تیاچوون".[١]

١- إبطال التأويلات (٢٧).

وتە ناڕەواکان؛ هەرچەندە زۆر ناشیرن و خەراپیش بێت، دروست نییە لە پێناویدا خەڵکی بەرەو ناڕەوایەکی دیکە ببردرێت، کەواتە نابێت لەبەر ناڕەوایەک ڕابکەین بەرەو ناڕەوایەکی دیکە، ئەگەرچی لەخوار ئەویشەوە بێت، لەگەڵ ئەوەی بتوانرێت ڕوون بکرێتەوە، بۆیە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەیفەرموو: "لا نُزِيلُ عنه صفةً مِن صفاته؛ لِشَنَاعَة شُنِّعَتْ".[١]

واتە: ئێمە هیچ سیفەتێک لە سیفاتەکانی خوا لابەین ونکووڵی لێ ناکەین؛ لەبەر بە ناشیرین دانانی لەلایەن خەڵکێکەوە.

هەروەها کاتێک پێشەوایان دەڵێن: "دەیرۆێنین و تەفسیری ناکەین"، مەبەستییان لەو قسەیە: نکووڵی کردنی حەقیقەت نییە، چونکە مەبەست بە تەفسیرەکە: دیاریکردنی چۆنیەتییە، هەروەکوو پێشەوا ئەبوو عوبەیید دەفەرمووێ: "ئەگەر بگوترێت: چۆن (پێیەکانی) دادەنێت؟ چۆن (پێدەکەنێت)؟ دەڵێم: ئەوە تەفسیر ناکرێت، کەسیشمان نەبینیوە کە ئەمە تەفسیر بکات".[٢] کەواتە پرسیارکردنی لە چۆنییەتی سیفەت، بە پرسیارکردن لە سیفەتەکە دانا.

هاوشێوەی ئەمە: وتەی هێندێک لە پێشەوایان؛ وەکوو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، کە دەفەرمووێ: "لَا كَيْفَ، وَلَا مَعْنَى".[٣] مەبەستی بەو قسەیە: نکووڵی کردنی بوونی چۆنیەتی نییە، بەڵکوو مەبەستی نەفیکردنی زانستە

١- ذم التأويل (٣٣).
٢- الصفات، للدارقطني (٥٧).
٣- ذم التأويل (٣٣).

بە سیفاتەکان، بەهەمان شێوەش لە نکووڵی کردنی واتاکان، مەبەستی پێی نکووڵی کردنی بوونی واتای سیفاتەکان نییە، بەڵکوو مەبەستی نکووڵیکردنی تەئویلە ناڕەواکانە؛ چونکە ئەو تەئویلانە لەسەردەمی ئیمامی ئەحمەددا لە زۆرێک لە وڵات و کۆڕەکان بڵاوبوون و بەناوبانگبوون.

سەلەفی ساڵح لە ئایەتەکانی سیفات بێدەنگ دەبوون؛ چونکە چەسپاندنی حەقیقەت لە دەروونیان جێگیربوو، پێشەوا مالیک کاتێک باسی ئەهلی بیدعە دەکات، دەفەرمووێ: "بێدەنگ نابن لەو شتانەی کە هاوەڵان لێی بێدەنگبوون".

موفەویزەکان بێدەنگبوون لەوەی هاوەڵان لێی بێدەنگبوون لە دیاریکردنی چۆنیەتی و تەئویل کردنێک کە پێچەوانەی ڕووکەشی دەربڕینەکە بێت، بەڵام لەگەڵ بێدەنگ بوونەکەیان، ئەو حەقیقەت و مانایانەی کە هاوەڵان جێگیریان کرد، ئەوان نکووڵییان کرد.

بەپاک ڕاگرتنی خوا لە تەشبیە وا ناخوازێت کە نکووڵی لە حەقیقەتی سیفەتەکانی خوا بکرێت، هەروەکوو چۆن جێگیرکردنی حەقیقەت واتای تەشبیە نییە، زانایانیش بەردەوام خۆیان پاراستووە لەو تێگەیشتنە، هەرکەسە و بەگوێرەی دەربڕینەکەی خۆی، بۆ نموونە: "عبدُ الغنيّ المَقْدِسِي" کاتێک ئیستیوائی جێگیر کرد، فەرمووی: "بەبێ پاک ڕاگرتنێک کە ببێتە هۆی نکووڵیکردنی حەقیقەتی دابەزین". الإقتصاد في الإعتقاد (ص ١٠٠).

* * *

{وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ} [البقرة: ٢٥٥].

الْعَالِمُ الخَبِيْرُ، الْمُدَبِّرُ الْقَدِيْرُ، السَّمِيعُ البَصِيرُ، الْعَلِيُّ الْكَبِيْرُ.

بەڵام مرۆڤەکان هیچ زانیارییەکیان بە خوای گەورە و سیفاتەکانی نییە، تەنها مەگەر شتێك کە خوای گەورە خۆی ویستی لێی بێ و لە قورئاندا دەربارەی خۆی ڕوونی کردبێتەوە، کورسی خوای گەورە فرەوانە بەفراوانی هەر حەوت ئاسمان و هەر حەوت زەوییەکە، پاراستنی ئاسمانەکان و زەوی و هەڵگرتنیان، خوای گەورە ماندوو ناکات و قورس نییە لای خوای گەورە، خوای گەورە بەرزە لە زاتی پیرۆزیدا، لەسەرووی عەرشی پیرۆزەوەیە، هەروەها لە ناو و سیفات و توانا و دەسەڵاتیشی، خوا زۆر گەورەیە.

زانای شارەزا و ئاگادارە بە هەموو شتێک، بەڕێوەبەری زۆر بە توانایە، بیسەری بینەرە، بەرزی گەورەیە.

راڤه‌کردن

❁ به‌رز و بڵندی خوا:

پێویسته باوه‌ڕمان به‌وه هه‌بێت که خوا به‌رز و بڵنده به‌سه‌ر دروستکراوه‌کانییه‌وه، هه‌روه‌ها له‌سه‌رووی ئاسمانه‌کان له‌سه‌ر عه‌رشی خۆیه‌تی، به‌ڵگه له سه‌ر بڵندی خوا له‌وه زۆرتره که بژمێردرێت؛ به‌ڵگه‌ی فیترِی و عه‌قڵی و نه‌قڵی، ئه‌مه‌ش تایبه‌ت نییه به ژیره‌کان، به‌ڵکوو فیتره‌تی ئه‌و ئاژه‌ڵانه‌ش که عه‌قڵیان نییه، ده‌زانن خوا له به‌رزییه؛ چونکه ئاژه‌ڵ ئه‌گه‌ر سکاڵا بکات، سه‌ری به‌رز ده‌کاته‌وه بۆ ئاسمان. هه‌تا فیرعه‌ون -له‌گه‌ڵ سه‌رکه‌شی و بێباوه‌ڕی و گاڵته‌کردنه‌که‌ی- به‌ڵام ڕووی له به‌رزی کرد، ده‌یه‌ویست خواکه‌ی مووسا له‌وێ ببینێت: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَاهَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا﴾.(١)

واته: فیرعه‌ون به هامانی وه‌زیری وت: ئه‌ی هامان، کۆشکی به‌رزم بۆ دروست بکه! له خشتی سووره‌وه‌کراو، به‌ڵکوو بگه‌مه ڕێگا و ده‌رگاکانی ئاسمان و بیگرمه‌به‌ر. تا سه‌رکه‌وم ڕێگا و ده‌رگاکانی ئاسمان بگرمه‌به‌ر، تا خواکه‌ی مووسا ببینم، هه‌رچه‌ند من گومان ئه‌به‌م که مووسا درۆزن بێت و ئاسمان هیچ خوایه‌کی لێ نه‌بێ.

١- [غافر: ٣٦ – ٣٧].

ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەبوو کە فیرعەون باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەو خوایەی ئەو نکوولّی لیّ دەکات، ئەگەر بوونی هەبیّت، ئەوە لە هیچ شویّنیّک نییە، تەنها لە ئاسمان نەبیّت، بیّگومان دیارە کە مووساش ئەوەی پیّگوتووە، ئینجا ئەویش نکوولّی لە مووسا نەکرد لە شویّنی خوا، بەلّکوو نکوولّی بوونی خوای کرد، لەبەر ئەوەی ئەگەر بوونی هەبیّت، ئەوە لە هیچ شویّنیّک نییە، تەنها لە بەرزییدا نەبیّت.

هیچ مرۆڤیّکیش نییە؛ کە هەر ئایینیّکی هەبیّت، کاتیّک سکالاّ بکات لە دەست ستەم و خەفەتیّک، ئیللا لە فیترەتیدا حەز دەکات کە سکالاّکەی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان و گفتوگۆی ئەو زاتە بکات کە لە سەرووی ئاسمانەکانە، ئەگەرچی بیروباوەڕی بەپیّچەوانەی ئەوەش بیّت.

بەلّگەکانی قورئان و سوننەت زۆرن لەسەر ئەمە؛ جا یەکسانە بە باسی ناوەکانی خوا بیّت، وەکوو:

- ﴿الْعَلِيِّ﴾.[1] واتە: بەرزە لە زات و سیفات و کردەوەکانیدا.
- ﴿الْأَعْلَىَ﴾.[2] واتە: هەرەبەرز.
- ﴿الْمُتَعَالِ﴾.[3] واتە: زۆر بەرز و بالاّدەستە لە توانا و دەسەلاّتیدا بەسەر دروستکراوەکانیدا.

---

[1]- [غافر: ١٢].
[2]- [النحل: ٦٠].
[3]- [الرعد: ٩].

یان بە باسکردنی هێندێک لەو سیفەتانە بێت کە بەڵگەن لەسەر بەرزی خوا؛ وەکوو بەرزبوونەوە بۆ سەر عرش و دەبەزین و بەرزبوونەوەی کردەوەکان بۆلای ئەو، هەروەها بە باسکردنی عەرش و کورسییەکەی، دابەزینی وەحی لەلایەن ئەوەوە، گەڕانەوەشی بۆ لای ئەو، دابەزینی فریشتەکان و بەرزبوونەوەیان، خۆدەرخستنی و سەیرکردنی بەندەکانی، دابەزاندنی فەرمان و سزاکان، بەرزبوونەوەی ڕۆحەکان و پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەرزبوونەوەی عیسا و دەبەزینی، جگە لەمانەش کە بە ڕشکاوی بەڵگەن لەسەر بەرزی و بڵندی خوا بەسەر دروستکراوەکانییەوە.

ئەگەر کەسێک بیەوێت بەدوای بەڵگەکانی قورئان و سوننەتدا بگەڕێت لەسەر بەرزی خوا، جا چ بە ڕاشکاوی بێت، یان بە ئاماژە بێت، ئەوە ناتوانێت، ئەگەر بشیکات، پاشان بگەڕێتەوە و دووبارە چاوی پێدابخشێنێتەوە، دەبینێت ئەوەی کە لە دەستی چووە لەسەرووی ئەوەیە کە کۆیکردۆتەوە.

قورئان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوا بەرز و بڵندە بە زات و دەسەڵات و هێز و پلەوپایەی، هەروەکوو دەفەرمووێ: {وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ}.(١)

واتە: خوای گەورە باڵادەستە بەسەر بەندەکانیدا و هەموویان ملکەچ و بێدەسەڵاتن لە ئاستیدا.

هەروەها دەفەرمووێ: {يَخَافُونَ رَبَّهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ}.(٢)

١- [النحل: ٥٠].

٢- [الأنعام: ١٨].

واتە: لە پەروەردگاری خۆیان ئەترسێن لە سەرووی خۆیانەوە، کە خوای گەورە بەرزە لەسەرووی عەرشی پیرۆزی خۆیەتی.

ئەمە بابەتێکە؛ کەوا هیچ یەکێک لە هاوەڵان لە سەردەمی زۆریان ناکۆکییان نەبووە لە تێگەیشتنی، جێگەی لێکۆڵینەوەیان نەبووە لەبەر یەکلایی بوونەوەی، بەڵام کاتێک لەلایەن خەڵکانێکی گومڕاوە قسەی پێچەوانەی ئەمە سەریهەڵدا، زانایان دەستیانکرد بە هێنانەوەی بەڵگەکان و گێڕانەوەی کۆدەنگی لەسەر بەرز و بڵندی خوا؛ هەروەکوو پێشەوا ئەوزاعی[1] و قوتەیبەی کوڕی سەعید[2] و خەڵکانێکی دیکەش دەیگێڕنەوە.

هەرکەسێکیش نکووڵی لە بەرزی و بڵندییەتی خوا بکات، ئەوە بەربەرەکانێی لەگەڵ فیترەت و عەقڵ و نەقڵ کردووە!

بەداخەوە لەگەڵ زۆری بەڵگەکانی حیسسی و نەسسی لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام هێندێک گرووپ لە ئەهلی فەلسەفە و کەلام، نکووڵییان لە بەرزی و بڵندی خوا کردووە.

❁ بڵندیی و لەگەڵ بوون:

پێویستە بەرزییەتی خوا لەسەر دروستکراوەکانی جێگیر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرزە، لەگەڵ دروستکراوەکانیشیەتی بە زانست و پەیپێبردنی؛ بۆیە خوا بەرزبۆتەوە بۆ سەر عەرشەکەی، زانستەکەشی لەهەموو شوێنێکە؛ پێشەوا مالیک فەرموویەتی: "اللهُ في السماءِ، وعِلْمُهُ في كلِّ

[1]- الأسماء والصفات (٨٦٥).
[2]- العلو (٤٧٠).

مكانٍ، لا يخلو مِن عِلْمِه مكانٌ". [1]

واته: خوا لەسەرووی ئاسمانەکانە، زانستەکەشی لە هەموو شوێنێکە، هیچ شوێنێک نییە کە زانستی خوای لێ نەبێت.

جێگیرکردنی بەرزییەتی خوا بە حقیقەت، بریتییە لەو بابەتەی کەوا ئەهلی سوننە لە مەغریب دانیپێدا دەنێن، وەکوو "ابن أبي زَمَنِين" لە "أصول السُّنَّة"دا، بەهەمان شێوە "أبو المطرِّف القَنَازعي القرطبي" لە "تفسير الموطَّأ"دا، هەروەکوو دەفەرمووێ: "أنَّ اللهَ فوقَ عَرْشِه، وهو في كلِّ مكانٍ بعِلْمِه". [2]

واته: بە دڵنیایی خوا لەسەر عەرشەکەیەتی، بەزانستیشی لەهەموو شوێنێکە.

هەروەها دوایینەکانیشیان؛ وەکوو "ابن عَزُّوز المالكي التُّونُسِي"، دان بەوەدا دەنێت کە "خوا بەرز بۆتەوە بۆ سەر عەرشەکەی، جودایە لە دروستکراوەکانی، لێشیان نزیکە بە زانستی خۆی". [3]

پێشەوا "أبو العبَّاسِ بن طالب" کاتێک لە قەیرەوان وتاری دەدا، دەیفەرموو: "الحمدُ للهِ الذي على عرشِهِ استَوَى، وعلى مُلْكِهِ احتَوَى، وهو في الآخِرةِ يُرَى". [4]

واته: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەرزبۆتەوە سەر عەرشەکەی،

---

[1]- اجتماع الجيوش الإسلامية (٢/ ١٤٢، ١٥٧ – ١٥٨)، التمهيد (٧/ ١٣٨).
[2]- تفسير الموطأ (١/ ٤٠١)، اجتماع الجيوش الإسلامية (٢/ ١٥٧).
[3]- عقيدة التوحيد الكبرى (ص ١٠).
[4]- ترتيب المدارك (٤/ ٢١٤).

دەسەڵاتیشی بەسەر هەموو موڵکی خۆیدا هەیە، لە ڕۆژی دواییشدا دەبینرێت.

لەوانەشە هۆکاری نکووڵی کردنی عولووی خوا، بریتیی بێت لە: نەزانین بە زمانی عەرەبی و بە هەڵە تێگەیشتنی هێندێک دەقی قورئان:

یەکێک لەوانە: هێندێک لە "موعەتتیلەکان" ئەوانەی دەڵێن خوا بە زاتی خۆی لە هەموو شوێنێکە، ئەو ئایەتە دەکەنە بەڵگە: {وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَهٌ وَفِي الْأَرْضِ إِلَهٌ}.[1]

واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە؛ لە ئاسماندا هەر خوایە و پەرستراوە، لە زەویشدا خوایە و پەرستراوە.

هەروەها ئەو ئایەتەش دەکەنە بەڵگە: {مَا يَكُونُ مِنْ نَجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ}.[2]

واتە: هیچ سێ کەسێک نییە بەیەکەوە بە نهێنی قسە بکەن و چپە چپ بکەن، ئیللا خوای گەورە چوارەمیانە.

ئەمەش تێگەیشتنێکی هەڵە و خەراپە:

هەرچی ئایەتی یەکەمە: ئەوە مەبەست لێی ئەوەیە: خوا پەرستراوە لەلایەن دانیشتوانی ئاسمانەکان و لەلایەن دانیشتوانی زەویشەوە، ئەمەش

[1]- [الزخرف: ٨٤].
[2]- [المجادلة: ٧].

وتەی ڕاڤەکارانی قورئانە.[1] هەروەکوو "ابنُ عبد البرّ" دەفەرمووێ: هیچ کەسێک پێچەوانەی ئەمەی نەکردووە کە حیساب بۆ قسەی بکرێت.[2]

بەڵام ئایەتی دووەم: مەبەست پێی: لەگەڵ بوونی بەندەکانیەتی بە زانستی، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمووێ: {ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ}.[3]

واتە: پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا هەواڵیان پێ ئەدات بەو کردەوە و وتانەی کە کردوویانە، بەتایبەتی ئەوەی کە چپە چپ و نهێنی بووە.

بەهەمان شێوەش بەڵگەهێنانەوەیان بەو ئایەتە: {هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا}.[4]

واتە: خوای گەورە لەگەڵیاندایە لە هەر شوێنێک بن.

مەبەستی: بە زانستەکەیەتی، خوای گەورە سەرەتای ئایاتەکەی ئاوا دەست پێکردووە و ئاواش کۆتایی پێ هێناوە؛ لە سەرەتاکەیدا دەفەرمووێ: {أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ}.[5]

١- انظر: تفسير ابن جرير (٢٠/ ٦٥٩ – ٦٦٠)، التمهيد (٧/ ١٣٤).
٢- التمهيد (٧/ ١٣٩).
٣- [المجادلة: ٧].
٤- [المجادلة: ٧].
٥- [المجادلة: ٧].

واتە: ئایا نابینی خوای گەورە زانیاری وردی هەیە بە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە و ڕووئەدات؟ هیچی لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە؟

لە کۆتاییەکەشیدا دەفەرمووێ: {إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ}.[1] واتە: بەڕاستی خوای گەورە زۆر زانایە بە هەموو شتێک.

❁ [گومانێکی بێ بنەما و وەڵامێکی بەهێز]:

یەکێک لە گومانەکانی هێندێک لە پەکخەرانی سیفەتی عولوو و ئیستیواء، لە ئەهلی کەلام لە مەغریب: ئەوکێشەیەیە کە "سليمان الفرَّاء" بۆی دروست بوو، گوتی: "پەروەردگارمان لە کوێ بوو، کاتێک کە هیچ شوێنێک بوونی نەبوو؟"[2]

ئەم پرسیارە خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە بەوەی پرسیارێکی ناڕەوا و پڕوپووچە؛ چونکە پرسیارکرن بە "لە کوێ" ناکرێت، ئیللا لەکاتی بوونی شوێن نەبێت، کەواتە لەکاتی نەبوونی شوێن، پێویستە پرسیارکردن بە "لە کوێ" بوونی نەبێت!

---

[1]- [المجادلة: ٧].

[2]- طبقات علماء إفريقية (ص ١٩٩).

❁ نکووڵی کردنی هێندێک سیفەت، لەبەر گومانکردنی دەورەدانی مەخلووق بە خالیق:

جێگیرکردنی بەرزی و ئیستیواء و دەبەزین بۆ خوا، واتای ئەوە نییە کە هێندێک لە دروستکراوەکانی دەوریان گرتبێت و ئەوەی لێ ناخوازرێت؛ چونکە خوا لە هەموو شتێک گەورەترە، ئەو کەسەی کە ئەو سیفاتانە نەفی دەکات وا گومان دەبات کە جێگیرکردنی ئەو سیفاتانە وا دەخوازێت کە مەخلووقەکان دەورەی خوایان دابێت، ئەمەش ناڕەوایە لە ڕووی عەقڵ و شەرعیشەوە:

-ناڕەوایەتی ئەو گومانە لە ڕووی عەقڵەوە: بێگومان دروست نییە شتێک شتێکی دیکەی لەناو بێت و دەوری بگرێت کە لەو گەورەتر بێت، ئەمە شتێکی زانراوە لە هەموو هەستپێکراوەکاندا، ناگونجێت کە وێنای ئەوە بکرێت زەوی دەوری ئاسمانەکان بدات، مێروولە دەوری چیا بدات، ئینجا ئەگەر پاڵنەری نکووڵیکەرەکان گومانکردنی دەورەگرتن بێت، ئەوە هەتا لەناو دروستکراوەکانیشدا ئەو گومانە ناخوازرێت، لەگەڵ ئەوەی هیچ شتێک وەکوو خوا نییە، ئاسمانەکان دەورەی زەوی دەدەن، بەڵام زەوی دورەی ئاسمانەکان نادات، لەکاتێکدا خوا لەهەموو دروستکراوەکان گەورەترە، ئیتر چۆن دەوترێت لە ڕووی عەقڵەوە دەورەی گرتووە؟

-ناڕەوایەتی گومانەکە لە ڕووی شەرعەوە: لەبەر ئەوەی هیچ شتێک وەکوو خوا نییە لە زاتیدا، هەروەکوو دەفەرمووێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾.[1]

---

[1]- [الشورى: ١١]

ئینجا ئه‌گه‌ر هیچ که‌سێک له‌ خوا نه‌چێت له‌ زاتیدا، ئیتر چۆن له‌و ده‌چێت له‌ سیفاته‌كان و لازمی سیفاته‌كانی؟!

ئه‌گه‌ر بێتوو بیر و هۆشی موعه‌تتیله‌كان خاڵی بێت له‌ قیاس[قیاسی خالیق به‌ مه‌خلووق]، ئه‌وه‌ به‌ دڵنیایی خاڵیش ده‌بێت له‌ ته‌عتیل!

***

وَأَنَّهُ فَوْقَ عَرْشِهِ الْمَجِيدِ بِذَاتِهِ، وَهُوَ فِي كُلِّ مَكَانٍ بِعِلْمِهْ.

خوای بەرز و بڵند لەسەر عەرشە مەزنەکەیەتی بەزاتی خۆی، بەزانستەکەشی لەهەموو شوێنێکە.

راقه کردن

پێویستە بەرزبوونەوەی خوا بۆ سەر عەرش جێگیر بکرێت، ئیبن ئەبی زەید بۆیە باسی "ئیستیوائی زات"ی کردووە و فەرموویەتی: "بذاتە"؛ لەبەر دوورخستنەوە و لادانی ئەو جۆرە لێکدانەوەیەی کەوا نکووڵی لە جێگیر کردنی ئیستیوائێکی حەقیقی دەکات بەبێ لێکچواندن و چۆنیەتی بۆدانان.

دانەر لە کیتابی "الجامع"دا، بەرزبوونەوەی خوای لەسەر عەرش بە حەقیقی جێگیر کردووە و فەرموویەتی: "وَأَنَّهُ فَوْقَ سَمَوَاتِهِ عَلَى عَرْشِهِ دُونَ أَرْضِهِ".[1]

واتە: بە دڵنیایی خوا لەسەرووی ئاسمانەکانیەتی لەسەر عەرشی خۆیەتی، نەک زەوییەکەی.

سەلەف باسی "ئیستیوائی خوایان بەزاتی خۆی" کردووە، پێشەوا "أبو نَصْر السِّجْزي" لە کیتابی "الإبانة"دا فەرموویەتی: "پێشەوایانمان -وەکوو:

[1]- الجامع (ص ١٠٨).

"سُفْيان الثَّوْري، مالك، سُفْيان بن عُيَيْنة، حمَّاد بن سَلَمة، حمَّاد بن زَيْد، عبد الله بن المبارَك، فُضَيْل بن عِيَاض، أحمد بن حَنْبل، إسحاق بن إبراهيم الحَنْظَلي"- يەکدەنگن لەسەر ئەوەی خوای گەورە بەزاتی خۆی لەسەر عەرشە، زانستەکەشی لە هەموو شوێنێکە، لە ڕۆژی دواییشدا بە چاوەکان دەبینرێت لەسەر عەرش، دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا، هەروەها تووڕە دەبێت و ڕازی دەبێت و قسەش دەکات بەو شێوەیەی بیەوێت؛ جا هەرکەسێک پێچەوانەی شتێک لەوانە بکات، ئەوە لەوان بەرییە و ئەوانیش لەو کەسە بەریینە".[1]

پێشەوا "أبو عُمَر الطَّلَمَنْكِي" لە کیتابەکەیدا "الأصول" دەفەرمووێ: "أجمَعَ المسلِمونَ مِن أهلِ السُّنَّةِ على أنَّ اللهَ استَوَى على عَرْشِهِ بذاته".[2]

واتە: موسڵمانانی ئەهلی سوننە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی خوا بەزاتی خۆی بەرز بۆتەوە سەر عەرشەکەی.

پێشەوایان باسی هەندێک دەستەواژە دەکەن کەوا خودی ئەو دەستەواژانە لە وەحیدا نەهاتووە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی وەحی بەس نیین بۆ تێگەیاندن، بەڵکوو لەبەر سەرهەڵدانی "واتایەکی نارەوای نوێ" بووە، لەدوای پچڕانی وەحی، بۆیە ویستییان ئەو "واتا نارەوایە نوێیە" دووربخەنەوە بە دەستەواژەیەکی نوێ، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر مەبەستی شاریع، خۆ ئەگەر واتا نوێیە نارەواکە نەبووبا، ئەوە دەستەواژە نوێیەکەش نەدەبوو؛ چونکە پێویست نەبوو.

---

[1]- درء التعارض (٦/ ٢٥٠)، مجموع الفتاوى (٣/ ٢٢٢ و ٢٦٢).

[2]- اجتماع الجيوش (٢/ ١٤٢).

لەکاتی باسکردنی ئیستیوائی خوا، کۆمەڵێک پێشی ئیبن ئەبی زەیدیش، وشەی زاتیان بەکارهێناوە، وەکوو "المُزَني" قوتابییەکەی شافیعی، "ابن جَرِير الطَّبَري"، "أبي أحمد الكَرَجي القَصَّاب"، "يَحيَى بن عَمَّار السِّجِسْتاني" و جگە لەویش.

❁ کورسی:

هەروەها کورسیش بۆ خوا جێگیر دەکات؛ هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: ﴿وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾.[1]

واتە: کورسی خوای گەورە فرەوانە بەفرەوانی هەر حەوت ئاسمان و هەر حەوت زەوییەکە.

پێشەوا ئیبن عەبباس فەرموویەتی: "الكُرْسِيُّ مَوْضِعُ القَدَمَيْنِ".[2]

واتە: کورسی شوێنی دوو پێی پیرۆزی خوای گەورەیە.

ئەم قسەیە لە "وەهبی کوڕی مونەببیە"یش بە سەحیحی هاتووە، "ابنُ أبي زَمَنِين الأندلسي"یش لە کیتابی "أصول السُّنَّة"دا، ئاوای تەفسیر کردووە.

دەربارەی ڕوونکردنەوەی قەبارەی کورسی لە فەرموودەدا هاتووە: «مَا السَّمَوَاتُ السَّبْعُ مَعَ الْكُرْسِيِّ إِلَّا كَحَلْقَةٍ مُلْقَاةٍ بِأَرْضٍ فَلاةٍ، وَفَضْلُ الْعَرْشِ عَلَى الْكُرْسِيِّ كَفَضْلِ الْفَلاةِ عَلَى الْحَلْقَةِ».[3]

---

[1]- [البقرة: ٢٥٥].

[2]- السُّنَّة، لعبد الله (٥٨٦ و ١٠٢٠ و ١٠٢١)، التوحيد، لابن خزيمة (١/ ٢٤٨ و ٢٤٩).

[3]- العرش وما روي فيه (٥٨)، صحيح ابن حبان (٣٦١).

واتە: حەفت ئاسمانەکان لەچاو کورسی هیچ نیین، تەنها وەکوو ئەڵقەیەک وان کە فڕێدرابێتە زەوییەکی چۆڵ، گەورەیی عەرشیش لەچاو کورسی وەکوو گەورەیی زەوییە چۆڵەکە وایە لەچاو کورسی.

ڕستترین شتێک کە هاتبێت لەو بوارەوە ئەوەیە: کورسی شوێنی دوو پێی خوای گەورەیە، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بۆ خوا، نەک بەو شێوەیەی کە شایستەی دروستکراوەکان بێت، بەو شێوەیەی کە ئیبن عەبباس فەرمووی، هیچ یەکێکیش لە هاوەڵان پێچەوانەی ئەمەی نەکردووە.

***

خَلَقَ الْإِنسَانَ، وَيَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ، وَهُوَ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ، {وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ} [الأنعام: ٥٩].

مرۆڤی دروستکردووە، چاک ئاگادارە بەو خەتەرە و خەیاڵانەی بە دڵ و دەروونیدا دێن، خوای گەورە بە زانستی لە شادەماری دڵی لێیەوە نزیکترە،

{گەڵای هیچ دارێک هەڵناوەرێ و بەرنابێتەوە، ئیللا خوای گەورە زانیاری هەیە، گەڵای ئەو دارە کەی پێ ئەگات و کەی زەرد ئەبێ و کەی هەڵئەوەرێ، هیچ تۆ و دانەوێڵەیەک نییە لە تاریکی و ناخی زەویدا، یاخود هیچ شتێکی تەڕ، یان وشك لەسەر زەویدا نییە، ئیللا خوای گەورە لە (لوح المحفوظ)دا باسی هەر هەمووی کردووە و زانیاری پێی هەیە}.

ڕاڤە کردن

زانستی خوا دەورەی هەموو شتێکی داوە و فرەوانە:

هەموو ئەو شتانەی لە بوونەوەردا هەن دروستکراوی خوان، هەروەها خوا زانایە و دەورەی دروستکراوەکانی داوە، هیچ شتێک لەو دروستکراوانە لە خوا ون نابێت؛ گەورە بێت یان بچووک بێت، زۆر بێت یا کەم بێت، خوا

دەفەرمووێ: {لَا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ}.[1]

واتە: بە دڵنیایی هیچ شتێک لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە، نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا، هەموو شتێک لای خوای گەورە ئاشکرایە .

هەروەها دەفەرمووێ: {يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ الرَّحِيمُ الْغَفُورُ}.[2]

واتە: خوای گەورە زانیاری هەیە بە ژمارەی هەموو ئەو دڵۆپە بارانانەی کە ئەچێتە ناو زەوییەوە، بە ژمارەی هەموو ئەو مردووانەی کە دەخرێنە ناو زەوییەوە، زانیاری هەیە بە ژمارە و چۆنیەتی و سیفاتی هەموو ئەو ڕووەک و دانەوێڵانەی کە لە زەوی دەرئەچن، زانیاری هەیە بە ژمارە و چۆنیەتی هەموو ئەو بەفر و باران و تەزرەیەی کە لە ئاسمانەوە دائەبەزن، ئەوەی کە بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاسمان لە فریشتەکان و کردەوەی بەندەکان، خوای گەورە زۆر بەسۆز و بەزەییە بە بەندەکانی و زۆر لێخۆشبووە بە تاوانەکانیان.

لەمەودواش قسە لەسەر گومڕایی هێندێک لە ئەهلی فەلسەفە و کەلام دەکەین، دەربارەی نەفی کردنی زانستی خوا بە جوزئییات.

***

[1]- [آل عمران: ٥].

[2]- [سبأ: ٢].

عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى، وَعَلَى الْمُلْكِ احْتَوَى.

بەرزبۆتەوە سەر عەرش، دەوری مولك و دەسەڵاتی گرتووە و هەمووی بۆ ئەوە.

راڤەکردن

❁ دووبارە گەڕانەوە بۆ قسەکردن لەسەر بەرزبوونەوەی خوا لەسەر عەڕش:

پێویستە ئەوە جێگیر بکرێت کە خوا بەرزبۆتەوە سەر عەڕشەکەی بە حەقیقی، بە دڵنیایی خوا لە کیتابەکەی خۆیدا باسی ئیستیوائی کردووە لە حەفت شوێندا، دەفەرمووێ: {الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى}.[1]

واتە: خوای گەورە بەرز و بڵند بووەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی، بەرزبوونەوەیەک کە شایەن و شیاو و گونجاو بێت بەگەورەیی خوای گەورە، لە بەرزبوونەوەی هیچ لە دروستکراوەکانی ناچێت و چۆنیەتیەکەشی خوای گەورە خۆی نەبێت کەس نایزانێت.

بێگومان فەرموودە و ئەسەرێکی زۆر هاتووە دەربارەی ئەوەی "خوا لەسەر عەڕشە".

١- [طه: ٥].

ئینجا ئیستیوائێک جێگیر دەکرێت کە شایستەی گەورەیی خوا بێت، بە پاکیش ڕادەگیرێت لەوەی شایستە بێت بە دروستکراو؛ چونکە ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾.[1] سەلەفیش لەسەر ئەمە بوون و بۆچوونیان جیاواز نەبوو لەسەری.

پێشەوا سوحنوون لەکات نەخۆشی سەرەمەرگیدا "ابن القصَّار"ی فێردەکرد کە: "بێگومان خوا بەرزبۆتەوە سەر عەرش".[2]

عەرەب وشەی عەرش بۆ تەختی پاشایەتی بەکاردێنن؛ هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: ﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ﴾.[3]

واتە: دایك و باوکی بردە سەر تەختی حوکمڕانی خۆی.

جێگیرکردنی ئەو دەربڕینە واتای جێگیرکردنی لێکچواندن نییە لەنێوانی تەختی بەدیهێنەر و تەختی دروستکراودا، هەروەها لێکچوون لەنێوانی بەرزبوونەوەشیاندا نییە، هاوشێوەبوون لە ناودا واتای هاوشێوەبوون لە حەقیقەت نییە.

---

[1]- [الشورى: ١١].

[2]- السير (١٢/ ٦٧).

[3]- [يوسف: ١٠٠].

❁ ئاگەداربوون لە تەشبیه و حوکمی ئاماژەکردن بەدەست لەکاتی باسکردنی سیفاتەکانی خوا:

پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس پێی پەسەند نەبووە کە هێندێک لە فەرموودەکانی سیفاتەکانی خوا بۆ خەڵکی عەوام باس بکرێت؛ ئەمەش تاوەکوو واتایەکی قەدەغەکراوی تەشبیه نەچێتە بیروهۆشییانەوە، هەروەکوو "یحیی بن مُزَیْن" و "ابن عبد البَرّ" فەرموویانە.

هەروەها پێشەوا مالیک توندبوو دەربارەی ئاماژەکردنی مرۆڤ بە دەستەکانی لەکاتی باسکردنی سیفاتەکانی خوا، بەشێوەیەک کە گومانی لێکچواندنی لێ بکرێت، مالیک فەرموویەتی: "هەرکەسێک باسی شتێک لە زاتی خوا بکات، وەکوو ئەو وتەیەی خوا: ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُاللَّهِ مَغْلُولَةٌ﴾.[1] لەو کاتەدا بە دەستی ئاماژە بۆ گەردەنی بکات، یان وەکوو ئەو وتەیەی خوا: ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾.[2] ئاماژە بۆ چاو و گوێی، یا شتێک لە لاشەی بکات، ئەوە دەبێت ئەو ئەندامەی لێ بکرێتەوە؛ چونکە خوای شوبهاندووە بە نەفسی خۆی".[3]

ئەو قسەیە لەلایەن مالیکەوە دەربارەی کەسێکە کە بە مەبەستی تەشبیه ئاوا بکات، یان ئاوای لێ بفامرێتەوە، بەڵام لەکاتی ئەمین بوون لەو بابەتە لەلای کەسێک کە بیروباوەڕەکەی ڕاست بێت و زمانی پارێزراو بێت بۆ

---

[1]- [المائدة: ٦٤].

[2]- [الشورى: ١١].

[3]- التمهيد (١٤٥/٧).

جێگیرکردنی حەقیقەتی سیفات نەک دیاریکرنی چۆنیەتی: ئەوە دروستە و لەو بوارەشەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە، ئەبوو هوڕەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرمووێ: "رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ -صلى الله عليه وسلم- يَقْرَأُ: {إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا}[1]، وَوَضَعَ إِبْهَامَهُ عَلَى أُذُنِه، وَسَبَّابَتَهُ عَلَى عَيْنِه".[2]

واتە: پێغەمبەری خوام بینی -صلی الله علیه وسلم- ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە: {بەڕاستی خوا فەرمانتان پێ دەکات بەدانەوەی گشت سپاردەکان، بۆ خاوەنەکانیان و کاتێك دادوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا، بە دادپەروەری حوکم بکەن، بەڕاستی خوا بە چاکی ئامۆژگاریتان دەکات، بەڕاستی خوا هەمیشە بیسەری بینایە}، لەو کاتەدا پەنجەی گەورەی خستە سەر گوێچکەی، پەنجەی شەهادەشی خستە سەرچاوی.

نەزانینی چۆنیەتی شتێک، بەدروستی نازانێت کە تەئویل بکرێت یا نکووڵی لێبکرێت؛ هەروەکوو ئیبن عەبدولبەڕ دەفەرمووێ: "بێگومان بە هەستەکانمان دەزانین کە ڕۆح لەناو لاشەکانماندایە و چۆنیەتییەکەشی نازانین، بەڵام نەبوونی زانیاریمان بە چۆنیەتی ڕۆحەکان، ئەوە ناخوازێت کە ئێمە ڕۆحمان نییە، بە هەمان شێوەش نەزانینمان بە چۆنیەتی بەرزبوونەوەی خوا لەسەر عەرشەکەی، ئەوە ناخوازێت کە لەسەر عەرش نییە".[3]

[1]- [النساء: ٥٨].

[2]- رواه أبو داود (٤٧٢٨).

[3]- التمهيد (٧/ ١٣٧).

کەواتە پێویستە ئیستیواء بە حەقیقی جێگیر بکرێت، چۆنیەتییەکەشی حەواڵەی خوا بکرێت؛ لەبەر ئەوەی خوا دەفەرمووێ: {لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ}[1]، پیاوێک بە پێشەوا مالیکی گوت: "ئەی باوکی عەبدوڵڵا! {الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى}[2]؛ چۆن ئیستیوائی کردووە؟ فەرمووی: ئیستیواء نەزانراو نییە[واتاکەی زانراوە]، چۆنیەتییەکەشی نەزانراوە، پرسیارکردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕپێهێنانیشی پێویستە، من وات دەبینم کە تۆ خاوەن بیدعە بیت؛ دەریکەنە دەرەوە لە مزگەوت".[3]

پێشەوا مالیک نەفی ناسینی چۆنیەتی کرد و تەفویزی کرد، بەڵام حەقیقەتەکەی تەفویز نەکرد؛ بۆیە فەرمووی: "ئیستیواء زانراوە، چۆنیەتییەکەی نەزانراوە"، چۆنیەتیش تەنها بۆ ئەو شتەیە کە حەقیقەتی هەبێت، ئەو شتەی حەقیقەتی نەبێت، پێویست بە تەفویزکردنی چۆنیەتییەکەی ناکات.

موعتەزیلەکان ئیستیوائیان نەفی کرد و بە "دەست بەسەرداگرتن" لێکیان دایەوە؛ ئەم لێکدانەوەیەش نە عەرەب دەیزانێت، نە لە زمانی ئەوانیش دروستە، هەروەکوو "الخليل بن أحمَد" فەرموویەتی.[4]

***

[1]- [الشورى: ١١].
[2]- [طه: ٥].
[3]- الرد على الجهمية للدارمي (١٠٤)، شرح أصول الاعتقاد (٦٦٤).
[4]- العرش وما روي فيه (ص ١٦٥ - ١٦٦).

وَلَهُ الْأَسْمَاءُ الحُسْنَى، وَالصِّفَاتُ الْعُلَا، لَمْ يَزَلْ بِجَمِيعِ صِفَاتِهِ وَأَسْمَائِهِ؛ تَعَالَى أَنْ تَكُونَ صِفَاتُهُ مَخْلُوقَةً، وَأَسْمَاؤُهُ مُحْدَثَةً.

ناوە هەرە جوانەکان و سیفاتە هەرە بەرزەکان هەر بۆ ئەوە، بەردەوام هەموو سیفات و ناوەکانی هەر هەبووە و هەر دەشیبێت، بەرز و بڵند و پاک و بێگەردە لەوەی سیفاتەکانی دروستکراو بێت، یان ناوەکانی نوێ و بەدیهاتوو بن.

راڤەکردن

ئەم وتەیەی ئیبن ئەبی زەید: "بەردەوام هەموو سیفات و ناوەکانی هەر هەبووە و هەر دەشیبێت"؛ واتە: خوای گەورە کامڵ و بێ کەموکوڕییە، زەمان نایگۆڕێت، پێویستی بەوە نییە کە زانست بەدەست بێنێت، هیچ شتێکیشی لێ کەم نییە؛ تاوەکوو تەواوی بکات، هیچ شتێکیشی لێ زیاد نییە؛ تاوەکوو کەمی بکات.

سەلەف ناو و سیفاتەکان بۆ خوا جێگیر دەکەن؛ بەو شێوەیەی خوا بۆ خۆی جێگیری کردووە و پێغەمبەرەکەشی -صلى الله عليه وسلم- بۆی جێگیر کردووە؛ بەبێ لێکچواندن و بەبێ هاوێنە بۆ دانان، بەبێ پەکخستن و بەبێ چۆنیەتی بۆ دانان و بەبێ تەئویلکردن، ئەوەی کە سەلەف لەسەرینە:

چەسپاندنی ئەوەی خوا بۆ خۆی جێگیری کردووە و ئەوەشی پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- بۆی جێگیر کردووە، هەروەها باوەڕهێنان بەوە و لەسەر حەقیقەت؛ بۆیە تەئویل ناکرێت، جێگیرکردنی حەقیقەت، واتای تەشبیە نییە؛ هەروەکوو جێگیر کردنی زاتی خوا بە حەقیقەت، وا ناخوازێت کە هاوشێوەیەکی بۆ جێگیر بکرێت، هەرکەسێکیش ئەمە بکاتە لازم، ئەوە پێویست دەکات کە نکووڵی لە حەقیقەتی زاتیش بکات؛ هەروەکوو چۆن نکووڵی لە حەقیقەتی سیفەتەکان دەکات؛ چونکە ئەو هۆکارەی نکووڵی کردنی هەردوو حەقیقەتەکە پێویست دەکات، یەک شتە.

❁ ئەوەی کە لە هاوەڵان و تابیعییەکانەوە هاتووە دەربارەی ناو و سیفاتەکان:

ئەسڵ[قاعیدە گشتییەکە] ئەوەیە: هیچ ناو و سیفەتێک بۆ خوا جێگیر نەکرێت، ئیللا ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا جێگیر بووە؛ چونکە بابەتە غەیبییەکان سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ زانستی خوا، جێی ئیجتیهاد و تێڕوانینی تێدا نابێتەوە؛ لەبەر ئەوەی خوا دەفەرمووێ ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾.(١) هیچ شتێک بە وێنەی خوا نییە؛ تاوەکوو قیاس بکرێتە سەر غەیری خۆی، یان غەیری خۆی قیاس بکرێتە سەری.

بەڵام ئەو ناو و سیفەتانەی کە هاوەڵان بۆ خوا جێگیری دەکەن؛ ئەوان بەبێ زانست قسە دەربارەی خوا ناکەن، بابەتەکانی بیروباوەڕیش جێگەی

١- [الشورى: ١١].

ناکۆکی نەبووە لەلای ئەوان؛ هەر بۆیەش دەربارەی ئەسماء و سیفات و تەوحیدی خوا ڕاجیایی لێیانەوە نەقڵ نەکراوە؛ بۆیە وتەی یەکێکیان لەو بوارەوە، بریتییە لە وتەی هەموویان، کەواتە هاوەڵان لەخۆیانەوە و بە عەقڵی خۆیان شتێک نادەنە پاڵ خوا، بەڵکوو ئەوەی کە دەیڵێن لە وەحیەوەیە، ئەمەش حاڵی زۆربەیانە، ئیللا ئەگەر یەکێکیان ناسراو بێت کە شتی لە بەنی ئیسرائیل وەردەگرت، ئەوە لە وەرگرتنی قسەکەیی و وەرنەگرتنی دەوەستین، بەڵام سەرزەنشتی ئەو کەسە ناکرێت کە وەکوو هاوەڵەکە ڕیواتەکە بگێڕێتەوە.

پێشەوا "الآجُرِّيّ" دەفەرمووێ: "أنَّ عمَلَ مذهب أهلِ الحقِّ والعلماء: أنَّهم يَصِفُون اللهَ بما وصَفَ به نَفْسَهُ -عز وجل-، وبما وصَفَهُ به رسولُهُ وبما وصَفَهُ به الصحابةُ -رضي الله عنهم-".[1]

واتە: مەزهەبی شوێنکەوتووانی حەق و زانایان ئەویە: وەسفی خوای گەورە دەکەن بەو شێوەیەی خۆی وەسفی خۆی پێکردووە، یا بەو شێوەیەی کە پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- وەسفی خوای کردووە، یان بەو شیوەیەی کە هاوەڵان وەسفیان کردووە.

ئەمەش لەبەر ئەوەی کە وتەی هاوەڵان دەربارەی ئەسماء و سیفاتەکان و ئەو شتانەشی کە دروست نییە قسەی تێدا بکرێت، ئیللا بە وەحی نەبێت، وەکوو ئەوە وایە کە قسەکەی خۆی دابێتە پاڵ پێغەمبەر و-صلى الله عليه وسلم- بۆلای ئەوی بەرزکردبێتەوە، ئەوەیً زیاتریش کە ئەم بابەتە پشتڕاست

[1]- الشريعة (٢/ ١٠٥١).

دەکاتەوە ئەوەیە: هاوەڵاکان لەو بوارانەدا جیاوازی و ناکۆکی لەنێوانیاندا ڕووی نەداوە، هەروەکوو لە بابەتە فەرعییەکان ڕوویدا، چونکە بابەتە فەرعییەکان جێگەی بۆچوون و ئیجتیهادە.

پێشەوا ئەحمەد و جگە لەویش، دەستگرتن بەوەی کە هاوەڵەکانی لەسەر بوون، بە یەکێک لە بنچینەکانی سوننەتیان دادەنا.[١]

بەڵام ئەو ڕیوایەتانەی کە لە تابیعییەکانەوە هاتووە دەربارەی سیفاتەکان؛ وەکوو سیفەتی "ئەژنۆ" کە موجاهید لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە دەیگێڕێتەوە[٢]، ئەگەر لە بابەتەکەدا فەرموودەیەکی پێغەمبەر، یان وتەیەکی هاوەڵان نەبێت، ئەوە ئەسڵ وایە کە تەوەققوفی تێدا دەکرێت و ناکرێتە بەڵگە.

پێشەوایانی وەکوو ئەحمەد و جگە لەویش، وتەی تابیعی ناکەنە بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە لە بابەتە فەرعی و ئەسڵییەکانیش، بەڵام وەردەگیرێ و دەکرێتە بەڵگە بۆ پاڵپشتی بنچینەیەک کە بە بەڵگەیەکی دیکە جێگیربووە.

١- شرح أصول الاعتقاد (٣١٧).
٢- السُّنَّة، لعبد الله (١٠٨٥ - ١٠٨٧ و ١١٦٢ و ١١٦٣ و ١١٦٥ و ١١٦٦ و ١١٨٠ - ١١٨٣).

❁ ناوەکانی خوا:

هەروەکوو

ناوە هەرە جوانەکان هەر بۆ خوان، هەورەکوو دەفەرمووێ: {وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا}.[1]

واتە: خوای گەورە ناوە هەرە جوانەکانی هەیە، تۆ بەو ناوە جوانانەوە لە خوا بپاڕێرەوە و بڵێ: یا رحمن، یا رحيم، یا کريم، یا عزيز، تەوەسوولی پێ بکەو بڵێ: خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت.

هیچ کەسێک نییە کە لە ناوەکانیدا لە خوا بچێت: {هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا}.[2]

واتە: ئایا ئەزانی خوای گەورە هاوشێوەیەکی هەبێ و کەسێک هەبێ وەکوو خوای گەورە بێت؟

هەموو ناوێکیش واتایەکی هەیە؛ کەواتە ناو و واتاکە هەردووکیان جێگیر دەکرێن؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی زانینی واتای ناوەکان و کارکردن بە داخوازییەکانی بەشێکە لە ژماردنیان، هەروەکوو پێغەمبەر-صلى الله عليه وسل-: دەفەرمووێ: «إِنَّ لله تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا؛ مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الجَنَّةَ».[3]

واتە: خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە، هەرکەسێک بیانژمێرێت؛ دەچێتە بەهەشتەوە.

---

[1]- [الأعراف: ١٨٠].

[2]- [مريم: ٦٥].

[3]- البخاري (٢٧٣٦)، ومسلم (٢٦٧٧) من حديث أبي هريرة.

ئینجا نابێت ناوەکانی خوا نەفی بکرێن؛ هەروەکوو جەهمییەکان وا دەڵێن، ناشبێت تەنها ناوەکان جێگیر بکرێن دوور لە واتاکانیان، هەروەکوو موعتەزیلەکان وا دەڵێن، بەڵکوو دەبێت ناوەکان و واتاکانیشیان جێگیر بکرێن.

❁ حەقیقەتی سیفاتەکان:

سیفاتەکان حەقیقەتێکی دیار و ئاشکرایان هەیە؛ کە بریتیین لە دوو جۆر:

جۆری یەکەم: حەقیقەتێکی ئاشکرا کە شایستەیە بە بەدیهێنەر، ئەمەش لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە سیفەتەکە دەدرێتە پاڵ خوای گەورە، ئەم جۆرە حەقیقەتەش پێویستە بۆ خوا جێگیر بکرێت.

جۆری دووەم: حەقیقەتێکی ئاشکرا کە شایستەیە بە دروستکراو، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە سیفەتەکە دەدرێتە پاڵ دروستکراو، ئەم جۆرە حەقیقەتەش بۆ سیفەتی دروستکراو جێگیر دەکرێت و پێویستە لە سیفەتی بەدیهێنەر نەفی بکرێت؛ لەبەر ئەوەی خوا دەفەرمووێ: {لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ}.[١]

ئینجا ئەو حەقیقەتەی کە شایستەیە بە دروستکراو، دەرناکەوێت لەکاتێک کە سیفەتێک دەدرێتە پاڵ خوا، ئیللا لەلای موعەتتیلەکان و موشبیهەکان نەبێت[واتە: ئەوانە پێیان وایە کاتێک سیفەتێک دەدرێتە پاڵ خوا، ئەوە تەشبیە کردنی خالیقە بە مەخلووق]؛ هەر ئەمەشە وای لێکردوون

١- [الشورى: ١١].

کەوا نەفی حەقیقەتی ئەو سیفەتە بکەن کە شایستەیە بە خوای گەورە و لەکاری بخەن.

سەلەف نەفی ئەوەیان دەکرد کە جێگیرکردنی حەقیقەتی سیفەتەکان لێکچواندنی لێ بفامرێتەوە؛ هەر بۆیەش "إسحاق بن راهویە" دەیفەرموو: "إنما يكونُ التشبيهُ إذا قال: يدٌ كيَدٍ أو مثلُ يد، أو سَمْعٌ كسَمْعٍ أو مثلُ سَمْع، فإذا قال: سَمْعٌ كسَمْعٍ أو مثلُ سَمْعٍ فهذا التشبيه، وأما إذا قالَ -كما قال الله تعالى-: يدٌ وسمعٌ وبَصَر، ولا يقولُ: كَيْف، ولا يقول: مِثل سَمْع، ولا: كسَمْع، فهذا لا يكونُ تشبيهًا".[1]

واتە: تەشبیە تەنها ئەوکاتە دەبێت، ئەگەر بڵێت: دەستی خوا وەکوو فڵانە دەستە، یان بیستنی خوا وەکوو فڵانە بیستنە، بۆیە ئەگەر گوتی: بیستنی خوا وەکوو فڵانە بیستنە، یان وەکوو بیستنی فڵانە کەسە؛ ئەوە تەشبیە و لێکچواندنە.

بەڵام ئەگەر ئاوای گوت کە خوا فەرموویەتی: دەست و بیستن و بینین[واتە: سیفەتەکە وەکوو خۆی جێگیر بکات]، نەڵێت چۆن، نەشڵێت بیستنەکە وەکوو فڵانە بیستنە، ئەوە نابێت تەشبیە.

لێرەدا ئیسحاق دەیەوێت؛ بەرپەرچی ئەو گومانە بداتەوە کە لە دەروونی هێندێک کەسدا دروست دەبێت؛ کە جێگیرکردنی حەقیقەتی سیفەتەکانی خوا، وا دەخوازێت کە تەشبیە بکریت.

[1]- الترمذي بعد حديث (٦٦٢).

❁ دانانی به جێگیرکردنی سیفەت، تەفویز پووچەڵ دەکاتەوە:

خوای گەورە شتێک لەکیتابەکەی دانابەزێنێت، مەبەستیشی ئەوە بێت کەوا خەڵکی تەنها پیتەکانی بخوێننەوە و هیچ شتێک لە واتاکانی تێنەگەن، ئینجا ئەوانەی کە دەڵێن سیفەتەکانی خوا دەبێت تەفویز بکرێت و واتاکانی نازانرێت، قسەکانیاین دژبەیەکە؛ لەبەر ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن سیفەت، پاشان واتاکەشی هەموو تەفویز دەکەن و حەقیقەتەکەشی نەفی دەکەن؛ چۆنیان زانی کە ئەوە سیفەتە؟!

خۆ حوکمدان لەسەر شتێک بەوەی سیفەتە، ئەوە جێگیرکردنی بڕێک لە واتاکەیەتی؛ چونکە دانەپاڵی شتێک بۆلای پەروەردگار، ئەمە بە تەنها بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ئەو شتە سیفەتی خوایە، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی دەدرێتە پاڵ خوا جاری وایە دانەپاڵی ڕێزلێنانە، جاری واشە دانەپاڵی سیفەتە، دیاریکردنی یەکێک لەو دوو دانەپاڵەش، دانانە بە واتا حەقیقییەکەی.

هێندێک لە زانا مەغریبییەکان کتێبییان داناوە دەربارەی جێگیرکردنی حەقیقەتی سیفەتەکان و وەڵامدانەوەی موتەکەللیمەکان و موعەتتیلەکان؛ وەکوو "سعيد بن الحدَّاد" لە کیتابی "الاستواء"دا دەڵێت: "مەبەستمان لە دانانی ئەو کیتابە، وەڵامدانەوەی ئەوانەیە کە نەفی سیفەتەکانی خوا دەکەن".[1]

[1]- نشرَ قطعةً من هذا الكتاب عبد المجيد حمدة، ضمن كتاب المدارس الكلامية بإفريقية (ص ٣٠٩).

زانا لێکۆڵەرەوەکانیشیان لەسەر ئەمە بوون، هەر ئەوەشە کە "أبو القاسم السُّهَيْلِيّ المغربيّ المالكيّ" لە کیتابەکەیدا "نتائج الفِكْر"دا جێگیری کردووە، لەکاتی قسەکردنی لەسەر سیفەتی "دەست"، کە نابێت بە "نیعمەت و قودرەت" لێکبدرێتەوە، بەڵکوو لەسەر حەقیقەتی خۆیەتی.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جێگیرکردنی حەقیقەتی سیفەتێک بۆ خوا، واتای ئەوە نییە کە ئەو سیفەتە بە حەقیقەتی سیفەتی دروستکراوەکان دەچێت؛ بەڵکوو هەریەکێکیان حەقیقەتێکی هەیە کە شایستە بەخۆیەتی خوای گەورەش ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَىْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾.[1]

موتەقەددیمینی ئەشعەرییەکان؛ وەکوو باقیللانی، "الوجه" و "اليَد"یان بە حەقیقی بۆ خوا جێگیر دەکرد، بەڵکوو باقیللانی لە کیتابی "التمهيد"دا نەفیکردنی ئەو سیفەتانەی بە یەکێک لە ڕیسوایی و گومڕایی و ناشیرینییەکانی مەزهەبی موعتەزیلە داناوە.[2]

***

مەزهەبی

[1]- [الشورى: ١١].

[2]- التمهيد (ص ٢٨٦ - ٢٨٧).

كَلَّمَ مُوسَى بِكَلَامِهِ الَّذِي هُوَ صِفَةُ ذَاتِهِ، لَا خَلْقٌ مِنْ خَلْقِهِ.

خوا بەوتەی خۆی قسەی لەگەڵ مووسادا کرد، ئەو وتەیەی کە بریتییە لە سیفەتێکی زاتی خۆی، نەک دروستکراوێک بێت لە دروستکراوەکانی.

راڤەکردن

❁ کەلامی خوا:

خوای گەورە قسە دەکات، کەی بیەوێت و بەو شێوەیەی بیەوێت، قورئانیش وتەی خوایە، وتەی خواش جودایە لە دروستکراوەکانی، وتەی خوا نابێتە دروستکراو؛ تەنها لەبەر ئەوەی بیستراو و خوێندراو و لەبەرکراو و نووسراو و بیرلێکراوە، بەڵکوو ئەوەی دروستکراوە ئامرازەکانن: کە بریتیین لە: گوێی مرۆڤ و زمانی و لێوەکانی و لیکاوی و زمانە بچکۆڵەیی و دڵی و عەقڵی، هەروەها کاخەز و مەرەکەب.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا﴾.[1]

واتە: خوای گەورە قسەی لەگەڵ مووسادا کردووە بە دڵنیایی و بە حەقیقەت.

[1]- [النساء: ١٦٤].

هەروەها دەفەرمووێ: {وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ}.[1]

واتە: پەروەردگار قسەی لەگەڵ مووسادا کرد بەبێ واسیتە، مووساش قسەی خوای گەورەی بیست.

لەو ئایاتەدا جەختی لە قسەکردن کردۆتەوە بە مەسدەری: "تكليمًا"؛ تاوەکوو بزاندرێت کە قسەیەکی حەقیقییە و بەبێ نێوەندیشە.

ئەو قسەیەش کە دەڵێت قورئان دروستکراوە، بیدعەیە، هیچ کەسێکی ناسراو بە چاکە نەیگوتووە، چجای ناسراو بە زانست لە سەدەی یەکەم.

❁ توندی پێشەوا مالیک و قوتابی و هاوەڵانی لەسەر ئەو قسەیەی کە دەڵێت قورئان دروستکراوە:

پێشەوا مالیک دەفەرمووێ: "القرآنُ كلامُ الله، وكلامُ اللهِ منه، وليس مِن اللهِ شيءٌ مخلوقٌ".[2]

واتە: قورئان قسەی خوایە، قسەی خواش بەشێکە لە خوا، هیچ شتێکی خواش دروستکراو نییە.

هەروەها ئەوانەی کە دەڵێن قسەی خوا دروستکراوە، وەسفی دەکردن بە زەندەقە، فەرمانیشی دەکرد بە کوشتنی.

[1]- [الأعراف: ١٤٣].

[2]- السُّنَّة لعبد الله (١٤٥)، و السُّنَّة. للخلال (١٩٩٩ و ٢٠٢١)، و الشريعة (١٦٥).

قورئان قسەی خوایە و دروستکراو نییە، ئەمە بریتییە لە یەکدەنگی سەدە پیرۆزاکە و ئەوانەشی شوێنیان کەوتن.

فیتنەی خەلقی قورئان گەیشتە هاوەڵانی مالیک لە مەدینە و ئیفریقیا، بەڵام دامەزراو بوون لەسەر ئەو حەقەی کە زانایان لەسەر بوون لە مەدینە و جگە لەویش؛ مووسای کوڕی حەسەن دەڵێت: "گوێم لە ئەبوو بەکری کوڕی ئەبوو ئوەیس و موتەرریفی کوڕی عەبدوڵلا بوو، لە مەدینە بانگکران بۆ فیتنەی خەلقی قورئان، جا کاتێک کیتابەکەیان بەسەردا خوێندرایەوە، ئەبوو بەکر گوتی: ئایا کافر ببم بە خوا دوای زیاتر لە نەوەد ساڵ، دوای دانیشتن لەگەڵ مالیک، زانایانێکیش کە لە مەدینە ئامادە بوون؟! ئیتر پێی گوترا: با ماڵەکەت ببێتە زیندانی تۆ."[1]

خوای گەورە لە قورئاندا لە پەنجا و چوار شوێن باسی قورئانی کردووە؛ کەچی لە هیچ یەکێک لەو شوێنانەدا ئاماژەی بە دروستکراوی قورئان نەکردووە، بەڵام لە هەژدە شوێن باسی مرۆڤی کردووە، بە ڕاشکاوی لە هەموو شوێنەکان ڕیگەیاندووە کە دروستکراوە، هەروەکوو ئیبن عەتییە باسی کردووە و فەرموویەتی: "ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان دروستکراو نییە".[2]

[1]- المحَن (ص ٣٤٩).
[2]- المحرر الوجيز (٥/ ٢٢٣).

❁ سەرهەڵدانی وتەی قورئان دروستکراوە لە مەغریب:

کاتێک وتەی قورئان دروستکراوە لە مەغریب سەریهەڵدا لەلایەن هێندێک لە ئەهلی کەلام، وەکوو "سُلَيْمان الفرَّاء" و "محمَّد بن الكَلَاعِيّ"یەوە، پێشەوایانی سوننەت وەڵامیان دانەوە و لەو بوارەش کتێبیان نووسی، "ابنُ الحدَّاد" و "إبراهيمُ الضَّبِّيّ" چەند کتێبێکیان لە وەڵامدانەوەی "وتەی قورئان دروستکراوە" نووسی.

ئەم فیتنەیەش لە مەغریب سەریهەڵنەدا، هەتا لە مەشریق سەریهەڵدا.

❁ بنچینەی فیتنەی کەلامی نەفسی:

وتەی قورئان دروستکراوە، بیروباوەڕی جەهمی و موعتەزیلەکانە، دوایی "ابنُ كُلَّاب" هات و "کەلامی نەفسی" بۆ خوا جێگیر کرد، ئینجا ئەشعەرییەکانیش لەگەڵ ئیبنو کوللاب و لەسەر ڕێچکەی ئەو ڕۆیشتن؛ کەلامیان بۆ خوا جێگیر کرد، مەبەستیشیان پێی: ئەو کەلامەیە کە لە نەفسی خوایە، نەک ئەوەی مرۆڤ بە بیستن و بینین و دڵ و عەقڵی خۆی هەستی پێ دەکات و مرۆڤیش بە دەنگ و زمانی بیگەیێنێت.

ئەو قسەیەش نەناسراو بووە و پێشی ئیبن کوللاب کەسی دیکە نەیگوتووە.

❁ پیت و دەنگ (الحَرْفُ والصَّوْت):

ئا لێرەوە قسەکردن لەسەر بابەتی "الحَرْفِ والصَّوْتِ" دەستیپێکرد، بێگومان خوا قسەی کردووە بە قسەیەک کە پیت و دەنگە؛ چونکە کەلام لە

زمانەوانی و لە بنچینەدا بەکار نایێت، ئیللا بۆ ئەوە نەبێت کە پیت و دەنگ بێت، خوای گەورە دەنگی بۆ خۆی جێگیر کردووە، فەرموویەتی: {هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ مُوسَى ۝١٥ إِذْ نَادَاهُ رَبُّهُ}.[١]

واتە: ئایا هەواڵ و بەسەرهاتی مووسا پێغەمبەرت بیستووە؟ کاتێک کە خوای گەورە بانگی لە مووسا کرد، لە کێوە پاک و پیرۆزەکەدا کە دۆڵێك بووە لە شاخی (سەیناء).

بانگکردنیش نابێت، ئیللا بە دەنگ نەبێت.

پێغەمبەریش-صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللهِ».[٢]

واتە: هەرکەسێک پیتێک لە کیتابی خوا بخوێنێتەوە.

هەروەها دەفەرمووێ: «يُنَادَى بِصَوْتٍ: إِنَّ اللهَ يَأْمُرُكَ أَنْ تُخْرِجَ مِنْ ذُرِّيَتِكَ بَعْثًا إِلَى النَّارِ».[٣]

واتە: لە ڕۆژی دواییدا بە دەنگ بانگ دەکرێت: [ئادەم] خوا فەرمانت پێ دەکات، کە نەوەکانت ئەوانەی ئەهلی ئاگرن، جیایان بکەوە.

لە سونەنیشدا هاتووە کە بانگکەرەکە خوایە.[٤]

[١]- [النازعات: ١٥ - ١٦].
[٢]- الترمذي (٢٩١٠) من حديث ابن مسعود.
[٣]- البخاري (٤٧٤١ و ٧٤٨٣) من حديث أبي سعيد.
[٤]- الترمذي (٣١٦٩).

هەروەها خوا بیستراوی بە کەلام و وەحی خۆی ناوبردووە، هەروەکوو دەفەرمووێ: {وَأَنَا اخْتَرْتُكَ فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَى}.[1]

واتە: من هەڵمبژاردوویت بۆ پێغەمبەرایەتی و پەیام، گوێ بگرە بۆ ئەو وەحییەی کە لەلایەن منەوە بۆت دێت و خۆتی بۆ ئامادە بکە و لێی تێبگە.

هەروەها دەفەرمووێ: {حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ}.[2]

واتە: تا کەلامی خوای گەورە ئەبیستێ، واتە: قورئانی پیرۆز.

بیستنیش لە زمانی عەرەبدا ئیللا بەهۆی دەنگەوە دەبێت.

سەلەف و هاوەڵەکان و تابیعیین و شوێنکەوتووەکانیان، ئەمەیان جێگیر کردووە، ئیبن مەسعوود فەرموویەتی: "إِذَا تَكَلَّمَ اللهُ بِالوَحْيِ، سَمِعَ صَوْتَهُ أَهْلُ السَّمَاءِ".[3]

واتە: کاتێک خوا قسە دەکات بە وەحی، دانیشتوانی ئاسمانەکان [فریشتەکان] گوێیان لە دەنگی دەبێت.

پێشەوایانیش ئەمە جێگیر دەگەن، وەکوو ئەحمەد و بوخاری، هێندێکیشیان کتێبیان لەو بوارەوە داناوە، وەکوو ئیبن مەندە و ئەبوو نەسری سەجزی و نەوەوی.

---

[1]- [طه: ١٣].

[2]- [التوبة: ٦].

[3]- السُّنَّة لعبد الله (٥٣٦)، و"الإبانة" لابن بطة (١٦/ الرد على الجهمية)، وعلقه البخاري (٩/ ١٤١) بنحوه.

پێشەوایان لەو بابەتەدا لەسەر موخالیف توونـد بوون، یەکدەنگی خەڵک و ژیرەکان لەسەر جێگیرکردنی دەنگ و پیت گێڕدراوەتەوە، ئەو وتەیەش کە نکووڵی لە پیت و دەنگ دەکات، پێشی "ابن كُلَّاب" و "القَلانِسيّ" و "الصالحيّ" و "الأشعريّ" نەناسراو بوو، تەنها لەلایەنی جەهمییەکان و موعتەزیلەکانەوە نەبێت، ئەوانەی نکووڵییان لە هەموو کەلامی خوا دەکرد.

پێشەوا ئەحمەد دەیفەرموو: "**إنَّ اللهَ تكَلَّمَ بالصَّوْتِ والحَرْفِ**".

واتە: بە دڵنیایی خوا بە دەنگ و پیت قسەی کردووە. هەروەها ئەو قسەیەشی پووچەڵ دەکردەوە کە دەڵێت "قورئان گێڕانەوەی کەلامی خوایە"، هەروەکوو "عبد الواحد بن الحارث التميمي" لێیەوە دەگێڕێتەوە.[1]

پێشەوا بوخاریش فەرموویەتی: "**صوتُ اللهِ لا يُشبهُ صوتَ الخَلْقِ؛ لأنَّ صوتَ اللهِ يُسمَعُ مِن بُعْدٍ، كما يُسمَعُ مِن قُرْبٍ**".[2]

واتە: دەنگی خوا بە دەنگی دروستکراوەکان ناچێت؛ چونکە دەنگی خوا هەروەکوو چۆن لە نزیکەوە دەبیسترێت، لە دووریشەوە دەبیسترێت.

دەنگی خوا بەربەستەکان نابنە ڕێگر لە بەردەمی، بۆ گەیاندنیشی پێویستی بە هەوا نییە، بەڵکوو خوا کێی بیەوێت گوێبیستی دەکات و کێیشی بیەوێت بێبەشی دەکات لێی.

پێشەوا ئەحمەد نکووڵیکردنی دەنگ و پیتی بە وتەی جەهمییەکان دادەنا؛ لەبەر ئەوەی سەردەکێشێ بۆ یەک بنچینە، ئەویش بریتییە لە

[1]- اعتقاد أحمد (ص ٣٣ و ٣٦).

[2]- خلق أفعال العباد (٢/ ٢٤٠).

تەعتیل.[1]

عەبدوڵڵا لە باوکییەوە کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە گواستویەتییەوە: "پسیاری لێکرا دەربارەی خەڵکانێک کە دەڵێن: کاتێک خوا قسەی لەگەڵ مووسادا کرد، بە دەنگ قسەی نەکرد، باوکم گوتی: بەڵکوو بە دەنگ قسەی کرد، ئەو فەرموودانە چۆن هاتووە ئاوا دەگێردرێتەوە".[2]

هەروەها عەبدوڵڵا و مەڕوەزی ئەوەیان لە ئەحمەد گێڕاوەتەوە کە ئەو کەسەی نکووڵی لە دەنگ بکات، وەسفی دەکات بە جەهمی.[3]

❁ هێندێک لە بەڵگەکانی ئەوانەی نکووڵی دەنگ و پیت دەکەن بۆ خوا:

گەورەترین شتێک کە وای لە ئەهلی کەلام کردووە نکووڵی لە دەنگ و پیت بکەن ئەوەیە: ئەوان هێندێک بنچینەی کەلامییان دانا بۆ دروستکراوەکان، ئینجا ویستیان بەسەر خوا و سیفاتەکانیشی جێبەجێی بکەن؛ بۆیە سیفاتەکانی خوایان پەکخست، دیارترین بەڵگەکانیشیان بریتییە لەوەی کە دەڵێن:

جێگیرکردنی پیت و دەنگ وای لێ دەخوازرێت کە گەروو و زمان جێگیر بکرێت، هەروەها پێوستیشی بە هەوا هەیە، ئەمەش خودی پێکچواندنە، کە لە ناخیاندا چەسپاوە؛ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جێگیرکردنی دەنگ و پیت، وا ناخوازێت کە دەبێت ئەو شتانە جێگیر بکرێت، چونکە خوا قسە و

[1]- السُّنَّة، لعبد الله (٥٣٤).
[2]- السُّنَّة (٥٣٣).
[3]- السُّنَّة، لعبد الله (٥٣٤)، و شرح العقيدة الأصفهانية (ص ٦٨).

دەربڕین و گوێبیستنی بۆ هێندێک لە دروستکراوەکان جێگیرکردووە، بەبێ ئەوەی پێویستیشیان بەو شتانە هەبێت، کە بێ گیانیشن، هەروەکوو خوا دەربارەی ئاسمانەکان و زەوی دەفەرمووێ: {قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ}.[1]

واتە: وتیان: ئەی پەروەردگار هەردووکمان ملکەچ و گوێڕایەڵین بۆ فەرمانی تۆ.

دەربارەی چیاکان دەفەرمووێ: {وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ}.[2]

واتە: کاتێک داوود -صلى الله عليه وسلم- زەبووری بخوێندبایە و تەسبیحات و زیکری خوای گەورەی بکردایە، ئەوەندە دەنگی خۆش بوو شاخەکان و باڵندەکانیش لەگەڵیدا زیکری خوای گەورەیان ئەکرد.

هەروەها دەربارەی ئەندامەکانی لاشە دەفەرمووێ، دەڵێن: {أَنْطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنْطَقَ كُلَّ شَيْءٍ}.[3]

واتە: ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی هێناوەتە قسە، ئێمەشی هێناوەتە قسەکردن.

ئەمە دەربارەی دروستکراوەکان ئاوایە؛ ئەی دەبێت بۆ خوای بەدیهێنەر چۆن بێت، کە هیچ شتێک وەکوو ئەو نییە؟!

[1]- [فصلت: ١١].
[2]- [الأنبياء: ٧٩].
[3]- [فصلت: ٢١].

❁ ئەوانەی دەربارەی دروستکراوی قورئان دەوەستن و هۆکاری توند بوون لەگەڵیان:

وەستان لە بابەتی قورئان دروست نییە، بە گومانی نێوەندگیری و خۆگرتنەوە لە وتەی قورئان دروستکراوە، یان دروستکراو نییە؛ چونکە ئەمە گومانە لە سیفەتەکانی خوا، ئەوانەی لە بابەتی قسەی خوا دەوەستن، پێیان دەوترێت: "واقیفییەکان"، چونکە نە حەقیان جێبەجێ کردووە، نە لە ناحەقیش بێ دەنگ بوون. پێشەوا ئەحمەد دەربارەی ئەو کەسەی قسەی واقیفییەکان بکات، فەرموویەتی: لە ئەهلی سوننە نییە: "لا يكون مِن أهلِ السُّنَّة، ولا كَرَامةَ!"[1]

هۆکاری توند بوونی پێشەوایانیش لەسەر واقیفییەکان ئەوەیە: ڕووکەشی حاڵیان وایە کە سووکترن لەوانەی دەڵێن قورئان دروستکراوە؛ چونکە ئەوەی دەوەستێت، کەسە لاوازەکانی شوێنکەوتووی حەق پێی هەڵدەخەڵەتێن؛ بەگومانی پارێزراوی و نێوەندگیری، کەواتە ئەو کەسە ئەهلی حەق دەردێنێت بەرەو ناڕەوا، ئەهلی بەتاڵیش دەردێنێت بەرەو بەتاڵێکی تر؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە "إسحاق بن راهويه" دەیفەرموو: "الواقفةُ شرٌّ عندي ممن يقول: القرآنُ مخلوق؛ لأنَّه يَقتدي به غيرُه".[2]

واتە: لەلای من واقیفییەکان خەراپترن لەوانەی دەڵێن: قورئان دروستکراوە؛ چونکە جگە لە خۆی چاوی لێ دەکات و شوێنی دەکەوێت.

[1]- مسائل حرب (١٨٠٤).

[2]- مسائل حرب (١٨٠١)؛ وعنه الخلال في "السُّنَّة" (١٨٠١).

وَتَجَلَّى لِلْجَبَلِ فَصَارَ دَكًّا مِنْ جَلَالِهِ.

خوای گەورە خۆی دەرخست بۆ شاخەکە، بەهۆیەوە شاخەکە ورد و تەختی زەوی بوو؛ لەبەر گەورەیی و شکۆی خوا.

راقە کردن

❁ سیفەتی خۆدەرخستنی خوا بۆ شاخەکە:

دەرکەوتنی خوا بۆ شاخەکە: حەقیقەتێکە بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە خوا، وەکوو دەرکەوتنی دروستکراوەکان نییە؛ خوا دەفەرمووێ: {**فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا**}.[1]

واتە: کاتێك کە پەروەردگار خۆی دەرخست بۆ شاخەکە، شاخەکە ورد و خاش بوو، بوو بە خۆڵ.

دەرکەوتن: سیفەتێکی فیعلیی خەبەرییە، بە واتای دەرکەوتن و ئاشکرابوون دێت.[2]

زمانی عەرەبی وا دەخوازێت کە ماناکەی ئاوا لێکبدرێتەوە؛ چونکە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە.

١- [الأعراف: ١٤٣].
٢- معاني القرآن، للزجاج (٢/ ٣٧٣).

دەرکەوتنی خوا بە حەقیقی جێگیر بووە لە فەرموودەی ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت-، لە مووسنەدی ئەحمەددا هاتووە.[1]

سەلەف و ئەهلی سوننە ئەو واتایەیان جێگیرکردووە و زۆریش لەخۆیان ناکەن؛ تاوەکوو تەئویلی بکەن بۆ واتایەکی دیکە.

پێشەوا "ابنُ عبد البرِّ" دەفەرمووێ: "فەرموودەی پێغەمبەری خوا -صلی الله علیه وسلم- کە دەفەرمووێ: «يَنْزِلُ رَبُّنَا إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا»، لەلای ئەهلی سوننە وەکوو ئەو وتەیەی خوایە: {فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ}.[2] هەروەها وەکوو ئەو وتەیەشە: {وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا}.[3]

هەموویان دەڵێن: دادەبەزێت، دەردەکەوێت، دێت، بەبێ دیاریکردنی چۆنییەتی، ناڵێن: چۆن دێت؟ چۆن دەردەکەوێت؟ چۆن دادەبەزێت؟ هەروەها ناڵێن: لەکوێ هات؟ لەکوێ دەرکەوت؟ لەکوێ دابەزی؟ چونکە خوا وەکوو هیچ شتێک لە دروستکراوەکانی نییە... لەم وتەیەی خوای گەورەدا: {فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ}، بەڵگەیەکی ئاشکرا هەیە کە پێشتر خوا خۆی دەرنەخستبوو بۆ شاخەکە، ئەمەش فەرموودەی دابەزین لێک دەداتەوە...".[4]

---

[1]- (٣/ ١٢٥ و ٢٠٩ رقم ١٢٢٦٠ و ١٣١٧٨).

[2]- [الأعراف: ١٤٣].

[3]- [الفجر: ٢٢].

[4]- التمهيد (٧/ ١٥٣).

❀ سیفەتی دابەزینی خوای بەرز و بڵند:

دابەزین جێگیر دەکرێت؛ هەروەکوو لەفەرموودەدا هاتووە، لەسەر حەقیقەتی خۆی بەبێ مانا گۆڕین و بەبێ پێکچواندن، بەبێ دیاریکردنی چۆنیەتی و بەبێ پەکخستن.

❀ [بابەتی جووڵە(الحركة) و جێگۆڕکێ(الإنتقال)]:

جووڵە و جێگۆڕکێ دەقی دەربارە نەهاتووە؛ بۆیە وازی لێ دەهێنرێت، نە جێگیر دەکرێت و نە نەفیش دەکرێت؛ لەبەر وەستان لەسەر دەق، هەروەکوو پێشەوا ئەحمەد فەرمانی بەمە دەکرد، عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد دەڵێت: "من و باوکم لە مزگەوت بووین، باوکم گوێی لە وتاربێژێکی چیرۆکخوان بوو کە باسی فەرموودەی دابەزینی دەکرد؛ گوتی: "کاتێک شەوی پازدەی شەعبان هات، خوا دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا، بەبێ لاچوون و بەبێ جێگۆڕکێ و بەبێ گۆڕانی حاڵ"؛ باوکم ڕاچڵەکی و ڕەنگی زەردبوو و دەستی گرتم، منیش گرتم تاوەکوو ئارام بووەوە، پاشان فەرمووی: هەستە با بڕۆین لەلای ئەو درۆزنە، جا کاتێک گەیشتە بەرانبەری، گوتی: ئەی ئەوە: پێغەمبەری خوا لە تۆ بەغیرەتتربوو لەسەر پەروەردگارت؛ ئەوە بڵێ کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی -صلى الله عليه وسلم-. ئینجا ڕۆیشت".[1]

بەڵام هێندێک لە پێشەوایان: جووڵە و جێگۆڕکێ جێگیر دەکەن؛ وەکوو "حَرْب الكِرْماني" و "عُثْمان الدارمي".[2]

---

[1]- الاقتصاد في الاعتقاد (ص ١١٠).

[2]- مسائل حرب (١٥٦٠/ ٢٦)، النقض (١/ ٢١٥ و ٣٥٥ – ٣٥٦).

هێندێکیشیان نەفی دەکەن؛ وەکوو "أبو الحسَن التميميّ" و "أبو محمَّد مَكيِّ بنِ أبي طالب" و "ابنُ عبد البرِّ".[1]

کۆمەڵێکی دیکەش: واتاکە جێگیر دەکەن، بەڵام لە دەربڕینەکە دەوەستن؛ لەبەر ئەوەی دەقی لەسەر نەهاتووە.

بەڵام، خۆگرتنەوە لە زیادە لەسەر دەق باشترە، هەروەکوو ئەحمەد کردی، ئەمەش پێچەوانەی جێگیرکردنی حەقیقەتی دابەزین و دەرکەوتن بۆ خوا نییە، بەبێ ماناگۆڕین و پێکچواندن و دیاریکردنی چۆنیەتی.

پێشەوایان دابەزینیان بەحەقیقی جێگیر دەکرد و باسی پووچەڵیەتی تەئویلکردنی سیفەتەکەشیان دەکرد؛ هەروەکوو "عبدُ القادر الجيلانيّ" کاتێک دابەزینی حەقیقی جێگیر دەکات، دەفەرمووێ: "نەک بەواتای دابەزینی ڕەحمەت و پاداشتی خوا، وەکوو موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان بانگەشەی دەکەن".[2]

***

---

[1]- مجموع الفتاوي (٥/ ٤٠٢)، الهداية (١/ ٢٠٩ و ٦٩٠)، و (١٢/ ٧٦٧٧ – ٧٦٧٨)، التمهيد (٧/ ١٣٦ - ١٣٧).

[2]- أصول الدين (ص ١٢١).

وَأَنَّ الْقُرْآنَ كَلَامُ اللهِ، لَيْسَ بِمَخْلُوقٍ فَيَبِيدْ، وَلَا صِفَةٍ لِمَخْلُوقٍ فَيَنْفَدْ.

بێگومان قورئان وتەی خوایە، دروستکراو نییە؛ تاوەکوو لەناوبچێت، سیفەتی دروستکراوەکانیش نییە؛ تاوەکوو نەمێنێت.

راقەکردن

❀ قورئان قسەی خوایە، دروستکراو نییە:

پێشەوا ئیبن ئەبی زەید دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە: کە مەبەست بە قسەی خوا: بریتییە لەوەی لەبەر دەستمانە لە بیستراو و خوێندراو و نووسراو و لەبەرکراو، نەک کورتهەڵهێنانی لەوەی کە لە نەفسی خوادایە؛ چونکە ئەو کورتهەڵهێنانە شتێکی ناسراو نەبووە لە وتەی سەلەف.

ئەو وتەیەشی لە وتەیەکی پێشەوا مالیک وەرگرتووە؛ هەروەکوو لە کیتابی "الجامع"دا لێیەوە نەقڵ دەکات، کە فەرموویەتی: **"الْقُرْآنُ كَلَامُ اللهِ، وَكَلَامُهُ لا يَبِيدُ وَلَا يَنْفَدُ، وَلَيْسَ بِمَخْلُوقٍ".**[1]

چونکە خوا هەردەمێنێت، کەواتە قسەکەشی هەر دەمێنێت، خۆی دروستکراو نییە، تاوەکوو قسەکەی دروستکراو بێت، حوکمی سیفەتیش

[1]- الجامع (ص ١٢٣).

حوکمی زاتی هەیە، هەرکەسێک بڵێت سیفەتەکە دروستکراوە، دەبێت بشڵێت زاتەکەش دروستکراوە، خوای گەورەش لەوە بەرزتر و گەورەترە.

سەلەف دەزانن: قسەی خوا بریتییە لەو قسەیەی کە لێیەوە دەرچووە، بیستراو و خوێندراو و نووسراو و لەبەرکراو، [هەموو ئەمانە قسەی خوان]، نەک کەلامێکی نەفسی لە زاتدا، هەروەکوو هێندێک لە ئەهلی کەلام وا دەڵێن؛ هەر بۆیە عەمری کوڕی دینار ئەوەمان بۆ نەقڵ دەکات کە هاوەڵان لەسەری بوونە، ئەویش بریتییە لە: "أَنَّ اللهَ الخالِقُ، وما سواهُ مخلوقٌ؛ إلا القرآنَ؛ فإنَّه كلامُ الله، منه خرَجَ، وإليه يَعُودُ".(١)

واتە: بێگومان خوا بەدیهێنەرە و جگە لەویش دروستکراوە، تەنها قورئان نەبێت؛ چونکە قورئان قسەی خوایە، لەوەوە دەرچووە و بۆ لای ئەویش دەگەڕێتەوە.

ئیبنو عویەینەش دەفەرمووێ: "القرآنُ خرَجَ مِن الله".(٢)

واتە: قورئان لە خواوە دەرچووە.

بیستراویەتی و خویندراویەتی قورئان؛ واتای ئەوە نییە کە لە خواوە نەبێت، یان جودا بێت لە خوا؛ هەروەکوو پێشەوا ئەحمەد دەفەرمووێ: "كلامُ اللهِ منه، وليس بائِنٍ منه، وليس منه شيءٌ مخلوقٌ".(٣)

---

(١)- الرد على الجهمية، للدارمي (٣٤٤)، ومسائل حرب (١٨٢١).
(٢)- السُّنَّة، للخلال (١٩١٣).
(٣)- شرح أصول الاعتقاد (٣١٧).

واتە: قسەی خوا لە خواوەیە و لێی جودا نییە، هیچ شتێکیشی دروستکراو نییە.

هەروەها "بشْرُ بن الحارث الحافي" دەفەرمووێ: "نَشهَدُ أنَّ اللهَ يقولُ ويخلُقُ، وقولُهُ قولٌ، وخَلْقُهُ خَلْقٌ، وقولُهُ بائِنٌ مِن خَلْقِه، وخَلْقُهُ بائِنٌ مِن قَوْلِه".[1]

واتە: شایەتی دەدەین کە خوا وتە دەفەرمووێ و شتیش دروست دەکات، وتەکەی وتەیە و دروستکراوەکەشی دروستکراوە، وتەکەی جودایە لە دروستکراوەکەی، دروستکراوەکەشی جودایە لە وتەکەی.

***

[1]- العرش (٢١٦)، و العلو (٤٦٥)، و الأربعين في صفات رب العالمين (١٦).

وَالْإِيمَانُ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ، حُلْوِهِ وَمُرِّهِ، وَكُلُّ ذَلِكَ قَدْ قَدَّرَهُ اللهُ رَبُّنَا، وَمَقَادِيرُ الْأُمُورِ بِيَدِهِ، وَمَصْدَرُهَا عَنْ قَضَائِهِ.

باوەڕبوون بە قەدەر [واجیبە] باش و خەراپی، شیرین و تاڵی، هەموو ئەمانە خوای پەروەردگارمان بڕیاری لەسەر داوە و ئەندازەی بۆ داناوە، ئەندازە دانان بۆ کاروبارەکان هەمووی بە دەست ئەوە، سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی ئەو.

راڤەکردن

❁ باوەڕهێنان بە قەدەر:

باوەڕبوون بە قەدەر باش و خەراپی واجیبە؛ خوا دەفەرمووێ: ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا﴾.[1]

واتە: هەموو شتێکی دروستکردووە لەم بوونەوەرە، بە حیکمەتی خۆشی تەقدیری هەموو شتێکی کردووە و ئەندازەی بۆ داناوە و کاتی بۆ دیاری کردووە.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾.[1]

[1]- [الفرقان: ٢].

واتە: ئێمە هەموو شتێکمان بە قەدەر دروستکردووە و هەموو شتێک بڕاوەتەوە و بڕیارمان لەسەر داوە.

کاتێکیش پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرا دەربارەی ئیمان، فەرمووی: «الإِيمَانُ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلَائِكَتِهِ وكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ، وَبِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ».[٢]

واتە: باوەڕ ئەوەیە: باوەڕبێنی بە خوا و فریشتەکانی و پەرتووکەکانی و نێردراوەکانی و ڕۆژی دوایی و قەدەر باشی وخەراپی.

هەروەها فەرموویەتی: «كُلُّ شَيْءٍ بِقَدَرٍ حَتَّى الْعَجْزُ وَالْكَيْسُ».[٣]

واتە: هەموو شتێک بە قەدەرە؛ هەتا بێهێزی و ژیریش.

سەلەف و ئەهلی سوننە جیاوازییان لەمەدا نییە؛ هەروەکوو ئیبن عەبدولبەڕ و جگە لەویش وا دەڵێن.[٤]

ئیبن عەبباسیش قەدەری ناو دەبرد بە: "نظامَ التوحيدِ".[٥]

واتە: قەدەر: بنچینە و ڕێکخەر و یاسای یەکخواپەرستییە.

١- [القمر: ٤٩].

٢- مسلم (٨) من حديث عمر.

٣- مسلم (٢٦٥٥) من حديث ابن عمر.

٤- الاستذكار (١٨/ ٢١٠ و ٢٦/ ٩٥)، وشرح النووي (١/ ١٥٥ و ١٦/ ١٩٥ - ١٩٦)، وفتح الباري (١١/ ٤٧٨).

٥- القدر، للفريابي (٢٠٥)، وشرح أصول الاعتقاد (١٢٢٤).

فیترەتی مرۆڤ باوەڕی بە قەدەر هەیە؛ چونکە لە کامڵیەتی بەدیهێنەر، کامڵیەتی زانستییەتی، هەرکەسێکیش زانستەکەی کامڵ بێت، ئەوە ئەندازەدانان و بەڕێوەبردنیشی بۆ کاروباری دروستکراوەکانی کامڵ دەبێت.

هەتا عەرەبەکانیش لە سەردەمی نەزانیندا باوەڕیان بە قەدەر دەهێنا و بەدرۆیان نەدەزانی؛ "هانئ بن مسعود الشَّيْباني" لە سەردەمی نەزانیندا کاتێک وتاری دەدا لە ڕۆژی "ذي قار"دا، دەیگوت: "إِنَّ الحَذَرْ، لَا يُنْجِي مِن القَدَرْ".[1]

واتە: بە دڵنیایی وریابوون، ڕزگارت ناکات لە قەدەر.

هێندێک لە پێشەوایان وەکوو ئەحمەد و جگە لەویش، قەدەریان ناودەنا بە "قُدْرَةَ اللهِ" توانا و هێزی خوا.[2]

پێشەوا مالیک توند بوو لەسەر ئەوانەی نکووڵییان لە قەدەر دەکرد، پێی وابوو کە دەبێت داوای تەوبەیان لێ بکرێت: جا ئەگەر تەوبەیان کرد، باشە، ئەگەرنا دەکوژرێن، هەروەها پێی وابوو کە نوێژیان لە دواوە ناکرێت و ژنیشیان لێ مارە ناکرێت، ئەو ئایەتەشی دەکردە بەڵگە: ﴿وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكٍ﴾.[3]

[1]- أمالي القالي (١/ ١٦٩).
[2]- السنة، للخلال (٩٠٤).
[3]- [البقرة: ٢٢١].

واته: کچە باوەڕدارەکە بدەن بە کۆیلەیەکی ئیماندار؛ ئەوە باشترە لەوەی بیدەن بە موشریکێک، کە ئازادبێ و دەوڵەمەند بێ و سەروەت و سامانی هەبێ.

❁ تەقدیرکردنی چاکە و خەراپە:

هەموو شتێک بە تەقدیری خوایە؛ جا باش بێت یان خەراپ، هەروەکوو لە فەرموودەی جیبریلدا هاتووە کە فەرمووی: «وَتُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ». هەروەها لە فەرمەدەیەکی دیکەشدا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرمووێ: «لَا يُؤْمِنُ عَبْدٌ حَتَّى يُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ».[1]

واته: هیچ بەندەیەک باوەڕ ناهێنێت، تاوەکوو باوەڕ بە قەدەر دێنێت بە باش و بە خەراپییەوە.

خوای گەورە خەراپەی تەواو بۆ بەندەکانی بڕیار نادات، هەروەکوو خراپەیەکی تەواو، یان باشتر لە چاکە، یا وەکوو چاکە دروست ناکات، ئیللا سەرەنجام و لە گشتیەتییەکەیدا سەردەکێشی بۆ چاکە، جاری وایە بەندەکان ڕووێک لە ڕووەکانی تەقدیری خوا دەبینن، بۆیە خەراپەیەکی تەواو، یان باشتر لە چاکە، یا وەکوو چاکە دەبینن، بەڵام هێندێک شتیان لێ شاراوەیە، کە ئەگەر بیبینن، دەیانزانی دروستکراو و تەقدیر و داناییەکەی خوا چەندە گەورەیە.

---

[1]- الترمذي (٢١٤٤).

❁ خەراپە نادرێتە پاڵ خوا:

لە جوانی ئەدەب نییە، کەوا بەشێوەی تایبەت شەڕ و خەراپە بدرێتە پاڵ خوا؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «وَالخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ، وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ».[1]

واتە: چاکە هەمووی بەدەستی تۆیە، خەراپەش نادرێتە پاڵ تۆ.

بەشێک لە ئەدەبی ئیبراهیمی خەلیل لەگەڵ پەروەردگاری: ئەوەبوو کە فەرمووی: {وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ}.[2]

واتە: کاتێ نەخۆش بکەوم، هەر ئەو شیفام دەدات و چاکم دەکاتەوە.

نەخۆشییەکەی دایە پاڵە خۆی، بەڵام چاکبوونەوەکەی دا پاڵ خوا، لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێک لە خواوەیە.

ئەو گومانەی وای لە فەیلەسووفەکانی پێشوو کرد کە نکووڵی لە زانستی خوا بە دروستکراوەکانی بکەن، بریتیی بوو لە بوونی خەراپە لەناو بوونەوەردا. بێگومان هێندێک لە فەیلەسووفەکان و ئەهلی کەلام لەوە ڕایانکرد کە تەقدیری خەراپە بدەنە پاڵ خوا و ویستییان خوا بەپاک ڕابگرن، بەڵام کەوتنە ناو شتێکی گەورەتر لەوە، کە بریتییە لەوەی: بەڕێوەبەر و بەدیهێنەرێکی دیکەیان لەو بوونەوەرە دانا جگە لە خوا، بەشێوەیەک لە جیهاندا شتێک ڕوودەدات کە خوا ویستی لەسەر نییە؛ بۆیە سەرپێچی

---

[1]- مسلم (٧٧١) من حديث علي بن أبي طالب.

[2]- [الشعراء: ٨٠].

دەکرێت لەکاتێکدا لە قەدەردا ویستی لەسەر نییە، بەرز و بڵندی بۆ خوا لەو بۆچوونە.

عەرەب نکووڵیکردنی قەدەری نەدەزانی، هەتا زانستەکانی فەلسەفە و کەلامی یۆنانی و فارسی و هیندی هاتە ناویان، بۆیە نکووڵیکردن لە قەدەر لە عیراق و شام سەریهەڵدا پێش شوێنەکانی دیکە.

یەکەم کەسێک کە نکووڵی کردنی لە قەدەر ئاشکرا کرد: (مەعبەدی جوهەنی) بوو، ئەویش لە کەسێکی نەسرانی وەریگرتبوو، کە پێی دەگوترا: (سەوسەن).[1]

هەرکەسێکیش قەدەر بەدرۆ بزانێت، ئەوە ناچار دەبێت کە هێندێک شتی گەورە لابدات کە بە نەمانیان ئیمان دروست نابێت؛ کەواتە کەسێک کە نکووڵی لە قەدەردا بکات، پشت بەستنی بە خوا و ئومێد پێ هەبوونی و پاڕانەوە لێی و ڕازی بوون بەو تاقیکردنەوانەی بۆی دادەبەزێنێت، دروست نابێت؛ چونکە چۆن داوا لە کەسێک دەکرێت کە نەتوانێت شت ببەخشێت و هەڵببژێرێت لە بوونەوەردا؟! چۆن پشتی پێ دەبەسترێت و ئومێد پێی دەبێت و ڕازی بوون بە قەدەری دەبێت، لەکاتێکدا ئەو تەقدیری نەکردووە؟!

---

[1] - القدر للفريابي (٣٤٨)، وشرح أصول الاعتقاد (١٣٩٨).

❁ مشتومڕ کردن دەربارەی قەدەر:

قەدەر: یەکێکە لەو نهێنییانەی خوا کە قسەکردن لەسەری و ڕۆچوون تێیدا دروست نییە، بەبێ ئەوەی کە لە شەرعدا هاتووە؛ کەواتە عەقڵ بواری ئەوەی نییە کە بگاتە کۆتایی و سەرەنجامەکەی، عەقڵەکان دەبێت تەنها لەو شتانە بکۆڵنەوە کە لەڕووی عەقڵییەوە دەتوانرێت بزانرێت، نەوەک ئەو شتانەی کە بۆ عەقڵ ئەستەمە، چونکە لێکۆڵینەوە لەو شتانەی کە ئەستەمن کاری ئەو نییە؛ چونکە خوا نەهی کردووە لە ڕۆچوون لە هەر شتێک کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ زانینی، وەکوو دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾.[1]

واتە: لە شتێکیشدا کە زانیاریت نەبوو قسەی تیا مەکە و بەدویدا مەچوو، بەتایبەتی لە ئاییندا.

نەهی کردنیش لە لێکۆڵینەوە لە شتە نادیارەکانی قەدەر، تەنها لەبەر بێتوانایی عەقڵە لە پەی پێبردنی و شارەزابوونی، نەک لەبەر ئەوەی لە زاتی خۆیدا نازاندرێت؛ چونکە خوا دەیزانێت، لەبەر ئەوەی خۆی تەقدیری کردووە، هەروەها بە تواناشە کە وا بکات لەناو دروستکراوەکانیدا کەسانێک بیزانن، بەڵام ئەو بابەتەی لە ئایینەکەیدا کردۆتە نهێنییەک کە دەبێت باوەڕمان پێی هەبێت و لێی نەکۆڵینەوە.

بۆیە لە قورئان و سوننەتدا تەنها ئەوەندە هاتووە کە باوەڕمان بە قەدەر هەبێت، ئەوەی دیکە دەبێت زمانی لێ بگرینەوە.

---

[1]- [الإسراء: ٣٦].

جارێک پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- چووە لای هاوەڵەکانی لەکاتێکدا ئەوان خەریکی ناکۆکی بوون دەربارەی قەدەر، پێغەمبەریش دەموچاوە سووربووەوە و فەرمووی: «أَبِهَذَا أُمِرْتُمْ؟! أَمْ بِهَذَا أُرْسِلْتُ إِلَيْكُمْ؟! إِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ حِينَ تَنَازَعُوا فِي هَذَا الأَمْرِ».[1]

واتە: ئائا فەرمانم بەوە پێ کردوون؟! یان بەوە نێردراوم بۆ لاتان؟! ئەوانەی پێشی ئێوە تەنها ئەوکاتە لەناوچوون کە ناکۆکبوون دەربارەی قەدەر.

لە ئیبن مەسعوودیشەوە دەگێڕدرێتەوە: "إِذَا ذُكِرَ القَدَرُ، فَأَمْسِكُوا".[2]

واتە: ئەگەر باسی قەدەر کرا[واتە: بە نەزانی و بەشێوەیەکی خراپ]، ئەوا بێدەنگ بن.

❁ کردەوەی بەندەکان و دروستکردنیان:

کردەوەی بەندەکانیش وەکوو خودی خۆیان دروستکراوە، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ}.[3]

واتە: خوای گەورە ئێوە و کردەوەکانیشی دروست کردوون، لەبەر ئەوەی هەر خوای گەورە دروستکارە.

---

[1]- الترمذي (٢١٣٣) من حديث أبي هريرة.

[2]- الطبراني في "الكبير" (١٠/ ١٩٨ رقم ١٠٤٤٨) من حديث ابن مسعود؛ مرفوعًا.

[3]- [الصافات: ٩٦].

بەڵام خودی خۆیان، بەبێ هەڵبژاردنی خۆیان دروستکراوە، هەرچی کردەوەکانیانە، ئەوە بە هەڵنژاردنی خۆیان دروست کراوە، قورئانیش پڕە لە بەڵگە لەسەر ئەو بابەتە، ئەو ئایەتانەش کە بەڵگەن لەسەر دروستبوونی کردەوەی بەندەکان، قورسترین ئایەتن لەسەر موعتەزیلەکان.

پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «إِنَّ اللهَ خَلَقَ كُلَّ صَانِعٍ وَصَنْعَتَهُ».[1]

واتە: بە دڵنیایی خوا هەموو کارکەرێک و کارەکەشی دروست کردووە.

حوزەیفەش دەفەرمووێ: "إِنَّ الله خَلَقَ صَانِعَ الْخَزَمِ وَصَنْعَتَهُ".[2]

واتە: بێگومان خوا بەدیهێنەری خاوەنی پیشە و پیشەکەشیەتی.

***

[1]- خلق أفعال العباد (١٢٤)، والسُّنَّة، لابن أبي عاصم (٣٥٧ و ٣٥٨) من حديث حذيفة: مرفوعًا.
[2]- خلق أفعال العباد (١٢٥).

عَلِمَ كُلَّ شَيْءٍ قَبْلَ كَوْنِهِ؛ فَجَرَى عَلَى قَدَرِهِ، لَا يَكُونُ مِنْ عِبَادِهِ قَوْلٌ وَلَا عَمَلٌ إِلَّا وَقَدْ قَضَاهُ، وَسَبَقَ عِلْمُهُ بِهِ؛ {أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} [الملك: ١٤].

خوای زانا هەموو شتێکی زانیوە و دەزانێت پێش ئەوەی ڕووبدات، بۆیە بەگوێرەی قەدەری خوا ڕوویداوە، هیچ وتە و کردەوەیەکیش نییە کە بەندەکان ئەنجامی بدەن، ئیللا خوا بڕیاری لەسەر داوە و پێشتر زانیاری دەربارەی هەبووە؛ {ئایا خوایەک کە خۆی دروستکراوەکانی دروستکردووە ئاگای لە خۆیان و نهێنییەکانیان و دڵیان نییە؟ هەر خوای گەورە زۆر بەبەزەییە و زانیارییەکی زۆر وردی هەیە و هیچ شتێک لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە}.

ڕاڤەکردن

❁ خوا زانیاری دەربارەی هەموو شتێک هەیە:

هەرچی لەو بوونەوەرەدا هەیە دروستکراوی خوایە، هەر خۆشی زانایە پێیان، هیچ شتێک لەوانەی لێ ون نابێت؛ بچووک بێت یا گەورە، زۆر بێت یان کەم، شتە گشتییەکان هەرچەندە زۆربن، جوزئییاتەکانیش هەرچەندە

ورد بن، گەردیلە دەبینێت، هەروەکوو مەجەڕڕە دەبینێت، زانستی خوا لە ڕووناکییدا زیاد نابێت و لە تاریکیشدا کەم نابێت، ئەوەی ڕوویداوە و ئەوەشی ڕوو دەدات، ئەوەشی ڕووی نەدا، ئەگەر ڕووی دابا چۆن دەبوو، هەموو ئەوانە دەزانێت.

خوا دەفەرمووێ: {وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ}.[1]

واتە: کلیلەکانی غەیب تەنها لای خوای گەورەیە و هیچ کەسێك غەیب و نهێنی نازانێ، تەنها خوای گەورە خۆی نەبێ، هەرچی لە وشکانی و دەریادا هەیە، خوای گەورە زانیاری بەهەمووی هەیە، گەڵای هیچ دارێك هەڵناوەرێ و بەرنابێتەوە ئیللا خوای گەورە زانیاری لایە گەڵای ئەو دارە کەی پێ ئەگات و کەی زەرد ئەبێ و کەی هەڵئەوەرێ، هیچ تۆ و دانەوێڵەیەك نییە لە تاریکی و ناخی زەویدا، یاخود هیچ شتێکی تەڕ یان وشك لەسەر زەویدا نییە، ئیللا خوای گەورە لە (لوح المحفوظ)دا باسی هەرهەمووی کردووە و زانیاری پێی هەیە.

هەروەها دەفەرمووێ: {إِنَّ اللَّهَ لَا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ}.[2]

[1]- [الأنعام: ٥٩].
[2]- [آل عمران: ٥].

واتە: بە دڵنیایی هیچ شتێك لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا، وە هەموو شتێك لای خوای گەورە ئاشکرایە .

خوای گەورە ئەو شتانە دەزانێت کە لە بەندەکاندا ڕووی نەداوە، ئەگەر ڕویدابا: چۆن دەبوو، سەرەنجامەکەی چی دەبوو؛ خوا دەربارەی ئەو بێباوەڕانەی کە ئاواتی گەڕانەوە بۆ دونیا دەخوازن دوای بینینی دۆزەخ، دەفەرمووێ: {وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ}.[1]

واتە: ئەگەر ئێستاش ئەمانە بگەڕێنینەوە بۆ دونیا بە گوێرەی هیوا و ئاواتی خۆیان، ئەوا ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو شتەی کە نەهیان لێ کرابوو، واتە: بۆ کوفر و شیرك و خراپەکاری، ڕاست ناکەن کە ئەڵێن: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دونیا تەوبە ئەکەین و ئیمان دێنین و کردەوەی چاك دەکەین، ئەوان درۆزنن لەو بەڵێنانەی کە ئەیدەن، تەنها بۆ ئەوەیانە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بێت.

هەروەها دەربارەی یاخی و سەرکەشەکانیش دەفەرمووێ: {وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَأَسْمَعَهُمْ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوْا وَهُمْ مُعْرِضُونَ}.[2]

واتە: ئەگەر خوای گەورە بیزانیایە خێر لەمانەدا هەیە، ئەوە وای لێ ئەکردن کە ببیستن، بیستنێك کە سوودیان پێ بگەیەنێ، ئەگەر وایشی لێ بکردنایە کەحەق ببیستن، هەر پشتیان هەڵدەکردەوە و سوودیان لێ

[1]- [الأنعام: ٢٨].
[2]- [الأنفال: ٢٣].

نەئەبینی، پشتیان هەڵئەکرد و ئەڕۆیشتن، خوای گەورە ئەیزانی کە ئەوانە ئیمان ناهێنن و زانیاری هەبوو.

بەڵام هێندێک لە فەیلەسووفەکان و ئەهلی کەلام وا گومان دەبەن کە خوا زانستی بە جوزئییاتەکان نییە؛ بۆیە پێیان وایە کە خوا زانیاری دەربارەی شتەکان هەیە بەشێوەیەکی جێگیر و گشتی، بەڵام ئەو شتە جوزئییاتانەی کە ڕوودەدەن و دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی زانیاری پێیان نایزانێت؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لە کەسی زانا.

جوەینی لە کیتابی "البرْهان[1]" ئاماژەی بەوە کردووە، ئەمەش گومڕاییەکی ئاشکرایە؛ چونکە ئەوەی لەو گەردوونەدا هەیە دروستکراوی خوایە، مادام خواش دروستی کردبێت، ئەوە بێگومان زانایە پێی، خوا نکووڵی لەو کەسانە دەکات کە زانست و دروستکردن لێک جیادەکەنەوە، هەروەکوو دەفەرمووێ: {أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ}.[2]

واتە: ئایا خوایەك کە خۆی دروستکراوەکانی دروستکردووە، ئاگای لە خۆیان و نهێنیەکانیان و دڵیان نییە؟ بەڵێ بێگومان ئاگای لێیانە و خۆی شارەزاترە بە دروستکراوەکانی کە چ یاسا و شەریعەتێک بۆیان گونجاو و شیاوە، ئەوەی بۆ تەشریع کردوون، هەر خوای گەورە زۆر بەبەزەییە و زانیاریەکی زۆر وردی هەیە و هیچ شتێک لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە.

---

[1]- البرْهان(١/١٤٥-١٤٦).

[2]- [الملك: ١٤].

هەروەها پێشەوایانی سوننەتیش بەرپەرچی ئەو گومڕاییەیان داوەتەوە، بەڵکوو "المازَرِيّ" لەبەر زۆر خەراپی ئەو وتەیەی کە لە کیتابەکەی جوەینیدا هاتووە، دەفەرمووێ: "وبوُدِّي لو مَحَوْتُ هذا مِن هذا الكتاب بماءِ بَصَري".[1]

واتە: پێم خۆشە ئەگەر بکرابا، ئەو بابەتەم لەو کیتابەدا بە ئاوی چاوەکانم ڕەش بکردبایەوە!

***

[1]- إيضاح المحصول (ص ١٢٥).

يُضِلُّ مَنْ يشاءُ فَيَخْذُلُهُ بِعَدْلِهِ، وَيَهْدِي مَنْ يشاءُ فَيُوَفِّقُهُ بِفَضْلِهِ؛ فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ بِتَيْسِيرِهِ، إِلَى مَا سَبَقَ مِنْ عِلْمِهِ وَقَدَرِهِ، مِنْ شَقِيٍّ أَو سَعِيدٍ.

ئەو كەسەی خوا ویستی لێبێت، بە دادپەروەری خۆی گومڕای دەكات و بێبەشی دەكات لە ڕێنمایی، ئەو كەسەشی ویستی لێبێت، بە فەزڵ و یارمەتی خۆی ڕێنمایی دەكات و چاكەی دێنێتە ڕێ، كەواتە هەمووان خوا كاریان بۆ ئاسان دەكات، تاوەكوو بەرەو ئەو شتە بچن كە پێشتر زانستی پێ هەبووە و بڕیاری لەسەر داوە، جا یان بەدبەخت دەبن، یاخود بەختەوەر.

﴾ ڕاڤەكردن ﴿

❁ ویست و توانای خوا لەسەر دروستكردنی كردەوەی بەندەكان:

خەڵكی دەرناچن لەو قەدەرەی خوا بۆی دیاری كردوون، دیاریكردنی قەدەریش بۆیان، واتای ئەوە نییە: كە خوای پەروەردگار لە شەرعدا ئیمانی لە بێباوەڕەكان ناوێت و ڕازی نییە بۆیان، بەڵكوو خوا پێشتر زانیویەتی كە ئەوان چی دەكەن؛ بۆیە ئەوەی چاكەی بوێت، ڕێنمایی دەكات، ئەوەشی خەراپەی بوێت، گومڕای دەكات؛ كەواتە ئەوەی چاكەی بوێت، خوا بێبەشی ناكات لەو چاكەیە.

❁ ئەوانەی موخالیفی ئەهلی حەقن لە بابەتی قەدەردا:

لە بابەتی قەدەردا چەند دەستەیەک پێچەوانەی ئەهلی حەقیان کردووە: جوفات (کەمتەرخەمەکان) و غولات (زیادەڕەوەکان)، هاوشێوەی غولاتەکانیش ئەوانەی باوەڕیان بە کەسب هەیە:

*جوفاتەکان، ئەوانەی نکووڵی لە قەدەر دەکەن: ئەمانە هەڵسوکەوتی دروستکراوەکان سەربەخۆ دادەنێن، وەکوو هەڵسوکەوتی بەدیهێنەر، پێیان وایە خوا دوای دروستکردنی دروستکراوەکان، هیچ ویستێکی لەسەر ویستی ئەوان نییە، خوا دروستی کردوون و بەڕێوەی بردوون و هۆکاری بۆ داناون، پاشان وازی لێ هێناون.

ئەوانە بریتیین لە (قەدەرییەکان)، ئەم قسەیەش "مَعْبَد الجُهَنيّ" و "غَيْلان الدِّمَشْقِيّ" و جگە لەمانەش ئاشکرایان کرد لە موعتەزیلەکان.

پێشەوا مالیک فەرموویەتی: "قەدەرییەکان خەراپترینی خەڵکیین".[1]

بێگومان قسەکەی ئەوان ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە: کە بەندەکان ئەوەی کە دەیکەن خۆیان دروستی دەکەن؛ بۆیە دوو خوایان داناوە، جگە لە خوا بەدیهێنەرێکی تریان بڕیارداوە؛ بەمەش خۆیان چواند بە مەجوسییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە دوو خوا هەیە: خوای چاکە کە بریتییە لە خوای ڕووناکی، لەگەڵ خوای خەراپە کە بریتییە لە خوای تاریکی.

[1]- الجامع لابن أبي زيد (ص ١٢١).

*غولاتەکانیش: ئەوانەن باوەڕیان بە جەبر هەیە؛ واتە: ئەرک پێ سپێردراو(موکەللەفەکان) هیچ هەڵبژاردە و ویستێکییان نییە، حاڵی موکەللەف[موسڵمانی عاقڵ و بالغ] وەکوو بێگیانەکان وایە؛ بۆیە مەلائیکەت و مرۆڤ و جنۆکەکان، وەکوو هەسارە و ئەستێرەکان وان؛ کەواتە مرۆڤ (بەڕێوەبراوە) بەبێ ئەوەی هەڵبژاردەی هەبێت، هەڵدەستێت و دادەنیشێت و قسە دەکات، هەروەکوو چۆن خۆر هەڵدێت و ئاوا دەبێت.

ئەوانەش بریتیین لە (جەبرییەکان)، ڕووبەڕووی ئەوانە بوونەوە کە نکووڵییان لە قەدەر دەکرد بە زیادەڕەوی، یەکەم کەسێکیش کە ئەم بۆچوونەی ئاشکرا کرد: "الجَهْم بن صَفْوان" بوو، هەروەها مامۆستاکەشی "الجَعْد بن دِرْهَم" هەمان قسەی دەکرد.

قسەکەشیان وا دەگەیێنێت: کە ئەرکە شەرعییەکان زۆرلێکردنن، چاکە و تاوانی بەندەکانیش بەزۆر پێیان دەکرێت.

خوای گەورە ویست و ئیرادەی بۆ بەندەکان جێگیر کردووە، دوای ویست و ئیرادەی خۆی، هەروەکوو دەفەرمووێ: {لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ}.[١]

واتە: بۆ هەر کەسێک لە ئێوە کە ویستی هیدایەت و دامەزراوی و جێگیری هەبێت. بەڵام ئێوە هیچ ویستێکتان نییە، مەگەر خوای گەورە و پەروەردگاری هەموو جیهان ویستی لێ بێت.

١- [التكوير: ٢٨ - ٢٩].

هەروەها دەفەرمووێ: {إِنَّ هَٰذِهِ تَذْكِرَةٌ فَمَنْ شَاءَ اتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِ سَبِيلًا ۝٢٩ وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ}.[1]

واتە: ئەوەی کە لەم سوورەتەدا باسکرا بە دڵنیایی هەمووی یادخستنەوەیە بۆ ئێوە، جا هەر کەسێک ویستی لێیە با ڕێگا بگرێتە بەر و بەرەو لای خوای گەورە بڕوات بە ئیمان هێنان و گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە. ئێوە هیچ ویستێکتان نییە مەگەر خوای گەورە خۆی ویستی لێ بێت، چونکە ویستی ئێوە تابیعە بۆ ویستی خوای گەورە.

ئەم وتەیەی: {لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَقِيمَ}[2]، پووچەڵکردنەوەی قسەی جەبرییەکانە، ئەم وتەیەشی: {وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ}[3]، پووچەڵکردنەوەی قسەی قەدەرییەکانە؛ بەندە چۆن دەتوانێت شتێک بکات، کە خوا ویستی لەسەر نەبێت؟! بێگومان هیچ کەسێک لەو بوونەوەرەدا ناتوانێت هیچ شتێک بکات بەبێ زانست و مۆڵەتی خوا.

*هەرچی ئەوانەشن کە باوەڕیان بە (کەسب) هەیە: ئەوە زۆرینەی ئەشعەرییەکان و دوایینەکانیانن، دروستکردن و ئیرادە بۆ خوا جێگیر دەکەن، بەڵام پێیان وایە کە کردەوەی بەندەکان (ئەو کردەوانەی کە بە ویستی خۆیان ئەنجام دەدرێت)، تەنها بە ویست و توانای خوا دێتەدی، نەک بە ویست و توانای بەندە، هەروەها بەندە هیچ کاریگەرییەکی تێدا نییە،

[1]- [الإنسان: ٢٩ - ٣٠].

[2]- [التكوير: ٢٨].

[3]- [التكوير: ٢٩].

بەڵکوو ئەو تەنها کارەکە ئەنجام دەدات، ئەنجامدانی کارەکەش لەلایەن بەندەوە لەلای ئەوان، بریتییە لە لکانی کردەوەکە لەگەڵ توانای بەندە، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی لە بوونی کردەوەکەدا هەبێت، تەنها ئەوەندەیە کە شوێنی ڕوودانی کردەوەکەیە، هەروەکوو خاوەنی کتێبی "المواقف" وا دەڵێت.[1]

ئەو قسەیەشیان نزیکە لەو نموونەیە: پیاوێکی بەتەمەنی بەهێز، بەردێکی قورس هڵدەگرێت، بەتەنها دەتوانێت هەڵیبگرێت، بەڵام منداڵێکی بچووک -بەدەستە لاوازاکانی- بەشدار دەبێت لەگەڵی، کە توانای جوڵاندنی بەردەکەی نییە، چجای هەڵگرتنی؛ کەواتە لێرەدا دەستی منداڵەکە لکاوە بە کردەوەکە، بەڵام کایگەری نییە لە هەڵگرتنی.

ئەم وتەیەش یەکێکە لەو وتانەی کەوا دەق قەبووڵی ناکات و عەقڵ و هەستیش پشتگیری ناکات؛ چونکە کەسی ژیر جیاوازی دەکات لەنێوانی لەرزینێک کە بەبێ ویستی خۆی زاڵ دەبێت بەسەر لاشەیدا، لەگەڵ کردەوەکەی بە ویستی خۆی.

بێگومان هێندێک لە ئەشعەرییە چاکەکان، ئەو قسەیەیان نەدەکرد؛ وەکوو باقیللانی و جگە لەویش.

***

[1]- المواقف (٣/ ٢٠٨ - ٢١٤).

تَعَالَى أَنْ يَكُونَ فِي مُلْكِهِ مَا لَا يُرِيدُ، أَو يَكُونَ لِأَحَدٍ عَنْهُ غِنًى، أَو يَكُونَ خَالِقٌ لِشَيْءٍ إِلَّا هُوَ، رَبُّ الْعِبَادِ وَرَبُّ أَعْمَالِهِمْ، وَالْمُقَدِّرُ لِحَرَكَاتِهِمْ وَآجَالِهِم، الْبَاعِثُ الرُّسُلِ إِلَيْهِمْ؛ لِإِقَامَةِ الْحُجَّةِ عَلَيْهِم.

خوا بەرز و پاک و بێگەردە لەوەی لە مولک و دەسەڵاتی ئەودا شتێک ڕووبدات کە ویستی لەسەر نەبێت، یا کەسێک هەبێت پێویستی بە خوا نەبێت، یان کەسێک هەبێت خوا هەموو شتێکی دروست کردبێت تەنها ئەو نەبێت، پەروەردگاری بەندەکان و کردەوەکانیشیانە، ئەندازەی بۆ جووڵە و ماوەیان داناوە، ڕەوانەکەری پێغەمبەرانە بۆ لای بەندەکان؛ تاوەکوو ئیقامە حوججەیان لەسەر بکات.

❮ ڕاڤە کردن ❯

❁ نەفیکردنی قەدەر ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە خوا بێدەسەڵاتە:

دانەر بۆیە باسی ئەوەی کردووە؛ چونکە نەفی کردنی قەدەر واتا: لە موڵکی خوادا شتێک دەبێت کە خوا ویستی لەسەر نییە و بێتوانایە لە دوورخستنەوەی؛ بەرز و بڵندی بۆ خوا؛ بۆیە لە دەسەڵاتی خوادا شتێک

ڕوونادات کە خوا نەیەوێت و تەقدیری نەکردبێت لە چاکە و خەراپە، خۆشویستراو بێت یان نەویستراو.

خوای گەورە دروستکراوەکانی کردۆتە دوو جۆر لەبابەتی هەڵبژاردن و ئیرادە:

*هێندێک لە دروستکراوەکان: نە هەڵبژاردنیان هەیە، نە ئیرادە و ویست؛ وەکوو بێگیانەکان لە هەسارە و ئەستێرەکان و دار و خۆڵ؛ ئا ئەوانە ئەرکیان پێنەسپێردراوە؛ چونکە هەڵبژاردنیان نییە.

*هێندێکی دیکەیان: هەڵبژاردن و ئیرادەیان هەیە؛ ئەمانەش دوو بەشن:

یەکەمیان: موکە للـەفن بە دیین و دونیا[واتە ئەرکی دینی و دونیاییان لەسەرە]؛ کە بریتیین لە ژیرەکان؛ وەکوو مەلائیکەت و مرۆڤ و جنۆکە؛ ئا ئەوانە ستاییش دەکرێن بەگوێرەی ئەوەی کە هەڵیدەبژێرن لە گوێڕایەڵی خوا، هەروەها بەگوێرەی ئەوەی دەیبینن لە ئارامگرتن لەسەر کردەوە چاکەکان وئەزیەت و ناخۆشی.

دووەم: موکە للـەفن بە دونیا بەبێ عەقڵ؛ ئەمانەش بریتیین لە ئاژەڵەکان؛ خوا دروستی کردوون و هەستی بۆ داناون، بەڵام عەقڵی پێ نەداون، بۆیە هەست بە دونیا دەکەن، بەڵام لە ئەرکەکانی پەرستن تێناگەن وەکوو ئەوەی مرۆڤ تێیدەگات. پەرستشیان وەکوو پەرستنی بێگیانەکان بەبێ ویستی خۆیانە، بەڵام هەڵبژاردن و ئیرادەیەکی دونیاییان هەیە، کاردەکات و کاروباری خۆی هەڵدەسوڕێنێت بەویستی خۆی، هەروەها لێپرسینەوەشی لەگەڵدا دەکرێت لەسەر هەڵەکانی لە دونیا و دوارۆژدا؛ بەبەڵگەی ئەوەی

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «لَيَقْتَصَّنَّ اللهُ لِلشَّاةِ الجَمَّاءِ مِنَ الشَّاةِ القَرْنَاءِ».[1]

واتە: بە دڵنیایی خوا تۆڵە لە بزنێکی بەقۆچ دەستێنێتەوە بۆ بزنێکی بێ قۆچ.

هەروەها فەرمانی بە (دایکی شەریک)کرد کە مارمێلکە(چەقەپیسکە) بکوژێت و فەرمووی: «كَانَ يَنْفُخُ عَلَى إِبْرَاهِيمَ».[2]

واتە: کاتێک ئیبراهیمیان فڕێدایە ناو ئاگرەکە، چەقەپیسکە فووی پێدا دەکرد و ئاگرەکەی خۆش دەکرد.

هەستکردنی ئاژەڵەکان بۆ فەرمانە دونیاییەکان، شتێکە بە سروشتی خۆیان ئاوا لەسەری دروستکراون؛ بۆیە جیاواز و جۆراوجۆرن بەگوێرەی ڕەگەز و جۆریان، بۆ نموونە مەڕومالات وەکوو دڕندەکان نییە؛ مەڕ و بزن ئەگەر شەڕە قۆچ بکەن، ئەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەگەر دڕندەیەک بزنێک بخوات، لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت؛ لەبەر ئەوەی خوا بزنی کردۆتە ڕۆزی دڕندە، بەڵام مەڕ و بزنی نەکردۆتە ڕۆزی یەکتری.

[1]- مسلم (٢٥٨٢) من حديث أبي هريرة؛ بنحوه.

[2]- البخاري (٣٣٥٩)، ومسلم (٢٢٣٧).

ثُمَّ خَتمَ الرِّسَالَةَ وَالنِّذَارَةَ وَالنُّبُوَّةَ بِمُحَمَّدٍ نبِيِّهِ -صلى الله عليه وسلم-؛ فَجَعَلَهُ آخِرَ الْمُرْسَلِينَ، بشِيرًا وَنَذِيرًا، وَدَاعِيًا إِلَى اللهِ بإذْنِهِ، وَسِرَاجًا مُنِيرًا.

پاشان کۆتایی به‌ په‌یام و ئاگادارکردنه‌وه‌ و پێغه‌مبه‌رایه‌تی هێنا به‌ موحه‌ممه‌دی پێغه‌مبه‌ری -صلى الله عليه وسلم- ؛ بۆیه‌ کردی به‌ کۆتا و دواییی پێغه‌مبه‌ران، مژده‌ده‌ر و ترسێنه‌ر، بانگخواز بۆ لای خوا به‌ ویستی ئه‌و، هه‌روه‌ها کردی به‌ چرایه‌کی ڕووناککه‌ره‌وه‌.

ڕاڤه‌ کردن

❁ په‌یامی پێغه‌مبه‌ر و -صلى الله عليه وسلم- کیتابه‌که‌ی:

خوای گه‌وره‌ له‌ناو هه‌موو ئوممه‌تێک پێغه‌مبه‌رێکی ناردووه‌؛ بۆ ئه‌وه‌ی په‌رستنی خوا و مافی خوا له‌سه‌ریان بگه‌یه‌نێت؛ چونکه‌ حیکمه‌ت له‌ دروستکردن، بریتییه‌ له‌ په‌رستن: {وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ}.(١)

واته‌: من جینن و مرۆڤم دروست نه‌کردووه‌، ته‌نها بۆ ئه‌وه‌ نه‌بێ به‌ تاك و ته‌نها بمپه‌رستن و ملکه‌چی فه‌رمانی من بن.

١- [الذاريات: ٥٦].

بێگومان خوا باسی ئەوەی کردووە کە هیچ نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی وازلێنەهێناوە، ئیللا ئیقامە حوججەی لەسەریان کردووە و پەیامی خۆی پێگەیاندوون؛ خوا دەفەرمووێ: {وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا}.[1]

واتە: بەدڵنیایی ئێمە بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵک و نەتەوەیەک لە شوێنێک ژیابێتن پێغەمبەرێکمان بۆ ناردوون.

هەروەها دەفەرمووێ: {وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَسُولٌ}.[2]

واتە: بۆ هەموو ئوممەتێک پێغەمبەری تایبەتی خۆیان هەبووە، کە خوای گەورە بۆی ناردوون.

کەواتە پێغەمبەران بەدوای یەکدا دەهاتن بۆ گەیاندنی پەیامی خوا، پێغەمبەر لەدوای پێغەمبەر؛ تاوەکوو ڕاستی لەسەر زەوی بەتەواوی ون نەبێت؛ خوا دەربارەی یەک بەدوای یەکداهاتنی پێغەمبەران دەفەرمووێ: {ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَى}.[3]

واتە: پاشان پێغەمبەرانی خۆمان، یەک لە دوای یەک نارد.

یەک بەدوای یەکداهاتنی پێغەمبەرانیش بۆ ئەوەیە لەسەر زەوی ئیقامە حوججە لەسەر هەموو خەڵکیدا بکرێت و بیانوویان ببڕدرێت، هەروەکوو خوا

[1]- [النحل: ٣٦].
[2]- [يونس: ٤٧].
[3]- [المؤمنون: ٤٤].

دەفەرمووێ: ﴿رُسُلًا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ﴾.[1]

واتە: پێغەمبەرانێک کە خوای گەورە ناردوونی، موژدەدەرن بۆ ئەو کەسانەی کە گوێڕایەڵیان ئەکەن بە بەهەشت و ترسێنەریشن بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچیان ئەکەن بە دۆزەخ؛ تا لە دوای ناردنی پێغەمبەران خەڵکی بەڵگە و عوزریان نەمێنێ لای خوای گەورە و بڵێن: خوایە هیچ کەسێک پەیامی تۆی بە ئێمە نەگەیاندووە.

باوەڕهێنان بەهەموو پێغەمبەران واجیبە، ئەوەشی بێباوەڕبێت بە یەکێکیان، ئەوە بێباوەڕە بە هەموویان؛ خوا دەفەرمووێ: ﴿كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ﴾.[2]

واتە: هەموویان ئیمانیان بە خوای گەورە و مەلائیکەتەکانی و کتێبە ئاسمانیەکانی و پێغەمبەرانی هێناوە، ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێک لە پێغەمبەران و ئیمان بە هەر هەموویان ئەهێنین.

باوەڕهێنان بە پێغەمبەرێک واتای ئەوە نییە کە دەبێت شوێن شەریعەتەکەی بکەویت، بەڵکوو باوەڕپێهێنانی وا دەخوازێت کە هەواڵ و قسەکانی بەڕاست بزانیت و دان بە پلەوپایە و گەورەییەکەی بنێیت، هەرچی

[1]- [النساء: ١٦٥].

[2]- [البقرة: ٢٨٥].

شوێنکەوتنە، ئەوە خوا هەموو شەریعەتەکانی بە پەیامی پێغەمبەر موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- کۆتایی پێهێناوە.

❁ پەیامی پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- کۆتایی هەموو پەیامەکانە:

هەموو پێغەمبەرێک کە خوا دەینێرێت، بۆ نەتەوە و گەلەکەی خۆیەتی، پەیامەکەشی تایبەت دەکات بە سەردەمێک، کە بە کۆتایی هاتنی کۆتایی پێدێت، تەنها پەیامی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەبێت، خوا گشتگیری کردووە بۆ هەموو جیهانیان، بە جنۆکە و مرۆڤەکانیشەوە، هەروەها وایلێکردووە کە بەردەوام بێت و کۆتایی هەموو پەیامەکانی پێشوو بێت؛ بۆیە دینداریکردن و پەیوەستبوون بە هیچ پەیامێکی ئاسمانی پێشوو، دوای ناردنی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، دروست نییە.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی پەیامی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ هەموو ئوممەتەکانە، ئەم وتەیەی خوایە: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾.[1]

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-! بە خەڵکی بڵێ: ئەی خەڵکینە من پێغەمبەری خوای گەورەم، بۆ لای هەر هەمووتان نێردراوم.

لە فەرموودەشدا هاتووە کە دەفەرمووێ: «كَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً، وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ كَافَّةً».[1]

---

[1]- [الأعراف: ١٥٨].

واتە: پێشتر پێغەمبەران تەنها بۆ گەلەکەی خۆیان دەنێردران، بەڵام من بۆ تێکڕای خەڵکی نێردراوم.

هەروەها خوا لەسەر هەموو پێغەمبەرانیشی واجیبکردووە کە دەبێت شوێن موحەممەد بکەون، ئەگەر بنێردرێت لەکاتێکدا ئەوان زیندوون، پەیمانیشی لەسەر ئەوە لێ وەرگرتوون، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ﴾.[٢]

واتە: خوای گەورە بەڵێن و پەیمانی لە پێغەمبەران وەرگرتووە کاتێک کە کیتاب و حیکمەتی بۆ ناردن، پاشان هەر کات پێغەمبەرێکتان بۆ هات کە بەڕاستدانەری ئەوەی لای ئێوەیە کە لە تەورات و ئینجیلدا هەیە کە پێغەمبەرە -صلی الله علیه وسلم-، کە ئێوەش بەڵێنتان داوە دەبێ ئیمانی پێ بێنن و سەری بخەن.

❁ حوکمی شوێنکەوتنی ئایینێک جگە لە ئایینی ئیسلام:

هەرکەسێک وا گومان بیات کە کەسێک دوای پێغەمبەر-صلی الله علیه وسلم-، بۆی دروستە بە ویستی خۆی شوێن شەریعەت و کتێبەکانی دیکە بکەوێت و دینداری بۆ خوا بکات بە غەیری ئیسلام، لەگەڵ ئەوەشدا ڕزگاری دەبێت، هەروەها زانستیشی هەبێت بە پەیامی موحەممەدی، ئەوە

[١]- البخاري (٣٣٥ و ٤٣٨)، ومسلم (٥٢١) من حديث جابر.
[٢]- [آل عمران: ٨١].

کافره بە خوای گەورە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرمووێ: «**وَالَّذِي نَفْسُ مُحمَّد بيَدِه، لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِه الأُمَّة يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ، إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّار**».[1]

واتە: سوێند بەو زاتەی کە نەفسی موحەممەدی بەدەستە، هەر یەکێک لەو ئوممەتە، جا جوولەکە بێت یان نەسرانی، گوێی لە ناوی من و پەیامەکەم بێت، پاشان بمرێت و باوەڕ بەو پەیامە نەهێنێت کە پێی ڕەوانەکراوم، ئیللا دەچێتە دۆزەخ.

دروست نەبوونی مانەوەی جوولەکە و نەسرانی لەسەر ڕێبازەکەی خۆیان، واتای ئەوە نییە کە کوشتنی واجیب بێت، بەڵکوو دروست نەبوونەکە: بۆ ڕوونکردنەوەی کوفرەکەیان و دروست نەبوون و قەبووڵ نەبوونی کردەوەکانیانە، هەروەها هەرکەسێک ئیقامە حوججەی لەسەرکرا، ئەگەر لەسەر ڕێبازەکەی خۆی بمرێت، ئەوە دەچێتە دۆزەخ و باوەڕهێنانیشی بە پەیامی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم- سوودی پێ ناگەیێنێت، ئەگەر بێتوو شوێنی نەکەوتبێت و ملکەچی نەبێت؛ وەکوو ئەو کەسەی کە پێی وایە پەیامەکەی تایبەتە بە عەرەب، یان خەڵکی سەرپشکن لە هەڵبژاردنی ئایین و ڕێبازەکاندا و هەموویان سەرەنجام بۆ بەهەشتن؛ بێگومان خوا هەموو شەریعەتەکانی پێشووی سڕیوەتەوە و هەڵیوەشاندۆتەوە، هەواڵیشی داوە کە ئەو کتێبانەی لە دەستی ئەهلی کیتابە گۆڕدراوە.

[1]- مسلم (١٥٣) من حديث أبي هريرة.

❁ کوفرەکەش -ئەوکاتی- لەچەند ڕوویەکەوە دەبێت، گەورەترینیان دوانن:

یەکەمیان: شوێن نەکەوتنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، و بەدروست زانینی دەرچوون لە پەیامەکەی، هەروەها هەموو ئەو فەرمانە یەک بەدوای یەکدا هاتووانەی لە قورئان و سوننەتدا هاتوون کە فەرمان بە شوێنکەوتنی دەکەن، لەلای ئەوان هیچ واتایەکی نییە.

دووەمیان: باوەڕبوون بە ڕاستییەتی ئەو کتێبانەی کە خوا هەواڵی داوە گۆڕدراون و سڕاونەتەوە بە قورئان؛ ئەمەش بەدرۆزانینی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی.

سێیەمیان: هەموو ئەو جیهادەی کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەگەڵ ئوممەتە کافرەکان کردوویەتی، وەکوو جوولەکە و نەسرانی و هاوبەش بڕیاردەرەکان و ئاگرپەرستەکان: دەستدرێژی بووە و کوشتنیشیان ڕشتنی خوێنی کەسێکی پارێزراو بووە، غەنیمەتەکەشیان بردنی ماڵێکی پارێزراو بووە، بەکۆیلەکردنەکەشیان بەکۆیلەکردنی نەفسێکی ئازاد بووە، چونکە وا دەگەیێنێت لەگەڵیاندا جەنگاوە لەکاتێکدا ئەوان پێویست نەبووە لەسەریان شوێن پەیامەکەی بکەون، ئەوەش کوفرێکی گەورە و گومڕاییەکی ئاشکرایە.

چوارەم: هەموو ئەو حوکمانەی کە لە شەریعەتدا هاتوون و بەڵگەن لەسەر جیابوونەوەی موسڵمانان لە بێباوەڕەکان، یان هێندێکییان، شتێکی نارەوایە، وەکوو بابەتەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی و مارەبڕین و ئاژەڵ سەربڕین و

خوین بایی و میرات و حوکمەکانی هەڵگەڕانەوە و چوونە ناو کەعبە و نیشتەجێبوون لە دورگەی عەرەبی و جگە لەمانەش.

بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆتایی پێغەمبەرانە و هیچ پێغەمبەرێکی دیکە لە دوای ئەو نایێت: خوا دەفەرمووێ: {مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ}.[1]

واتە: موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- باوکی هیچ کام لەو پیاوانەی ئێوە نییە، واتە: باوکی (زەید) نییە لە حەقیقەتدا باوکی نەبووە و باوکی هیچ پیاوێکی تریش نییە، بەڵکوو پێغەمبەری خوایە و -صلى الله عليه وسلم- کۆتایی پێغەمبەرانە و لەدوای ئەم هیچ پێغەمبەرێکی تر نایەت تا ڕۆژی قیامەت، هەرکەسێکیش بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات درۆ دەکات.

هەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «أَنَا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ».[2]

واتە: من دوایین و کۆتایی پێغەمبەرانم.

هەر بانگەشەیەکی پێغەمبەرایەتیش دوای ئەو، درۆیە و بانگەشەکەرەکەشی کافرە و حوکمیش بە کوشتنی دەدرێت.

[1]- [الأحزاب: ٤٠].

[2]- البخاري (٣٥٣٥)، ومسلم (٢٢٨٦) من حديث أبي هريرة.

❁ ئیسلام و ئازادی ئایینی:

خوای گەورە کەسی سەرپشک نەکردووە و ڕێی بە هیچ کەسێک نەداوە جگە لە ئیسلام هەڵبژێرێت، هەروەکوو دەفەرمووێ: {وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ}.[1]

واتە: هەر کەسێ جگە لە ئیسلام داوای دینێکی تر بکات و لەسەر دینێکی تر بێت، ئەوا خوای گەورە لێی قەبووڵ ناکات و لێی وەرناگرێ، لە ڕۆژی قیامەتیشدا لە زەرەرمەندانە و ڕزگاری نابێت.

هەروەها دەفەرمووێ: {إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللهِ الْإِسْلَامُ}.[2]

واتە: بە دڵنیایی تەنها دینێک کە خوای گەورە پێی ڕازی بێ و قەبووڵی بکات ئیسلامە.

هەرچی بابەتی ئازادی ئایینە: خوای گەورە فەرمانی بەهەموو خەڵکی کردووە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی-صلى الله عليه وسلم- و دەرنەچوون لە ئایینەکەی، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەهلی کیتاب (جوولەکە و نەسرانییەکان)ـی تایبەتکردووە بە نەجەنگان لەگەڵیان بۆ هاتنە ناو ئیسلام [واتە: زۆریان لێناکرێت بۆ ئەوەی بێنە ناو ئیسلام]؛ بەڵکوو لەکاتی توانا و هێز و دەسەڵاتی موسڵمانان لەسەریان، سەرپشکی کردوون: لەنێوانی ئیسلام و موسڵمان بوون، یان جزیە دان، یاخود شەڕکردن.

---

[1]- [آل عمران: ٨٥].

[2]- [آل عمران: ١٩].

هەروەها ڕێککەوتن و گرێبەست و ئاشتی لەنێوانی ئەوانە و جگە لەوانیش لە هاوبەش بڕیاردەرەکان، لەگەڵ موسڵمانەکان بە مەرجەکانی خۆی دروستە.

هەرکەسێکیش بێتە ناو ئیسلام، جا لەسەر هەر ئایین و ڕێبازێک بێت، ئەوە بۆی نییە بەهیچ شێوەیەک لە ئیسلام دەربچێت، ئەو حوکمانەی پێشتریش، پێش ئەوەی بێتە ناو ئیسلام نایگرێتەوە، جا ئەگەر جوولەکە بێت، یان نەسرانی، پێویستیشە لەسەر پێشەوای موسڵمانان کە حەددی ڕیددەی لەسەر جیبەجێ بکات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ، فَاقْتُلُوهُ».[1]

واتە: هەرکەسێک ئایینی ئیسلامی گۆڕیی و لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە، ئەوە بیکوژن.

هەروەها پێشەوا ئەبوو بەکری سیددیق و هاوەڵانیش لەگەڵ هەڵگەڕاوەکان جەنگان، بەڵام ئەگەر کەسانێکی هەڵگەڕاوە هێز و توانایان هەبوو، موسڵمانانیش توانایان نەبوو کە جەنگییان لەگەڵدا بکەن، ئەوکاتی ڕێککەوتن و ئاشتی لەگەڵیاندا دروستە، لەبەر بەرژەوەندی موسڵمانان و پارێزگاریکردن لەسەر هێزەکەیان؛ هەروەکوو چەندان گرووپ لەنێو موسڵمانان نیشتەجێ بوون، لەکاتێکدا کەوتبوونە ناو کوفرێکی زۆرەوە، بەڵام موسڵمانان وازیان لێهێنابوون و لەگەڵیان ڕێککەوتبوون، بەڵکوو هێندێکجار لەکاتی پێویستیدا هەڵسوکەوتیشیان لەگەڵ دەکردن؛ ئەمەش

[1]- البخاري (٣٠١٧ و ٦٩٢٢) من حديث ابن عباس.

لەبەر زۆری گرووپەکان و سەرقاڵبوونی موسڵمانان بە کاروباری خۆیانەوە، یان لەبەر سەرقاڵبوونیان بە دوژمنی دەرەکیی، کە دەترسان لە بۆسەدا بێت بۆیان.

❁ چەند گومانێک دەربارەی ئازادی وازهێنان لە ئیسلام:

بەڵام بەڵگە هێنانەوە بە هێندێک لەو بەڵگانەی کە وای لێ دەردەکەوێت هەڵگەڕانەوە قەبووڵ دەکرێت، یان هێندێک وا گومان دەبەن کە بەڵگەن بۆ یەکسانکردنی ئیسلام بە جگە لە ئیسلام؛ وەکوو وتەی خوا: {لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ}.[1]

واتە: زۆر لە هیچ کەسێك مەکەن کە موسڵمان بێت، خەڵك بە ویست و ئارەزووی خۆیانە کە موسڵمان ئەبن یان نا.

هەروەها ئەو وتەیەشی: {فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ}.[2]

واتە: جا هەر کەسێك ویستی لێیە با ئیمان بێنێ و هەر کەسێکیش ویستی لێیە با کوفر بکات.

ئا ئەوانە بەڵگەنیین بۆ ئەو بابەتەی ئێمە:

*هەرچی ئەو وتەیەیتی: {لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ}[3]: ئەوە بێگومان دەربارەی ئەو جوولەکانە دابەزی کە لەسەر جوولەکایەتی خۆیان مانەوە،

1- [البقرة: ٢٥٦].

2- [الكهف: ٢٩].

3- [البقرة: ٢٥٦].

هێندێک لە هاوەڵان ویستییان زۆریان لێبکەن لەسەر هاتنە ناو ئیسلام، لەسەرەتادا.

ئەمە هیچ کێشەی تێدا نییە؛ چونکە دروست نییە لەسەرەتادا زۆر لە ئەهلی کیتاب بکرێت؛ هەروەکوو پێشتر ڕوونمان کردەوە، ئەوە بابەتێکی جیاوازە، هەرچەندە ئەمە واتای داننان بە ڕاستییەتی ئایینەکەیان نییە، هەروەها واتای ئەوەش نییە کە ئەگەر هاتنە ناو ئیسلام، بۆیان دروست بێت لێی دەربچن.

ئەو کەسەشی کە بڵێت ئەو ئایەتە دەبێتە بەڵگە لەسەر دروستێتی دەرچوون لە ئیسلام، یان ئیسلام یەکسانە بە جگە لە ئیسلام، ئەوە بە تێگەیشتنی ڕووکەشی ئەو ئایەتە، هەزار ئایەت و فەرموودەی ڕەتکردۆتەوە و پووچەڵیکردۆتەوە؛ ئەمەش نە لە ڕووی شەرعەوە کەسێکی زانا، نە لە ڕووی تێڕوانینیشەوە کەسێکی خاوەن فیکر قسەی وا ناکات؛ چونکە نابێت بەڵگەیەک ڕەد بکرێتەوە لەکاتێکدا بەڵگەیەکی دیکە لە ڕووێک پێچەوانەیەتی و لە ڕوویەک لێی جیا دەبێتەوە؛ چجای بە پووچەڵکردنەوەی هەزار بەڵگە، بە ڕووکەشی بەڵگەیەک؟!

*هەرچی ئەو وتەیەشە: **{فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ}**[1]: هێندێک وا لێکیانداوەتەوە کە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر سەرپشککردن لەنێوانی ئیسلام و جگە لە ئیسلام و یەکسانکردن لەنێوانیان؛ بەڵام ئایەتەکە نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوە؛ نە لە ڕووکەشی، نە لە ناوەڕۆکی:

---

[1]- [الكهف: ٢٩].

*هەرچی یەکسانکردنە: ئەوە ئایەتەکە نکوولی لێ دەکات؛ چونکە ناوی لە باوەڕهێنان بە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ناوە ئیمان، ناویشی لە باوەڕهێنان بە جگە لە پێغەمبەر ناوە کوفر.

*هەرچی ئەو وتەیەشە کە دەڵێت ئایەتەکە سەرپشککردنی تێدایە لەنێوانی ئیمان و کوفر: ئەوە قسەی کەسێکە کە لە زمانی عەرەبی تێنەگات؛ چونکە ئایەتەکە ترساندن و هەڕەشەکردنە، ئەمەش شێوازێکی ناسراوە لەکاتی ڕوون بوونەوەی بەڵگە و ئیقامەکردنی لەسەر کەسێک کە دەتەوێت هەڕشەی لێ بکەیت، پێی دەڵێیت: "ئەگەر دەتەوێت بیکە، ئەگەریش دەتەوێت مەیکە و وازی لێبێنە"؛ واتە: دواتر پاداشت و سزاکەت دەبینییەوە.

ئەمەش تەواوی ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەری؛ لەبەر ئەوەی کاتێک خوا دەفەرمووێ: {فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ}(١)، ڕاستەوخۆ دوای ئەوە بە هەڕەشەلێکردنەوە دەفەرمووێ: {إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا}.(٢)

واتە: بەڵام ئێمە بۆ ستەمکاران ئەوانەی کە کوفر هەڵئەبژێرن ئاگرێکمان بۆ داناون کە بڵێسەکەی وەکوو ڕەشماڵ و خێمەیەک دەوریان ئەدات و ڕزگاربوونیان نییە.

١- [الکهف: ٢٩].

٢- [الکهف: ٢٩].

هاوەڵان و تابیعییەکانیش (سەلەف) ئاوایان تەفسیرکردووە و لەو بوارەوەش ناکۆکی لەنێوانیاندا نییە، ئیبن عەبباس و موجاهید و ئیبن زەیدیش ئاوایان فەرمووە.[1]

بەڵام لە ئایەتەکەدا بە تەنها سەیری ئەو وشەیە بکات: {فَمَنْ شَاءَ}، سەیری هەموو ڕستەکە نەکات؛ ئەوە وا گومان دەبات کە (ویستەکە) واتا: ئازادی هەڵبژاردن.

دەربارەی ئەو واتایەش فەرموودەیەک هاتووە، کە پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «الْوَالِدُ أَوْسَطُ أَبْوَابِ الجَنَّةِ؛ فَحَافِظْ عَلَى وَالِدَيْكَ أَوِ اتْرُكْ».[2]

واتە: باوک دەرگای ناوەڕاستی بەهەشتە؛ جا کەوابوو پارێزگاری لە باوکت بکە، یانیش وازی لێ بێنە.

ئەمە سەرپشککردن نییە لەنێوانی ئازاردان و چاکەکردن لەگەڵی، بەڵکوو ئەوە شتێکی ناسراوە لە زمانی عەرەبی؛ کاتێک فەرمان بەشتێک دەکەی، کەسەکە سەرپشک دەکەیت، بەڵام مەبەستت: ترساندن و هەڕەشەکردنە.

***

[1]- تفسير الطبري (١٥/ ٢٤٤ - ٢٤٥)، و الدر المنثور (٩/ ٥٢٩).

[2]- الترمذي (١٩٠٠)، وابن ماجه (٢٠٨٩ و ٣٦٦٣) من حديث أبي الدرداء.

وَأَنْزَلَ عَلَيْهِ كِتَابَهُ الْحَكِيمْ.

پەرتووکە پڕ لە دانایيەکەی خۆی دابەزاندە سەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-.

⟨ ڕاڤە کردن ⟩

❁ باوەڕهێنان بە کتێبە ئاسمانییەکان و حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران:

باوەڕهێنان بە کتێبە ئاسمانییەکان یەکێکە لە ڕووکنەکانی ئیسلام؛ بۆیە پێویستە باوەڕ بە هەموویان بێنین؛ هەروەکوو خوای بەرز دەفەرمووێ: **{قُولُوا آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ}.**[1]

واتە: موسڵمانان ئێوە بڵێن: ئێمە ئیمانمان بەخوای گەورە و بەو قورئانە پیرۆزە هێناوە کە بۆ ئێمە دابەزیوە، ئیمانمان بەو کتێبە ئاسمانیانە هێناوە کە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و ئەسباتیش دابەزیوە ئەسبات: نەوەکانی یەعقوب بوونە، ئەوەی کە بۆ مووسا و عیسا دابەزیوە، هەرچی کیتابێک هەیە بۆ پێغەمبەران هاتبێ لەلایەن پەروەردگار ئێمەی

[1]- [البقرة: ١٣٦].

موسڵمان باوەڕمان بەهەر هەمووی هەیە، جیاوازی ناخەینە نێوان هەندێکیان باوەڕ بەهەندێکی بێنین و باوەڕمان بە هەندێکی نەبێ، بەڵکوو باوەڕمان بە هەر هەمووی هەیە، ئێمە موسڵمانین بۆ خوای گەورە، خۆمان تەسلیمی خوای گەورە کردووە.

ئەو کەسەی یەکێکیان بە درۆ بزانێت، ئەوە هەموویانی بەدرۆ زانیوە؛ چونکە هەمووی وتە و هەواڵ و حوکم و یاسای خوایە، ئەو کەسەی باوەڕی پێیان نەبێت، خوا وەسفی کردووە بە گومڕاییەکی زۆر دوور، هەروەکوو دەفەرمووێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾.[1]

واتە: ئەی باوەڕداران، ئیمان بێنن بە خوا و پێغەمبەری خوا -صلی الله علیه وسلم- واتە: دامەزراوبن لەسەر ئیمانەکەتان و بەردەوام بن لەسەری، ئیمان بێنن بەو کیتابەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی -صلی الله علیه وسلم- کە قورئانی پیرۆزە، ئیمان بێنن بەهەموو ئەو کتێبە ئاسمانییانەی تر کە لە پێش قورئاندا خوای گەورە دایبەزاندووە، بەڵام هەر کەسێك کوفر بکات بە خوای گەورە و مەلائیکەتەکانی و کتێبە ئاسمانییەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی، ئەوە گومڕا و وێڵ بووە و لە ڕێگای ڕاست لایداوە گومڕابوونێکی زۆر دوور.

[1]- [النساء: ١٣٦].

هەموو کتێبەکانیش بانگەواز بۆ یەک بنچینە دەکەن؛ ئەویش بریتییە لە یەکخواپەرستی و بەتاکدانانی لە پەرستندا، خوا دەفەرمووێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾.[1]

واتە: لە پێش تۆشدا ئەی موحەممەد -صلى الله علیه وسلم-، هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیلا وەحیمان بۆی ناردووە، کە هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله کە تاکوتەنها و بێ شەریکە بۆیە بە تاکوتەنها عیبادەتی من بکەن.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾.[2]

واتە: بەدڵنیایی ئێمە بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵک و نەتەوەیەک لە شوێنێک ژیابێتن، پێغەمبەرێکمان بۆ ناردوون، ئیشی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە بە خەڵکەکەیان وتووە: ئەی خەڵکینە بە تاکوتەنها خوای گەورە بپەرستن و شەریك بۆ خوا دامەنێن و خۆتان دووربخەنەوە لە تاغووتەکان.

باوەڕبوو بە کتێبەکان؛ واتای ئەوە نییە کە دروست بێت بە ویستی خۆت کار بە شەریعەتەکەیان بکەیت، چونکە ئەوە لە شەریعەتی موحەممەد -صلى الله علیه وسلم- دروست نییە، باوەڕبوون بە کیتابەکان و بەگەورەدانانیان شتێکە، کارپێکردنیان شتێکی دیکەیە، قورئانیش یاسای

[1]- [الأنبياء: ٢٥].

[2]- [النحل: ٣٦].

کتێبەکانی پێشووی ڕەشکردۆتەوە، کەواتە قورئان بڕیاردەر و فەرمانڕەوایە بەسەر شەریعەتەکانی پێشوو، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ}.[1]

واتە: قورئان بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی لە تەورات و ئینجیل، بەڵام ئەم شایەت و ئەمیندار و باڵادەست و حاکمە بەسەریانەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کیتابانەی تری هەموی نەسخ کردەوە و حوکمیانی سڕیەوە، لەدوای دابەزینی قورئان، دروست نییە کار بەو کیتابانەی دیکە بکرێ و بخوێندرێنەوە.

* * *

[1]- [المائدة: ٤٨].

وَشَرَحَ بِهِ دِينَهُ الْقَوِيمْ، وَهَدَى بِهِ الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمْ.

هەروەها بەهۆی ئەو پەرتووکەوە، ئایینە ڕاست و دروستەکەی ڕوون کردەوە و خەڵکیشی ڕێنمایی کرد بۆ ڕێگا ڕاستەکەی خۆی.

ڕاڤەکردن

ئەوە ڕوونکردنەوەی پلەوپایەی قورئان و حیکمەتەکەیەتی؛ بێگومان خوا کردوویەتییە بەڵگە بەسەر بەندەکانییەوە، کردوویەتییە ڕوونکەرەوە و بڕیاردەر، ڕۆشن و درێژەپێدەر؛ هەرکەسێک ڕاستیی بوێت و بەدوایدا بگەڕێت لە قورئاندا، دەیدۆزێتەوە، ئەوکەسەشی لە دڵیدا گومڕایی و لادان هەبێت، ئەوە لاڕێ دەبێت، بەڵام قورئان، ئەوا هەمووی حەق و ڕاستە، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: **{لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ}**.[١]

واتە: بەتاڵ و پووچەڵ ناتوانێ تێکەڵ بە قورئانی پیرۆز بێت و ڕووی تێناکات، نە لە ئێستا و نە لە دوارۆژدا، لەبەر ئەوەی قورئان بە پاراستنی خوای گەورە پارێزراوە لە دەستکاریکردن و زیاد و کەمکردن، هەروەها لەلایەن خوایەکەوە دابەزێندراوە، کە زۆر کاردروست و سوپاسکراوە.

***

١- [فصلت: ٤٢].

وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَا رَيْبَ فِيهَا، وَأَنَّ اللهَ يَبْعَثُ مَنْ يَمُوتُ، كَمَا بَدَأَهُمْ يَعُودُونَ.

به دڵنیایی ڕۆژی قیامەت دێت و هیچ گومانی تێدا نییە، هەروەها بێگومان خوای بەدەسەڵات ئەوەی مردووە زیندووی دەکاتەوە، هەروەکوو لە سەرەتادا دروستی کردن، بەهەمان شێوەش دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا.

❁ ڕاڤەکردن ❁

❁ باوەڕبوون بە قیامەت و ئەوەشی تێیدایە:

باوەڕبوون بە زیندووبوونەوە دوای مردن، یەکێکە لە ڕووکنەکانی باوەڕ، باوەڕی هیچ کەسێکیش تەواو نابێت، ئیللا بە باوەڕهێنان بە قیامەت نەبێت، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- کاتێک جبریل پرسیاری لێکرد دەربارەی ئیمان، فەرمووی: «الإِيمَانُ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ، وَبِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ».

لەبەر گەورەیی زیندووبوونەوە و باوەڕپێبوونی؛ خوا لە سێ شوێندا سوێندی پێ خواردووە؛ هەروەکوو دەفەرمووێ: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَأْتِينَا السَّاعَةُ قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ﴾.[1]

[1]- [سبأ: ٣].

واتە: كافران ئەیانووت: ڕۆژی قیامەت نایەت و زیندوو بوونەوە نییە و نكوڵییان لێ دەكرد، ئەی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-، بڵێ: بەڵێ سوێند بێ بە پەروەردگارم! بە دڵنیایی قیامەت بەسەرتاندا دێت و زیندوو ئەبنەوە.

هەروەها دەفەرمووێ: {زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنْ لَنْ يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ}.[1]

واتە: كافران بە گومانی خۆیان ئەڵێن: زیندوو بوونەوە نییە، ئەی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-، بڵێ: بەڵێ، سوێند بێت بە پەروەردگارم! بە دڵنیایی ئێوە زیندوو ئەكرێنەوە، پاشان هەواڵتان پێ ئەدرێ بەو كردەوانەی كە لە دونیادا كردووتانە و سزا وەرئەگرن لەسەری، ئەمەش لای خوای گەورە زۆر ئاسانە كە زیندووتان بكاتەوە و لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بكات و سزاتان بدات.

هەروەها دەفەرمووێ: {وَيَسْتَنْبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُوَ قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ}.[2]

واتە: ئەی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-، داوای هەواڵت لێ ئەكەن ئایا ئەو هەواڵانەی كە تۆ بە ئێمەی ئەدەیت سەبارەت بە مردن و زیندوو بوونەوە و سزادانمان، ئایا حەقە؟ ئەی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-،

---

[1]- [التغابن: ٧].

[2]- [یونس: ٥٣].

بلێ: بەڵێ، سوێند بێت بە پەروەردگارم! هەموو ئەو شتانە حەقە و ڕووئەدات و دێتەجێ.

دووبارەکردنەوە سوێندخواردن لەلایەن خواوە لەسەر یەک بەڵێن، بەڵگەیە لەسەر گەورەییەکەی و گەورەیی کوفری ئەو کەسەش کە بەدرۆی دەخاتەوە.

بە دڵنیایی خوای گەورە، بێباوەڕبوونی بەڕۆژی دوایی، لکاندووە بە بێباوەڕبوون بە زاتی خۆی، هەروەکوو دەفەرمووێ: {قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ}.[1]

واتە: کوشتاری ئەو کەسانە بکەن کە ئیمانیان بەخوا و بەڕۆژی دوایی نییە.

مرۆڤیش هەرچەندە زیاتر یەقینی بە زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە و پاداشت و سزا هەبێت، ئەوە لەدونیادا کردەوەی زۆرتر دەبێت و زیاتریش لەخوا دەترسێت؛ چونکە هەرکەسێک بزانێت لێپرسینەوەیەک هەیە، ئەوە لێی دەترسێت، هەرکەسێکیش ئومیدی بە بەیەکگەیشتن هەبێت، خۆی بۆ ئامادە دەکات، درێژی هیوا و ئاواتیش ئەو شتە لە دڵدا لاواز دەکات؛ خوا دەفەرمووێ: {إِنَّ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ}.[2]

1- [التوبة: ٢٩].
2- [يونس: ٧].

واتە: ئەو کەسانەی کە بە ئومێدی گەیشتن نیین بە ئێمە و چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە زیندوو ببنەوە، هەروەها ڕازی بوونە بەژیانی دونیا و ژیانی دونیایان هەڵبژاردووە بەسەر قیامەتدا و دڵیان ئارام و هێمنە بۆ ژیانی دونیا، ئەو کەسانەشی کە بێئاگان لە ئایەتەکانی ئێمە و پەند و ئامۆژگاری لێ وەرناگرن.

هەروەها خوای گەورە کاتێک باسی کوفری کافرەکان و سەرکەشییەکەیان دەکات، هۆکارەکەشی ڕوون دەکاتەوە؛ فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ۝٢٧ وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كِذَّابًا﴾.[1]

واتە: لەبەر ئەوەی ئەوان لە دونیادا بە ئومێدی ئەوە نەبوون کە ڕۆژێك هەبێت و تیایدا زیندوو ببنەوە و خوای گەورە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و باوەڕیان بە زیندوو بوونەوە نەبووە.هەروەها ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە و باوەڕیان پێی نەکردووە.

زۆرجار خوای گەورە ڕۆژی دوایی بەبیر خەڵکی دێنێتەوە؛ تاوەکوو لەسەر فەرمانی خوا جێگیر بن، خوا دەفەرمووێ: ﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ﴾.[2]

واتە: ئێوە تەقوای خوای گەورە بکەن و لە خوای گەورە بترسێن لە ڕۆژێک، کە ڕۆژی قیامەتە، تیایدا ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە

[1]- [النبأ: ٢٧ - ٢٨].

[2]- [البقرة: ٢٨١].

❁ فووکردن بە کەڕەنا (الصُّور)دا:

خوای گەورە لە قورئاندا هەواڵی داوە بەوای چەند فووێک بە کەڕەنادا دەکرێت: یەکیان بۆ ترسان و داچڵەکین، یەکێکیشیان بۆ بێهۆش بوون و مردن، یەکێکی دیکەشیان بۆ هەستانەوەیە، هەروەکوو دەفەرمووێ: {وَيَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ}.(١)

واتە: لە ڕۆژی قیامەتیش کە ئیسرافیل فوو ئەکات بە کەڕەنادا، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بە فریشتە و مرۆڤەوە هەر هەمووی ئەترسێ لەبەر سەختی ئەو ڕۆژە، تەنها کەسانێک خوای گەورە ویستی لێبێت کە وتراوە: پێغەمبەران و شەهیدانن کە لای خوای گەورەن و ڕۆزییان دەدات، خەڵکی هەمووی بە زەلیلی و بە ملکەچی دێن و کەس دوا ناکەوێت.

هەروەها دەفەرموێ: {وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ}.(٢)

واتە: فوو ئەکرێ بە کەڕەنا و شەیپوڕدا لەلایەن ئیسرافیلەوە، کە فووکردنی یەکەمە و هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەر هەمووی ئەمرێت و تیائەچێت، تەنها ئەوەی کە خوای گەورە ویستی لێ بێت، کە

---

(١)- [النمل: ٨٧].

(٢)- [الزمر: ٦٨].

وتراوە: ئیسرافیل خۆیەتی و دواتر خۆشی ئەمرێت، یان فریشتەی گیانکێشانە، یان هەڵگرانی عەرشی پیرۆزی خوای گەورەن، یان شەهیدەکانن، یان مووسا پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-. پاشان دووەمجار فووی پێدا ئەکاتەوە خەڵکی هەر هەمووی هەڵئەستن و لە گۆڕەکانیان دەرئەچن و تەماشا ئەکەن، (نێوانی هەردوو فوو کردنەکە چل ساڵە).

زانایان جیاوازن دەربارەی [ژمارەی] فووەکان:

گوتراوە: دوانن.

گوتراوە: سیانن.

گوتراوە: چوارن.

ئەو بابەتەم لە کتێبی "الخُراسَانيَّة، (ص ٤٤٤)" ڕوونکردۆتەوە.

❁ زیندووکردنەوەی لاشەکان و پاداشت دانەوەیان:

خوای بەدەسەڵات؛ هەر ئەو لاشانەی کە لە دونیادابوون، زیندوویان دەکاتەوە، نەک جگە لەوان، هەروەها هەمان ئەو ئێسکانەی کە لە دونیادا بوون، زیندوویان دەکاتەوە، نەک جگە لەوان؛ هەروەکوو دەفەرمووێ: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾.[1]

واتە: ئایا ئەوانە سەرنجیان نەداوە کە چۆن خوا دروستکراوان بەدی دەهێنێت؟ پاشان دوای نەمان دەیهێنێتەوە، بێگومان ئەو زیندووکردنەوەیە بۆ خوا ئاسانە.

---

[1]- [العنكبوت: ١٩].

هەروەها دەفەرمووێ: {كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ}.[1]

واتە: چۆن سەرەتا ئێوەی دروستکردووە، ئاواش ئەتانگەڕێنێتەوە بەڕووتی.

بەڵام خوای بەدەسەڵات لە قەبارە و بارودۆخیان زیاد دەکات، هەروەکوو چۆن لە دونیادا زیادی دەکرد تێیاندا، بچووک گەورە دەبوو، قەڵەو لاواز دەبوو، لاواز قەڵەو دەبوو، زیادبوون تێیاندا واتای ئەوە نییە کە لاشەکان جگە لەو لاشانەن، یا پێستەکان جگە لەو پێستانەن، یان ئێسکەکان جگە لەو ئێسکانەن.

❁ نیشانەکانی قیامەت:

پێویستە ئیمانمان بەو نیشانانە هەبێت کە پێشی قیامەت دێن و ڕوودەدەن، خوا دەفەرمووێ: {فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَنْ تَأْتِيَهُمْ بَغْتَةً فَقَدْ جَاءَ أَشْرَاطُهَا}.[2]

واتە: ئایا چاوەڕێی چ شتێکن جگە لە هاتنی قیامەت نەبێ کە لە ناکاودا دێت، چونکە بێگومان هێندێک نیشانەکانی هاتۆتەدی.

ئەو نیشانانەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون زۆرن؛ وەکوو: دەرچوونی دەججال و داببە و یەئجووج و مەئجووج و دابەزینی عیسا و دەرچوونی خۆر لە خۆراوا.

---

[1]- [الأعراف: ٢٩].

[2]- [محمد: ١٨].

نیشانەکانی قیامەت؛ گەورە و بچووکی هەیە، زۆربەی بچووکەکان لەپێشی گەورەکان دێن، هێندێکیشیان دەچنە ناو گەورەکان و لەکاتی نیشانە گەورەکان ڕوودەدەن.

بێگومان خوای گەورە نیشانەی بۆ قیامەت داناوە؛ وەکوو بەزەییەک بە خەڵکی؛ تاوەکوو خەڵکێک پەند وەرگرێت و بگەڕێنەوە؛ هەروەها تاوەکوو قیامەت دانێت، ئیللا ئەو کاتە نەبێت کە خەڵکی بیانوویان نەمابێتوو و بەڵگەی شەرعی و کەونییان پێگەیشتبێت.

زانستی هاتنی کاتی قیامەت لەلای خوایە، هیچ کەسێک ناتوانێت ئاشکرای بکات، تەنها ئەو نەبێت، خوا دەفەرمووێ: {إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ}.(١)

واتە: بە دڵنیایی تەنها خوای گەورە ئەزانێ کە کاتی هاتنی قیامەت کەیە، چ ڕۆژو مانگ و ساڵێکە، خوای گەورە نەبێ کەس نازانێ ڕۆژی قیامەت کەی دێت، نە پێغەمبەرێکی نێردرا و نە فریشتەیەکی نزیك لە خوا.

هەروەها دەفەرمووێ: {لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ}.(٢)

واتە: هاتنی قیامەت، کاتەکەی تەنها لای پەروەردگارە و کاتەکەی ئاشکرا ناکات و تەنها خۆی نەبێ کەس نایزانێ.

١- [لقمان: ٣٤].
٢- [الأعراف: ١٨٧].

هەرکەسێک وا گومان ببات کە خۆی، یان کەسێکی دیکە، دەزانن کە لە فڵانە ڕۆژی دیاریکراودا قیامەت هەڵدەستێت، ئەوە بە دڵنیایی کافربووە بە خوا و هەواڵی خواشی بە درۆ زانیوە.

***

وَأَنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ضَاعَفَ لِعِبَادِهِ الْمُؤْمِنِينَ الحُسَنَاتْ، وَصَفَحَ لَهُمْ بِالتَّوْبَةِ عَنْ كَبَائِرِ السَّيِّئَاتْ، وَغَفَرَ لَهُمُ الصَّغَائِرْ، بِاجْتِنَابِ الْكَبَائِرْ، وَجَعَلَ مَنْ لَمْ يَتُبْ مِنَ الْكَبَائِرِ صَائِرًا إِلَى مَشِيئَتِهْ؛ {إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ} [النساء: ٤٨].

بێگومان خوای بەرز و بڵند پاداشتی کردەوە چاکەکانی بۆ بەندە بڕوادارەکانی زیادکردووە، هەروەها لێیان خۆش بووە بە پەشیمان بوونەوەیان لە گوناهە گەورەکان، لە تاوانە بچووکەکانیشیان خۆش بووە و داپۆشیوە بەهۆی دوورکەوتنەوە لە تاوانە گەورەکان، ئەو کەسەشی پەشیمان نەبووبێتەوە لە تاوانە گەورەکان، خستوویەتییە ژێر ویستی خۆی؛ {بە دڵنیایی خوای گەورە هەرگیز لە کەسێك خۆش نابێ کە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدات و لەسەر شیرک بمرێ و تەوبە نەکات، بەڵام جگە لە شەریکدانان بۆ خوای گەورە، چەندێک مرۆڤ تاوانی گەورەی هەبێ، ئەوە ئەکەوێتە بەر ویستی خوای گەورە، ویستی لێ بێت لێی خۆش ئەبێت بە فەزڵی خۆی، ویستیشی لێ بێت سزای ئەدات بە دادپەروەری خۆی، بەڵام بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە}.

راقەکردن

❁ لێپرسینەوە و سزادان:

ئەو چاکەیەی کە بەندە ئەنجامی دەدات، خوای گەورە بۆی بە دە چاکە دەنووسێت، بەڵام خەراپە تەنها بە هاوشێوەی خۆی دەنووسرێت؛ هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: **{مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ}**.[1]

واتە: هەر کەسێک چاکەیەک بکات، خوای گەورە یەک بە دە تا یەک بە حەوت سەد تا زیاتر پاداشتی ئەداتەوە، هەر کەسێکیش خراپەیەک بکات خوای گەورە یەک بە یەک سزای لێ ئەستێنێ، ئەمەش دادپەروەری و سۆزی خوای گەورەیە، خەڵکی لە ڕۆژی قیامەت زوڵم و ستەمیان لێ ناکرێ بەوەی پاداشتی کردەوەکانیان کەم بکرێ، یاخود سزای خراپەکانیان زیاد بکرێ.

هەروەکوو ئەمە لە فەرموودەشدا جێگیر بووە.

بەشێک لە بەزەیی خوا ئەوەیە: دەرگای تەوبەی کردۆتەوە بۆ ئەوکەسەی بیەوێت تەوبە بکات، جا هەرکەسێک تەوبە بکات و بگەڕێتەوە، ئەوە خوا تەوبەکەی لێ وەردەگرێت، تاوانەکەی هەرچییەک بێت، ئەگەر کوفریش بێت؛ هیچ تاوانێت لەلای خوای بەبەزەیی گەورە و گران نییە؛ بۆیە لێخۆشبوونەکەی هەموو تاوانێک دەگرێتەوە، بچووک و گەورەی، خوا

١- [الأنعام: ١٦٠].

دەفەرمووێ: {قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ}.[1]

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، بەو بەندانەم بڵێ کە زیادەڕەویانکردووە لە تاوان و سەرپێچیدا: بێئومێد نەبن لە ڕەحمەتی خوا؛ بە دڵنیاییی خوای گەورە لە هەموو تاوانێک خۆش ئەبێ، تەنها شەریکدانان نەبێت بۆی، ئیتر لە هەموو تاوانێکی تر خۆش ئەبێت، بە دڵنیاییی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو و بە بەزەییە.

❁ حوکمی ئەو کەسەی بمرێت و تەوبەی نەکردبێت لە تاوانەکەی:

هەرکەسێک تاوانی بچووک ئەنجام بدات و لە گەورەکانیش دوورکەوێتەوە، ئەوە خوا تاوانە بچووکەکانی دەسڕێتەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکات، هەروەکوو دەفەرمووێ: {إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُمْ مُدْخَلًا كَرِيمًا}.[2]

واتە: ئەگەر ئێوە خۆتان بە دووربگرن و خۆتان بپارێزن لە تاوانە گەورەکان، ئەوە ئێمە لە تاوانە بچووکەکانتان خۆش ئەبین، هەروەها ئەتانخەینە شوێنێکی چاکەوە و پێی ڕازین کە بەهەشتە.

---

[1]- [الزمر: ٥٣].
[2]- [النساء: ٣١].

بۆ ئەمەش هۆكاری زۆری داناوە:

لەوانە: كردەوە چاكەكانی؛ وەكوو پێنج نوێژەكان، هەینی بۆ هەینی، ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، حەجی وەرگیراو، جگە لەمانەش لە كردەوە چاكەكان.

جاری واشە خوا بە ویست و میهرەبانی خۆی لە تاوانی تاوانبار خۆش دەبێت، ئەگەرچی هیچ هۆكارێكیشی نەگرتبێتەبەر.

هەرچی خاوەنی تاوانە گەورەكانن، ئەگەر تەوبەیان نەكردبێت، ئەوە لەژێر ویستی خوادان: ئەگەر ویستی لێبێت، سزایان دەدات، ئەگەر ویستیشی لێبێت لێیان خۆش دەبێت، ئەوەی دەقەكانی وەحی بەڵگەن لەسەری و سەلەفیش لەسەری یەكدەنگن، بریتییە لە: خاوەنی تاوانە گەورەكان، ئەوانەی تەوبەیان نەكردووە، دوو كۆمەڵن:

كۆمەڵێكییان: خوای بەبەزاییی بە میهرەبانی خۆی لێی خۆش دەبێت، هەروەها بە هێندێک هۆكاری دیكەش، وەكوو دوعای منداڵەكەی، یا جگە لەو، یان كردەوەی چاكی، یاخود وەرگرتنی شەفاعەتی خێزان و منداڵ و جگە لەوانەش، یا بەڵا و ناڕەحەتی و خەفەت لە دونیادا، یان ناخۆشی و ناڕەحەتییەكانی بەرزەخ و گۆڕەپانی قیامەت و ترسی پردی سیڕات و جگە لەمانەش.

كۆمەڵێكی دیكەیان: خوا لە تاوانە گەورەكەیان خۆش نابێت؛ بۆیە لە دۆزەخدا سزای دەدات ئەوەندەی كە پاك ببێتەوە، پاشان سەرەنجامی بەرەو بەهەشتە.

ئەسڵیش ئەوەیە: كۆمەڵی یەكەم زۆرترن لە كۆمەڵی دووەم؛ ئەمەش لەبەر فراوانی ڕەحمەتی خوا و پێشكەوتنی بەسەر تووڕەییەكەیەتی.

> وَمَنْ عَاقَبَهُ اللهُ بِنَارِهِ، أَخْرَجَهُ مِنْهَا بِإِيمَانِهِ، فَأَدْخَلَهُ بِهِ جَنَّتَهُ: {فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيرًا يَرَهُ} [الزلزلة: ٧].

ئینجا هەرکەسێک خوای گەورە سزای بدات بە ئاگری دۆزەخ، ئەوە ڕۆژێک هەر دەریدێنێت لەو ئاگرە بەهۆی باوەڕەکەی، پاشان بەهۆیەوە دەیخاتە بەهەشتەکەی خۆی: {لەو ڕۆژەدا هەر کەسێك کردەوەی چاکی کردبێ لە دونیادا، بەئەندازە و کێشی زەڕەیەک، ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتەکەی وەرئەگرێ، بۆیە نابێ مرۆڤی موسڵمان چاکەی لەلا کەم بێ}.

راڤەکردن

سەرەنجامی ئەو موسڵمانە تاوانبارانەی کە دەچنە دۆزەخەوە:

ئەو موسڵمانە تاوانبارەی خوا بیەوێت سزای بدات، ئەوە لەنێوان زانایاندا جیاوازی تێدا نییە کە وەکوو کافران هەتاهەتایی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە؛ چونکە خوا بەڵێنی بەهەشتی داوە لەسەر گەردیلەیەک لە باوەڕ؛ پێغەمبەر- صلی الله علیه وسلم- دەفەرمووێ: «أَخْرِجُوا مِنَ النَّارِ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ».[1]

[1]- البخاري (٢٢)، ومسلم (١٨٤) من حديث أبي سعيد.

واته: هەرکەسێک بە ئەندازەی میسقالی دەنکە خەرتەلەیەک ئیمان لە دڵیدا هەبێت، دەریبێنن لە دۆزەخ.

❀ بەڵام خەواریج و موعتەزیلە و مورجیئەکان لەو بابەتەدا پێچەوانەن:

خەواریج و موعتەزیلەکان پێیان وایە: ئیمانی لێ دەستێندرێتەوە و ناچێتە بەهەشت و هەتاهەتاییش لە ئاگردا دەمێنێتەوە.

هێندێک لە مورجیئەکانیش پێیان وایە: هیچ یەکێک لە موسڵمانان ناچێتە دۆزەخ، تاوانەکەی هەرچەندە زۆر بێت.

فەرموودەیەک لە (سەحیحەین)دا بەڵگەیە لەسەر سزادانی خەڵکانێک بە ئاگری دۆزەخ لە تاوانبارەکانی بەنی ئادام و دەرهێنانی خەڵکانێکیش لە دۆزەخ کەوا سوتاون و بوون بە خەڵووز، تەنها شوێنی سوژدەبردنیان نەبێت، هەروەها هەرکەسێک بە ئەندازەی گەردیلەیەک ئیمان لە دڵیدا بێت، لە دۆزەخ دەردەهێندرێت.

ئەو فەرموودانە بەڵگەنە لەسەر ڕاستییەتی مەزهەبی ئەهلی سوننە دەربارەی بکەری تاوانی گەورە و وەڵامێکیشە بۆ مەزهەبی ئەو گرووپە گومڕایانە.

***

وَيُخْرِجُ مِنْهَا بِشَفَاعَةِ النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم-، مَنْ شَفَعَ لَهُ مِنْ أَهْلِ الْكَبَائِرِ مِنْ أُمَّتِهْ.

خواى بەبەزەيى خەڵكانێک لە دۆزەخ دەردێنێت بەهۆى تکاکردنى پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەو کەسەى ئەو تکايان بۆ دەکات، خاوەنى تاوانە گەورەکان بوونە لە ئوممەتەکەى.

﴾ ڕاڤەکردن ﴿

❁ تکاکردن و حوکمەکانى:

تکاکردن جێگیرە؛ هەروەها ڕاست و بێگومانە، موسڵمان نکووڵى لە ئەسڵى تکاکردن ناکات.

تکاکردن بريتييە لە: دانەپاڵ و چوونەپاڵى يەکێک يان زياتر بۆلاى يەکێکى ديکە يان زياتر؛ تاوەکوو بگاتە پێداويستييەک کە بەخودى خۆى ناتوانێت ئەنجامى بدات.

ئەمەش بەشێکە لە ڕەحمەتى خوا و فرەوانى فەزڵەکەى: کە واى کردووە هۆکارەکانى ڕزگاربوون لە دۆزەخ و چوونە بەهەشت جۆراوجۆربن.

تکاکردنيش بۆ ئەم شتانە دەبێت:

- ڕزگاربوون و پارێزگارى لە سزا، يان ناخۆشى و ناڕەحەتى.

- سووککردنی سزا.
- لادانی سزا.
- چوونە بەهەشت.
- بەرزبوونەوەی پلە لەناو بەهەشت.

*تکاکردن بۆ ڕزگاربوون و پارێزراوبوون: وەکوو تکاکردن بۆ خەڵکی کە لە قیامەتدا وەستاون، تاوەکوو ئەو نارەحەتییەیان لەسەر سووک بکرێت: بەوەی خوا زوو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، هەروەها وەکوو تکاکردن بۆ ڕزگاربوون لە سزا، بۆ ئەو کەسەی خوا لەسەری نووسیبێت کە بچێتە دۆزەخ.

*تکاکردن بۆ سووکبوونی سزا: وەکوو تکاکردنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ مامی (ئەبوو تاڵیب). هەروەها تکاکردن بۆ باوەڕدارە تاوانبارەکان، تاوەکوو سزایان لەسەر سووک بکرێت.

*تکاکردن بۆ لادانی سزا: وەکوو تکاکردن بۆ ئەو تاوانبارە یەکخواپەرستانەی کە چوونەتە دۆزەخ، تاوەکوو لێی دەربچن.

*تکاکردن بۆ چوونە ناو بەهەشت: وەکوو تکاکردنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ ئوممەتەکان کە بچنە بەهەشتەوە، دوای ئەوەی لە پردی سیڕات دەپەڕنەوە.

*تکاکردن بۆ بەرزبوونەوەی پلە لەناو بەهەشت: ئەمەش بریتییە لە تکاکردنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- و جگە لەو لە مەلائیکەتەکان و پێغەمبەران و پیاوچاکان بۆ جگە لەخۆیان: بەوەی پێیان بگەن، هەروەها

وەکوو تکاکردنی ژن و مێرد و باوک و باپیر و منداڵەکان و خزمەکان، هێندێکیان بۆ هێندێکی دیکەیان.

تەنها ئیماندار تکا دەکات، تکاکردن لە غەیری ئیماندار وەرناگیرێت؛ چونکە خوا ڕازی نابێت لە کافر.

هەروەها هەرچەندە بەندە ئیمانی لاواز بێت، ئەگەری تکاکردنی لاوازتر دەبێت؛ تا وای لێ دێت کە ئیمان لاوازترین کەسی ئەو ئوممەتە، تکا بۆ کەس ناکات؛ چونکە ناتوانێت تکا بکات بۆ کەسێکی سەرووی خۆی؛ لەبەر ئەوەی ئیمانی لەو بەهێزترە، کەسیش نییە لەخوار ئەو، تا تکای بۆ بکات.

هەرکاتێکیش پلەی باوەڕدار بەرزتر بێت، تکاکاری کەمتر دەبن؛ لەبەر ئەوەی پلەی لەوان بەرزترە و گەیشتووە بە پلەی ڕازیبوونی کامڵ، یان لێی نزیکی بۆتەوە؛ هەربۆیەش جێگیر نەبووە کە هیچ کەس تکا بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بکات؛ چونکە باشترینی پێغەمبەران و هەموو خەڵکیشە؛ بۆیە لەهەموو خەڵکی زیاتر تکا بۆ جگە لە خۆی دەکات، بەڵام جگە لەو تکای بۆ ناکات.

هیچ کەسێکیش مۆڵەتی تکاکردن نادات، جگە لە خوای بەدەسەڵات، هەرچەندە ئەو کەسە پلەوپایەشی بەرز بێت؛ خوا دەفەرمووێ: ﴿قُلْ لِلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا﴾.[1]

---

[1]- [الزمر: ٤٤].

واتە: ئەی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-، بڵێ: شەفاعەت هەمووی بۆ خوای گەورەیە و بەدەست خوای گەورەیە و کەس بەبێ مۆڵەت و ڕەزامەندی خوای گەورە، ناتوانێت شەفاعەت بکات و خوای گەورە لە کافران و خواکانیشیان ڕازی نییە، ئیتر چۆن دەتوانن شەفاعەتتان بۆ بکەن؟!

تکاکردن بۆ هیچ کەسێک ناکرێت، هەتا دوو شتی تێدا نەبێت:

١- خوای گەورە مۆڵەت بدات بە تکاکار کە تکا بکات.

٢- ڕازیبوونی خوا لە تکابۆکراو.

خوای پەروەدگار دەفەرمووێ: {وَكَمْ مِنْ مَلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِنْ بَعْدِ أَنْ يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَرْضَى}.[١]

واتە: چەندەها فریشتە هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا لەگەڵ زۆری عیبادەت و پەرستنیان بۆ خوای گەورە و ڕێزیان لای خوای گەورە، شەفاعەت و تکای ئەوان لای خوای گەورە هیچ سوودێکی نییە، ئیللا لەپاش ئەوەی کە خوای گەورە مۆڵەتیان بدات کە شەفاعەت بکەن بۆ هەر کەسێک کە ویستی لێ بێ، ڕازیش بێ لەو کەسەی کە شەفاعەتی بۆ ئەکرێ، واتە: ئەهلی تەوحید بێت و موشریک نەبێت، ئیتر چۆن ئێوە بەئومێدی ئەو بتانەن شەفاعەتتان بۆ بکەن؟!

[١]- [النجم: ٢٦].

کەواتە کافر؛ نە تکا دەکات، نە تکاشی بۆ دەکرێت؛ چونکە خوا ڕازی نابێت لە کافرەکان؛ هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَى عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ}.(1)

واتە: بێگومان خوای گەورە لە کەسانێکی فاسیق و لەڕێ دەرچوو ڕازی نابێت.

تکاکردن پێویستی بە ڕازیبوونی خوا هەیە، کافریش سوود لە تکاکردن نابینێت؛ هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {فَمَا تَنْفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ}.(2)

واتە: ئیتر تکای تکاکاران بۆ ئەمان هیچ سوودێکی نییە، نە پێغەمبەران نە فریشتەکان نە پیاوچاکان نە شەهیدان، شەفاعەت بۆ ئەمانە ناکەن، ئەو کەسەی شەفاعەتی بۆ ئەکرێ، ئەبێ ئەهلی تەوحید بێت، بەڵام ئەوەی بە کافری بمرێت بە دڵنیایی بە هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا دەبێت.

ئینجا هێندێک لە گرووپەکان بەگوێرەی بنچینەکانی بیروباوەڕیان، نکووڵییان لە تکاکردن کردووە، جا هەیانە بەگشتی نکووڵی لێ دەکات، هەشیانە نکووڵی لە هێندێکی دەکات.

خەواریجەکان و موعتەزیلەکان؛ خاوەنی تاوانە گەورەکان بە باوەڕدار نازانن؛ کەواتە: لەلای ئەوان تکاکردن بۆ موسڵمانە تاوانبارەکان نییە؛ چونکە ئەوان ناوی ئیمانیان لێستاندەوە، لەبەرانبەریشیان مورجیئەکانن: ئەوانیش

(1)- [التوبة: ٩٦].

(2)- [المدثر: ٤٨].

پێیان وایە تکاکردن بۆ تاوانبارەکان نییە؛ لەبەر ئەوەی لەلای ئەوان تاوان کاریگەری لەسەر ئیمان نییە؛ کەواتە: بەهۆی تاوانەوە هەر ناچنە دۆزەخ، چجای ئەوەی سزایان لەسەر سووک بکرێت؛ کەوابوو لەلای خەواریج و موعتەزیلە و مورجیئەکان؛ هیچ کەسێک ناچیتە دۆزەخەوە، تەنها کەسی کافر نەبێت.

کەواتە خەواریج و موعتەزیلە و مورجیئەکان؛ نکوولییان لە شەفاعەت کردووە بەگوێرەی ئەوەی کە بڕیاریان داوە و[لەبیروباوەڕیاندا جێگیریان-کردووە].

بۆیە بگوترێت خەواریج و موعتەزیلە و مورجیئەکان؛ بەگشتی و بەڕەهایی نکووڵی لە شەفاعەت دەکەن، ئەوە هەڵەیە بەرانبەریان.

***

وَأَنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ قَدْ خَلَقَ الجَنَّةَ فَأَعَدَّهَا دَارَ خُلُودٍ لِأَوْلِيَائِهِ، وَأَكْرَمَهُمْ فِيهَا بِالنَّظَرِ إِلَى وَجْهِهِ الْكَرِيمِ.

بە دڵنیاییەوە خوای گەورە بەهەشتی دروست کردووە و ئامادەشی کردووە و کردوویەتی بە ماڵی مانەوەی هەمیشەیی بۆ دۆستەکانی، لەوێشدا ڕێزی لێگرتوون بەوەی سەیرکردنی بۆ ڕووی پیرۆزی خۆی پێ بەخشیون.

﴿ ڕاڤە کردن ﴾

❁ بینینی خوا لە ڕۆژی دوایی:

دەقەکان زۆر و بڵاون لەسەر بینینی خوا لە ڕۆژی دواییدا، هاوەڵان و تابیعییەکان و ئەو شوێنکەوتووانەشیان کە ناسراون بە زانست؛ جیاواز نیین لەو بابەتەدا:

خوای گەورە دەفەرمووێ: {وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ}.[1]

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا کۆمەڵێک ڕوو گەشاوە و پرشنگدار و جوانن و ئەدرەوشێنەوە. لەبەر ئەوەی تەماشای خوای گەورە ئەکەن.

واتا: بەچاوی سەریان سەیری پەروەردگاریان دەکەن؛ سەلەف لە لێکدانەوەی ئەو ئایەتەدا، ئەو واتایەیان جێگیر کردووە.

---

[1] - [القيامة: ٢٢ - ٢٣].

خوا دەفەرمووێ: {كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ}.[1]

واتە: نەخێر، کافران لەو ڕۆژەدا لە نێوان ئەوان و بینینی خوای گەورەدا حیجاب و پەردە هەیە و ئەوان ڕێگری ئەکرێن لەوەی کە خوای گەورە ببینن.

کەواتە ئەگەر خەڵکانێک هەبن بێبەش بن لەبینینی خوا، ئەوە خەڵکانێک هەن کە سەیری دەکەن و دەیبینن، پێشەوا: مالیک و شافیعی و کۆمەڵێک لە زانایانی زمانی عەرەبیش، وەکوو سەعلەب و جگە لەویش، ئەو ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر بینینی خوا.

یەکێکی تر لە بەڵگەکان: خوای گەورە دەفەرمووێ: {لَنْ تَرَانِي وَلَكِنِ انْظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي}.[2]

واتە: ئەی مووسا، (لە دونیادا) تۆ ناتوانی من ببینی، بەڵام سەیری لای شاخەکە بکە، جا ئەگەر ئەو شاخە لە شوێنی خۆی جێگیربوو و نەجوڵا، ئەوە دوای کەمێک تۆش دەمبینی.

کەواتە خوا بینینی خۆی لە دونیادا لە مووسا قەدەغەکرد، ئەوەش وا دەخوازێت کە دەکرێت لە دواڕۆژدا ببینرێت.

پاشان مووسا داوای شتێک ناکات کە ئەستەم بێت، بەڵکوو ئەوەی داوای دەکات دەشێ و دەبێت.

[1]- [المطففين: ١٥].

[2]- [الأعراف: ١٤٣].

پێشەوا مالیک و قوتابییەکانی توند بوون لەسەر ئەوانەی کە نکوڵییان لە بینینی خوا دەکرد لە ئەهلی کەلام، بە پێشەوا مالیک گوترا: "ئەوان وا گومان دەبەن کە خوا نابینرێت! فەرمووی: شمشێر شمشێر![واتە: دەبێت بکوژرێن]."[1]

پێشەوا ئیبن ماجشوون دەفەرمووێ: "مَن زعَمَ أنَّ اللهَ لا يُرَى يومَ القيامة، استُتِيبَ".[2]

واتە: هەرکەسێک وا گومان ببات کە خوا لە ڕۆژی دواییدا نابینرێت؛ داوای تەوبەی لێ دەکرێت.

***

[1]- شرح أصول الاعتقاد (٨٠٨ و ٨٧٢).

[2]- نسَبَه وغيرَه من آثارِ للسلف والأئمةِ محمد بن وضَّاح في كتاب "الرؤية".

وَهِيَ الَّتِي أَهْبَطَ مِنْهَا آدَمَ نَبِيَّهُ وَخَلِيفَتَهُ إِلَى أَرْضِهِ، بِمَا سَبَقَ فِي سَابِقِ عِلْمِهِ. وَخَلَقَ النَّارَ فَأَعَدَّهَا دَارَ خُلُودٍ لِمَنْ كَفَرَ بِهِ، وَأَلْحَدَ فِي آيَاتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ، وَجَعَلَهُمْ مَحْجُوبِينَ عَنْ رُؤْيَتِهِ.

ئەو بەهەشتەش هەر ئەو بەهەشتەیە کە ئادەمی پێغەمبەرەکەی و جێنشینەکەی لێ دابەزاندە سەر زەوی، ئەمەش بەهۆی ئەو شتەوەبوو کە پێشتر لە زانستی خۆی بڕیار لەسەردابوو. هەروەها ئاگری دۆزەخیشی دروستکردووە و ئامادەی کردووە و کردوویەتی بەماڵی هەمیشەیی بۆ ئەو کەسەی کە بێباوەڕ بووبێت بەخوا و بە ئایەتەکانی و پەرتووکەکانی و پێغەمبەرانی، بێبەشیشی کردوون لە بینینی خۆی.

راقەکردن

❁ بەهەشت و دۆزەخ، خوا بۆ کێی ئامادە کردوون:

خوای گەورە کاتێک باسی ئەو بەهەشتەی کردووە کە ئادەم و هاوسەرەکەی خستە ناوی، نەیبەستۆتەوە بە هیچ شتێک: {قُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ}.[1]

[1]- [البقرة: ٣٥].

واته: گوتمان: ئه‌ی ئاده‌م، خۆت و حه‌وای خێزانت، نیشته‌جێ بن له به‌هه‌شتدا.

ئه‌سڵیش ئه‌وه‌یه: به‌هه‌شتی هه‌تاهه‌تایی بێت، ئه‌وه‌ی سه‌ره‌نجام باوه‌ڕداران ده‌چنه ناویه‌وه، بێگومان ئاده‌م و حه‌وا و ئیبلیسی دووژمنیشیان، له به‌هه‌شتی ئاسمان بوون؛ هه‌ر بۆیه‌ش خوا داییه‌زاندنه سه‌ر زه‌وی؛ فه‌رمووی: {قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا}.[1]

واته: گوتمان: هه‌مووتان دابه‌زنه سه‌ر زه‌وی و بچنه خواره‌وه له به‌هه‌شت.

له فه‌رمووده‌شدا هاتووه: "کاتێک ئاده‌م داوای شه‌فاعه‌تی لێ ده‌کرێت، له‌کاتی وه‌ستان له ڕۆژی قیامه‌ت، پاساو دێنێته‌وه، پاشان ده‌فه‌رمووێ: "بۆ هه‌ر هه‌ڵه‌ی باوکتان ئاده‌م نه‌بوو که ئێوه‌ی له به‌هه‌شت ده‌رکرد؟!""[2]

که‌واته ئه‌مه به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که ئه‌و به‌هه‌شته‌ی لێی ده‌رکرا، هه‌ر ئه‌و به‌هه‌شته‌یه که بۆی ده‌گه‌ڕێنه‌وه.

هه‌روه‌ها ئه‌و به‌هه‌شته که‌وا ئاده‌م چووه ناوی له قورئاندا به (لامی ته‌عریف)باسی لێوه کراوه، به (نه‌کیره‌یی) باسی نه‌کراوه؛ خوا ده‌فه‌رمووێ: {اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ}[3]، هه‌روه‌ها ده‌فه‌رمووێ: {فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا

---

[1]- [البقرة: ٣٨].
[2]- مسلم (١٩٥).
[3]- [الأعراف: ١٩].

مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰ}[1]، قسەبۆکراو و دوێنراوەکانیش هیچ بەهەشتێک ناناسن لەکاتی بیستنی، تەنها بەهەشتی هەتاهەتایی نەبێت.

* کاتێک ئیبن ئەبی زەید دەفەرمووێ: "ئاگری دۆزەخی دروستکردووە و ئامادەی کردووە و کردوویەتی بە ماڵی هەمیشەیی بۆ ئەو کەسەی کە بێباوەڕ بووبێت بە خوا". مەبەستی ئەوە نییە کە هێندێک لە یەکخواپەرستە تاوانبارەکان؛ ناچنە دۆزەخ، بەڵکوو ئەمەی باسکردووە بە قەیدی هەتاهەتایی، ئێ باوەڕداریش هەتاهەتایی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە، ئەگەر سزا بدرێت تێیدا؛ بۆیە تەقییدی کردووە و فەرموویەتی: "کردوویەتی بە ماڵی هەمیشەیی بۆ ئەو کەسەی کە بێباوەڕ بووبێت بە خوا".

بێباوەڕەکان، لە ڕۆژی دواییدا پەروەردگاریان نابینن؛ لەبەر ئەوەی بینینی خوا نیعمەتە و ئەوانیش هیچ نیعمەتێکیان لەبۆ نییە؛ خوای بەرز فەرموویەتی: {كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ}.[2]

واتە: نەخێر، کافران لەو ڕۆژەدا لە نێوان ئەوان و بینینی خوای گەورەدا حیجاب و پەردە هەیە و ئەوان ڕێگری ئەکرێن لەوەی کە خوای گەورە ببینن.

پیاوێک بە مالیکی فەرموو: ئەی باوکی عەبدوڵلا، ئایا لە ڕۆژی دواییدا باوەڕداران پەروەردگاریان دەبینن؟ مالیک فەرمووی ئەگەر باوەڕداران پەروەردگاریان نەبینن، ئەوە خوا بێباوەڕەکانی سەرگەردان نەدەکرد بە

---

[1]- [طه: ١١٧].

[2]- [المطففين: ١٥].

بێبەشکردن، خوا فەرموویەتی: {كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ} [المطففين: ١٥] ".[1]

پێشەوا شافیعی و ئەحمەدیش ئەو ئایەتەیان ئاوا کردۆتە بەڵگە.

❁ دروستبوونی بەهەشت و دۆزەخ:

ئیبن ئەبی زەید لە کیتابی "الجامع"دا دەفەرمووێ: "وَأَنَّ الجَنَّةَ وَالنَّارَ قَدْ خُلِقَتَا؛ أُعِدَّتِ الجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينْ، وَالنَّارُ لِلْكَافِرِينْ، لَا تَفْنَيَانِ ولا تَبِيدَانِ".[2]

واتە: بێگومان بەهەشت و دۆزەخ دروستکراون؛ بەهەشت بۆ پارێزکاران ئامادەکراوە، دۆزەخیش بۆ بێباوەڕان، نە لەناودەچن، نە کۆتاییان پێ دێت.

خوای گەورە بەهەشت و دۆزەخی دروستکردووە و لەپێش ڕۆژی دوایی ئامادەی کردووە بۆ خاوەنەکانیان، هەروەکوو خوا دەربارەی بەهەشت دەفەرمووێ: {أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ}.[3]

واتە: بەهەشت، ئامادەکراوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن.

هەروەها دەربارەی ئاگری دۆزەخ دەفەرمووێ: {أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ}.[4]

---

[1]- شرح أصول الاعتقاد (٨٠٨).

[2]- الجامع (ص ١١٠).

[3]- [آل عمران: ١٣٣].

[4]- [البقرة: ٢٤, وآل عمران: ١٣١].

واته: دۆزەخ، ئامادەکراوە بۆ کافران.

هەروەها کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، بەهەشتی بینی، خوا دەفەرموویَ: {وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى ۝ عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى ۝ عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى}.[1]

واته: بێگومان جارێکی تریش پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- جبریلی بینیوە. لەلای درەختی سیدرەتولمونتەها (کە داری نەبق و سیدر و تاوکی پێدەوترێت و گەڵاکانی وەکو گوێی فیل پانە). لەوێش بەهەشت هەیە کە شوێنی مانەوەی باوەڕدارانە.

بێگومان لە فەرموودەیەکی زۆردا هاتووە کە بەهەشت و دۆزەخ، پیشانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دراوە.

بەڵگەکانی دروستکردنی بەهەشت و دۆزەخ لەلایەن خواوە، ڕاشکاو و موتەواتیرن، پێشەوا ئەحمەدیش بڕیاری داوە بە کافربوونی ئەو کەسەی کە نکوولّی لەمە بکات، هەروەکوو "الأندرانيّ" و جگە لەویش لێیان نەقڵ کردووە.[2]

[1]- [النجم: ١٣ - ١٥].

[2]- طبقات الحنابلة (٢/ ٣٣٩).

❁ مانەوە و هەتا هەتایی بەهەشت و دۆزەخ:

هێندێک لە گرووپەکان گوتویانە: بەهەشت و دۆزەخ کۆتاییان هەیە، بەگوێرەی ئەمەش بێت کەواتە لەناودەچن؛ ئەمەش وتەی جەهمی کوڕی سەفوانە.

بەڵام، سەلەف یەکدەنگن لەسەر ئەوەی بەهەشت و دۆزەخ لەناو ناچن، تەنها کەمێکیان نەبێت کە وتەیان هەیە لەسەر لەناوچوونی دۆزەخ.[1]

بەڵام خوای گەورە لەچەند شوێنێک لە کیتابەکەیدا باسی هەتا هەتایی دۆزەخی کردووە، خوا دەفەرمووێ: ﴿خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾.[2]

واتە: بە نەمری و هەمیشەیی تیایدا ئەمێننەوە و دەرچوونیان نییە.

ئەو قسەیەی کە دەڵێت بەهەشت لەناو دەچێت، گەورەترە لەو قسەیەی کە دەڵێت دۆزەخ لەناو دەچێت، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل تەنها بڕیاری بە کافریەتی ئەو کەسە داوە کە بڵێت بەهەشت لەناو دەچێت، هەروەکوو لە نامەکەیدا هاتووە کە بۆ موسەددەدی ناردووە. طبقات الحنابلة (٢/ ٤٢٦).

بە درێژیش لە کیتابی "الخُراسَانيَّة (ص ٣٥٠) قسەمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە.

❁❁❁

[1]- انظر: رسالة "رفع الأستار"، و الرد على من قال بفناء الجنة والنار.

[2]- [النساء: ١٦٩, والأحزاب: ٦٥، والجن: ٢٣].

وَأَنَّ اللهَ تبَارَكَ وَتَعَالَى يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، {وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا} [الفجر: ٢٢]؛ لِعَرْضِ الْأُمَمِ وَحِسَابِهَا، وَعُقُوبَتِهَا وَثَوَابِهَا.

به دڵنیایی خوای بەرز و بڵند لە ڕۆژی دواییدا دێت [هاتنێك كە شایەن و گونجاوە بە گەورەیی خۆی، لە هاتنی هیچ لە دروستكراوەكان ناچێت]، {هەروەها فریشتەكانیش پۆل پۆل دێن لەبەر دەستی خوای گەورەدا ڕائەوەستن}؛ ئەمەش بۆ لێپرسینەوەی ئوممەتەكان و سزادان و پاداشت دانەوەیانە.

راقه کردن

❁ سیفەتی هاتن بۆ خوای گەورە:

سیفەتی هاتن بۆ خوای بەرز بە حەقیقی جێگیر دەكرێت، بەو شێوەیەی كە شایستەیە بە خوا، نەك بەو شێوەیەی كە شیاوی دروستكراوە.

هاتن: یەكێكە لە سیفەتە فیعلییە خەبەرییەكان؛ خوای گەورە فەرموویەتی: {هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا أَنْ تَأْتِيَهُمُ الْمَلَائِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ}.[1]

[1]- [الأنعام: ١٥٨].

واتە: ئایا چاوەڕێی چ شتێکن؟ تەنها ئەوە نەبێ کە لە ڕۆژی قیامەت مەلائیکەتەکان بێن، یان خوای گەورە بێت، بۆ ئەوەی بڕیار لە نێوانیاندا بدات، یاخود هەندێك لە نیشانە گەورەکانی خوای گەورەتان بۆ بێت، پێش هاتنی قیامەت.

هەروەها فەرموویەتی: {وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا}.[1]

واتە: پەروەردگاریشت دێت، هاتنێك کە شایەن و گونجاوە بە گەورەیی خوای گەورە و لە هاتنی هیچ لە دروستکراوەکان ناچێت، فریشتەکانیش پۆل پۆل دێن لەبەر دەستی خوای گەورەدا ڕائەوەستن.

ئەبوو حەسەنی ئەشعەریش یەکدەنگی زانایان دەگێڕێتەوە لەسەر جێگیرکردنی هاتن بۆ خوا لە ڕۆژی دواییدا، هەروەکوو لە کیتابی "رسالة إلى أهلِ الثَّغْر"دا هاتووە.[2]

هاتن بۆ خوا جێگیر دەکرێت بە حەقیقی و بەو شێوەیەی کە شایستەیە بۆ خوا، بەبێ مانا گۆڕین و دیاریکردنی چۆنیەتی و نموونە بۆ هێنانەوە.

***

١- [الفجر: ٢٢].

٢- رسالة إلى أهلِ الثَّغْر (ص ٢٢٧).

وَتُوضَعُ الْمَوَازِينُ لِوَزْنِ أَعْمَالِ الْعِبَادِ؛ {فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ} [الأعراف: ٨].

ئینجا تەرازووەكان دادەنرێن، بۆ كێشانی كردەوەی بەندەكان؛ {جا هەر كەسێك تای تەرازووی كردەوە چاكەكانی قورستر بێ، ئەو كەسانە سەرفراز و سەركەوتوون}.

❮ ڕاڤەكردن ❯

❁ تەرازوو و كێشانی كردەوەكان:

تەرازوو حەق و ڕاستە، هەروەكوو مالیكی كوڕی ئەنەس و جگە لەویش فەرموویانە، ئەحمەد و ئیبن مەدینیش بە بنچینەكانی ئەهلی سوننەیان داناوە، ئەمەش لە قورئان و سوننەتدا هاتووە و ئوممەتیش كۆدەنگن لەسەری؛ خوا دەفەرمووێ: {وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا}.[1]

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا، تەرازووی دادپەروەری دائەنێین؛ بۆ كێشانی كردەوەكانی مرۆڤ، هیچ كەسێک ستەم و زوڵمی لێ ناكرێت.

١- [الأنبياء: ٤٧].

خوای گەورە تەرازوو دادەنێت؛ تاوەکوو ئیقامەی حوججە لەسەر بەندەکانی بکات، ئەوانیش کردەوەی خۆیان ببینن و پەڕاوەکانیان بخوێننەوە، خۆیان کێشانی کردەوەکانیان ببینن؛ تاوەکوو بزانن کە شایستەی چیین، لە نیعمەت و خۆشی و سزا، خوا دەفەرمووێ: {فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُۥ ۝٦ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ۝٧ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُۥ ۝٨ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ۝٩ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ۝١٠ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ۝١١}.[١]

واتە: جا ئەوانەی تای تەرازووی کردەوە چاکەکانیان قورستر بێ. ئەوە لەناو بەهەشتدا لە ژیانێکدان کە لێی ڕازین و خوای گەورە ئەوەندە پاداشتیان ئەداتەوە و ناز و نیعمەتیان پێ ئەبەخشێ تا ڕازیان ئەکات. بەڵام کەسێك کە تای تەرازووی کردەوە چاکەکانی سووک بێت و کردەوە خراپەکانی قورستر بێت. ئەو کەسە لەسەر سەری فڕێ ئەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، یاخود سەرەنجامی ئەو کەسە (هاویە)یە، کە ناوێکە لە ناوەکانی ئاگری دۆزەخ، بۆیە پێی وتراوە: (هَاوِيَةٌ) لەبەر ئەوەی کە ئەفەرمووێ: (فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ) دایکی ئەو ئاگری دۆزەخە لەبەر ئەوەی شوێنێکی تر نییە کە بۆی بڕوات و پەنای بۆ بەرێ، تەنها دۆزەخ هەیە کە بۆی ئەچێ، (هاویە)ش ئاگری دۆزەخە. تۆ چوزانی ئەو ئاگری دۆزەخە چییە و چۆنە؟. ئاگرێکە لەوپەڕی گەرمی و گڕ و بڵێسەدایە -پەنا بەخوای گەورە-.

١- [القارعة: ٦ – ١١].

هەموو کردەوەکان دەکێشرێن؛ خوای دادپەروەریش بۆ هەموو کردەوەیەک کێشانەیەکی داناوە بە دادپەروەری، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانْ، وَالحَمْدُ للهِ تَمْلأُ المِيزَانْ، وَسُبْحَانَ اللهِ وَالحَمْدُ للهِ تَمْلآنِ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ».[1]

واتە: پاکوخاوێنی نیوەی باوەڕە، (الحَمْدُ لله) خێری ئەوەندە زۆرە، تەرازوو پڕ دەکات، (سُبْحَانَ اللهِ وَالحَمْدُ لله) نێوانی ئاسمان و زەوی پڕ دەکەن.

هەروەها لاشەکانیش دەکێشرێن؛ هەروەکوو لە فەرموودەدا هاتووە: «يُؤْتَى يَوْمَ القِيَامَةِ بِالرَّجُلِ السَّمِين، فَلَا يَزِنُ عِنْدَ اللهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ»، ثُمَّ قَرَأَ: {فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا} [الكهف: ١٠٥].[2]

واتە: لە ڕۆژی دواییدا پیاوێکی قەڵەو دەهێنرێت، کە لەلای خوا بە ئەندازەی باڵە مێشوولەیەک کێشی نییە، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە: "لە ڕۆژی دواییدا هیچ نرخ و ڕێزێکیان بۆ دانانێین".

دەربارەی گەورەیی ئیبن مەسعوودیش هاتووە، کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «أَتَعْجَبُونَ مِنْ دِقَّةِ سَاقَيْه؟! فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِه، لَهُمَا فِي المِيزَانِ أَثْقَلُ مِنْ أُحُدٍ».[3]

---

[1]- مسلم (٢٢٣) من حديث أبي مالك الأشعري.

[2]- البخاري (٤٧٢٩)، ومسلم (٢٧٨٥) من حديث أبي هريرة.

[3]- أحمد (١/ ٤٢٠ رقم ٣٩٩١)، وابن حبان (٧٠٦٩).

واتە: ئایا ئێوە سەرسام دەبن بە باریکی قاچەکانی؟! سوێند بەو زاتەی کە نەفسی منی بە دەستە، قاچەکانی لە تەرازوودا لە چیای ئوحوود قورسترە.

بەهەمان شێوە پەڕاوی کردەوەکانیش دەکێشرێن؛ هەروەکوو لە فەرموودەی خاوەنی بیتاقە(کارت، پەڕاوێکی بچووک)دا هاتووە: «فَطَاشَتِ السِّجِلَّاتُ، وَثَقُلَتِ البِطَاقَةُ».[1]

واتە: ئەو لایەی کە دەفتەری کردەوە خەراپەکانی تێدایە، سووک دەبێت، بەڵام ئەو لایەی کە بیتاقەکەی تێدایە، قورس دەبێت.

دەربارەی قەبارەی تەرازوو هیچ فەرموودەیەک جێگیر نەبووە، ڕیواتەتیش کراوە کەوا دوو تای هەیە؛ لەبەر ڕووکەشی فەرموودەی بیتاقە(کارت)، کە تێیدا هاتووە: «فَتُوضَعُ السِّجِلَّاتُ فِي كِفَّةٍ، وَالْبِطَاقَةُ فِي كِفَّةٍ؛ فَطَاشَتِ السِّجِلَّاتُ».[2]

واتە: دەفتەری تۆماری کردەوە خەراپەکانی لە لایەکی تەرازوو دەدەنرێت، کارتی(لا إله إلا الله)یەکەش لە لایەکەی تر دادەنرێت؛ ئیتر تای دەفتەرەکان سووک دەبێت.

زۆرینەی زانایان ئاوا دەڵێن، "أبو إسحاقَ الزَّجَّاج"یش یەکدەنگی لەسەر ئەوە گێڕاوەتەوە.

[1]- الترمذي (٢٦٣٩)، وابن ماجه (٤٣٠٠) من حديث عبد الله بن عمرو.

[2]- الترمذي (٢٦٣٩)، وابن ماجه (٤٣٠٠) من حديث عبد الله بن عمرو.

له هێندێک له هاوەڵانیش گێڕدراوەتەوە؛ وەکوو سەلمان و ئیبن عەبباس، هەروەها هێندێک له تابیعییەکانیش؛ وەکوو حەسەنی بەسڕی: که تەرازوو زمانی هەیە، واتە: لەنێوانی دوو تایەکەیدا زمانێکی هەیە، کەوا دیاری دەکات کامە لا زاڵترە، خواش زاناترە بە چۆنیەتییەکەی.

***

وَيُؤْتَوْنَ صَحَائِفَهُمْ بِأَعْمَالِهِمْ؛ فَـ: {مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ(٧) فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا} [الانشقاق: ٧ - ٨]، وَمَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاءَ ظَهْرِهِ فَأُولَئِكَ يَصْلَوْنَ سَعِيرًا.

ئینجا بە گوێرەی کردەوەکانیان پەڕاوەکانیان پێ دەدرێت؛ جا: {ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژی قیامەت، کیتابیان بەدەستی ڕاستیان پێ ئەدرێ کە باوەڕدارانن. ئەمانە لێپرسینەوەیەکی سووك و ئاسانیان لەگەڵدا ئەکرێ}، ئەو کەسەشی نامەی کردەوەکانی لە پشتەوە درایە دەستی، ئەوانە دەچنە دۆزەخەوە.

《 ڕاڤەکردن 》

❁ پەڕاوی کردەوەکان و چۆنیەتی وەرگرتنەوەیان لە ڕۆژی دواییدا:

ئەو کردەوانەی کە بەندەکان دەیکەن، لە چاکە و خەراپە، مەلائیکەتەکان دەینووسن و سەرژمێریشی دەکەن لە پەڕاوێکدا؛ تاوەکوو لە ڕۆژی دواییدا بەندە بە چاوەکانی خۆی ببینێت، ئەوەی لەسەری نووسراوە، هەروەها دەشیخوێنێتەوە؛ جا یەکسانە لە دونیادا خوێنەوار بووبێت، یان خوێنەوار نەبووبێت؛ خوا دەفەرمووێ: {وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ

لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنْشُورًا ﴿١٣﴾ اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا}.[1]

واته: هەموو مرۆڤێکیش لە ڕۆژی قیامەت کردەوەی خۆی لە چاکە، یان لە خراپە لە گەردەنیایەتی، لە ڕۆژی قیامەتیشدا کیتاب و نامەی کردەوەکانی بۆ دەرئەکەین، کە هەموو کردەوەکانی تێدا نووسراوەتەوە و پارێزراوە و بۆی بڵاو ئەکرێتەوە و وەری ئەگرێت. پێی ئەوترێ: نامەی کردەوەکانی خۆت بخوێنەوە، بەسە ئەمڕۆ خۆت لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتدا بکەیت.

باوەڕدار، کیتابەکەی بەدەستی ڕاستی پێ دەدرێت، وەکوو ڕێز و موژدەیەک لەبۆی، لەبەر ئەوەی دڵخۆش دەبێت بە کیتابەکەی، هەروەها دەیەوێت خەڵکیش لەگەڵیدا بیخوێننەوە؛ لەبەر ئەو چاکانەی کە تێیدایە، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: {فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ}.[2]

واته: لەو ڕۆژەدا هەر کەسێک پەڕاو و نامەی کردەوەکانی بە دەستی ڕاستی پێ بدرێ، نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسە بەهەشتییە، لە خۆشیدا هاوار ئەکات و ئەڵێ: وەرن کیتابەکەی من وەربگرن و بیخوێننەوە؛ چونکە دەزانێت پڕە لە چاکە.

---

[1]- [الإسراء: ١٣ - ١٤].

[2]- [الحاقة: ١٩].

بەڵام کافر، بە دەستی چەپی لە پشتییەوە، کیتابەکەی پێ دەدرێت، لە پێشیەوە پێی نادرێت؛ چونکە پێشەوە ڕێزگرتنە؛ هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: ﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ يَالَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيَهْ﴾.[1]

واتە: بەڵام، کەسێك ئەگەر نامە و پەڕاوی کردەوەکانی بەدەستی چەپی پێ بدرێ، لەبەر ئەوەی دەستی ڕاستی بەستراوەتەوە بە پشتییەوە، دەڵێت: خۆزگە نامەکەی خۆم پێ نەدرابا!

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاءَ ظَهْرِهِ﴾.[2]

واتە: بەڵام، ئەو کەسانەی کە کیتابەکانیان لە پشتەوە پێ ئەدرێ، لەبەر ئەوەی دەستی ڕاستیان کۆت و زنجیرکراوە و بەستراوەتەوە بە گەردنیانەوە، لە پشتەوە بەدەستی چەپیان کیتابەکانیان پێ ئەدرێ.

دەربارەی خاوەنی تاوانە گەورەکانیش، ئەو موسڵمانەی کە خوا لێی خۆش نەبووە و ویستی وابووە کە سزای بدات؛ ئایا کیتابەکەی بە دەستی ڕاستی وەردەگرێتەوە، یان بە دەستی چەپی؟ دوو قسەی لەسەر هەیە:

-هێندێکیان دەڵێن: بە دەستی چەپی؛ چونکە خوا لەسەری نووسیوە کە دەبێت بۆ ماوەیەک سزا بدرێت، ئەمەش پێچەوانەی مژدە پێدانی نییە بە ڕزگاربوون، هاوشێوەی ئەمە پێی ناوترێت: لێپرسینەوەکەی ئاسانە؛ وەکوو یارانی لای ڕاست، هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ

[1]- [الحاقة: ٢٥].

[2]- [الانشقاق: ١٠].

بِيَمِينِهِ ۞ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ۞ وَيَنْقَلِبُ إِلَى أَهْلِهِ مَسْرُورًا﴾.[١]

واته: ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژی قیامەت کیتابیان بەدەستی ڕاستیان پێ ئەدرێ، کە باوەڕدارانن. ئەمانە لێپرسینەوەیەکی سووک و ئاسانیان لەگەڵدا ئەکرێ، (لێپرسینەوەی سووک و ئاسان ئەوەیە: کە کردەوەکانیان، یان تاوانەکانیان، نیشان ئەدرێ و خوای گەورە لێیان خۆش ئەبێ).

بۆیە هەرکەسێک لە یەکخواپەرستە تاوانبارەکان، خوا دۆزەخی لەسەر نووسیبێت، ئەوە بەدڵخۆشییەوە ناگەڕێتەوە لای کەس و کاری.

-هێندێکی دیکە پێیان وایە: بە دەستی ڕاستی وەریدەگرێتەوە، بەڵام وەکوو ڕزگاربووەکان مژدەی خۆشی پێ نادرێت و وەکوو ئەوانیش دڵخۆش نابێت، کەواتە خەڵکی لەسەر چەند پلەیەکی جیاوازن لەم بابەتەدا.

-قسەی سێیەمیش هەیە دەڵێت: تاوانبارەکان، کیتابەکانیان لە پشتەوە وەردەگرنەوە، بەڵام باوەڕدارەکان: بە دەستی ڕاستییان وەریدەگرنەوە، کافرەکانیش: بەدەستی چەپیان؛ ئیبن حەزم ئاوای گوتووە[٢]، بەڵام سەرنجی لەسەرە.

***

١- [الانشقاق: ٧ - ٩].

٢- المحلى (١/ ١٧).

وَأَنَّ الصِّرَاطَ حَقٌّ، يَجُوزُهُ الْعِبَادُ بِقَدْرِ أَعْمَالِهِمْ؛ فَنَاجُونَ مُتَفَاوِتُونَ فِي سُرْعَةِ النَّجَاةِ عَلَيْهِ مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ، وَقَوْمٌ أَوْبَقَتْهُمْ فِيهَا أَعْمَالُهُمْ.

به دڵنیایی پردی سیڕات حەق و ڕاستە، بەندەکان بە گوێرەی کردەوەکانیان لەسەری دەپەڕنەوە؛ ئەوانەی کە ڕزگاریان دەبێت و دەپەڕنەوە، جیاوازن لە خێرایی ڕزگاربوون لەسەری لە ئاگری دۆزەخ، خەڵکانێکیش لەسەر ئەو پردە کردەوەکانیان لەناوی بردن و[بەهۆیەوە ناتوانن لەسەری بپەڕنەوە و دەکەونە دۆزەخەوە].

راڤەکردن

❁ پردی سیڕات و بارودۆخی خەڵکی لەسەری:

پردی سیڕات، بە یەکدەنگی سەلەف حەق و ڕاستە، بریتییە لە پردێکی درێژکراو لەسەر پشتی دۆزەخ کەوا خەڵکی بەسەریدا تێدەپەڕن، ئەو وتەیەی خوا مەبەستی پێی ئەمەیە: ﴿وَإِنْ مِنْكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا﴾.(1)

واتە: کەس نییە لە ئێوە نەڕوات و تێنەپەڕێت بەسەر دۆزەخدا.

1- [مريم: ٧١].

مەبەستی: دۆزەخە، تێپەڕین بەسەر پردی سیراتدا دەبێت، هیچ کەسێک ناگاتە شوێنی خۆی لە بەهەشت، ئیللا دەبێت بەسەر پردی سیراتدا تێبپەڕێت، ئەگەر بڕوادار بێت، ئەگەریش بڕوادار نەبێت، ئەوە دەکەوێتە ناو دۆزەخ و لەگەڵ لەناوچوان لەناو دەچێت.

لە فەرموودەدا هاتووە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرمووێ: **«وَيُضْرَبُ جِسرُ جَهَنَّمَ... فَأَكُونُ أَوَّلَ مَنْ يُجِيزُ، وَدُعَاءُ الرُّسُلِ يَوْمَئِذ: اللَّهُمَّ، سَلِّمْ سَلِّمْ، وَبِهِ كَلَالِيبُ مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ؛ أَمَا رَأَيْتُمْ شَوْكَ السَّعْدَانِ؟! قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ الله، قَالَ: فَإِنَّهَا مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ، غَيْرَ أَنَّهَا لَا يَعْلَمُ قَدْرَ عَظَمَتِهَا إِلَّا اللهُ تَعَالَى، فَتَخْطَفُ النَّاسَ بِأَعْمَالِهِمْ، مِنْهُمُ المُوبَقُ بِعَمَلِهِ، وَمِنْهُمُ المُخَرْدَلُ، ثُمَّ يَنْجُو...»**.(١)

واتە: پردی سەر دۆزەخ دادەندرێت... جا من یەکەم کەسم کە بەسەریدا تێپەڕ دەبم، لەو ڕۆژەدا دوعای پێغەمبەران بریتییە لە: ئەی خوایە، پارێزراومان کەی، هەروەها قولاپی پێوەیە، وەکوو دڕکی سەعدان وایە[جۆرە ڕووەکێکە]، بەڵام کەس نازانێت کە چەندە گەورەیە، تەنها خوا نەبێت، جا خەڵکی بەگوێرەی کردەوەکانیان دەفڕێندرێن، هەیانە بەهۆی کردەوەکەی لەناو دەچێت، هەشیانە دەخلیسکێت، پاشان ڕزگاری دەبێت.

خەڵکی بەگوێرەی باوەڕیان بەسەریدا تێدەپەڕن، زوو کەوتنە ناو دۆزەخیشیان بە ئەندازەی بێباوەڕیی و خەراپەکارییان دەبێت، جێگیرترین

١- البخاري (٦٥٧٣)، ومسلم (١٨٢) من حديث أبي هريرة.

کەس لە دونیادا لەسەر ڕێگە ڕاستەکە، جێگیرترینیانە لەسەر پردێ سیڕات و لەهەموانیش زووتر لەسەری دەپەڕێتەوە، هەروەکوو لە فەرموودەدا هاتووە دەفەرمووێت: «المُؤْمِنُ عَلَيْهَا كَالطَّرْفِ، وكَالبَرْقِ، وكَالرِّيحِ، وكَأَجَاوِيدِ الخَيْلِ وَالرِّكَابِ؛ فَنَاجٍ مُسَلَّمٌ، وَنَاجٍ مَخْدُوشٌ، وَمَكْدُوسٌ فِي نَارِ جَهَنَّمَ؛ حَتَّى يَمُرَّ آخِرُهُمْ يُسْحَبُ سَحْبًا».[1]

واتە: بڕوادار لەسەر پردی سیڕات دەپەڕێتەوە؛ وەکوو چاوتروکانێک، وەکوو هەورە برووسکە، وەکوو باشترین و خێراترین ئەسپ، وەکوو سواری؛ جا هەیانە ڕزگاری دەبێت و پارێزراو دەبێت، هەشە ڕزگاری دەبێت، بەڵام بریندار دەبێت، هەشیانە دەکەوێتە ناو ئاگری دۆزەخ؛ تاوەکوو کۆتاییەکەیان کە ڕزگاری دەبێت بە ڕاکێشان ڕادەکێشرێت.

پردی سیڕات باریکە، لووس و پێهەڵخلیسکێنەرە، ئیللا بۆ ئەو کەسە نەبێت کە خوا جێگیری بکات؛ هەروەکوو ئیبن مەسعوود دەفەرمووێ: "وَالصِّرَاطُ كَحَدِّ السَّيْفِ، دَحْضٌ مَزِلَّةٌ".[2]

واتە: پردی سیڕات وەکوو شمشێر تیژە، لووسە و پێهەڵخلیسکێنەرە.

سەلمانی فارسییش دەفەرمووێ: "إنه كحَدِّ المُوسَى".[3]

واتە: پردی سیڕات وەکوو مووس تیژە.

[1]- البخاري (٧٤٣٩)، ومسلم (١٨٣) من حديث أبي سعيد.
[2]- تعظيم قدر الصلاة (٢٧٨). وقد روي عنه مرفوعًا.
[3]- ابن أبي شيبة (٣٥٣٣٥)، وابن الأعرابي (١٨٢٧). وقد رُوِي عنه مرفوعًا.

باریکی پردی سیرات؛ وتەی هاوەڵان و سەلەفی لەسەرە، هیچ شتێکی مەرفووع[وتەی پێغەمبەر]ی لەسەر نییە، ئەو شتەشی کە سەلەف جیاواز نەبن تێیدا، ئەسڵ ئەوەیە: کە بەڵگەیەکی لەسەر هەیە.

***

وَالْإِيمَانُ بِحَوْضِ رَسُولِ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، تَرِدُهُ أُمَّتُهُ؛ لَا يَظْمَأُ مَنْ شَرِبَ مِنْهُ، وَيُذَادُ عَنْهُ مَنْ بَدَّلَ وَغَيَّرَ.

باوەڕبوون بە حەوزی پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- [واجیبە]، کەوا ئوممەتەکەی دێنە سەری و لیی دەخۆنەوە؛ ئەوەی لێی بخواتەوە هەرگیز تینوو نابێت، بەڵام ئەوانەی ئایینیان گۆڕیبێت و شتیان بۆی زیاد کردبێت، لێی دووردەخرێنەوە و دەردە کرێن.

﴿ ڕاڤە کردن ﴾

❁ ئەو حەوزەی خەڵکی دێنە سەری و لێی دەخۆنەوە:

حەوزی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەق و ڕاستە، فەرموودە دەربارەی زۆر و بڵاوە، بەڵکوو فەرموودە کان (موتەواتیر)ـن، هەتا زیاتر لە پەنجا هاوەڵ گێڕاویەتییانەوە، بە ناوی و واتاکەشی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «حَوْضِي مَسِيرَةُ شَهْرٍ، مَاؤُهُ أَبْيَضُ مِنَ اللَّبَنِ، وَرِيحُهُ أَطْيَبُ مِنَ المِسْكِ، وكِيزَانُهُ كَنُجُومِ السَّمَاءِ؛ مَنْ شَرِبَ مِنْهَا، فَلَا يَظْمَأُ أَبَدًا».[1]

[1]- البخاري (٦٥٧٩)، ومسلم (٢٢٩٢) من حديث عبد الله بن عمرو.

واته: حەوزەکەی من دێژییەکەی ڕێی مانگێکە، ئاوەکەی لە شیر سپیترە، بۆنەکەی لە میسک خۆشترە، پەرداخەکانی [ئەوەندە زۆرن] وەکوو ئەستێرەکانی ئاسمانن؛ هەرکەسێک لێی بخواتەوە، هەرگیز تینوو نابێت.

هیچ کەسێک لەو حەوزە ناخواتەوە، تەنها کەسێکی بڕوادار نەبێت لە ئوممەتی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەرکەسێک لێی بخواتەوە، هەرگیز تینوو نابێت، ئەو کەسەشی خوا لەسەری نووسیبێت کە بچێتە دۆزەخ، هەر دەبێت تینوو ببێت، پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «إِنِّي عَلَى الحَوْضِ حَتَّى أَنْظُرَ مَنْ يَرِدُ عَلَيَّ مِنْكُمْ، وَسَيُؤْخَذُ نَاسٌ دُونِي، فَأَقُولُ: يَارَبِّ، مِنِّي وَمِنْ أُمَّتِي؛ فَيُقَالُ: هَلْ شَعَرْتَ مَا عَمِلُوا بَعْدَكَ؟! وَاللهِ مَا بَرِحُوا يَرْجِعُونَ عَلَى أَعْقَابِهِمْ».[1]

واتە: کاتێک من لەسەر حەوزەکەم دەبم، تاوەکوو سەیر بکەم کێ لە ئێوە دێتە لام؟ خەڵکانێک لە نزیکی من دەگێڕدرێنەوە و لێیان ناگەڕێن بێنە لای من، منیش دەڵێم: ئەی پەروەردگار، ئەوانە لە منن و لە ئوممەتی منن؛ بەڵام پێم دەوترێت ئایا دەزانی دوای تۆ چییان کردووە؟! والله بەردەوام هەڵدەگەڕانەوە.

حەوزەکەش پێشی [پەڕینەوەیە لە] پردی سیڕات لەکاتی وەستانە دوورودرێژەکەی قیامەت، دوای زیندووبوونەوە و نزیکبوونەوەی خۆر و تینوویەتییەکی زۆر؛ ئەوەش گەورەترین چاکە و خۆشی و بەخشیشە.

١- البخاري (٦٥٩٣)، ومسلم (٢٢٩٣) عن أسماء بنت أبي بكر.

ئەوەی کە دیارە: هەموو پێغەمبەران حەوزیان بۆ خۆیان و ئوممەتەکەیان هەیە، جێگیر نەبووە کە حەوز تایبەت بێت بە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- و پێغەمبەرانی دیکە حەوزی وەکوو ئەویان نەبێت، گۆڕەپانی قیامەت پێغەمبەران و پیاوچاکانی دیکەی تێدایە لە غەیری ئەو ئوممەتە، بەڵام حەوزی پێغەمبەر تایبەتە بە خۆی و ئوممەتەکەی، ڕەحمەت و فەزڵی خوا وا دەخوازێت: حەوز بۆ پێغەمبەران و ئوممەتەکانی تریش هەبێت، ئەگەرچی جۆر و فرەوانییەکەی جیاواز بێت؛ چونکە لە گۆڕەپانی قیامەتدا پێویستییەکە گشتییە بۆ ئەو ئوممەتە و جگە لەویش.

***

وَأَنَّ الْإِيمَانَ: قَوْلٌ بِاللِّسَانِ، وَإِخْلَاصٌ بِالْقَلْبِ، وَعَمَلٌ بِالجُوَارِحِ.

بێگومان باوەڕ: وتەیە بە زمان، دڵسۆزییە بە دڵ، کردەوەکردنە بە ئەندامەکانی لاشە.

راڤەکردن

❁ حەقیقەتی ئیمان:

ئیمان: وتە و کردەوە و بیروباوەڕە؛ ئەمەش حەقیقەتەکەیەتی؛ چونکە ئیمان دەرەوە و ناوەوەی هەیە، ئەو دوانەش پەیوەستن بە یەکترەوە، ناوەوە: بریتییە لە بیروباوەڕ، دەرەوەش: وتەی زمان و کردەوەی ئەندامەکانە، ئەگەرچی دەربڕینەکانی سەلەف جیاوازە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، بەڵام جیاواز نیین لەسەر حەقیقەتی ئیمان، ئیبن عەبدولبەڕیش یەکدەنگی لەسەر ئەوە گێڕاوەتەوە.(١)

پێشەوا مالیکیش بەچەند دەستەواژەیەک ئەو ڕاستییەی دەردەبڕی:

جارێک دەیگوت: ئیمان بریتییە لە: ناسین و دانپێدانان و کردەوە.(٢)

١- التمهيد (٢/ ٢٩١ و ٩/ ٢٣٨ و ٢٤٣).

٢- مسائل حرب (١٦١٠)، و"السُّنَّة" لعبد الله (٦١٢).

جارێکیش دەیگوت: ئیمان: قسە و کردەوەیە.[1]

*ئەو دەستە و گرووپانەشی کە لەو بابەتەدا موخالیفن، بەکورتی دوو دەستەن:

دەستەی یەکەمیان: موڕجیئەکانن:

ئەوانیش چەند تاقم و ڕێبازێکن؛ هەیانە زیادەڕەون و هەشیانە لەخوار ئەوانن:

نزیکترینیان لە حەق: ئەوانەن کردەوە لە ئیمان دادەنێن؛ بەڵام پێیان وایە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بنچینەی ئیمان نابێت، بەڵکوو کاریگەری لەسەر فەرعی ئیمان دەبێت؛ واتە: بوون و کەمبوون و نەمانی کردەوە، ئیمان زیاد دەکات و کەمی دەکات، بەڵام نەمانی کردەوە، نابێتە هۆی نەمانی ئیمان.

ئەو قسەیە، نزیکترین قسەی تاقمەکانی موڕجیئەیە دەربارەی ئیمان لە سەلەف؛ کۆمەڵێک لە پێشەوایانی فەرمووده و ڕاڤەکارانی دواییینیشی ئاوا دەڵێن[2]؛چونکە ئەوان کردەوەیان لە حەقیقەت و ناوەڕۆکی ئیمان دەرنەکردووە، بەڵام لە بنچینەدا دەریانکردووە؛ کەواتە موافەقەی سەلەفیان کردووە لە دەربڕیندا، بەڵام لە شوێنەواردا موخالەفەیان کردووە.

هێندێکی دیکە لە موڕجیئەکان: کە پلەیەک لەخوار ئەوانەن؛ هەموو کردەوەیان لە حەقیقەتی ئیمان دەرهێناوە؛ دەڵێن: ئیمان: وتە و بیروباوەڕە؛

---

[1]- مسائل حرب" (١٥٦٨ و ١٥٧٠ و ١٥٧٣)، و "السُّنَّة" لعبد الله (٢١٣ و ٥٣٢ و ٦٣٦ و ٦٣٨ و ٧٠٢).

[2]- فتح الباري (١/ ٤٦).

کەوابوو کردەوە لەلای ئەوانە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر نەمانی ئیمان، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە ئیمانیان دەرهێناوە.

تاقمێکی تر لە مورجیئەکان: کە پلەیەک لەخوار ئەوانەوەن: وتەیان لە باوەڕ دەرهێناوە؛ پێیان وایە ئیمان بەهیچ شێوەیەک ڕووکەش و دەرەوەی نییە، تەنها لە دڵە، ئەمانەش جەهمییەکانن.

دەستەی دووەمیان: خەواریج و موعتەزیلەکانن:

مەزهەبی خەواریجەکان لە مەغریب، بنچینە و کتێبیان نەبوو، تاوەکوو خەڵکی بیخوێنن، بەڵکوو (نەزانین) بەس بوو لەناو شوێنکەوتووانی، هەروەها وەرگرتنی دەقە ڕەها و گشتی و موتەشابیهەکانی شەریعەت و وازهێنان لە دەقە تایبەتکەر و پابەندکەر و موحکەمەکان.

فیتنەی خەواریجەکان: لەوەدایە کە بەبێ کارێکی کوفری خەڵک کافر دەکەن، بە تاوان و کردەوەی دیکە، بەهۆی ئەمەشەوە فیتنەیەکی گەورەیان لەناو موسڵمانان دروستکردووە، دەستدرێژی دەکەن و خەراپەکاری بڵاودەکەنەوە، ئەگەر دەسەڵاتیشیان بەسەر موسڵمانانەوە هەبێت، ئەوە کارێکیان پێ دەکەن وەکوو کاری ڕافیزەکان، لە قەیرەوانیش کارێکیانکرد نزیک لە کاری ڕافیزەکان، خەڵکیان کافرکرد و خوێنیان ڕشتن، ئافرەتەکانیان کرد بە جاریە و سەروەرت و سامانیشیان وەکوو غەنیمەت بردن.

لە پێشوودا [هێندێک] لە زانایانی مەغریب ویستیان لەگەڵ "أبي يزيد مَخْلَد بن كَيْدَاد الخارجي"، جەنگ لە دژی ڕافیزە عوبەیدییەکاندا بکەن،

موسڵمانان کارەکانی ڕافیزەیان بەگەورە دانا؛ بۆیە لەگەڵ ئەو خەواریجانە جەنگان، بەڵام ئەبوو یەزید ئەوانەی کە ئەهلی سوننە بوون و لەگەڵی بوون، دەیخستنە بەردەم دوژمنەکانی؛ تاوەکوو لەناویان ببەن، دواتریش کارەکە بکەوێتە دەستی خۆی، بۆیە بە شوێنکەوتووەکانی دەگوت: "ئەگەر بە ڕافیزەکان گەیشتن، لێگەڕێن با لەگەڵ خەڵکی قەیرەوان بجەنگن؛ تاوەکوو دوژمنەکانتان بیانکوژن، ئەوکاتیش ئەوان کوشتویانن و ئێمەش ئیسراحەت دەکەین لەدەستیان".[1]

ڕافیزەکان و خەواریجەکان، جێگای دڵنیایی و ئەمین نیین لە فەرمانڕەواییان لەسەر موسڵمانان؛ بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا، هەموویان مەبەستییانە کەوا پێشی هەموو کەسێک زانایان بکوژن.

زانایان جیاوازن لە کافرکردنی خەواریجەکان[2]، بەڵام زۆرینەیان: لەسەر ئەوەن کەوا کافر نیین: مادام نکووڵی لە شتێکی دیین نەکەن کە بە زەروورەت زانراوە بەشێکە لە دیین و هەموو خەڵکی دەزانێت بەشێکە لە دیین، چونکە ئەوان کۆمەڵێک دەستە و گرووپی جۆراوجۆرن و خاوەنی بۆچوونی زۆرن؛ هەیانە زۆر زیادەڕەون و هەشیانە لەخوار ئەوانن، پێشەوا ئەحمەد و مالیک و جگە لەوانیش، وەستاون لە کافرکردنیان.

١- البيان المُغْرب، لابن عذاري المركشي (٢١٨/١) وتاريخ الإسلام (٦٣٦/٧).
٢- فتح الباري (١٢/ ٢٩٩ - ٣٠١).

❁ هۆکاری فریوخواردن و هەڵخەڵەتان بە بۆچوونی خەواریجەکان:

زۆربەی ئەوانەی بە خەواریجەکان دەخەڵەتێن: بەهۆی ئازایەتییانەوەیە؛ چونکە خەواریجەکان دەجەنگن: تاوەکوو یان خۆیان لەناودەچن، یان بەرانبەرەکەیان لەناو دەبەن، هەروەها بەهۆی سەرخستنیان بۆ ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتدار زاڵبووە بەسەریاندا، جیاوازی ناکەن لەنێوانی ستەملێکراو و ستەملێنەکراو، هەروەکوو کاتی خۆی (ئەزاریقەکان)، کاتێک زیندانی بەسڕەیان شکاند، ئەوەی لەو زیندانەدابوو، چوونە پاڵیان و بەیعەتیان پێدان.

خەواریجەکان لەهەموو خەڵکی زیاتر وا گومان دەبەن کە ئایین و ستەملێکراو سەردەخەن، بەڵام نە ئایین سەردەخەن و نە ستەملێکراویش سەردەخەن، بەڵکوو زەرەر بە ئایین و ستەملێکراویش دەگەیەنن؛ "عاصِمُ بن أبي النَّجُود" دەربارەی یەکێک لە خەواریجەکان گوتی: "سوێند بە خوا! ئەوە نە ئایینی بەهێزکردووە، نە بەرگریشی لە ستەملێکراو کردووە"![1]

هەروەها: خەڵکی بەهۆی دامەزراوییان و دەستگرتوویان بە بۆچوونی خۆیان، پێیان دەخەڵەتێن، ئەوەندە دەستگرتوون بە بۆچوونەکانیان، وەکوو ئەوەی وەحی بێت؛ بۆیە ئەوان هیچ لە بۆچوونەکەیان دوورنەکەوتنەوە لەکاتێکدا جەنگیان لەگەڵ موهاجیر و ئەنسارەکاندا دەکرد و یەک هاوەڵیش لە ڕیزیاندا نەبوو، هەروەها کاتێک ئەبوو ئەییوبی ئەنساری -ڕەزای خوای

---

[1]- السُّنَّة، لعبد الله (١٥٣١).

لێبێت- هەرەشەی چوونە دۆزەخی لە یەکێکیانکرد، ئاوا وەڵامی دایەوە: "لە داهاتوودا دەزانیت کەوا کامەمان شیاوترین بخرێینە دۆزەخ"![1]

شەبیبی خاریجیش گوتی: "بەشێک لە دینی ئێمە: کوشتنی ئەو کەسەیە کەوا لەسەر بۆچوونی ئێمە نەبێت؛ جا لە خۆمان بێت، یان لە غەیری خۆمان بێت"![2]

بگرە ئەوان خاتری هیچ کەسێک ناگرن، نە نزیک، نە دوور، بە تێگەیشتنی خۆیان، هەتا (ئەزرەق)ـی باوکی (نافیع) -کە کەسێکی سوننی بوو- کاتێک مرد، نافیع [کە خەواریج بوو] نوێژی لەسەر نەکرد![3]

دامەزراوییشیان لەسەر فیکرە پووچەکەیان، بەهۆی متمانەی تەواویانە بە تێگەیشتنی خۆیان بۆ قورئان، چونکە خۆیان وا دەبینی کە لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب زاناتر و شارەزاترن بە قورئان! ئەوان مەبەستیان سەرپێچیکردنی قورئان نەبوو، بەڵام بەهەڵە لێی تێگەیشتن، دەمارگیریش بوون بۆ تێگەیشتنەکەی خۆیان.

خەواریجەکان بەهۆی توندییان لە بۆچوون و لاوازییان لە سیاسەت، ئەهلی کیتاب و ڕافیزەکان، لەدژی موسڵمانان بەکاریان دێنن، بەبێ ئەوەی هەستیشی پێبکەن.

[1]- تاريخ الطبري (٥/ ٨٧)، والبداية والنهاية (١٠/ ٥٨٨).
[2]- تاريخ الطبري (٦/ ٢٨١).
[3]- أنساب الأشراف (٧/ ١٥٤).

هێندێک لە هاوەڵانیش: بەزەییان بە حاڵیان دەهاتەوە؛ لەبەر ئەوەی زۆر دەستگرتوو بوون بەو بەتاڵەی کە پێیان وابوو حەقە؛ ئەبوو ئومامە کاتێک کوژراوەکانیانی بینی، چاوەکانی فرمێسکییان لێهات؛ جا کە دەربارەی ئەمە پرسیاریان لێکرد بۆ دەگری؟ فەرمووی: "بەزەییم پێیاندا دێتەوە؛ چونکە ئەوانە لە ئەهلی ئیسلام بوون".[1]

❁ سیفەتێکی کۆکەرەوە بۆ خەواریجەکان:

لەناو سیفەتەکاندا، تەنها دوو سیفەت خەواریجەکان کۆدەکاتەوە:

١- کافرکردن بەبێ کارێکی کوفری.

٢- حەڵاڵکردنی خوێن بەهۆی ئەم کافرکردنەوە.

بەڵام ئەوەی کە هێندێک لە شەرعزانەکان دەربارەی بیروباوەڕی خەواریجەکان و گومڕاییان باسی دەکەن و هێندێکی دیکە باسی ناکەن، لەبەر ئەوەیە کە هەر زانایەک ئەو سیفەتەی زیادکردووە کە تێیاندا بینیویەتی، یان پێیگەیشتووە دەربارەیان، چونکە خەواریجەکان بەردەوام لە نوێبوونەوەدان لەڕووی تێگەیشتنەوە، جۆراوجۆریشن لە بیروبۆچووندا؛ چونکە پێشەواکەیان بریتییە لە: تێگەیشتنیان! بەڵام لەهەموو سەردەمەکاندا یەکدەنگن لەسەر ئەو دوو بنچینەیە؛ عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیبیش ئەوەی کردە بەڵگە لەسەریان؛ کاتێک فەرموودەی خەواریجەکانی

[1]- عبد الرزاق (١٨٦٦٣)، وابن أبي شيبة (٣٩٠٤٧).

باس دەکرد، دەربارەی ئەهلی نەهرەوان، فەرمووی: "أَرْجُو أن يكونوا هم؛ فإنَّهم سفكُوا الدَّمَ الحَرَامَ".[1]

واتە: هیوام وایە کە ئەوانە خەواریج بن؛ چونکە ئەوانە خوێنی حەرامیان ڕشت.

کەواتە بۆچوونەکەی خۆی بەوە بەهێزکرد، کە ئەوان خوێنی موسڵمانانیان حەڵاڵکردووە، جگە لەوە لە سیفەتی تری نەکۆڵییەوە.

جاری وایە خەواریجەکان قسەیەکی کورت(مجمل) دەردەبڕن کە موافیقی حەقە، بەڵام لە لێکدانەوە و جێبەجێکردنی گومڕا دەبن، خەڵکی عەوامیش پێیان هەڵدەخەڵەتێن.

هەرکەسێکیش سەیری پەرستشی خەواریجەکان و جوانی قسەکانیان بکات، سەرسام دەبێت لە کارەکانیان، هەروەکوو هێندێک لە پێشینان سەرسامبوون لەو بوارەوە.

❁ ئامۆژگاریکردنی خەواریجەکان پێشی جەنگکردن لە دژیان:

هێندێک لە سەلەف پێیان وابوو کە نابێت جەنگییان لەگەڵدا بکرێت، تاوەکوو ئەوان دەست بە جەنگی موسڵمانان دەکەن، هەروەکوو عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب وایکرد و شافیعییش وایگوتووە؛ چونکە فێرکردنیان نەزانین لەسەر زۆرێکیان لادەبات و دەگەڕێنەوە، ئیمامی عەلی، ئیبن عەبباسی ناردە لایان، عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش، عەونی کوڕی عەبدوڵڵای ناردە

[1]- مسلم (١٠٦٦).

لایان، بۆ گفتوگۆکردن و ئامۆژگاریکردنیان، پرسیاریش له ئیمامی ئەحمەد کرا، دەربارەی باسکردنی فەرموودە بۆ کەسی خەواریج؟ ئەویش فەرمووی: "بەڵی، فەرموودەی بۆ باس بکە، لەوانەیە خوا بەهۆیەوە سوودی پێبگەیەنێت".[1]

لەهێندێک لە سەلەف ڕیوایەتکراوە کەوا جیاوازییانکردووە لەنێوانی جەنگی خەواریجەکان لەدژی پێشەوایەکی ستەمکار، لەگەڵ جەنگانیان لەدژی پێشەوایەکی دادپەرەر؛ پێیان وابوو کە لەکاتی جەنگانیان لەدژی پێشەوایەکی ستەمکار لەسەر دەسەڵات، دوورەپەرێزییان لێ بکرێت و جەنگیان لەدژ نەکرێت، پێشەوا مالیک و ئەحمەد -لە ڕیواتێک- و ئیبن قاسم وا دەڵێن.

پێشەوا ستەمکارەکان و مورجیئەکان پێیان خۆشە زۆر باسی خەواریج و بە خەراپە باسیان بکرێت، خەواریجەکانیش پێیان خۆشە زۆر باسی پێشەوایانی ستەمکار و مورجیئەکان بکرێت و بەخەراپە باسیان بکرێت.

بەڵام زانای دادپەروەر بەو شێوەیە قسە ناکات کە کۆمەڵێک پێیان خۆش بێت قسە لەسەر دوژمنەکەیان بکرێت، بەڵکوو بەو شێوەیە قسە دەکات کە خوا پێی خۆشە قسە دەربارەیان بکرێت، چونکە چەند جار حەق زەرەری پێگەیشتووە، بەهۆی خاترگرتنی دروستکراو!

---

[1]- طبقات الحنابلة (٢/ ٢٣٠).

❀ هاوسەنگی لەنێوانی موڕجیئە و خەواریج:

موڕجیئەكان ترسناكی و كاریگەرییان زیاترە لەسەر ئیسلام لە خەواریجەكان لەناو شاردا، بەڵام خەواریجەكان زەرەریان زیاترە لە موڕجیئەكان لەكات و شوێنی جیهادكردن؛ لەبەر ئەوەی ئەوان لەكاتی زۆر پێویستی بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی كافرەكان، دێن جەنگ لەگەڵ موسڵمانەكاندا دەكەن، لەدەرەوە یارمەتی كافرەكانیش دەدەن لەسەر ئیسلام -ئەگەرچی هەستیشی پێناكەن-، موڕجیئەكانیش لە ناوەوە یارمەتییان دەدەن، بەڵكوو جاری وایە كافرەكان بەشێوەیەك یارمەتی خەواریجەكان دەدەن لە دژی موسڵمانان، وا گومان دەبەن كە غەنیمەت و سەركەوتنە.

***

يَزِيدُ بِزِيَادَةِ الأَعْمَالِ، وَيَنْقُصُ بِنَقْصِهَا؛ فَيَكُونُ فِيهَا النَّقْصُ، وَبِهَا الزِّيَادَةُ.

به زيادبوونى كردەوەكان، ئيمان زياد دەبێت، به كەمبوونيشيان كەم دەبێت، كەواته كەمبوونى ئيمان به هۆى كردەوەيه، زيادبوونيش به هەمان شێوه.

راقه كردن

❁ زيادبوون و كەمبوونى ئيمان:

ئيمان زياد دەبێت و كەميش دەبێت؛ به كردەوەى چاكه زياد دەبێت، به تاوانيش كەم دەبێت.

بەڵگەكانيش زۆرن دەربارەى زيادبوون و كەمبوونى ئيمان له كيتاب و سوننه؛ خواى گەوره دەفەرمووێ: {إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ}[1]

واته: ئيمانداری ڕاستەقينه، تەنها ئەو كەسانەن كاتێک كه يادى خواى گەورەيان لەلا ئەكرێت و ناوى خواى گەورەيان لا دێنيت، دڵيان دەترسێت و

---

[1]- [الأنفال: ٢].

دێتە لەرزین، کاتێکیش بیەوێت تاوان بکات، پێی بڵێیت: لە خوا بترسە، دڵی دەترسێت و دێتە لەرزین، هەروەها کاتێک کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا ئەخوێندرێتەوە، ئیمانیان پێی زیاد ئەکات و تەنها پشت بە خوای گەورە ئەبەستن و کارەکانیان تەنها بەخوای گەورە ئەسپێرن.

هەروەها دەفەرمووێ: {هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ}.[1]

واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە کە هێمنی و ئارامی و ڕەحمەتی دابەزاندە سەر دڵی باوەڕداران لە (حودەیبیە)؛ تا لەگەڵ ئەو ئیمانەی کە هەیانە، ئیمانیان زیاتر بکات.

لەو بابەتەشدا هیچ جیاوازییەک نییە لەلای هاوەڵان و تابیعیین و شوێنکەوتووەکانیان.

چەندان زاناش کۆدەنگییان گواستۆتەوە لەسەر ئەمە، وەکوو: "عبد الرزَّاق" و "أحمد" و "البخاريّ" و "أبي حاتم" و "أبي زُرْعة" و "أبي عُبَيْد" و "ابن عبد البَرّ" و جگە لەمانەش، هەروەها لەبەر ڕاشکاوی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت لەسەر ئەو بابەتە، هێندێک لە هاوەڵانی پێشەوا مالیک وەکوو "أبي مُصعَب أحمد بن أبي بكر" فەقیهی مەدینە، بڕیاریانداوە بە کوفری ئەو کەسەی کە نکوولّی لە زیادبوون و کەمبوونی ئیمان بکات.[2]

[1]- [الفتح: ٤].

[2]- ترتيب المدارك (١/ ١٨٨).

پێشەوا ئەحمەد فەرموویەتی: "إذا عَمِلْتَ الخيرَ زادَ، وإذا ضَيَّعْتَ نَقَصَ".[1]

واتە: ئەگەر کاری چاکە بکەیت، ئیمان زیاد دەبێت، ئەگەر بشیانفەوتێنیت، کەم دەکات.

❁ نەمانی ئیمان و تەواویەتی ئیمان:

ئیمان کەم دەبێت، هەتا هیچی نامێنێت و هەمووی دەڕوات، زیادیش دەبێت، بەڵام کەس ناگاتە پلەی ئەوپەڕی و تەواویەتی ئیمان، پێشەوا ئیسحاق پێغەمبەرانی جیاکردۆتەوە، پێی وایە شایەتی ئیمانی تەواویەتیی و گەیشتنە کۆتاییەکەیان بۆ دەدرێت، بەڵام پێغەمبەرانیش لەنێوانی خۆیان ئیمانی سوننەتی هێندێکیان زیاترە لە هێندێکی تریان؛ بۆیە پێشەوا مالیک فەرموویەتی: "ليس للإيمانِ مُنتَهًى؛ هو في زيادةٍ أبدًا".[2]

واتە: ئیمان کۆتایی نییە؛ بەڵکوو بەردەوام لە زیادبوون دایە.

❁ ئیستیسناکردن لە ئیمان[واتە: گوتنی من ئیماندارم -إنْ شاءَ اللّٰه-]:

لەبەر ئەوەی ئیمان لەلای گرووپەکانی مورجیئە یەک شتە، بۆیە پێیان وا نییە کە ئیمان زیاد دەبێت و کەم دەبێت، لەسەر ئەو بنەمایەش گوتیان نابێت ئیستیسنا لە ئیمان بکرێت، هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێت: من ئیماندارم و نەڵێت إنْ شاءَ الله، هێندێکیشیان ئیستیسناکردن بە حەرام دادەنێن.

---

[1]- السُّنَّة، للخلال (١٠١٣).

[2]- الجامع (ص ١٢٢).

بەڵام ئەوەی کە سەلەف بەگشتی لەسەرینە: ئیستیسناکردنە لە ئیمان؛ چونکە ئیمان زیاد دەبێت و کەمیش دەبێت، ئیستیسناکردنەکەش لەسەر ئەندازەی ئیمانەکە دەکرێت، نەک لەسەر ئەسڵی جێگیربوونەکەی، هەروەها دوورخستنەوەی تەزکییەکردنی نەفسە.

بەڵام ئیستیسناکردن لەبەر بوونی گومان لە ئیمان، ئەوە دروست نییە.

کەواتە ئەو ئیستیسناکردنەی کە لە ئیماندا دەکرێت و سەلەف لەسەرینە، بریتییە لەوەی بڵێت: "من بڕوادارم إنْ شاء الله".

بەڵام دەربارەی ئیسلام، هەرئەوەندە دەڵێت: "من موسڵمانم" و ئیستیسنا ناکات، هەروەکوو پێشەوا ئەحمەد و جگە لەو فەرموویانە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی بازنەی ئیسلام فرەوانترە لە بازنەی ئیمان.

***

وَلَا يَكْمُلُ قَوْلُ الْإِيمَانِ إِلَّا بِالْعَمَلِ، وَلَا قَوْلٌ وَعَمَلٌ إِلَّا بِنِيَّةٍ، وَلَا قَوْلٌ وَعَمَلٌ وَنِيَّةٌ إِلَّا بِمُوَافَقَةِ السُّنَّةِ.

وتەی ئیمان[ئیمانی قەولی] تەواو نابێت، ئیللا بەهۆی کردەوە نەبێت، وتە و کردەوەش تەواو نابێت، ئیللا بەهۆی نیەت نەبێت، وتە و کردەوە و نیەتیش تەواو نابێت، ئیللا بەهۆی موافەقەی سوننەت نەبێت.

راڤە کردن

❁ ئیمان وتە و کردەوەیە:

ئیمان: وتە و کردەوە و بیروباوەڕە؛ ئەمەش سەلەف بە کۆدەنگییان ئاوا دەڵێن، هیچ یەکێکیش لەو سێیانە دانامەزرێت و دروست نابێت، ئیللا بە ئەوەی دیکە نەبێت:

بۆیە هەرکەسێک هیچ کردەوەی نەبێت، وەکوو ئەو کەسە وایە کە هیچ وتەی نەبێت، یان هیچ بیروباوەڕی نەبێت، هەرکەسێکیش هیچ وتەیەکی نەبێت، وەکوو ئەو کەسە وایە کە هیچ بیروباوەڕ، یان هیچ کردەوەی نەبێت، هەرکەسێک هیچ بیروباوەڕی نەبێت، وەکوو ئەوە وایە کە هیچ وتەیەک، یان هیچ کردەوەیەکی نەبێت، کەواتە نەمانی یەکێک لەو سێیانە وەکوو نەمانی هەرسێکییانە.

بەڵام مەبەست بەو قسانە ئەوە نییە کە هەر شتێک لەناو ئەو سێ بەشانە[ئەگەر نەما، ئەوە ئیمان نامێنێت]؛ چونکە ئەوە قسەیەکە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بنچینەکانی خەواریج؛ لەبەر ئەوەی سەلەف و ئەهلی سوننە هیچ کەسێک کافر ناکەن بە وازهێنانی شتێکی دیاریکراو لە ناخەوە، یان لە ڕووکەشدا، ئیللا بە بەڵگەیەکی دیاریکراو نەبێت، هەروەها جیاوازی دەکەن لەنێوانی "تەرکی کوللی" و "تەرکی جوزئی"، هەروەکوو پێشەوایانی سەلەف وایان دەفەرموو، وەکوو: "سعيد بن جُبَيْر" و "ابن عُيَيْنة" و "مالك" و "الشافعيّ" و "أحمد" و "إسحاق" و "الحُمَيْديّ" و "أبي ثَوْر".

وەلیدی کوڕی موسلیم دەفەرمووێ: "سَمِعْتُ الأوزاعيَّ، ومالكَ بنَ أنَس، وسعيدَ بنَ عبد العزيز، يُنكِرونَ قولَ مَن يقولُ: إنَّ الإيمانَ قولٌ بلا عمَلٍ، ويقولونَ: لا إيمانَ إلَّا بعمَلٍ، ولا عمَلَ إلا بإيمان".[1]

واتە: گوێم لە ئەوزاعی و مالیکی کوڕی ئەنەس و سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز بوو، نکووڵییان لە قسەی ئەو کەسە دەکرد کە دەیگوت: ئیمان وتەیە بەبێ کردەوە، دەیانفەرموو: ئیمان بوونی نییە بەبێ کردەوە، کردەوەش وەرناگیرێت بەبێ ئیمان.

[1]- شرح أصول الاعتقاد (١٥٨٦).

❁ حوکمی ئەو کەسەی واز لەهەموو کردەوەکان دێنێت:

هەرکەسێک بەدڵی باوەڕ بێنێت و بەزمانیشی دانیپێدا بنێت، بەڵام بە ئەندامەکانی لاشەی هیچ کرەوەیەک ئەنجامنەدات: ئەوە لەلای سەلەف ئیمانەکەی دروست نییە و دانەمەزراوە، پێشەوایانیش توندبوون لەسەر ئەو کەسەی کە پێچەوانەی ئەو قسەیەی بکردبا.

پێشەوا ئەحمەد ئەو کەسەی کافر نەدەکرد کە بیگوتبا ئیمان وتە و بیروباوەڕە، بەبێ کردەوە، وەسفیشی دەکرد بە بیدعە و ئیرجاء، هەروەها دەیفەرموو: "دوعای چاکبوونیان بۆ دەکەم".[1]

ڕیوایەتێکی دیکە لە ئەحمەد هەیە کە حەنبەل گێڕاویەتییەوە: هەرکەسێک هەموو کردەوەکان وازلێبێنێت، تاوەکوو دەمرێت، پێی وا نەبێت کە هەموو کردەوەکان کاریگەرییان هەیە لە جێگیربوون و نەمانی ئیمان: "ئەوە کافرە بە خوا".[2] هەروەها ئەمە وتەی "حومەیدیشە.[3]

ئەو فەرموودانەش کە تێیدا هاتووە: هەرکەسێک دوو شایەتومانەکە دەربڕێت، دەچێتە بەهەشت، ئەوە سەلەف مانایان وا لێکداوەتەوە کە پێش ئەوەبوو حەددەکان دابندرێن و فەرزەکانیش دابەزن، ئەمەش هەریەک لە: "الضَّحَّاك بن مُزَاحِم" و "الزهريّ" و "أحمد" و جگە لەویش وایان فەرمووە.

---

[1]- السُّنَّة، للخلال (٩٨٩).

[2]- السُّنَّة، للخلال (١٠٢٧)، وشرح أصول الاعتقاد (١٥٩٥).

[3]- السُّنَّة، للخلال (١٠٢٧)، وشرح أصول الاعتقاد (١٥٩٤).

❁ کاریگەری دەرکردنی کردەوە لە ئیمان:

هەموو گرووپەکانی مورجیئە، ئەوانەی کە بەگشتی کردەوە لە ئیمان دەردەکەن، پێیان وا نییە کە تاوان کاریگەری لەسەر ئیمان هەبێت؛ بۆیە دەڵێن: "لا تَضُرُّ الذنوبُ مع التوحيدِ". لەگەڵ تەوحید تاوانەکان زەرەریان نییە.

❁❁❁

وَأَنَّهُ لَا يَكْفُرُ أَحَدٌ بِذَنْبٍ مِنْ أَهْلِ الْقِبْلَةِ.

به دڵنیایی هیچ کەسێک لە ئەهلی قیبلە، بەهۆی تاوانەوە کافر نابێت.

راقەکردن

❁ کافرکردن بە تاوان و حاڵی گرووپەکان:

ئەهلی قیبلە: ئەو کەسەیە لەگەڵ موسڵماناندا ڕووبکاتە ڕووگەکەیان، کە بریتییە لە کەعبە؛ بۆیەش بەو ناوە ناونران؛ بۆ ئەوەی جیابکرێنەوە لەگەڵ شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تر، ئەوانەی کە ڕووی تێناکەن، بێگومان تەنها بە کوفر و شیرک، ئیمانی بەندە هەڵدەوەشێتەوە، جگە لەوە هەرچەندە تووشی گوناح و تاوان بێت، پێی لە بازنەی ئیمان دەرناچێت، با تاوانەکەش گەورە و لەناوبەر بێت.

بێگومان هێندێک خەڵک، لەسەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- تووشی تاوان بوون، وەکوو کوشتن و دزیکردن و زیناکردن و درۆکردن و غەیبەتکردن و نەمیمەتکردن، بەڵام نە پێغەمبەر و نە جێنشینەکانیشی، هیچ یەکێک لەوانەیان لە ئیسلام دەرنەکرد، وەکوو کافرەکانیش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکردن؛ بەڵکوو چەندین جار ڕێگری لە لەعنەتکردن لە ئارەقخۆر دەکرد و بیانووشی بۆ دەهێنایەوە بەوەی خوا و پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت.

کەواتە تەنها کوفر و شیرک، ئیمان و کردەوە بەتاڵ دەکاتەوە، نەک تاوان، ئەگەرچی گەورەش بێت؛ چونکە تاوان جاری وایە کاریگەری لەسەر هێندێک چاکەکانی بەندە دەبێت، ئەگەر خوا ئەمەی بوێت، بەڵام هەموو کردەوەکان بەتاڵ ناکاتەوە؛ خوای گەورە دەفەرمووێ: {لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ}.[١]

واتە: ئەگەر شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدەی، ئەوە کردەوەکانت هەمووی بەتاڵ ئەبێتەوە.

هاوەڵان و تابیعییەکان و پێشەوایانی ئیسلامیش، لەو بابەتەدا جیاوازییان نییە.

پێشەوا مالیک دەفەرمووێ: "أهلُ الذنوبِ، مؤمِنُونَ مذنِبُونَ".[٢]

واتە: خاوەنی تاوانە گەورەکان، بڕوادار و تاوانبارن.

بەڵام هێندێک گرووپ، لەو بابەتەدا پێچەوانەن:

- وەکوو خەواریجەکان و موعتەزیلەکان: چونکە ئەوانە ئیمانیان لە بکەری تاوانی گەورە ستاندەوە.

- هەروەها مورجیئەکان: لەبەر ئەوەی لەلای ئەوانیش، تاوان کاریگەری لەسەر باوەڕ نییە.

١- [الزمر: ٦٥].

٢- الجامع، لابن أبي زيد (ص ١٢٣).

خەواریج و موعتەزیلەکان: بەڵگە زاڵە بەسەریان، ئەو بەڵگانەی کەوا هاتووە دەربارەی بکەری تاوانە گەورەکان، وەکوو حوکمی ئەو حەددانەی کەوا خوا دایبەزاندووەتە سەر دز و زیناکەر و بکوژ و ئارەقخۆر، ئەگەر ئەو شتانە کوفر بێت، ئەوە حەددەکانیان یەک شت دەبوو؛ ئەویش بریتیی بوو لە حەددی هەڵگەڕانەوە؛ چونکە لەلای خەواریجەکان، جیاوازی نییە لەنێوانی بکەری تاوانی گەورە و ئەنجامدەری کوفر، لەلای ئەوان هەردووکیان ئیمانیان لێ دەستێنرێتەوە.

مورجیئەکانیش: ئەو بەڵگانە زاڵە بەسەریان کەوا باس لە زیادبوونی ئیمان دەکات بە گوێڕایەڵی و کەمبوونیشی بە تاوان، هەروەها سزادانی هێندێک لە بڕوادارە تاوانبارەکان لە دۆزەخ و پاشان دەرهێنانیان لە دۆزەخ بە ڕەحمەتی خوا.

***

وَأَنَّ الشُّهَدَاءَ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونْ، وَأَرْوَاحُ أَهْلِ السَّعَادَةِ بَاقِيَةٌ نَاعِمَةٌ إِلَى يَوْمِ يبعُثُونْ، وَأَرْوَاحُ أَهْلِ الشَّقَاوَةِ مُعَذَّبَةٌ إِلَى يَوْمِ الدِّينْ.

بێگومان شەهیدەکان، زیندوون و لەلای پەروەدگاریان ڕۆزی دەدرێن، هەروەها ڕۆحی خەڵکانی بەختەوەر هەر دەمێنێت و لەناو نازونیعمەت و خۆشی دایە، تاوەکوو ڕۆژی زیندووبوونەوە، ڕۆحی خەڵکانی بەدبەختیش سزا دەدرێت، تاوەکوو ڕۆژی لێپرسینەوە.

راقەکردن

❀ ڕۆحی مردووەکان و بارودۆخیان:

ڕۆحەکان بوونەوەرێکی سەربەخۆن، خۆشی دەبینن و سزاش دەدرێن، خودی خۆیان بەدبەخت دەبن و بەختەوەریش دەبن، لەو بابەتانەشدا مەرج نییە لاشەی لەگەڵ بێت؛ چونکە جیاوازە لەگەڵی، ئەندامێک نییە لە ڕۆح وەکوو دەست و چاو، هەروەها بەبێ جیاوازیش ڕۆح دروستکراوە و یەکێکە لە فەرمانەکانی خوا، هەر خۆی حەقیقەت و ناوەڕۆکەکەی دەزانێت؛

هەروەکوو خوا دەفەرمووێت: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا}.[1]

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی ڕۆح و حەقیقەتی ڕۆح چییە؟ بڵێ: ڕۆح کاری خوای گەورەیە و خوای گەورە خۆی نەبێ کەس نازانێ حەقیقەتی ڕۆح چییە و چۆنە، ئێوە لە زانیاری شتێکی کەم نەبێ، هیچتان پێ نەدراوە و نایزانن.

ڕۆحەکان، دوای مردنی لاشەکان لە شوێنێکی دیکە جێگیر دەبن، لە ژیانی بەرزەخیش، لەکاتی پرسیارکردنی ناو گۆڕ، خوای گەورە دەیانگەڕێنێتەوە بۆ لاشەکان.

دەربارەی شوێنی جێگیربوونی ڕۆحەکان، دوای مردنی لاشەکان، چەند بەڵگەیەک هاتووە:

*هەرچی ڕۆحی شەهیدەکانە: بەو شێوەیە کە خوا دەفەرمووێ: {وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ}.[2]

واتە: ئەوانەی لە پێناوی خوای گەورەدا ئەکوژرێن، وانەزانن ئەوانە مردوون، بەڵکوو ئەوانە زیندوون لە ژیانی بەرزەخدا لای پەروەردگار ڕزق و ڕۆزیان پێ ئەدرێ بە بەردەوامی.

١- [الإسراء: ٨٥].

٢- [آل عمران: ١٦٩].

هەروەها پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێ: «**أَرْوَاحُهُمْ فِي أَجْوَافِ طَيْرٍ خُضْرٍ، لَهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بِالعَرْشِ، تَسْرَحُ مِنَ الجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ، ثُمَّ تَأْوِي إِلَى تِلْكَ القَنَادِيلِ**».[1]

واتە: ڕۆحی شەهیدەکان، لەناو باڵندەیەکی سەوزە لە بەهەشت، ئەو باڵندانەش هێلانەکانیان لەژێر عەرش هەڵواسراوە، بە ئارەزووی خۆیان دەخۆن و دەخۆنەوە، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو هێلانانە.

*بەڵام ڕۆحی باوەڕداران بەگشتی: ئەوە دەبێتە باڵندەیەک و لەسەر دارە بەرزەکانی بەهەشت دەخوات؛ هەروەکوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت: «**إِنَّمَا نَسَمَةُ المُسْلِمِ، طَيْرٌ يُعَلَّقُ فِي شَجَرِ الجَنَّةِ، حَتَّى يَرْجِعَهَا اللهُ إِلَى جَسَدِهِ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ**».[2]

واتە: ڕۆحی موسڵمان، باڵندەیەکە لە دارە بەرزەکانی بەهەشت دەخوات، تاوەکوو خوا دەیگەڕێنێتەوە بۆ لای لاشەکەی لە ڕۆژی دوایی.

هەرچەندە ڕۆحی باوەڕدارەکان لە بەهەشتە، بەڵام خوا کەی بیەوێت، دەیگەڕێنێتەوە بۆ لاشەکەی.

* ڕۆحی کافرەکانیش: لەناو دۆزەخە؛ هەروەکوو لەو فەرموودەیەدا هاتووە: «**أَنَّ المَلَائِكَةَ تَقْبِضُ رُوحَ العَبْدِ المُؤْمِنِ، وَتَرْقَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ، فَتَقُولُ المَلَائِكَةُ: مَا أَطْيَبَ هَذِهِ الرِّيحَ الَّتِي جَاءَتْكُمْ مِنَ الأَرْضِ! فَيَأْتُونَ**

[1]- مسلم (١٨٨٧).

[2]- الترمذي (١٦٤١)، والنسائي (٢٠٧٣)، وابن ماجه (٤٢٧١) من حديث كعب بن مالك.

بِهِ أَرْوَاحَ المُؤْمِنِينَ، فَلَهُمْ أَشَدُّ فَرَحًا مِنْ أَحَدِكُمْ بِغَائِبِهِ يَقْدَمُ عَلَيْهِ، فَيَسْأَلُونَهُ: مَاذَا فَعَلَ فُلَانٌ؟! مَاذَا فَعَلَ فُلَانٌ؟! فَيَقُولُونَ: دَعُوهُ؛ فَإِنَّهُ كَانَ فِي غَمِّ الدُّنْيَا، فَيَقُولُ: قَدْ مَاتَ، أَمَا أَتَاكُمْ؟ قَالُوا: ذُهِبَ بِهِ إِلَى أُمِّهِ الهَاوِيَةِ».[1]

واته: بێگومان فریشتەکان ڕۆحی بەندەی باوەڕدار دەکێشن و بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان، ئینجا فریشتەکان دەڵێن: ئای ئەو بۆنەی لە زەوییەوە بۆتان هاتووە، چەند خۆشە! ئیتر ڕۆحی باوەڕدار دێنن، خۆشحاڵییەکەیان لە هەر یەکێک لە ئێوە زیاترە، کاتێک کەسێکی ونبووتان دەگەڕێتەوە، ئینجا پرسیاری لێ دەکەن: فڵانە کەس چیکرد؟! فڵانە کەس چیکرد؟! دەڵێن: لێیگەڕێن؛ چونکە ئەو لەناو خەفەتی دونیادابوو، ئەویش دەڵێت: فڵان کەس مرد، بۆ نەهاتە لای ئێوە؟ دەڵێن: بردیان بۆ لای ئەو دۆزەخەی کە وەکوو دایکی باوەشی بۆ کردۆتەوە.

هەر لەو فەرموودەیەشدا هاتووە: کە شوێنەکە لەناخی زەویدایە.

ئیبن ئەبی زەیدیش لە کیتابی "الجامع"دا ئاوا بڕیاریداوە: "أَنَّ أَرْوَاحَ الكُفَّارِ بَاقِيَةٌ فِي سِجِّينٍ".[2]

واتە: بێگومان ڕۆحی کافرەکان، لە "سجین"دایە[شوێنێکە لە تەبەقەی حەفتەمی خوارەوەی زەوی].

---

[1]- النسائي (١٨٣٣) من حديث أبي هريرة.

[2]- الجامع (ص ١١١).

بێگومان بەڵگەی سەحیح هەیە لەسەر ئەوەی: سزا و خۆشی لە ژیانی دۆزەخدا، بۆ ڕۆح و لاشەیە، هەردووکیان، خوای گەورە دەفەرمووێ: {النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ}.[1]

واتە: واتە: هەموو بەیانیان و ئێوارانێک فیرعەون و دارودەستە و شوێنکەوتوانی بە ئاگر سزا ئەدرێن لەناو گۆڕەکانیاندا، کاتێکیش کە ڕۆژی قیامەت دێت، فیرعەون و شوێنکەوتوانی بخەنە ناو سەختترین سزاوە، کە سزای ئاگری دۆزەخە.

ئیبن عومەریش دەفەرمووێ: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر بیری بەدر وەستابوو، کە لاشەی موشریکەکانی فڕێدرابووە ناوی، فەرمووی: "ئایا ئەوەی پەروەردگارتان بەڵێنی پێدابوون، ڕاستبوو و پێیگەیشتن"؟![2]

***

[1]- [غافر: ٤٦].

[2]- البخاري (٣٩٨٠)، ومسلم (٩٣٢).

وَأَنَّ الْمُؤْمِنِينَ يُفْتَنُونَ فِي قُبُورِهِمْ وَيُسْأَلُونَ؛ {يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ} [إبراهيم: ٢٧].

به دڵنیایی باوەڕداران له گۆڕەکانیان تاقی دەکرێنەوە و پرسیاریان لێ دەکرێت؛ {خوای گەورە باوەڕداران جێگیر ئەکات بە وشەی جێگیر کە وشەی (لا إله إلا الله)یە لە ژیانی دونیا و دوارۆژدا}.

راقه کردن

❁ گۆڕ و تاقیکردنەوەکەی:

باوەڕهێنان بە "ژیانی بەرزەخ" واجیبە، کە بریتییە لە: ژیانی نێوان دونیا و ڕۆژی دوایی؛ چونکە خەڵکی بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕن: ژیانی دونیا، ژیانی دەرزەخ، ژیانی ڕۆژی دوایی.

بۆیەش ناوی لێنراوە ژیانی بەرزەخ؛ لەبەر ئەوەی پەردەیەکە لەنێوانی دونیا و دوارۆژ؛ هەروەکوو خوا دەفەرمووێ: **{وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ}**.[1]

---

[1] - [المؤمنون: ١٠٠].

واتە: لە پێشیانەوە بەربەستێک(ژیانی بەرزەخ و ناو قەبر) هەیە تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێنەوە.

ژیانی بەرزەخیش، لەوکاتەوە دەست پێ دەکات، کەوا ڕۆح دەردەچێت و لە دونیا جیادەبێتەوە بە مردن.

دەقەکان یەک بە دوای یەکدا هاتوون دەربارەی ژیانی بەرزەخ و تاقیکردنەوە و سزای گۆڕ.

*هەرچی تاقیکردنەوەی گۆڕە: ئەوە مەبەست پێی: ئەو شتانەیە کەوا مردوو تووشی دەبێت، لە تاقیکردنەوە و بەڵا و پرسیارکردن، هەروەها ئەو ناخۆشی و ناڕەحەتی و ترس و نائارامییەی بەسەریدا دێت، پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «إِنَّ هَذِهِ الأُمَّةَ تُبْتَلَى فِي قُبُورِهَا».[1]

واتە: بە دڵنیایی ئەو ئوممەتە لە گۆڕەکەیدا تاقی دەکرێتەوە.

لە فەرموودەی ترمزیدا هاتووە: «کە ناوی دوو تاقیکەرەوەکە: مونکەر و نەکیرە، هەروەها ڕەش و شینن».[2]

تاقیکردنەوەکەش بە پرسیارکردن لە سێ شت دەبێت، هەروەکوو لە فەرموودەی بەڕائدا هاتووە.

*هەرچی سزای گۆڕە: ئەوە بەهەمان شێوە ڕاست و حەقە؛ بەڵگە زۆرە لەسەری، لەپێشدا پێغەمبەران هەواڵیان پێی داوە و دەقی قورئان و سوننەتی

[1]- مسلم (٢٨٦٧) من حديث زيد بن ثابت.
[2]- الترمذي (١٠٧١) من حديث أبي هريرة.

لەسەر جێگیربووە، خوا دەفەرمووێ: {النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ}.[1]

واتە: هەموو بەیانیان و ئێوارانێک فیرعەون و داروودەستە و شوێنکەوتوانی بە ئاگر سزا ئەدرێن لەناو گۆڕەکانیاندا، کاتێکیش کە ڕۆژی قیامەت دێت، فیرعەون و شوێنکەوتوانی بخەنە ناو سەختترین سزاوە، کە سزای ئاگری دۆزەخە.

پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- لە دوعای ناو نوێژیدا دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ».[2]

واتە: ئەی خوایە! من پەنات پێ دەگرم لە سزای ناو گۆڕ.

سزای گۆڕیش: کافرەکان دەگرێتەوە، ئەو موسڵمانە کەمتەرخەمانەش کە خوا بیەوێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕی؛ فەرمووی: «ئەو دووانە سزا دەدرێن، لەسەر شتی گەورەش سزا نادرێن» [واتە: لەلای خەڵکی گەورە نیین، یان خۆپاراستن لێیان گەورە نییە].[3]

ئەو دووانە موسڵمان بوون؛ چنکە ئەگەر کافر بوونایە، ئەوە سزادانیان لەسەر کوفر لەپێشتر بوو لە سزادانیان لەسەر "خۆنەپاراستن لە میز" و

[1]- [غافر: ٤٦].

[2]- البخاري (٨٣٢)، ومسلم (٥٨٩) من حديث عائشة.

[3]- البخاري (٢١٦)، ومسلم (٢٩٢) من حديث ابن عباس.

"نەمیمەت"، هەروەها پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- هیچ هۆکارێکی نەدەگرتەبەر بۆ سووککردنی سزا لەسەریان.

ئینجا هێندێک لە کۆمەڵە گومڕاکان و ماددییەکان، نکووڵی لە سزای گۆڕ دەکەن؛ لەبەر ئەوەی مردوو دەبینن و هیچ سزاشی لەسەر نابینرێت، بەڵام خوای بەدەسەڵات بەتوانایە لەسەر ئەوەی کە هەر شتێک ویستی لێبێت، لێیان بگرێتەوە و پیشانیان نەدات؛ هەروەکوو چۆن ئەو ڕۆحەی کە هۆی ژیانیانە، نایبینن، هەروەها هەروەکوو ئەوەی کە جنۆکەکان مرۆڤ دەبینن، بەڵام مرۆڤ نایانبینێت.

***

وَأَنَّ عَلَى الْعِبَادِ حَفَظَةً، يَكْتُبُونَ أَعْمَالَهُمْ، وَلاَ يَسْقُطُ شَيْءٌ مِنْ ذَلِكَ عَنْ عِلْمِ رَبِّهِمْ.

بێگومان فریشتەی چاودێر لەسەر شانی بەندەکانن، کردەوەکانیان دەنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێک لە کردەوەکانیان لە زانستی پەروەردگاریان ون نابێت.

راڤە کردن

❁ نووسینی کردەوەکان لەسەر موکەللەفەکان:

باوەڕهێنان بە فریشتەکان واجیبە؛ چونکە باوەڕ پێهێنانیان ڕووکنێکە لە ڕووکنەکانی ئیمان، هەروەکوو لە فەرموودەی جبریلدا هاتووە، کاتێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد دەربارەی ئیمان؟ فەرمووی: **«الإِيمَانُ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ، وَبِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ».**

هەروەها خوا باوەڕهێنان بە فریشتەکانی لکاندووە بە باوەڕهێنان بەزاتی خۆی؛ فەرموویەتی: **{كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ}**.[1]

---

[1] - [البقرة: ٢٨٥].

واتە: هەموویان ئیمانیان بە خوای گەورە و مەلائیکەتەکانی و کتێبە ئاسمانیەکانی و پێغەمبەرانی هێناوە.

فریشتەکانیش زۆرن، جگە لە خوا کەس ژمارەیان نازانێت؛ بەڵام وەحی باسی هێندێکیانی کردووە.

ئینجا لەو فریشتانە: ئەو پارێزەرانەن کەوا کردەوەی بەندەکان سەرژمێر دەکەن و دەینووسن؛ ئەمەش بۆ ئیقامەی حوججەیە لەسەر بەندەکان، خوا دەفەرمووێ: ﴿وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ١٠ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ١١ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ١٢﴾.[1]

واتە: بە دڵنیایی کەسانێک چاودێرن لەسەر ئێوە کە فریشتە بەڕێزەکانن، کردەوەکانی ئێوە دەنووسن و دەپارێزن. ئەو فریشتانە زۆر بەڕێزن و هەموو شتێک کە ئێوە ئەیکەن، هەر هەمووی ئەنووسن و ئەپارێزن و هەمووی هەڵئەگرن. هەر کردەوەیەک کە ئێوە بیکەن ئەوان ئاگادارن و ئاگایان لێیە و هەمیشە لەگەڵ ئێوەدان و لێتان جیا نابنەوە.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ ١٧ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ١٨﴾.[2]

[1]- [الانفطار: ١٠ - ١٢].

[2]- [ق: ١٧ – ١٨].

واته: کاتێک که ئەو دوو فریشتەیە که کردەوەکانی مرۆڤ ئەپارێزن و ئەینووسن، بە یەکتری ئەگەن و لەلای ڕاست و چەپەوە دانیشتوونە، ئەوەی لای ڕاست چاکە دەنووسێت و ئەوەی لای چەپیش خراپە دەنوسێت. هیچ وتەیەك لە دەمی مرۆڤ نایەتە دەرەوە، ئیللا ئەو دوو فریشتەیە چاودێر و ئامادەن و دەینووسن، یان وتراوە: یەکێکیان ناوی (ڕەقیب)ـە و ئەوی تریان ناوی (عەتید)ـە.

خوای گەورە کردەوە و وتە و مەبەستی بەندەکان دەزانێت، خوا پێویشتی بە هیچ کەسێک نییە کە ئەو شتانەی بۆ سەرژمێر بکات و بینووسێت، تاوەکوو بزانێت و بیژمێرێت، بەڵام خوا دەیەوێت ئیقامە حوججە لەسەر بەندەکانی بکات و بیانوویان بپچڕێنێت بە سەرژمێرییەکی هەستپێکراو.

***

وَأَنَّ مَلَكَ الْمَوْتِ، يَقْبِضُ الْأَرْوَاحَ بِإِذْنِ رَبِّهِ.

به دڵنیایی فریشتەی گیان کێشان، بەمۆڵەتی پەروەدگاری ڕۆحەکان دەکێشێت.

راڤه کردن

❁ کێشانی ڕۆحەکان:

خوای گەورە ڕۆحەکانی دروستکردووە، هەروەکوو چۆن لاشەکانیشی دروستکردووە، بەڵام ڕۆحەکانی پێش لاشەکان دروستکردووە، پێشەوا "ئیسحاق" و جگە لەو کۆدەنگییان لەسەر ئەمە گێڕاوەتەوە.[١]

ئەو فریشتەیەی کەوا ئەرکی ڕۆح بەبەرداکردنی پێ سپێردراوە، ئەو فریشتەیە نییە کەوا ئەرکی ڕۆح کێشانی پێ سپێردراوە.

پاشان ئەو فریشتەیەی کە لەلایەن خواوە ئەرکی دروستکردن و فووکردن بە ڕۆحی پێ سپێردراوە، یەک دانەیە و کەسی دیکەی لەگەڵ نییە؛ بەگوێرەی ڕووکەشی دەقەکان.

بەڵام فریشتەی گیان کێشان، یەکێک پێشەنگە و چەند دانەیەکی دیکەشی لەگەڵە.

١- التمهيد، لابن عبد البر (١٨/ ٨٤).

بەڵگە لەسەر ئەوەی یەکێکیان پێشەنگە، خوا دەفەرمووێ: {قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ}.[1]

واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: فریشتەی گیانکێشان گیانتان ئەکێشێ، کە خوای گەورە گیان کێشانی ئێوەی بەو سپاردووە.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی چەند دانەیەکی دیکەی لەگەڵە، خوا دەفەرمووێ: {فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ}.[2]

واتە: ئای لەو کاتەی کە فریشتەکان گیانیان ئەکێشن! لەکاتی گیان کێشانیاندا لە ڕوویان دەدەن و لە دوایانەوە لێیان ئەدەن و سزایان ئەدەن، یاخود لەکاتی جەنگدا کە ئەکوژرێن فریشتەکان لێیان دەدەن.

هەروەها دەفەرمووێ: {حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ}.[3]

واتە: تا مردن ئەگات بە یەکێکتان، فریشتەکانی ئێمە ڕۆحی ئەکێشن، [ئیبنو عەبباس دەفەرمووێت: فریشتەی گیان کێشان یارمەتیدەری هەیە لە فریشتەکانی تر کە ئەوان گیان دەکێشن و ڕۆح بگاتە گەروو (ملك الموت)

---

[1]- [السجدة: ١١].

[2]- [محمد: ٢٧].

[3]- [الأنعام: ٦١].

دەیکێشێت]، ئەوان هیچ کەمتەرخەمیەک ناکەن لەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێیان کردبێ لە گیانکێشان.

فریشتەی گیان کێشان (مەلەکولمەوت)، کە پێشەنگە ڕۆحەکە دەکێشێت، ئەوانی دیکەش یارمەتی دەدەن لەسەر کێشانی گیانەکە و ئامادەکردنی و بەرزکردنەوەی، هەروەکوو لە فەرموودەی بەڕائدا هاتووە.

ئیبراهیمی نەخەعی دەفەرمووێ: "لِمَلَكِ الموتِ أعوانٌ مِن الملائكة، يَتَوَفَّوْنَ عن أمرِه".[1]

واتە: مەلەکولمەوت، چەند یارمەتی دەرێکی لە فریشتەکان هەیە، کە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن.

***

[1]- تفسير ابن جرير (٩/ ٢٩٠ و ٢٩١)، و"معاني القرآن" للنحاس (٢/ ٤٣٨ - ٤٣٩)، و"تفسير السمعاني" (٢/ ١١٢).

وَأَنَّ خَيرُ الْقُرُونِ: الْقَرْنُ الَّذِينَ رَأَوْا رَسُولَ اللهِ -صلى الله عليه وسلم-، وَآمَنُوا بِهِ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ.

باشترینی سەدەکان: خەڵکی ئەو سەدانەن کە پێغەمبەری خوایان-صلی الله علیه وسلم- دیتووە و باوەڕیان پێ هێناوە [هاوەڵان]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن [تابیعییەکان]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن [ئەتباعی تابیعییەکان].

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

❁ چاکی و گەورەیی سێ سەدە باشەکە:

باشترینی سەردەمەکان، ئەو سەردەمەیە کەوا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، تێیدا نێردرا، هاوەڵەکانیشی باشترن لە هاوەڵەکانی جگە لەو....، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرمووێ: «خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ».[1]

[1]- البخاري (٢٦٥٢)، ومسلم (٢٥٣٣) من حديث ابن مسعود.

واتە: باشترینی خەڵکی، خەڵکی سەردەمی منن[هاوەڵان]،: پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن[تابیعیین]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن[ئەتباعی تابیعیین].

❁ واتای سەدە(قەرن):

مەبەست بە قەرن: چینە، سەرەتاکەیان: هاوەڵانن، پاشان تابیعییەکانن، پاشان ئەتباعی تابیعییەکانن.

هەروەها بەکاریش دێت بۆ دەمێک لەو سەردەمەی کە نەوە و هاوتەمەنەکان تێیدا دەژین، لە لەدایکبوونەوە تا مردنیان.

بەهەمان شێوە بەکاریش دێت بۆ سەد ساڵ.

❁ فەزڵ و گەورەیی هاوەڵان و جیاوازییان لەڕووی پلەوە:

لەنێو موسڵمانەندا جیاوازی نییە دەربارەی چاکی و گەورەیی هاوەڵان، کە باشترینی خەڵکیین لەدوای پێغەمبەران و چاکترینی ئوممەتن لەدوای پێغەمبەرەکەیان -صلى الله عليه وسلم-.

هەرکەسێک پێغەمبەری -صلى الله عليه وسلم- بینیبێت و بڕوای پێ هێنابێت، ئەگەر بۆ ماوەی کاتێکی کەمیش بێت، ئەوە سەحابەیە و باشترە لەو کەسەی پێغەمبەری نەدیتبێت، ئیبن ئەبی زەید دەفەرمووێ: "وَكُلُّ مَنْ

صَـحِبَهُ وَلَـوْ سَـاعَةً، أَو رَآهُ وَلَـوْ مَـرَّةً، فَهُـوَ بِـذَلِكَ أَفْضَـلُ مِـنْ أَفْضَـلِ التَّابِعِينَ".[1]

واته: هەرکەسێک هاوەڵایەتی پێغەمبەری کردبێت، ئەگەر بۆ ماوەی سەعاتێکیش بووبێت، یان ئەگەر بۆ یەکجاریش بینیبێتی، ئەوە لە باشترینی تابیعییەکان باشترە.

باشترینی هاوەڵانیش: ئەوانەن کەوا لەگەڵ باوەڕپێهێنانیدا، سەریشیان خستبێت، بۆیەش خوای گەورە فەزڵی موهاجیرەکانی داوە بەسەر ئەنسارەکان، هەروەها فەزڵی پێشکەوتووەکانی داوە بەسەر ئەوانەی دوای ئەوان دێن، فەزڵی ئەو کەسەی داوە کەوا پێش ئازادکردنی مەککە موسڵمان بووبێت، بەسەر ئەو کەسەی کە دوای ئازادکردن موسڵمان بووبێت.

بەهەمان شێوە فەزڵی ئەو کەسەی ئامادەی جەنگی بەدر بووبێت، گەورەترە لەوەی تەنها ئامادەی جەنگی ئوحود بووبێت، ئەوەشی لەژێر دارەکە بەیعەتی دابێت، فەزڵی گەورەترە لەوەی بەیعەتی نەدابێت.

---

[1] - الجامع (ص ١١٥).

❁ قسەگوتن بە هاوەڵان:

خۆشویستنی هاوەڵان و ڕێزگرتنیان: لە گەورەترینی کارە چاکەکانە؛ لەبەر ئەوەی بەگەورەدانانی هاوەڵان، بەشێکە لە بەگەورەدانانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-.

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرمووێ: «اللهَ اللهَ فِي أَصْحَابِي! اللهَ اللهَ فِي أَصْحَابِي! لَا تَتَّخِذُوهُمْ غَرَضًا بَعْدِي؛ فَمَنْ أَحَبَّهُمْ فَبِحُبِّي أَحَبَّهُمْ، وَمَنْ أَبْغَضَهُمْ فَبِبُغْضِي أَبْغَضَهُمْ، وَمَنْ آذَاهُمْ فَقَدْ آذَانِي، وَمَنْ آذَانِي فَقَدْ آذَى اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، وَمَنْ آذَى اللهَ فَيُوشِكُ أَنْ يَأْخُذَهُ».[1]

واتە: لەخوا بترسن دەربارەی مافی هاوەڵانم! لەخوا بترسن دەربارەی مافی هاوەڵانم! لەدوای من مەیانکەن بە مەبەست و قسەیان پێ مەڵێن، جا هەرکەسێک ئەوانی خۆش بووێت، ئەوە لەبەر خۆشەویستی من ئەوانی خۆش ویستووە، هەرکەسێکیش ڕقی لەوان ببێتەوە، ئەوە لەبەر ڕقبوونەوەی لەمن ڕقی لەوان دەبێتەوە، هەرکەسێک ئازاریان بدات، ئەوە ئازاری منی داوە، هەرکەسێکیش ئازاری من بدات، ئەوە ئازاری خوای داوە، هەرکەسێکیش ئازاری خوا بدات، ئەوە نزیکە خوا سزای بدات لە دونیا و دوارۆژ.

هیچ کەسێکیش قسەیان پێ ناڵێت، تەنها ئەو کەسە نەبێت کەوا لە دینەکەیدا تووشی بەڵا بووبێت.

[1]- الترمذي (٣٨٦٢).

هەرکەسێک تانە لە هاوەڵان بدات، یان لە یەکێکیان بدات، ئەوە تووشی ئەو دوو بیدعیە دەبێت: یان بیدعەی کافرکەر، یاخود بیدعەی گومڕاکەر:

*هەرچی تووشبوونیەتی بە بیدعەی گەورە و کافرکەر: وەکوو جوێندان بە هەموو هاوەڵان، یا زۆرینەیان، بەهەمان شێوە ئەو کەسەی تانە لە نامووسی دایکە عائیشە بدات، یان تانە لە موهاجیر و ئەنسارەکان بدات، یاخود تانە لەوانە بدات کەوا بەیعەتیان لەژێر دارەکە دا، یا تانە لە هەموو ئەوانە بدات کە بەشداری جەنگی بەدر و ئوحوودیانکرد.

بەهەمان شێوە تانەدان لە ئەبوو بەکر و عومەر و عائیشە.

پێشەوا مالیک دەفەرمووێ: "مَنْ سَبَّ عائشةَ، قُتِلَ، قيل له: لِمَ؟ قال: مَنْ رَمَاهَا، فقد خَالَفَ القرآنَ".[1]

واتە: هەرکەسێک قسە بە عائیشە بڵێت، دەکوژرێت، پێی گوترا: بۆ؟ فەرمووی: هەرکەسێک تۆمەتباری بکات، ئەوە پێچەوانەی قورئانی کردووە.

پرسیاریش لە پێشەوا ئەحمەد کرا دەربارەی حوکمی ئەو کەسەی قسە بە ئەبوو بەکر و عومەر و عائیشە بڵێت -ڕەزای خوایان لێبێت-؟ فەرمووی: "ما أُرَاهُ على الإسلامِ". پێم وا نییە لەسەر ئایینی ئیسلام بێت.[2]

هەرکەسێک لە دڵیدا ڕق و کینە هەبێت بەرانبەر بە هاوەڵان، ئەوە خوا بە کافری داناوە، هەروەکوو لەم وتەیەیدا دەفەرمووێ: ﴿لِيَغِيظَ بِهِمُ

[1]- مسند الموطأ (٨٧)، و"المحلى" (١١/ ٤١٤- ٤١٥).
[2]- السُّنَّة، للخلال (٧٧٩ و ٧٨٢).

الْكُفَّارِ}.[1] واتە: خوای گەورە هاوەڵانی زۆرکرد و بەهێزی کردن؛ تاببێتە خەفەت بۆ کافران و کاتێک کافران دەیانبینن خەفەتیان پێ بخۆن و ڕقیان لێیان ببێتەوە. پێشەوا مالیک و ئەبوو مەعمەری کەرخی و جگە لەویش ئەو ئایەتەیان ئاوا کردۆتە بەڵگە.

*بەڵام تووشبوونی بە بیدعەی بچووک و گومڕاکەر: وەکوو ئەوەی کە قسە بە یەکێک لە هاوەڵان بڵێت کەوا فەزڵی بە تەواتور جێگیر نەبوویێت، با فرموودەکەش سەحیح بێت.

لەوکاتەدا لە بیدعەی کوفری دەردەچێت؛ لەبەر ئەوەی نکووڵی لە شتێکی موتەواتیر نەکردووە.

***

١- [الفتح: ٢٩].

وَأَفْضَلُ الصَّحَابَةِ: الْخُلَفَاءُ الرَّاشِدُونَ الْمَهْدِيُّونَ: أَبُو بَكْرٍ، ثُمَّ عُمَرُ، ثُمَّ عُثْمَانُ، ثُمَّ عَلِيٌّ؛ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ أَجْمَعِينْ.

باشترینی هاوەڵان: جێنشینە ڕێنماییکراوەکانن کە بریتیین لە: ئەبوو بەکر، پاشان عومەر، پاشان عوسمان، پاشان عەلی -ڕەزای خوا لە هەموویان بێت-.

راڤەکردن

❀ جیاوازی و جیاکاری هاوەڵان لەڕووی پلەوە:

جیاوازی هاوەڵان لە هێندێک ڕەوشتدا، واتای چاکییەتی ڕەها نییە؛ لەبەر ئەوەی جاری وایە یەکێک لە هاوەڵان لە ڕەفتارێکدا -وەکوو ئازایەتی و بەخشین و نەرمونیانی- چاکترە، بەڵام غەیری ئەو باشترە لەو؛ قسەکەی ئیبن عومەریش هەر لەو بابەتەوەیە کە دەڵێت: "کەسم نەبینیوە بەخشندەتر بێت لە موعاوییە!" بە ئیبن عومەریان گوت: لە ئەبوو بەکریش بەخشندەتر بوو؟ ئیبن عومەر فەرمووی: "سوێند بە خوا! ئەبوو بەکر لەو باشترە، سوێند بە خوا! ئەو لە ئەبوو بەکر بەخشندەترە"![1]

---

[1]- الآحاد والمثاني (٥١٦)، و"السُّنَّة" للخلال (٦٧٩).

هەروەكوو چۆن پێغەمبەران پلەیان جیاوازە، بەهەمان شێوەش لەپێشترە كە هاوەڵان لەنێوانی خۆیاندا پلەیان جیاواز بووبێت.

كاتێك "ابن القصَّار" لە نەخۆشی سەرەمەرگیدابوو، پێشەوا "سوحنوون" تەڵقینی دەدا و پێی دەگوت: "أنَّ أفضَلَ هذه الأمَّة بعد نبيِّها، أبو بكرٍ وعُمَرُ".[1]

واتە: باشترینی ئەو ئوممەتە دوای پێغەمبەرەكەی، ئەبوو بەكرە، پاشان عومەرە.

سەلەف لەمەدا جیاوازییان نییە، بەڵام لەنێوان كەمێكیان ناكۆكی لەسەر جیاوازی لەنێوان عوسمان و عەلی دروست بووە.

هەیانە: عوسمان بە باشتر دادەنێت لە عەلی.

هەیانە: عەلی بە باشتر دادەنێت لە عوسمان.

هەشیانە: وەستاوە و كەسیانی بەباشتر دانەناوە.

پاشان بابەتەكە لەسەر ئەوە جێگیربوو، كە ڕیزبەندییەكەیان لە چاكیەتییدا، وەكوو ڕیزبەندییانە لە خەلافەتدا.

ئیبن ئەبی زەید دەفەرمووێ: "ئەوە وتەی ئەهلی حەدیسە، ئینجا دوای ئەو چوارە ئەوەی ماوە لە دەیەكە، پاشان ئەهلی بەدر لە موهاجیرەكان و لە

[1]- رياض النفوس (١/ ٣٦٧ - ٣٦٨).

ئەنسارەکان و لەهەموو هاوەڵان؛ بەگوێرەی کۆچکردن و پێشکەوتوویی و چاکییان".[1]

❁ سەرهەڵدانی تانەدان لە هاوەڵان لە مەغریب:

تانەدان لە هاوەڵان لە مەغریب لەسەردەمی بەنی عوبەید بڵاوبووەوە، بەتایبەتی لە قەیرەوان، خەڵکی تاقیکرانەوە لەسەر ئەو بابەتە؛ تا وای لێهات خەڵکی ناچارکران لەسەر مینبەرەکان جوێن بە هاوەڵان بدەن، کۆمەڵێک زاناش لەپێناو ئەمەدا کوژران، کۆمەڵێکیش لە زانایان بە ڕووی ئەو فیتنەیە وەستان، لەسەرووی هەموویان "ابنُ الحدَّاد" بوو.

هێنێک هەڵوێست و وەستانی ئەو زانایەیان لە فیتنەی ڕافیزەکان لە مەغریب چواند، بە هەڵوێستی ئیمامی ئەحمەد لە فیتنەی خەلقی قورئان لە مەشریق.

❁❁❁

[1]- الجامع (ص ١١٥).

وَأَلَّا يُذْكَرَ أَحَدٌ مِنْ صَحَابَةِ الرَّسُولِ -صلى الله عليه وسلم- إِلَّا بِأَحْسَنِ ذِكْرٍ، وَالْإِمْسَاكُ عَمَّا شَجَرَ بَيْنَهُمْ، وَأَنَّهُمْ أَحَقُّ النَّاسِ أَنْ يُلْتَمَسَ لَهُمْ أَحْسَنُ الْمَخَارِجِ، وَيُظَنَّ بِهِمْ أَحْسَنُ الْمَذَاهِبْ.

نابێت هیچ یەكیک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باس بكرێن، ئیللا بە چاكترین باس و شێوە نەبێت، هەروەها دەبێت زمانی خۆمان بگرینەوە لە باسكردنی ئەو جیاوازی و كێشانەی كە لەنێوانیاندا ڕوویداوە؛ چونكە ئەوان لەپێشترینی خەڵكین كەوا باشترین بیانوویان بۆ بهێنرێتەوە و باشترین گومانیان پێ ببردرێت.

﴿ ڕاڤە كردن ﴾

❁ ئەو كێشە و ناكۆكییەی لەنێوان هاوەڵاندا ڕوویدا:

نابێت ئەو كێشە و ناكۆكییەی لەنێوان هاوەڵاندا ڕوویدا، باسبكرێت، مەگەر بۆ شارەزایی كەسانی تایبەت نەبێت، چونكە باسكردنی كێشە و ناكۆكیی نێوانیان، دڵەكان پڕ دەكات لە خەشم و قین، هەروەها ڕێز و شكۆ

و گەورەیی هاوەڵانیش لە دەروونی هێندێک کەس ناهێڵێت، پێشەوا ئەحمەد دەیفەرموو: "هذه الأحاديثُ تُورِثُ الغِلَّ في القَلْبِ".[1]

واتە: ئەو ڕیوایەتانەی لەو بوارەوە هاتوون، ڕق و قینە لە دڵدا دروست دەکات.

ئینجا مێژوو نووسەکانیش کاتێک هاتن ئەو بابەتەیان نووسییەوە، زیاد و کەمیانکرد.

پێشەوا ئەحمەد لە کۆڕی "عبد الرَّزَّاق" دوورەپەرێز دەبوو، ئەگەر باسی فەرموودەکانی ناکۆکی نێوان هاوەڵانی بکردبا، جا کاتێک تەواو دەبوو، دەگەڕایەوە، هێندێکجاریش بۆ ماوەیەکی درێژ پەنجەکانی دەخستە ناو گوێچکەکانی، تاوەکوو لەو فەرموودانە تێدەپەڕی، پاشان دەری دەهێنا، پاشان دەیگەڕاندەوە... تاوەکوو ئەو فەرموودانە هەمووی تەواو دەبوو.[2]

بەریەککەوتن و دژایەتی هاوەڵان بۆ یەکتری، وەکوو دژایەتی جگە لەوان نییە بۆ یەکتری؛ چونکە هاوەڵان موجتەهیدبوون و لە پلە و فەزڵێکی گەورەدان، هەروەها ئەوەندە کردەوەی چاکە و گەورەیان هەیە، وەکوو هاوەڵایەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کە دەبێتە هۆی ڕەشبوونەوەی تاوانەکانیان.

---

[1]- السُّنَّة، للخلال (٨١٦).
[2]- السُّنَّة، للخلال (٨٠٣).

قسەگوتنیش بە هاوەڵان تاوانێکی گەورەیە، هیچ کەس کاری وا ناکات، ئیللا لەبەر خەراپی دەروون و نیازی پیسی نەبێت، کەسمان نەبینی کەوا تانە لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بدات، ئیللا شتێکی شاراوەی خەراپی هەبووە، ئەگەر دوای ماوەیەکیش بێت، هەر ئاشکرای دەکات، ئێمە غەیب نازانین، بەڵام ئەو کەسانەمان بینی، سەرەتا دەست دەکەن بە تانەدان لە هاوەڵان، پاشان ئارام ناگرن، خوای گەورە شتە شاراوە و ڕیسواییەکانی دیکەیان ئاشکرا دەکات، کەوا دەیانشاردەوە، هەر لەو بوارەوەیە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەفەرمووێ: "ما انتقَصَ أحدٌ مِن أصحابِ النبيِّ -صلى الله عليه وسلم-، إلَّا له دَاخِلةُ سُوءٍ".[1]

واتە: هیچ کەسێک قسە بە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ناڵێت و عەیبداریان ناکات، ئیللا دەروون و بیروباوەڕێکی خەراپی هەیە.

کەواتە بەگوێرەی ئەمە: پێویستە خۆمان بگرینەوە لەو شتانەی کە ڕوویداوە لەنێوان هاوەڵان و قسەی تێدا نەکەین، چونکە ئەمە لەناو چینێکی چاک ڕوویداوە، جێنی خوار ئەوانیش بۆیان نییە بڕیار لەنێوانی دوو چینی چاک بدەن، قسەپێگوتن و تانەلێدانیشیان، تاوانێکی گەورەیە؛ هەتا جاری وایە خاوەنەکەی دەگەیەنێتە کوفر.

[1]- السُّنَّة، للخلال (٦٩٠).

❁ تاقیکردنەوەی خەڵکی مەغریب بە هاوەڵان:

لە وڵاتی خۆراوا، قسەگوتن و تانەدان لە هاوەڵان و باسکردنی خراپەکانیان، نەناسرابوو، تاوەکوو "بەنو عوبەید" هاتن و خەڵکییان لەسەر ئەو بابەتە تاقیکردەوە و موخالیفەکانی خۆیان کوشت، تا وای لێهات یەکێک لەوان بەنهێنی بەچاکە باسی هاوەڵانی دەکرد، هەروەکوو قازی عیاز و جگە لەویش باسیانکردووە.[1]

هەروەها خەڵکێکی زۆریان لە زانایان کوشت و زۆرێکیشیان ڕایانکرد.

هەتا "أبو الحسَن القابِسيّ" دەڵێت: "ئەوانەی عوبەیدوڵلا و نەوەکانی کوشتیانن: چوار هەزار کەس بوون، لەنێوانی زانا و خواپەرست، لەوانەی کە دەیانگوت: خوا لە هاوەڵان ڕازی بێت، هەتا خانووێکی تایبەتکردبوو بۆ کوشتن و ناوی لێنابوو: (خانووی سەربڕین)، بگرە هەتا لەسەر مینبەرەکان لەعنەت لە هاوەڵان کرا، لە قەیرەوانیش ماوەیەک خەڵکی لە وتاری هەینی دابڕان".[2]

[1]- ترتيب المدارك (٥/ ٣٠٣).

[2]- سير أعلام النبلاء (١٥/ ١٤٥).

❁ فیتنەی ڕافیزەکان، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبوو:

فیتنەی ڕافیزەکان، ئەگەر دەسەڵاتیان بەسەر ئەهلی سوننەدا هەبێت، توندترە لە فیتنەی جوولەکە و نەسرانییەکان لەسەریان، ئەمەش لەبەر ئەو ڕق و کینە زۆرەی کە هەیانە بەرانبەر ئەهلی سوننە، ڕق و کینەیان دەشارنەوە و منداڵەکانیانی لەسەر پەروەردە دەکەن و سروود و گۆرانی دەربارەی دەڵێن، تاوەکوو دەروونەکان پڕ دەبن بە ڕق و کینە، ئینجا چاوەڕێی توانا و دەسەڵات دەکەن، جا ئەگەر دەسەڵاتیان هەبوو، بەشێوەیەک دەستدرێژی دەکەن، کەس دەستدرێژی ئاوای نەکردبێت، ئەمەش شتێکی زانراوە لەهەموو سەردەمێک، هەربۆیەش لەناو دەوڵەت و هەرێمەکاندا کەس دەسەڵاتیان پێ نادات، هەرکەسێکیش دەسەڵاتیان پێ بدات، ئیللا پیلانی لەدژ دەگێڕن، ئەگەر کەمینەبن، یانیش کودەتای لەسەر دەکەن، ئەگەر زۆرینەبن.

❁❁❁

وَالطَّاعَةُ لِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ؛ مِنْ وُلَاةِ أُمُورِهِمْ، وَعُلَمَائِهِمْ.

گوێڕایەڵی بۆ پێشەوایانی موسڵمانان؛ لە کاربەدەستەکانیان و زاناکانیان [واجیبە].

راڤە کردن

❁ گوێڕایەڵی بۆ پێشەوایانی موسڵمانان لە چاکەدا:

دەقەکان زۆرن و یەک بەدوای یەکدا هاتوون دەربارەی واجیبیەتی گوێبیست بوون و گوێڕایەڵیکردنی پێشەوایانی موسڵمانان لە چاکەدا و حەرامیەتی دەرچوون لە سەریان، خوای گەورە فەرموویەتی: {أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ}.[١]

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە، گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن، ئەوانەشی کە فەرمانڕەوا و کاربەدەستی ئێوەن، چ فەرمانڕەوایان چ زانایان، هەردووکی ئەگرێتەوە لە چاکەدا، بەڵام لە خراپە و تاواندا گوێڕایەڵی بۆ کەس نییە.

١- [النساء: ٥٩].

پێغه‌مبه‌ریش -صلی الله علیه وسلم- فه‌رموویه‌تی: «عَلَى المَرْءِ: السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وكَرِهَ، إِلَّا أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ؛ فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ».[1]

واته: له‌سه‌ر مرۆڤ پێویسته: گوێبیست بوون و گوێڕایه‌ڵی [بۆ پێشه‌وایانی موسڵمانان] هه‌بێت، جا له‌و شتانه‌دا بێت كه‌ پێی خۆشه‌، یان پێی ناخۆشه‌، ئیللا ئه‌گه‌ر فه‌رمان بكات به‌ خه‌راپه‌؛ جا ئه‌گه‌ر فه‌رمانیكرد به‌ خه‌راپه‌، ئه‌وه‌ گوێڕایه‌ڵی ناكرێت.

دروست نییه‌ موسڵمان به‌بێ به‌یعه‌تدان بۆ پێشه‌وایه‌ک بمێنێته‌وه‌؛ مه‌گه‌ر له‌ شوێنێک بێت كه‌ فه‌رمانڕه‌وایه‌كی موسڵمانی تێدا نه‌بێت، یان له‌ شوێنه‌كه‌ كێشه‌ هه‌بێت له‌سه‌ر فه‌رمانڕه‌وایه‌تی و هیچ كه‌سێكیش نه‌یتوانی ببێت به‌ ده‌سه‌ڵاتدار تێیدا.

هه‌روه‌ها ده‌رچوون له‌سه‌ر فه‌رمانڕه‌وای موسڵمان دروست نییه‌، مادام كوفرێكی ئاشكرای ئه‌نجام نه‌دابێت، پێغه‌مبه‌ر -صلی الله علیه وسلم- فه‌رموویه‌تی: «إِلَّا أَنْ تَرَوْا كُفْرًا بَوَاحًا؛ عِنْدَكُمْ مِنَ اللهِ فِيهِ بُرْهَانٌ».[2]

واته: مه‌گه‌ر كوفرێكی ڕوون و ئاشكرا ببینن؛ كه‌ له‌لایه‌ن خواوه‌ به‌ڵگه‌تان پێبێت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ كوفره‌.

[1]- البخاري (٢٩٥٥)، ومسلم (١٨٣٩) من حديث ابن عمر.

[2]- البخاري (٧٠٥٥)، ومسلم (١٧٠٩).

دەرچــوون دروســت نیــیە بەهــۆی گومــانی کــوفر، هەربــۆیەش لە فەرمــوودەکەدا فەرمــووی: «ڕوون و ئاشــکرا بێــت و لەلایەن خــواوەش بەڵگەتان پێبێت لەسەر ئەوەی کە کوفرە».

بەیعەتدانیش: تەنها بۆ فەرمانڕەوایەکی موسڵمان دەبێت لە چاکەدا، بەڵام کافر: ئەوە ئەسڵەن بەیعەت پێدانی دروست نییە، گوێڕایەڵیش بۆ (دەسەڵاتداری کافر)، بەو شێوەیە دەبێت کە دونیا دابین بکات و حوڕمەت و مافیان بپارێزێت و ئەو دادپەروەرییەش بپارێزێت کە خوا فەرمانی پێکردووە، نەک ئەو بەرنامە کوفرییە بپارێزێت کە لەسەریەتی، هەروەکوو پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- لەگەڵ عەزیز وایکرد، هەروەها هاوەڵانیش -ڕەزای خوایان لێبێت- لەگەڵ نەجاشی لە حەبەشە وایانکرد.

سەلەف بابەتی گوێبیست بوون و گوێڕایەڵیکردنی پێشەوایانیان بەگەورە دەزانی و لەبابەتەکانی بیروباوەڕیان دادەنا؛ لەبەر ئەوەی یەکێکە لەو بابەتانەی کەوا گرووپە گومڕاکان سەرپێچی حەقیان کردووە؛ بۆیە بۆتە دروشمێک و نیشانەیەکی جیاکەرەوەی نێوان ئەهلی سوننە و کۆمەڵەکانی دیکەی وەکوو خەواریج و موعتەزیلەکان.

❁ دەرچوون لەسەر پێشەوایان و حاڵەتەکانی:

فیتنەی دەرچوون لەسەر پێشەوایانی موسڵمانان، خراپەکەی گەورەترە لەو چاکەیەی چاوەڕوانی دەکرێت، دەرچوونیش لەسەریان لەسەرەتادا بەکەم سەیر دەکرێت، بەڵام خراپە شاراوەیە لە کۆتاییەکەیدا.

مەرجیش نییە هەرکەسێک دەرچوون لەسەری دروست بێت، وەکوو حوکمە شەرعییەکە، بە کردەوە و جێبەجێکردنیش دروست بێت، تاوەکوو توانا دەبێت و گومانیش زاڵ دەبێت کە کارەکە سەرکەوتوو دەبێت، نەک تەنها بە خەیاڵکردن و لەخۆباییبوون و فریوخوارن.

هەر فەرمانڕەوایەکیش شەرع دەرچوون لەسەری بە دروست زانیبێت، ئەوە بۆ دەرچوونەکە بوونی توانا بەمەرجگیراوە، ناشبێت بە خەیاڵکردن بێت، بەڵکوو دەبێت گومانیان زاڵ بێت کە ئەو فەرمانڕەوایەی دێت و دایدەنێن، باشتر بێت لەو فەرمانڕەوایەی لادەدرێت، هەروەها ئەو بارودۆخەی کە دێت، باشتر بێت لە بارودۆخی پێشوو، زۆرێک لە خەڵکی تەنها بیر لە ڕزگاربوون لە بارودۆخی ئێستا دەکەنەوە، بەڵام سەرنجامەکەیان لێ دیارنییە و گوێی پێ نادەن، بیرکردنەوە لە ئەزیەت و ئازاری دەسەڵاتداری ئێستا، نابێت بارودۆخی دوای ئێستا لەبیر بباتەوە و پشتگوێ بخرێت، ئینجا ئەگەر دەرچوونەکە بەزاڵبوونی گومان خەیری تێدابوو، لەگەڵ بوونی تواناش، ئەوە دروستە، ئەمەش کەم و دەگمەنە؛ چونکە ئەو کەسەی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، بەخۆشی خۆی وازی لێ ناهێنێت، مەگەر بە مردنی نەبێت، هەروەها بە هەوڵدانێکی زۆر بۆ کوشتنی خەڵکی و تێکدانی ژیانیان لە دوای

نەمانی؛ هەر بۆیەش خوای گەورە لەناوچوون و نەمانی دەسەڵاتی ناوبردووە بە: لێستاندنەوە و لێوەرگرتنەوە؛ وەکوو شوبهاندنێک بە لێستاندنەوەی ڕۆح: ﴿وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ﴾.[1]

واتە: دەسەڵات وەرئەگریتەوە لەهەر کەسێك کە ویستت لێ بێت.

هەروەها پێویستیشە سەیری چاککردنی دیین و دونیا بکرێت و لەکاتی تێکگیرانیشدا چاککردنی دیین زاڵبکرێ و پێش بخرێت بەسەر چاککردنی دونیادا، چونکە مورجیئەکان تەرازوویان بریتییە لە: چاککردنی دونیا، ئەگەر هەموو دیینیش تێک بچێت، خەواریجەکانیش تەرازوویان بریتییە لە: چاککردنی دیین، ئەگەر هەموو دونیاش تێک بچێت، بۆیە جیاوازی ناکەن لەنێوانی پاراستنی ئەسڵی دیین، لەگەڵ پاراستنی فەرعی دیین، هەروەها جیاوازییش ناکەن لەنێوانی بەفیڕۆدانی ئەسڵی دونیا، لەگەڵ بەفیڕۆدانی فەرعی دونیا، لەبەر ئەوەی دونیا ئەسڵێکی هەیە کە دیین بەرپا نابێت، تەنها بەهۆی ئەو ئەسڵە نەبێت، فەرعێکیشی هەیە کە نابێت لەپێناویدا دیین بفەوتێنرێت.

[1] - [آل عمران: ٢٦].

❁ ئامۆژگاریکردنی پێشەوایان:

لەگەڵ گوێبیستبوون و گوێڕایەڵیکردندا: پێویستە ئامۆژگاری پێشەوایانی موسڵمانان بکرێت بە زانست و داناییەوە، ئەو دەقانەشی کەوا هاتوون دەربارەی قەدەغەکردنی دەرچوون لەسەریان، واتای ئەوە نییە کە بەدادپەروەرییەوە نکووڵییان لێ نەکرێت.

جیاوازیش لەنێوانی ئەهلی سوننە و مورجیئەکان لەو بابەتەدا ئاوایە: ئەهلی سوننە پێیان وایە کە ئینکاری دەکرێت و ڕەخنە دەگیرێت لەو پێشەوایانەی کە ستەمیان لە مافی خوا و مافی خەڵکی کردووە، چاکسازیش ناکەنە دەرگایەک بۆ دەرچوون لەسەریان، بەڵام مورجیئەکان: ترسی فیتنە دەکەنە دەرگایەک بۆ داخستنی ڕەخنەگرتن لە پێشەوایان.

چاکسازیش بە زانست و دانایی و دادپەروەرییەوە دەبێت، نابێت باسی ئەو عەیب و تاوانانە بکرێت کە پێشەوایان دەیشارنەوە و تایبەتە بەوانەوە، هەروەها ناشبێت بەدوای هەڵە و کەموکوڕییەکانیاندا بچین.

ستەم و هەڵەی پێشەوایان دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: ئەو کەمتەرخەمییەیە کە تایبەتە بەخۆیانەوە، بە ئەنجامدانی کارێکی حەرام و وازهێنان لە واجبێک، خەڵکی بۆ بانگ ناکەن و ڕێگایان بۆ ئاسان ناکەن:

ئا ئەو جۆرە، کاتێک کە زانیاری پێی هەبێت، ئینکارییان لێ دەکەیت، لەنێوانی ئەوان و چاکسازەکەش دەبێت، لەبەر ئەوەی شتەکە تایبەتە، نەک

گشتی، هەموو فەرمانڕەوایەکی موسڵمانیش، شەرەفی ڕێزلێگیراوە وەکوو موسڵمانان، بگرە زیاتریش، قسە پێگوتنیشی دروست نییە، مەگەر بە مەرجی خۆی نەبێت.

هەرکەسێکیش لە ئەزیەت و ئازاری دەسەڵاتدار بترسێت لەو بابەتەدا، دروستە لەبۆی واز لە ئامۆژگاریکردنی بێنێت؛ لەبەر ئەوەی زەرەرەکەی تایبەتە بە بکەرەکە خۆی، نەک گشتی بێت بۆ خەڵکی، لێرەدا ئازارەکەش تووشی زانایەکە دەبێت و بەرژەوەندی خەڵکییش بۆ زاناکە گشتییە، ئەم وتەیەی پێشەوا مالیکیش لەو بابەتەوەیە: "أدركْتُ سَبْعةَ عشرَ تابعيًّا؛ فما سَمِعْتُ أنَّهم قاموا إلى إمامٍ جائرٍ يَعِظُونَهُ".[1]

واتە: گەیشتووم بە حەڤدە تابیعیین، گوێم لێ نەبووە کە بچنە لای پێشەوایەکی ستەمکار و ئامۆژگاری بکەن.

پێشەوا "حَمْدِيس" کە یەکێک بوو قوتابییەکانی سوحنوون، پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەو پێشەوایەی تاوان ئەنجام دەدات: ئایا تۆ فەرمانت پێ دەکرد و ڕێگریت لێ دەکرد؟ گوتی نەخێر؛ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریشی -صلى الله عليه وسلم- کردە بەڵگە: «لَا يَنْبَغِي لِلْمُؤْمِنِ أَنْ يُذِلَّ نَفْسَهُ»، قِيلَ: كَيْفَ يُذِلُّ نَفْسَهُ؟ قالَ -صلى الله عليه وسلم-: «يَتَعَرَّضُ مِنَ البَلَاءِ مَا لَا يُطِيقُ».[2]

---

[1]- رياض النفوس (١/ ٤٨٩).

[2]- الترمذي (٢٢٥٤)، وابن ماجه (٤٠١٦) من حديث حذيفة.

واتە: نابێت و گونجاو نییە ئیماندار خۆی زەلیل بکات، گوترا: چۆن خۆی زەلیل دەکات؟ فەرمووی: خۆی تووشی تاقیکردنەوەی وا دەکات کە لە توانایدا نییە. پاشان باسی وتەکەی پێشووی مالیکی کرد.

ئەم وتەیەش بۆ وازهێنان نییە لە ئامۆژگاریکردنی پێشەوایان بەهەموو شێوەیەک، بەڵکوو مەبەستی ئەو تاوانەیە کە تایبەتە بەخۆیانەوە، بە "حَمْدِیس" گوترا: ئەگەر پێشەوایەک بانگەوازیکرد بۆ بیدعە و فەرمانیشی پێ دەکرد، چیبکەین؟ فەرمووی: "جیهادی لەگەڵ دەکەین".[1]

واتە: وازی لێناهێنین، بەڵکوو جیهادی لەگەڵدا دەکرێت، بەگوێرەی ئەو بیدعەیەی کە تێیکەوتووە و بەگوێرەی شەرعیش؛ مادام بیدعەکەی لە ئیسلام دەری نەکردبێت؛ بۆیە جیهادی لەگەڵدا دەکرێت بەزمان و لەگەڵ دادپەروەریش، ئەگەر بیدعەکەشی لە ئیسلام دەریکرد، ئەوە جیهادی لەگەڵدا دەکرێت بە دەست. لەگەڵ بوونی توانا.

جۆری دووەم: ئەو ستەمەیەتی لە خۆیەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر غەیری خۆی:

لەو کاتەدا ستەمکارەکە سەردەخرێت بەوەی ئامۆژگاری دەکرێت لەلای خـۆی، ستەملێکراوەکەش سـەردەخرێت بەڕوونکـردنەوەی مـافەکەی بە دادپەروەرییەوە.

[1]- ریاض النفوس (١/ ٤٨٩).

ئەگەر ستەمکردنەکەشی لە مافی خوا و دەرخستنی خەراپە و تاوان و بانگکردنی خەڵکی بوو بۆلای، ئەوە وا دەخوازرێت کە ئەوانەی توانایان هەیە، خەراپەکە لەڕووی شەرعەوە بۆ ئەو کەسانە ڕوون بکەنەوە کە قسەی دەسەڵاتدار وەردەگرن؛ چونکە خەڵکی عەوام کاریگەر دەبن بە چاولێکردن و لێکچوونی دەسەڵاتدار، ئەمەش بە ڕوونکردنەوەی خەراپە و تاوانەکە و پلەکەی دەبێت لە ڕووی شەرعەوە.

پێویستیش ناکات ناوی دەسەڵاتدارەکە بهێنرێت؛ چونکە خوا فەرمانیکردووە بە لادان و نەهێشتنی تاوانەکە، نەک بە دیاریکردنی بکەرەکەی، بەڵکوو جاری وایە دیاریکردنی بکەرەکە، وایان لێ دەکات کە زیاتر دەست بە خەراپەکە بگرن و زیتر ئەنجامی بدەن، کەواتە لەو حاڵەتەدا چاکسازەکە خەراپەی فەرمانڕەوایەکەی زیاتر و فرەوانتر کرد، نەک لاواز و تەسکی کردبێت.

❀ هەڵەتێگەیشتن لە دەقەکانی گوێبیستبوون و گوێڕایەڵیکردن:

موڕجیئەکان: دۆستایەتی ئەو کەسە دەکەن کە دۆستایەتییەکی توندی بۆ دەسەڵاتدار هەبێت، ئەگەرچی ئەو دەسەڵاتدارەش دوژمنایەتی توندی بۆ خوا و دینەکەی هەبێت.

بەڵکوو لەوانەیە لەلای هێندێک لە موڕجیئەکان کار بگاتە ئەوەی: ڕقیان لەو کەسە ببێتەوە کە دەسەڵاتدار ڕقی لێی ببێتەوە، ئەوە کەسەشیان خۆش بووێت کە دەسەڵاتدار ڕقی لێی ببێتەوە، جاری واشە هێندێکیان ئەوەندەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر بنچینەی دەسەڵاتدار دادەمەزرێنن، زیاترە

لەوەی لەپێنــاوی خــوا دایبمەزرێــنن، ئەگەرچــی ئەمەش لە قســـەیان دەرنەکەوێـت، لەوانەیە لە کردەوەیــان دەربکەوێـت؛ بـۆیە دۆسـتایەتی ئەو کەســە دەکەن کە دۆسـتایەتی فەرمـانڕەوا بکـات، بـا ئەوە فەرمـانڕەوایەش دوژمنــایەتی خــوا بکــات بە بێبــاوەڕیی و خەراپەکــاری، "ابــنُ أبي دُؤَاد" دۆستایەتی "الجاحِظ"ی دەکرد؛ لەبەر ئەوەی موافیقی دەسەڵاتداربوو، بەڵام دژایەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی دەکرد؛ چونکە موخالیفی بوو.

لەگەڵ ئەوەی کە "الجاحِظ" تۆمەتباربوو بە بێبـاوەڕی، کـۆمەڵێکیش لە زانایان هێنـدێک لە قســەکانیان بەکـوفر دانــاوە، وەکـوو بـاقیللانی و ئیـبن قودامە.

لەگەڵ ئەو شتانەش، ئەوجار دژایەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیان دەکـرد، بەڵام "الجاحِظ"یـان نزیـک دەکـردەوە و نەرمبــوون لەگەڵــی؛ لەبەر ئەوەی وەلائیان بۆ خوا نەبوو؛ بەڵکـوو بـۆ دەسـەڵاتدار بـوو. ئەگەر زانـا نەرمبـوو لەگەڵ کەسی زندیق، بەڵام توندبوو لەسـەر زانـایەکی موجتەهیـد، ئەوە لە دیارترین نیشانەکانی هەواوئارەزووە، با پەڕاوەکانیش پڕ بکات لە دەقەکانی سوننەت و ئەسەر!

بگرە هێندێکیان "فیتنە" لێک دەدەنەوە بەو شتەی کە فەرمـانڕەوا تـووڕە دەکات، نەک ئەوەی کە خوا تووڕە دەکات، بەڵکـوو هێنـدێکیان ئەو شـتەی خوا تووڕە دەکات، لەلایان سووک و کەمە، بەڵام ئەوەی دەسـەڵاتدار تـووڕە دەکات، لەلایان گەورەیە.

***

وَاتِّبَاعُ السَّلَفِ الصَّالِحِ، وَاقْتِفَاءُ آثَارِهِمْ، وَالاسْتِغْفَارُ لَهُمْ.

شوێنکەوتنی پێشینە چاکەکان و شوێن پێ هەڵگرتنی شوێنەوارەکانیان و داوای لێخۆشبوون بۆ کردنیان [بەشێکە لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە].

راڤەکردن

❁ گەورەیی و چاکی سەلەف و شونکەوتنیان:

پێشینە چاکەکان: بریتیین لە چینی پێشەوە و سەرەتای ئوممەت: سەحابە و تابیعیین و ئەتباعی تابیعیین، بۆیەش پێیان گوتراوە پێشینە: لەبەر ئەوەی بۆ کەسانی دوای خۆیان: پێشکەوتوو و پێشینن، ئەوانەی دوای ئەوانیش: پاشینەن. پێشیان گوتراوە چاکەکار؛ لەبەر زاڵبوونی چەکەکردن بەسەر خۆیان و سەردەمەکەیاندا.

❁ هۆکاری بەباشتردانان و پێشخستنی سەلەف:

هۆکاری پێشخستن و بەباشتردانانی پێشینان، تەنها لەبەر لەخۆگرتنی سەردەم نییە، بەڵکوو لەبەر نزیکییانە لە سەردەمی یەکەم و سەرەتا و دابەزینی وەحی، نزیکترینیشیان لەوانەوە، زۆرینەیان باشترینیانن؛ ئەگەرنا خۆ لەسەردەمی ئەوانیش کافر و مونافیق و تاوانبار هەبوو، بەڵام ئەوانەیان

کە ئایین و حەقیان جێبەجێکردووە، قسەیان ڕاستتر بووە، کردەوەیان باشتر بووە، نیەتیان ڕاستتر بووە؛ لەبەر پاکی دڵیان و ڕاستگۆیی زمانیان و نزیکییان لە پێغەمبەر و -صلى الله عليه وسلم- سەردەمەکەی.

❁ بەگەورەدانانی فیقە و تێگەیشتنی هاوەڵان:

هەر سوننەتێک نەگاتەوە لای هاوەڵان، ئەوە وەستانی تێدا دەکرێت؛ چونکە زاناترینی خەڵکی بوون بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و سوننەتەکانی و ناسیخ و مەنسووخ لە شەریعەتەکەی، بۆیە ئەگەر فەرموودەیەک بەڵگە بێت لەسەر یاسایەک، بەڵام بەڵگە هەبێت لەسەر ئەوەی هاوەڵان وازیان لێ هێنابێت، ئەوە کەس بۆی نییە کاری پێ بکات، نەک لەبەر ئەوەی ئەوان پلەیان بەرزترە لە وەحی و پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم-، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە پلەوپایە و تێگەیشتنی ئەوان گەورەترە لە پلە و تێگەیشتنی کەسانی دوای ئەوان.

پێشەوایانیش توند بوون لەسەر سەرپێچیکردنی وتە و تێگەیشتنی هاوەڵان بۆ سوننەت، ئەگەرچی سەرپێچیکارەکەش لە تابیعیین بێت، هەروەکوو پێشەوا مالیک و ئەحمەد و جگە لەوانەش وایان فەرمووە.

ئەگەر کۆدەنگی هاوەڵان دروستبوو، ناکۆکی و بەربەرەکانێ لەو بابەتەدا دروست نییە؛ چونکە کۆدەنگی کۆدەنگی ئەوانە، ئەوەی دوای ئەوان، شوێنکەوتەن بۆ ئەوان، هەروەکوو پێشەوا ئەحمەد وای فەرمووە.

ئەگەر یەکێک لە هاوەڵانیش قسەیەکی کرد و بڵاوبووەوە و موخالەفەی نەکرا، نابێت لێی دەربچین، بەتایبەتی لە پەرستشەکاندا.

ئەگەر کۆدەنگی تابیعیینیش جێگیربوو، ئەوە دەرچوون لێی دروست نییە.

بەڵام ئەگەر یەکێک لەوان قسەیەکی کرد، ئەوە بابەتەکە فرەوانی تێدایە، چونکە قسەی ئەوان وەکوو قسەی هاوەڵان نییە.

***

وَتَرْكُ الْمِرَاءِ وَالْجِدَالِ فِي الدِّينْ، وَتَرْكُ مَا أَحْدَثَهُ الْمُحْدِثُونْ.

وازهێنان له مشتومڕ و گفتوگۆكردن له ئایین، هەروەها وازهێنان لەو بیدعانەی كه داهێنەرەكان دایانهێناوە[پێویسته].

ڕاقه‌كردن

❁ ئاگاداركردنەوە له مشتومڕ و گفتوگۆكردن له دیین:

مشتومڕ و دەمەقاڵەكردن، له خودی خۆیدا ڕێگەیەک نییه بۆ گەیشتن به حەق؛ بۆیه هەركاتێک بەڵگە ڕوون بووەوە و دەركەوت، شوێنكەوتن و كارپێكردنی پێویسته، هەروەها دەبێت واز له مشتومڕ و گفتوگۆكردن بهێنرێت تێیدا.

هەربۆیەش ورياییان داوە له مشتومڕ و گفتوگۆكردن له دیین؛ چونكه خوای گەورە كیتابەكەی خۆی دابەزاندووە به ڕۆشن و ئاشكرایی بۆ ئەو كەسەی مەبەستی بێت و شارەزای زمانەكه بێت، قورئان داخراو نییه؛ تا پێویستی به مشتومڕ و گفتوگۆكردن بێت و تاوەكوو بزانرێت چی تێدایه.

ئەگەر بێتوو مشتومڕ و گفتوگۆكردن ڕێگەیەک بووایه بۆ ناسینی دیینی خوا، ئەوە خوا نیشانی دەدایین، پێشەوا مالیک فەرموویەتی: "وليس هذا

الجدَلُ مِن الدِّينِ بشيءٍ".[1]

واته: ئەو مشتومڕە لە دییندا هیچ نییە.

هیچ کەسێکیش نییە کەوا ڕێگەیەکی گرتبێتەبەر، بۆ ئەوەی پێی بگات بە خوا، ئیللا زۆر لە قسەیەکەوەوە دەچێتە سەر قسەیەکی دیکە، لە مەزهەبێکەوە دەچێتە سەر مەزهەبێکی دیکە، لەبۆچوونێکەوە دەچێتە سەر بۆچوونێکی دیکە؛ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەفەرمووێ: "مَنْ جعَلَ دِينَهُ غرَضًا لِلْخُصُومَاتِ، أكثرَ التنقُّلَ".[2]

واته: هەرکەسێک دیینەکەی لەسەر بنەمای مشتومڕ دابمەزرێنێت، ئەوە جێگیر نابێت و زۆر لە قسەیەک دەچێتە سەر قسەیەکی دیکە.

❁ وازهێنان لە مشتومڕ و گفتوگۆکردن و شوێنکەوتووانی:

ئەو جۆرە مشتومڕ و گفتوگۆکردنە لە قسەی خوا و پێغەمبەرەکەی: بەشێکە لەڕۆچوون لە گفتوگۆی حەرام، بێگومان خوای گەورەش لە کیتابەکەیدا نەهی لێکردووە: {وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنْسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ}.[3]

---

[1]- الجامع، لابن أبي زيد (ص ١٢٠).
[2]- الجامع، لابن أبي زيد (ص ١٢٠).
[3]- [الأنعام: ٦٨].

واتە: ئەی موحەممەد -صلی الله علیە وسلم-، کاتێک ئەو کەسانە ئەبینی کە ڕۆئەچن لە ئایەتەکانی ئێمە، بەوەی بەدرۆی ئەزانن و ڕەتی ئەکەنەوە و گاڵتەی پێ ئەکەن، ئەوا تۆ پشتیان تێ بکە و لەگەڵیان دامەنیشە، ئەگەر داشنیشتبووی، ئەوە ئەو کۆڕانە بەجێ بێڵە، تا قسەکانیان ئەگۆڕن و ئەچنە سەر باس و خواسێکی تر، ئەگەر شەیتان ئەوەی لەبیرت بردەوە کە هەڵسیت و ئەو کۆڕانە بەجێ بێڵی، دوای ئەوەی کە بیرت کەوتەوە و یادت خرایەوە، ئەوکاتە دامەنیشە لەگەڵ کەسانێکی ئاوا زاڵم و ستەمکار، کە گاڵتە بە ئایەتەکانی خوای گەورە، یان بە سوننەتی پێغەمبەری خوا -صلی الله علیە وسلم- بکەن.

بۆیەش نەهی لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەهلی بەتاڵ کراوە؛ لەبەر ئەوەی دڵەکان ئەوەی کە دەبیستێت وەریدەگرێت، ئینجا یەکەمجار نکووڵی لێ دەکات، پاشان نکووڵیکردنەکەی کەم دەبێتەوە، تا وای لێ دێت ڕادێت لەگەڵی، بۆیە خوای گەورە فەرمانی بەوازهێنان کردووە، هەتا دڵەکان لەگەڵی لێڕانێین، لەبەر ئەوەی جاری وایە دڵ کاریگەر دەبێت، تا وای لێ دێت خاوەنەکەی بێتوانا دەبێت لە وازلێهێنانی؛ ئەمەش لەبەر لاوازی دڵی، هەروەها لەبەر هێزی گومانەکە لەسەری؛ چونکە هێندێک لە گومانەکان ئاوا بە دڵی خاوەنەکەی دەنووسێت، هەروەکوو چۆن نەخۆشییەکی گواستراوە تووشی دەبێت، پێی ناخۆشە و ناشتوانێت لێی ڕزگار ببێت.

پێشینان نەهییان لە تێکەڵاوبوون و دانیشتن لەگەڵ ئەهلی ئەهواء[بیدعە] دەکرد، چونکە زۆرێک لە دڵەکان بەخۆیان سەرسام دەبن و

بە زانستە کەمەکەیان دەخەڵەتێن، زۆرینەی خەڵکی وا گومان دەبەن کە عەقڵیان تەواوە و دەتوانن ئەو شتانە بناسن و جیای بکەنەوە کە سوودیان پێ دەگەیەنێت، یان زەرەریان پێ دەگەیەنێت، بەڵام شەیتان دەیانخەڵەتێنێت بەخۆیان.

زۆرجار هێندێک کەس دێنە لای ئەهلی ئەهواء، ئەوانەی لەوان زاناترن بە مشتومڕ و گفتوگۆکردن؛ تاوەکوو شتی لێوە ببیستێت، یان وەڵامی بەتاڵەکەیان بداتەوە؛ کەچی دەکەوێتە ناو بەتاڵەکەی ئەوان، تا تووشی فیتنەی دەکەن، ئەمەش لەبەر لاوازی خۆیەتی، نەک لەبەر بەهێزی ئەوان؛ چونکە کەسی "لاوازتر" کەسی "لاواز" بە بەهێز دەبینێت.

من گەنجێکی نەزانم بینی، لەسەرەتای داواکردنی زانستی بوو، دەچووە لای کەسێکی خاوەن بیدعە، دەیوست سوودی لێ ببینێت، منیش ئاگادارم کردەوە، گوتی: "ئەو قاپێکە پڕبووە لە زانست"، منیش پێم گوت: ڕاست دەکەی؛ ئەو فنجانە و تۆش مێروستانیت؛ بۆیە ئەو وەکوو کێوی ئوحوود دەبینیت، ئەگەر لە زانستدا گەورەبووبایت، وەکوو خۆی دەتبینی، بەڵام تۆ لەبەر بچووکی و لاوازییت، گەورەیی و هێزی ئەو لەسەر خۆت دەبینی، نەک لە زانست و زانیاریدا.

* * *

وَصَلَّى اللهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا كَثِيرًا.

درودی خوا و سەلامێکی زۆر لەسەر گەورەمان موحەممەد و شوێنکەوتووان و هاوسەرەکان و منداڵ و نەوەکانی.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

❁ کۆتایی:

پێشەکییەکەی کۆتایی پێهێناوە، بە سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر و شوێنکەوتووان و هاوسەرەکان و منداڵ و نەوەکانی، ئەمەش بۆ تەبەڕووک پێکردن و بەگەورەدانانی گەیەنەری ئایینە لەلایەن پەروەردگارییەوە، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی شەفاعەتەکەیەتی.

ئێمەش سوپاسی خوا دەکەین لەسەر تەواوبوونی و یارمەتی و چاکەی خۆی، داوای ڕاستی و ڕێنماییشی لێ دەکەین، بەو شێوەیە ڕاڤەکردنی پێشەکی کیتابی ڕیسالە کۆتایی پێهات، لەگەڵ ئەوەی دوورین لە زۆرێک لە کتێبەکان، خوای گەورە کەموکوڕییەکان پڕ بکاتەوە و مەبەستیشمان چاک بکات، قەبووڵکردنیش هەر لەلای ئەوە.

* * *

پێرستی بابەتەکان

پێشه‌کیی وه‌رگێڕ: 5
کورته‌یه‌ک ده‌رباره‌ی ژیانی پێشه‌وا (ابن أبي زيد القيرواني): 7
پێشه‌کیی نووسه‌ر: 9
❁ چاکیی و گه‌وره‌یی زانست و چاکترینی زانسته‌کان: 13
❁ پاراستنی عه‌قڵ و نه‌قڵ: 14
❁ فه‌زڵ و چاکی نزیکی سه‌رده‌م و شوێنی یه‌که‌مین: 15
❁ وڵاتی مه‌غریب له‌سه‌رده‌می هاوه‌ڵان و تابیعییه‌کاندا: 16
❁ بیروباوه‌ڕی دانیشتووانی مه‌غریب: 20
❁ بوونی فیکره‌ی ئیعتیزال له‌ مه‌غریب و هه‌ڵوێستی زانایان ده‌رباره‌ی: ..21
❁ هۆکاره‌کانی بڵاوبوونه‌وه‌ی زانستی که‌لام له‌ مه‌غریب: 23
❁ کاریگه‌ری فیکری ئیعتیزال له‌ وه‌رگرتنی زانستی که‌لام له‌سه‌ر ڕێگه‌ی ئه‌شعه‌رییه‌کان: 25
❁ پله‌ و جۆری سه‌رپێچیکاران، وا ده‌خوازێت که‌ ستاییشی نزیکترینه‌که‌یان له‌ حه‌ق بکرێت و نه‌رمی بنوێنرێت له‌گه‌ڵی: 26

❁ [ئایا پێشەوا ئیبنو ئەبی زەیدی قەیرەوانی ئەشعەری بووە؟] ٢٨
❁ دامەزراوی خەڵکی مەغریب و تاقیکردنەوەیان بە زانستی کەلام:......٢٩
❁ [بڵاوبوونەوەی ئەشعەرییەت لە مەغریب]: ٣٢
❁ زانستی کەلام و پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس: ٣٥
❁ [پێناسەی] رەئی و زانستی کەلام: ٣٧
❁ قەدەغەکرنی زانستی کەلام لەلایەن پێشەوا مالیک و
مەبەستەکەی: ٣٧
❁ شوێنکەوتنی زانستی کەلام و کاریگەرییەکەی: ٣٩
❁ بیروباوەڕی سەلەف دەربارەی سیفاتەکانی خوا: ٤١
المُقَدِّمَةُ الْعَقَدِيَّة، للرِّسَالَةِ الفِقْهِيَّة ٤٣
پێشەکییەکی بیروباوەڕیی بۆ کیتابی ڕیسالەی فیقهی ٥٣
سەرەتای دەقی کتێبەکە و ڕاڤەکردنی ٥٥
❁ فرەوانی حەڵاڵ و تەسکی حەرام: ٦٢
❁ ڕوونکردنەوەی هۆکاری دانانی کتێبەکە لەلایەن دانەرەوە: ٦٤
پاکترین دڵ ٧٠
پەروەردەکردنی منداڵ ٧٤
❁ گەورەیی و خێری سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر و -صلی الله
علیه وسلم- شوێنەکانی: ٧٧
بەشی ئەو شتانەی کە زمانەکان دەری دەبڕن و دڵەکانیش باوەڕیان
پێیەتی لە کاروبارە پێویستییەکانی ئایین: ٨٠

❁ کورتەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە دەربارەی خوای بەرز و بڵند:........٨١
❁ حوکمی بیرکردنەوە لە زاتی خوا:..٨٣
❁ جۆرەکانی ڕووکەشی سیفات:..٨٥
❁ ناسینی خوا بەهۆی نیشانەکانی بوونەوەر و گەردوون:..................٨٦
❁ هۆکاری کەوتنە ناو تۆڕی هاوبەش بڕیاردان:...........................٨٩
❁ بیروباوەڕی تەفویز[دانەپاڵ و گەڕاندنەوەی واتا بۆ لای خوا]:..........٩٢
❁ مێژووی مەزهەبی تەفویز:..٩٣
❁ خستنەپاڵی تەفویز بۆ لای سەلەف:......................................٩٦
❁ زیادەڕەویکردن لە بە پاکدانان، سەردەکێشێ بۆ تەفویز و تەعتیل:...١٠٠
❁ بەرز و بڵندی خوا:...١٠٤
❁ بڵندیی و لەگەڵ بوون:...١٠٧
❁ [گومانێکی بێ بنەما و وەڵامێکی بەهێز]:..................................١١١
❁ نکووڵی کردنی هێندێک سیفەت، لەبەر گومانکردنی دەورەدانی
مەخلووق بە خالیق:..١١٢
❁ بەرزبوونەوەی خوا بۆ سەر عەڕش:......................................١١٦
❁ کورسی:...١١٦
❁ زانستی خوا دەورەی هەموو شتێکی داوە و فرەوانە:....................١١٨
❁ دووبارە گەڕانەوە بۆ قسەکردن لەسەر بەرزبوونەوەی خوا لەسەر
عەڕش:...١٢٠

❁ ئاگەداربوون لە تەشبیە و حوکمی ئاماژەکردن بەدەست لەکاتی باسکردنی سیفاتەکانی خوا: ١٢٢
❁ ناوەکان و سیفاتەکان : ١٢٩
❁ ئەوەی کە لە هاوەڵان و تابیعییەکانەوە هاتووە دەربارەی ناو و سیفاتەکان: ١٢٦
❁ ناوەکانی خوا: ١٢٩
❁ حەقیقەتی سیفاتەکان: ١٣٠
❁ داننان بە جێگیرکردنی سیفەت، تەفویز پووچەڵ دەکاتەوە: ١٣٢
❁ کەلامی خوا: ١٣٤
❁ توندی پێشەوا مالیک و قوتابی و هاوەڵانی لەسەر ئەو قسەیەی کە دەڵێت قورئان دروستکراوە: ١٣٥
❁ سەرهەڵدانی وتەی قورئان دروستکراوە لە مەغریب: ١٣٧
❁ بنچینەی فیتنەی کەلامی نەفسی: ١٣٧
❁ پیت و دەنگ (الحَرْفُ والصَّوْت): ١٣٧
❁ هێندێک لە بەڵگەکانی ئەوانەی نکووڵی دەنگ و پیت دەکەن بۆ خوا: ١٤١
❁ ئەوانەی دەربارەی دروستکراوی قورئان دەوەستن و هۆکاری توند بوون لەگەڵیان: ١٤٣
❁ سیفەتی خۆدەرخستنی خوا بۆ شاخەکە: ١٤٤
❁ سیفەتی دابەزینی خوای بەرز و بڵند: ١٤٦

❁ [بابەتی جوولە(الحركة) و جێگۆڕكێ(الإنتقال)]: ١٤٦
❁ قورئان قسەی خوایە، دروستكراو نییە: ١٤٨
❁ باوەڕهێنان بە قەدەر: ١٥١
❁ تەقدیركردنی چاكە و خەراپە: ١٥٤
❁ خەراپە نادرێتە پاڵ خوا: ١٥٥
❁ مشتومڕ كردن دەربارەی قەدەر: ١٥٧
❁ كردەوەی بەندەكان و دروستكردنیان: ١٥٨
❁ خوا زانیاری دەربارەی هەموو شتێك هەیە: ١٦٠
❁ ویست و توانای خوا لەسەر دروستكردنی كردەوەی بەندەكان:........١٦٥
❁ ئەوانەی موخالیفی ئەهلی حەقن لە بابەتی قەدەردا: ١٦٦
❁ نەفیكردنی قەدەر ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە كە خوا بێدەسەڵاتە: ١٧٠
❁ پەیامی پێغەمبەر و -صلى الله علیه وسلم- كیتابەكەی: ١٧٣
❁ پەیامی پێغەمبەر-صلى الله علیه وسلم- كۆتایی هەموو پەیامەكانە: .١٧٦
❁ حوكمی شوێنكەوتنی ئایینێك جگە لە ئایینی ئیسلام: ١٧٧
❁ كوفرەكەش -ئەوكاتی- لەچەند ڕووێكەوە دەبێت، گەورەترینیان
دوانن: ١٧٩
❁ ئیسلام و ئازادی ئایینی: ١٨١
❁ چەند گومانێك دەربارەی ئازادی وازهێنان لە ئیسلام: ١٨٣
❁ باوەڕهێنان بە كتێبە ئاسمانییەكان و حیكمەت لە ناردنی پێغەمبەران:١٨٧
❁ باوەڕبوون بە قیامەت و ئەوەشی تێیدایە: ١٩٢

❁ فووکردن بە کەڕەنا (الصُّور)دا: ١٩٦
❁ زیندووکردنەوەی لاشەکان و پاداشت دانەوەیان: ١٩٧
❁ نیشانەکانی قیامەت: ١٩٨
❁ لێپرسینەوە و سزادان: ٢٠٢
❁ حوکمی ئەو کەسەی بمرێت و تەوبەی نەکردبێت لە تاوانەکەی: ٢٠٣
❁ سەرەنجامی ئەو موسڵمانە تاوانبارانەی کە دەچنە دۆزەخەوە:..........٢٠٥
❁ خەواریج و موعتەزیلە و مورجیئەکان لەو بابەتەدا پێچەوانەن: ٢٠٦
❁ تکاکردن و حوکمەکانی: ٢٠٧
❁ بینینی خوا لە ڕۆژی دوایی: ٢١٣
❁ بەهەشت و دۆزەخ، خوا بۆ کێی ئامادە کردوون:...........................٢١٦
❁ دروستبوونی بەهەشت و دۆزەخ: ٢١٩
❁ مانەوە و هەتا هەتایی بەهەشت و دۆزەخ: ٢٢١
❁ سیفەتی هاتن بۆ خوای گەورە: ٢٢٢
❁ پەڕاوی کردەوەکان و چۆنیەتی وەرگرتنەوەیان لە ڕۆژی دواییدا:.....٢٢٩
❁ پردی سیرات و بارودۆخی خەڵکی لەسەری: ٢٣٣
❁ ئەو حەوزەی خەڵکی دێنە سەری و لێی دەخۆنەوە: ٢٣٧
❁ حەقیقەتی ئیمان: ٢٤٠
ئەو دەستە و گرووپانەی کە لەو بابەتەدا موخالیفن:.........................٢٤٠
مورجیئەکان: ٢٤٠
خەواریج و موعتەزیلەکان : ٢٤٠

❁ هۆکاری فریوخواردن و هەڵخەڵەتان بە بۆچوونی خەواریجەکان: ٢٤٤
❁ سیفەتێکی کۆکەرەوە بۆ خەواریجەکان: ٢٤٦
❁ ئامۆژگاریکردنی خەواریجەکان پێشی جەنگکردن لە دژیان: ٢٤٧
❁ هاوسەنگی لەنێوانی مورجیئە و خەواریج: ٢٤٩
❁ زیادبوون و کەمبوونی ئیمان: ٢٥٠
❁ نەمانی ئیمان و تەواویەتی ئیمان: ٢٥٢
❁ ئیستیسناکردن لە ئیمان[واتە: گوتنی من ئیماندارم -إنْ شاءَ اللهُ-]: ٢٥٢
❁ ئیمان وتە و کردەوەیە: ٢٥٤
❁ حوکمی ئەو کەسەی واز لەهەموو کردەوەکان دێنێت: ٢٥٦
❁ کاریگەری دەرکردنی کردەوە لە ئیمان: ٢٥٧
❁ کافرکردن بە تاوان و حاڵی گرووپەکان: ٢٥٨
❁ ڕۆحی مردووەکان و بارودۆخیان: ٢٦١
❁ گۆڕ و تاقیکردنەوەکەی: ٢٦٦
❁ نووسینی کردەوەکان لەسەر موکەللەفەکان: ٢٧٠
❁ کێشانی ڕۆحەکان: ٢٧٣
❁ چاکی و گەورەیی سێ سەدە باشەکە: ٢٧٦
❁ واتای سەدە(قەرن): ٢٧٧
❁ فەزڵ و گەورەیی هاوەڵان و جیاوازییان لەڕووی پلەوە:................٢٧٧
❁ قسەگوتن بە هاوەڵان: ٢٧٩
❁ جیاوازی و جیاکاری هاوەڵان لەڕووی پلەوە: ٢٨٢

❃ سەرهەڵدانی تانەدان لە هاوەڵان لە مەغریب: ٢٨٤
❃ ئەو كێشە و ناكۆكییەی لەنێوان هاوەڵاندا ڕوویدا: ٢٨٥
❃ تاقیكردنەوەی خەڵكی مەغریب بە هاوەڵان: ٢٨٨
❃ فیتنەی ڕافیزەكان، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبوو: ٢٨٩
❃ گوێڕایەڵی بۆ پێشەوایانی موسڵمانان لە چاكەدا: ٢٩٠
❃ دەرچوون لەسەر پێشەوایان و حاڵەتەكانی: ٢٩٣
❃ ئامۆژگاریكردنی پێشەوایان: ٢٩٥
❃ هەڵەتێگەیشتن لە دەقەكانی گوێبیستبوون و گوێڕایەڵیكردن: ٢٩٨
❃ گەورەیی و چاكی سەلەف و شونكەوتنیان: ٣٠٠
❃ هۆكاری بەباشتردانان و پێشخستنی سەلەف: ٣٠٠
❃ بەگەورەدانانی فیقە و تێگەیشتنی هاوەڵان: ٣٠١
❃ ئاگاداركردنەوە لە مشتومڕ و گفتوگۆكردن لە دیین: ٣٠٣
❃ وازهێنان لە مشتومڕ و گفتوگۆكردن و شوێنكەوتووانی: ٣٠٤
❃ كۆتایی: ٣٠٧
پێرستی بابەتەكان ٣٠٩